هاوکاری

الـتـضـامـن

رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتییە
لە دەزگای هاوکاری چاپ و بلاوکردنەوەی کوردی دەردەچێ
لە « دار الحرية » چاپ دەکرێ
وزارة الاعلام
دار التضامن للطباعة والنشر الكردية
بغداد ـ شارع الجمهورية ـ ساحة الخلاني
تلفون (٦٨٣١١ ، ٦٨٣١٢ ، ٦٨٣١٣)

HAWKARI, TEL 68311, 68312, 68313

سالی ١٩٧٠ دامەزراوە — ١٦ـ١ـ١٩٧٦ ژمارە (٣٠٠) — « ١٢ » لاپەڕە — « ٢٥ » فلس

لە بروسکەیەکدا بۆ سەر کۆمار

هونەرمەندانی وڵات سوپاسی یارمەتی و کۆمەکی شۆڕش ئەکەن

هونەرمەندانی وڵات لەبروسکەیەکدا کە ئاراستەی بەرێز سەر کۆماریان کرد سوپاسی ئەو یارمەتییەیان کرد کە شورش پێشکەشی بە هونەرمەندانی وڵاتی ئەکات ٠٠٠ وە بایەخیان بە بڕیارەکەی

بروانە ل ـ٦ـ

سەرۆك بەکر پێویستی بایەخ دان بە فراوان کردنی خوێندن بەرزوگەشە پێ دانی ئەسەلمێنێ

هەڤال صدام حسین سەرپەرشتی دەرچونی دەورەیەکی نوێی ئەفسەرانی هێزی ئاسمانی کرد

لە جیاتی سەرۆکی فەرماندە ئاڵ احمد حسن بکر سەرکۆمار و فەرماندەی هێزی چەکدار ڕۆژی ١٤ ی مانگی ئەم مانگە هەڤال صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش سەرپەرشتی ئاهەنگی دەرچونی دەورەیەکی نوێی ئەفسەرانی هێزی ئاسمانی کرد ٠

وە لە ئاهەنگەکەدا دکتور عزەت مستەفا ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش و وەزیری تەندروستی و ... ئەندامی سەرکردایەتی قطری حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب و وەزیران و فەریقی یەکەم سوپاسلار و نوێنەری بەکتەبی عەسکەری حزب و جێگری فەرماندەی هێزی چەکدار و فەرماندەی کولیجەکە و قوتابیان ئامادەبوون ٠

ئاماژە بە ماموستا صدام کرا کە پشتە جێگای ئاهەنگەکە وسیقای سلاوی جمهوری لێدرا و دەست کرا بە ئاهەنگ پیرانەکە ٠٠ وە عەمیدی فرۆکەوان فەرماندەی کولیجەکە وتارێکی خوێندەوە تیایدا وتی : جوانترین سلاو لە بەرێز سەرۆمارو فەرماندەی هێزی چەکدار ئەکەم سەبارەت بە یارمەتی و کۆمەکەی بەم کولیجەی کردەوە و نەیکات و زۆر سوپاسی بەرێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورشیش ئەکەم فەریقی یەکەم صدام حسین کە لەجیاتی سەرۆك سەرپەرشتی ئەم ئاهەنگە ئەکات ٠

ئەو یارمەتییەی سەرکردایەتی حزب و شورش پێشکەشی بەم کولیجەیان کردوە دەورێکی کاریگەری گیرا بۆ پێشکەوتن و بەرەسەندنی لەهەموو مەیانێکەوە ٠

دوای ئەمە وتاری ڕێکخراوی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب لەکولیجەکەدا خوێندرایەوە تیایدا وترا :

سەرکردایەتی سیاسی وای ئەوێت کە ئەم کولیجە تەنیا بۆ

بروانە ل ـ٦ـ

ئەمەریکی بورس لە لبنان بەردەوامە

بیروت ـ ئاژانسەکان ٠

لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممەی ڕابردوو شەڕێکی قورس و خوێناوی لەناو بیروت و دەورو بەریدا بەرپابۆتەوە ٠

ڕادیویی بیروت وتویەتی ـ چەکدارەکانی ناوچەی (دامور) لە زیاد بونێکی فراوانیدایە وە لەو ناوچانەدا دەنگی تەقەی عەمە چەشنە جەك بەرگوێ دەکەوێت ٠

وە وتویەتی ـ چەکدارێکی زۆر لەناو بیروت و دەوروبەری قەزای عالیەدا بلاو بونەتەوە ، وە لەناوەندی (سوق الغرب) و عالیە شەڕێکی گران هەلگیرساوە بێجگە لە پایتەختا کە لە دەوروبەری (متحف) و ڕێگای شام و گورەبانی (ریاض الصلح) وە تا ناوەندنی ناوچەی بازرگانی و ئوتێلەکان و قەناطری شەر بەردەوامە ٠

سەرلەنوێ ڕادیوی بەیروت خەلکی ئاگادار کردۆتەوە کە ڕێگای پایتەخت و دەوروبەری مەترسی لێدەکرێت و جێگای دلنیایی نییە ٠

ڕاپۆرتەکانی دایەرەی (ئەمن) لە ناوچەی زحلە وتویانە ٠٠ کە نارنجۆك و بۆمبا لە ناوچەی (حوش الامراء) دا تەقیوەتەوە ٠ لە نیوە شەوی دووشەممەی ڕابردوشدا ئاگرێکی گەورە بەربۆتە یەکێك لە عەمبارەکانی بەندەری بەیروت وە لە هەمان کاتدا تەقوتۆق لە ناوچەی (سن الفیل) و (النبعه) و (السیاح) و (الحدث) و (الليلكى) دا بەردەوام بوە بەلام لەتەرابلس ناوبەناو لە

بروانە ل ـ٦ـ

بەرنامەی کاری چاکردنی سیستەمی یاسا لە عیراقدا

فۆناغی ئایندە ، لەبەر ڕۆشنایی ئەو بارەی ئەدنە چرنیەی شورش لەهەموو مەیانەکانداً بەدی هێنراوە ، بیویست بە کرێکی ڕیشەیی و فراوان ئەکات لە ڕیساکان دا ، جا بۆیە وەزارەتی داد بەرنامەیەکی دانا بە مەبەستی (چاککردنی سیستەمی یاسا لە عیراق دا) بەجۆرێك کە لەگەل بیر و باوەڕەکانی شورش و لەگەل بنچینەی ئایدیولوجی و ئاوەڕۆکی ڕابۆرتی سیاسی هەشتەمین کۆنگرەی قطری حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب بگونجێن کە سەرکردایەتی ڕەوتی گۆڕانکاری ئەکات لەوڵات دا ٠٠ هەروەها ئەو بەرنامەیە بەجۆرێك دانراوە کە لەگەل بێداویستییەکانی گۆڕانی شورش گێڕانەی ئێستاش و پاشە ڕۆژ دا بگونجێ ٠

هەروەها بڕیاردرا کە لە ماوەیەکی تر دا کۆبونەوەیەك لە بارەگای کۆمەڵەی حقوقیەکانی عیراق لەبەغدا بکرێ بۆ لێکۆڵینەوەی بەرنامەی کارەکە ، بۆ ئەوەی هاووڵاتیان و شارەزاو یاساناسان بەتەواوەتی ئاگاداری دەقی بەرنامەکە بن ، بڵاو کردنەوەی ئەم بەرنامەیەش داوا کاریەکە بۆ بەشدار بوون لەو کۆبونەوەیە دا ٠

بەمە ، جارێکی کە ، سەرکردایەتی سیاسی شورش و حزب باوەری بە بەشداربونی جەماوەر لەو ڕەوتە گەشە کردنەی وڵات ئەبینێ ٠ ساغ کردەوە ، بەرنامەی کاری چاککردنی سیستەمی یاساش لە عیراقدا هەنگاویکی ڕاستی شورشە بۆ بەهێز کردنی ئەو بنەڕەتەی لە بەرپابونی شورشەوەلە ١٧ تەموز دا سەرکردایەتی سیاسی بە دەسکەوتەی شورش گیرانە بنیاتی ئەنێ ٠

هاوکاری

سەرۆك بەکر سەرپەرشتی دووەم کۆبونەوەی دەورەی ئاسایی ئەنجومەنی خوێندنی بەرزو لێکۆڵینەوەی زانستی کرد

سەرکۆمار کاك احمد حسن بکر ڕۆژی ١٤ـ١ سەرپەرشتی دووەم کۆبونەوەی هەشتەمین دەورەی ئاسایی ئەنجومەنی خوێندنی بەرزو لێکۆلینەوەی زانستی کرد کە لەبارەگای وەزارەتەکەدا دەستی پێ کردو نزیکەی چوار سەعاتی خایاند ٠

سەرکۆمار لەکاتی کۆبونەوەی دا لەگەل ئەندامانی ئەنجومەن، دەربارەی کاروباری پەروەردەوە ئاماژەکاری کردن کە پیویستە هەولبدرێ خوێندنی بەرز بەرەوپێش بچێ و پەرەبسێنێ و ئەو لقانەش بکرێنەوە کە ئێستاکە لەوڵاتدا نین هەروەها دەزگایەکی خاوەن پەیوەندی لەوەزارەت پێك بێت بۆ داپین کردنی پیویستی جێبەجێ کردنی نەخشەکانی ئەم دەزگایانە ٠ هەروەها بەرێز سەرۆکی فەرمانده داوای لەبەریوەبەری زانستگاکان کرد کە ناو بە ناو کۆببنەوە بۆ زامن کردنی بێداویستی خوێندن لەکولیجەکاندا و چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەی دێنە سەر ڕێگایان ٠

لەلایەکی ترەوە ئەنجومەن لەکۆبونەوەکەیدا بڕیاری دا کە لقی جۆربەجۆری خوێندنی بەرز لە هەموو زانستگاکانی وڵاتدا بکرێنەوە ٠ هەروەها ئەنجومەن لەکۆبونەوەکەدا بڕیاری دا کە پیویستی و کەرەسەکانی خوێندنی بەرز بە جورێك دیاری

بروانە ل ـ٦ـ

حیزبی بەعس لە لوبنان داوای بوچەلکردنەوەی نەخشەی کونە پەرستانی ئەکات

بیروت : ١٤ـ١ : ئاەوەع :

هەڤال نیکولا فرزەلی جێگری سکرتێری سەرکردایەتی قطری حیزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب لە لوبنان وتی : ئەو هێرشە چەکدارە ئاپەسندەی کرایە سەر دەواری (الضبیه) لە لایەن چەتە ڕاستڕەوە ڕەگەز پەرستە کۆنە پەرستە کانەوە ئالقەیەکە لە زنجیرەی نەخشەی کەرت کردنی لوبنان ٠

وە کوچ کردن بە هاووڵاتیان لەو ناوچەیەو ئەو ئابلۆقەیەی لە سەر ئۆردوگاو دەواری (تل زعتر) و (سبنیه) و (نبعه) دانراوە چەند هەنگاوێکی تر بەرەو ئەو کەرت کردنە ئەهاوێژێن ٠

هەروەها ئەو شەڕەی ڕەگەز پەرستان دژی نیشتمان پەروەران ئەیکەن شان بەشانی ئەو چالاکیە سیاسی و دیپلوماسییەی دژی کێشەی فەلەستین لە نارادایە توندو تۆن بەیەکەوە بەستراونەتەوە بۆ ئەوەی بەرگی ڕەسمی و باسایی بەبەر کەرت کردنی لوبنان دا بکەن ٠

هەڤال فرزەلی وتی هێزە نیشتمان پەروەرو پێشکەوتنخوازەکان کە ڕووبەڕووی ئەم بیلانە گەورەیە ئەبن ئەرکێکی گەورەی سەرشانیان بەرامبەر بە تێکڕای نەتەوەی عەرەب و خاکی لوبنان جێبەجێ ئەکەن ٠

باراستنی عەرەبایەتی لوبنان و پاراستنی خاك و گەلەکەی ئەرکێکی نەتەوەیی یە کەوتۆتە سەر شانی هێزە

بروانە ل ـ٦

هەڤال عەیسەمی سەرخوشی کوچی دوایی شوئن لای ئەکات

ڕۆژی ١٤ـ١ هەڤال شبلی عەیسەمی ئاریستەدەری سکرتێری گشتی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب لەگەل هەڤالان دکتور زید حیدرو قاسم سلام ئەندامانی سەرکردایەتی ئەوەبی حزب سەریان لە بارەگای بالیۆزخانەی کۆماری گەلی چین دا لە بەغدا بۆ سەرخۆشی کردنی کوچی دوایی بەرێز شوئن لای سەرۆك وەزیرانی چین ٠

هەڤال عەیسەمی لە دەفتەری سەرخۆشی دا ئەم چەند وشەیەی تۆمار کرد :

بە دل سەرەخۆشی کۆچی دوایی شوئن لای مەزن تان لێ ئەکەین هیوادارین کە سەبوری کەسوکاری و پارتی کومونیست و گەلی چینی دۆست بدرێت و بە ئامانج بگەن لە ڕێگای هەول و کوششیان دا ٠

هەروەها چەند وەزیرو جێگرانی وەزارەتی دەرەوە و نوێنەری پارتی یەیشتمانی و ڕێکخراوە جەماوەریەکان سەریان لە بالیۆزخانەی کۆماری گەلی چین دا بۆ سەرەخۆشی کردن ٠

ئاەوەع

سەرۆکی فەرمانده پێشوازی هەڤال جبریلی کرد

سەرۆکی فەرمانده لەکاتی پێشوازی کردنی هەڤال احمد جبریل دا :

- **یەکگرتنی هێزەکانی شۆڕشی عەرەب هەرەشە لە خۆبەدەستەوەدەران ئەکات**

هەڤال احمد جبریل :

- **سلاو لە هەڵویستە دلێرەکانی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب ٠**

سەرکۆمار کاك احمد حسن بکر لەسەعات دەی سەرلەبەیانی ڕۆژی شەممەی ١٣ـ١ لە بارەگای ڕێشوازی هەڤال ـ احمد جبریل ـی سکرتێری گشتی بەرەی گەلی ڕزگاری هێنەری فەلەستین ـ سەرکردایەتی گشتی کرد ٠ وە لە چاوپێکەوتنەکەدا سەرکۆمار ڕایگەیاند کە یەکگرتنی هێزەکانی شورشی عەرەب زۆر پێویستە و ئرنگە بۆ ڕووبەڕووبوونی ئەو هێرشە چەپەڵەی لەم قۆناغەدا ئەکرێتەسەر نەتەوەی عەرەب، وە ئەمڕۆش ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان دوژمنایەتی پێشکەوتنخوازان و هێزەکانی شورشی عەرەب ئەکەن بۆ لەناوبردنیان ٠

یەکگرتنی هێزەکانی شورشی عەرەب کە چارەسەر

بروانە ل ـ٦ـ

Institut Kurde de Paris

فیداکاران لەجەلیلی ژوورو دەستێکی توندیان لە دوژمن وەشاندوە

خاکی داگیرکراو - ئاژانسەکان •

بەرەبەیانی ڕۆژی سێ شەممەی ڕابردو فیداکارە فەلەستینیەکان چەند چنگایەکی سەربازی زایونیزمیان لە صەفەد بەر ساروخ داوە •

لە تەل‌ئەبیب ، قسەکەرێکی سەربازی ڕایگەیاندوە کە ساروخ بارانی فیداکارە فەلەستینیەکان چەند سەعاتێک دوای گفتوگۆی ئەنجومەنی ئاسایش کە سەبارەت مەسەلەی فەلەستین دەستی پێکردوە ڕووی داوە • قسەکەرەکە وەك جاران وتویەتی کە ئەو ساروخ بارانە هیچ زیانێکی نەداوە !

هەروەها فیداکارە فەلەستینیەکان سەرلەبەیانی ڕۆژی سێ شەممەی ڕابردوو لەنزیک ژێردەستەی مەرجیلون لە جەلیلی ژوورو هیرشیان بردۆتە سەر تاقمێک سەربازی زایونیزم •

سەرچاوە سەربازیەکانی زایونیزم وتویانە :- هەموو هێزەکانی دوژمنی ناوچەی سەرو دوای بەویەکا چوونەی نزیک مەرجیلۆنەوە خۆیان ئامادە کردوە • وەك ئاشکرایە داگیرکەرە زایونیزمەکان لە ڕۆژی یەك شەممەی ڕابردۆوە لە فرۆکەخانەی (اللد) لە ترسی هیرشی فیداکارە فەلەستینیەکان خۆیان ئامادە کردوە بەتایبەتی کە ئەنجومەنی ئاسایش لە کۆبونەوەکانیدا لەبارەی دۆخی ناوچەی عەرەبەوە گفتوگۆ دەکات • هەروەها هێزە داگیرکەرە زایونیزمەکان هەوڵو تەقەلایەکی بێ ئەنجام ئەدەن لە بەهێزکردنی پاسەوانی و چاودێری دەزگا زایونیزمیکاندا بۆ کەم کردنەوەی پەلامارو هیرشی فیداکارە فەلەستینیەکان بەتایبەتی دوای سوتاندنی کارتەی کاغەز دروست کردن •

وە لە لایەکی ترەوە بەو سەرژمێرەدا کە ڕۆژنامەی (دیلی نیوز)ی لە نیورک کردویەتی دەرکەوتوە کە زوربەی ڕای گشتی خەڵکی شاری نیورک و دەوروبشتی ئەو شارە دژی ئەوکارە نارەوایانەن کە زایونیزمەکان لە ناوچەکەدا ئەیکەن •

ڕۆژنامەکە وتویەتی :- بەو سەرژمێرەدا دەرکەوتوە کە ٦١٪ی خەڵکی دژی ئەو هێرشە ئاسمانیانەن کە زایونیزمی دوژمن کردویەتیە سەر دەوارنشینەفەلەستینیەکان و خواروی لوبنان •

زیاد بونی بومبا تەقینەوەلە ئەمەریکادا

واشنتۆن ئاژانسەکان : (کلارنس کیلی) بەڕیوەبەری مەکتەبی تەحقیقاتی فیدرالی ئەمەریکی دانی بەوەدا ناوە کە چالاکی دژ بە حکومەتی واشنتۆن لەناو ئەمەریکادا فراوانبوە •

کلارنس لەبەردەم ئەنجومەنی ئاسایشی ئەمەریکادا وتویە (٨٩) تەقینەوەی بۆمبا لەسالی ١٩٧٥دا لە ئەمەریکا ڕوی‌داوە کەزیاتر لە ٢٫٧ ملیون دۆلار زیانیان لە حکومەت داوە •

لاپەڕە - ٢

سەرەڕای بودجەی دەستپێوەگرتن

سایۆنیزم توشی گەورەترین تەنگوچەڵەمەی ئابوری بووە

هەرچەندە ئاوبراو بەوەزیرانی سایونیزمەکان بۆدجەی دەستپێوەگرتنی ساڵی ١٩٧٦ی پەسەند کردوە ، بەڵام دیسان زۆر کەندو کۆسپی سەرەکی لەبەر دەم باشبونی دۆخی ئابوریدا ماوە کە ڕۆژ بەڕۆژ شپرزەتری دەکەن • ئەوهەواڵانەی لەخاکی داگیر کراوەوە دەگەن نیشانی دەدەن کە ڕۆژ بەڕۆژ ژمارەی بێکاران زیاد دەبێ و بەگوترەی لیستەو ژمارەکانی وەزارەتی کاری سەهیونی ١٨٪ لەژمارەی بێکاران زیاد بوە •

یەکێکی تر لەبەڵگەکانی لێژنەی ئابوری وەزاری چاو بەم بێگانە بەردەوام دەنگوباسی ئەو شپرزەیی باری ئابوری زیاد شتانەی خوارەوەدا دەخشێنێتەوە :

- زیادکردنی سودی قەرزی حکومەتی لە ١٥٪ وە بۆ ٢٠٪ لێژنەی ڕاوێژی بانکی مەرکەزی دوژمن موافەقەتی لەسەر ئەم پێشنیارە کردوە ، بەڵام وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بەتوندی بەرهەڵستی دەکا • بەڵام وەزعی شپرزەی ئابوری سایونیزم پێویستی بەوەدەکا کە کوێن نەدرێتە بەرهەڵستی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی •

- حکومەتی ڕەگەزپەرستی دوژمن زیادکردنی ترخی خزمەتە کۆمەڵایەتیەکان پەسەند دەکا کە یەکێك لەوان خزمەتی نەش ساخی‌یە • لەلایەکی تریشەوە خەزێنە یارمەتی سندوقی نەخۆشی و بیمەی لەش ساخی کەم دەکاتەوە •

گەورەترین تەنگوچەڵەمەی ئابوری ڕۆژنامەو ئاژانسەکانی

دیاردەی بێکاری و بەسترانەوەی زیاتر بە نیمپریالیزم

تەنگوچەڵەمەی ئابوری ڕێژیمی سایونیزم لەقسەکانی ئاوبراو وەزیری دارایی (یەهو شواع رابینوفیتش) زۆر بە باشی دەردەکەوێ ، ئاوبراو وتویە خەڵکی بەرەوڕوی ڕەشترین ساڵی ژیانی خۆیان بونەوەو لەساڵی داهاتو دا ژمارەی بێکاران لەئێستاش زیاتر دەبێ کە بەگوترەی سەرژمێریە ڕەسمیەکان نێزیکەی ٦٠ هەزار کەسە • هەروەها وتویە لەبەرئەوەی حکومەت یارمەتی کەمتر وەردەگرێ نرخی شتومەکیش زیاتر دەچێتە سەرو بۆ ماوەی ساڵێکی تەواویش بۆ موچەخۆرەکان پایە (ڕتبە) بۆ موچەخۆرەکان نایەو بۆدجەی وەزارەتی کۆچیش ٣٥٪ کەم دەکاتەوە •

لەبەرامبەر ئەو تەنگوچەڵەمە ئابوریەیە دا دەستەو تاقمە جۆر بە جۆرەکانی کرێکاران مانیان گرتوەو داوایان کردوە کە باجی زیاتر بخرێتە سەر ئەو جوڵەکە دەوڵەمەندانە کە لەسەر حیسابی گەل سامانێکی بێ ژمارەیان پێکەوە ناوەو چینی‌دەوڵەمەندانی شەڕیان دروست کردوە ، لەکاتێك دا هەمو گرانایی ژیان کەوتۆتە سەر شانی موچەخۆرە بچوکەکان و کرێکارو زەحمەتکێشان •

زەرەرو زیانێکی گەورە

ئاژانسی ئاسوشێتدپریس لەباسی شپرزەیی دۆخی ئابوری سایونیزمەکاندا وتویە:

(ڕاپۆرتی کار ناسەکان وادەگەیەنێ کە شەڕی تشرین یەکێك لەگرنگترین هۆیەکانی تەنگوچەڵەمەی ئابوری ئێستای سایونیزمەکان لەو شەڕە دا کە ئەوان توشی شکانێکی زۆر سەخت بون ، ٣٤ هەزار ملیون لیرە بۆ کاروباری عەسکەری دانراوە ، کە ئەمە ٤٠٪ی بۆدجەی گشتی قەوارەی سەهیۆنی‌یە •

بەکخستنەوەی لەردو بەشی فیتنام بەرەنگاری کردنی ئیمپریالیزم بەتەوژم ترئەبێ

هەڵەتەی پێشو کۆمەڵەی نیشتمانی فیتنام بۆ پرکاری کۆنگرەی نیشتمانی پەسەندکرد کە لە شاری هۆشی‌مین گیراو دەربارەی بەکخستنەوەی هەردوو بەشی فیتنام بوو ••• لەپاریشیدا کە لەم ساڵدا ئاندامانی کۆمەڵەی نیشتمانی فیتنامی یەکگرتوو هەڵبژێردرێن •

وە چەند سەرچاوەیەکی ئاگادار لەشاری هانۆی بڵاویان کردەوە کە لەسی‌ی حوزەیران‌دا هەموو ئەو هەڵوانە ئەماوانەن کە ڕۆژو چەژنی یەکخستنەوەو یەکخستنەوەی ولات پێویستی دامەزراندنی دەوڵەتی یەکگردووون •• واش‌چاوەڕوان کرێ ڕۆژی شارەدەرکردنی ئەمریکا بکرێ بە خرایە سەر ڕۆژو کارێکی لەئەندازە بەدەرکراو تەقەللا توونی گەلی فیتنام •

هەرچەندە ساڵی بار لەشەو ئیمپریالیزمی ئەمەریکا بکرێ بە خرایە سەر ڕۆژو کارێکی لەئەندازە بەدەرکراو تەقەللا

پاڵەوانیەکی تری فیداکارانی فەلەستین لە ناوچەرگەی خاکی زەوت کراودا

بە بیروت ١٤ ئا•د•ع :

چرای فیداکاری بەجەرگی بەرەی ڕەفزی فەلەستینی بە ناوی « کۆمەڵەی عزالدین قسام »ە وە لە ناوچەرگەی خاکی زەوت کراوداو لە ژێردەستەی « هونین »ی سایونیزمەکاندا ژمارەیەك لە سایونیزمەکانیان گرتوە ، هەرچەندهێزێکی زۆری دوژمن گەیشتۆتە ناو چەکەو تانکو چەکی هەمەجۆریان پێبوە ، دوای شەڕێکی قورس کە فیدارکارەکان پاڵەوانیەتێکی گەورەیان نواند، خۆیان و گیراوە سایونیزمەکانیان تەقاندەوە •

ئەم کارە پاڵەوانانەیەی فیداکارەکانی بەرەی ڕەفز لە شورشی فەلەستین‌دا • سەر لەنوێ بەتوانایی گەلی فەلەستینی سەلماند لەسەرخەبات و قوربانی لەپێناوی سەندنەوەی مافی زەوت کراویا •

باس کردنی کێشەی فەلەستین لە ئەنجومەنی ئاسایش چی ئەگەیەنێ؟

لە کۆبونەوەی ڕۆژی ١٢-١ی ئەنجومەنی ئاسایشی دەوڵەتان‌دا کەباسی کێشەی فەلەستین ئەکرێت سەر لەنوێ ئەمەریکا دەستی بە هەڕەشەو گوڕەشە کردن کردەوەو نوێنەرەکەی ڕایگەیاند ئەگەر بێتو دەسکاری بڕیاری ژمارە (٢٤٢)و (٣٣٨) بکرێت ئەوا ئەمەریکا مافی فیتو دژی ئەم پرۆژەیە بەکار ئەهێنێ •

لەویشەوە دەوڵەتۆکەی زایونیزمی دوژمن لەم کۆبونەوەیەدا بەشدار نەبوو گوایە بۆ « ئارەزایی !! » دەربڕین دژی بەشدار بوونی ڕێکخراوی ڕزگاری خوازی فەلەستین لە لێکۆڵینەوەی کێشەکان‌دا لە ئەنجومەنی ناوبراو ، چونکە تائیستاش زایۆنیستەکان ڕێکخراوی پێشمەرگەکانی فەلەستین بە ڕێکخراوی (خراپکاری و کاول‌کاران) دانانێن •

بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایش سەبارەت بە دژێز کردنەوەی ماوەی مانەوەی هێزی ئاسایشی دەوڵەتان لەجولان بۆ شەش مانگی تر بە تەواوەتی لەگەڵ نەخشەو جۆری بیرکردنەوەی ئەمەریکاو زایۆنیستەکان‌دا ئەگونجێ و ئەوانیش ئەمەیان زۆر بەلاوە گرینگە بۆ ئەوەی دەرفەتێکی تریان بو بێتە پێشەوەو پتر بتوانن هەنگاو بەرەوپێش بنێن بەرەو چارە سەرکردنی کێشەکە بەئارەزوو مەبەستی خۆیان •

دووەم بڕیاری کۆبونەوەکەش دەربارەی بەگشتی لێکۆڵینەوەی کێشەی فەلەستین ، دیسانەوە هەنگاوێکی نوێیەو ئەگەل نەخشەو بۆ چونەکانی ئەمەریکادا ئەگونجێ بۆ ئەوەی وتوێژ دەربارەی کێشەی فەلەستین لەتۆنگرەی جنێفەوە بگوێزرێتەوە بۆ ئەنجومەنی ئاسایش‌و پتر دەرفەتی ڕێژیمی سوریا بدرێ بۆ ئەوەی زۆرە ملێ لە پێشمەرگەکانی فەلەستین بکات تاوەکو لەجیاتی وتوێژی جنێف لە کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی ئاسایش‌دا بەشدار ببن !

باس کردنی کێشەی فەلەستین لەم کۆبونەوەیەی ئەنجومەنی ناوبراودا لەجوار چێوەی هەردوو بڕیاری ژمارە (٢٤٢ و ٣٣٨) ناچێتە دەرەوە کە بەئاشکرایی بڕیتی ئەبێ لەدان‌نان بەفەوارەی زایونیستەکان‌و وتوێژکردن لەگەڵیا !!

ئەمڕۆ گەلی عەرەب بەگشتی‌و گەلی فەلەستین بەتایبەتی باش ئەزانن کە ئەو سەرکەوتنانەی لەکوڕی جیهان‌و دەزگاکانی نیو دەوڵەتان‌دا بەدەستیان هێناوە بەئەنیا ئەنجامی وتوێژو چالاکی سیاسی نەبوون ••• لەمڕۆش کەچەندی نەخشەی گیرۆدەکردنی ئەم کێشەیەلە نارادان وابیویست ئەکات کە ئەم سەرکەوتنانە وەکو گوڵو بیلبیلەی چاو بپارێزرێ و درێژە بە خەباتی درێژ خایەنی چەکدارانە بدرێت دژی دوژمن‌و دەزگاعەسکەری‌و ئابوری‌یەکانی‌و چارەسەری خۆبەدەستەوە دەرانەش بەتەواوەتی ڕەت بکرێنەوە و ئامانجەکانی جەماوەر کە بریتی‌یە لە ڕزگارکردنی تەواوەتی خاکی زەوت کراو بکرێن بەسەرمەشق‌و پەیڕەو بکرێن •

گفتوگوی نێوان سۆڤیەت‌و ئەمەریکا سەبارەت بە کەم کردنەوەی چەکی ستراتیژی

مۆسکو - ئاژانسەکان

ئاگادارانی ڕۆژئاوایی ڕۆژی چوار شەممەی ڕێکەوتی ١٤ی ئەم مانگە لە مۆسکو وتویانە :- لە هەفتەی ئایندەدا دوور نی‌یە گفتوگۆی نێوان سۆڤیەت‌و ئەمەریکا سەبارەت بە کەم کردنەوەی چەکە ستراتیژیەکان‌لە موسکۆ دووبارە دەست پێ بکاتەوە •

ئەم باوەڕەش بەگوێرەی ئەوقسانە هاتۆتە گۆڕێ کە وەزیری دەرەوی سۆڤیەت ئەندریەغرۆمیکۆ ڕۆژی چوار شەممەی ڕابردوو لە توکیو کردویەتی ،غرۆمیکو لە قسەکانیدا وتویەتی :- ئەو گفتو گۆیانەی‌لەو بارەیەوە دەکرا تا چەند مانگێك لەمەوبەر گەلێك کۆسپ‌و تەگەرەی دەهاتەبەر ، بەڵام ئێستا باشتر بوە •

وە وتویەتی :- ئەو گفت‌وگۆیانە دورنی‌یە لەماوەیەکی نزیکدا بەرەوپێش بڕوات •

سەرچاوە دیپلوماسیەکانی مۆسکو وتویانە :- لە ١٩ ، ٢٠ی ئەم مانگەدا وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا هەنری کیسینجەر سەر لەمۆسکۆ دەدات ، سەرچاوە ئاگادارەکانی واشنتۆن وتویانە :- حکومەتی ئەمەریکا وای بێ‌خۆشە کە لەبارەی کەم کردنەوەی چەکی ستراتیژیەوە هیچ ڕێکەوتن نامەیەك لەگەڵ سۆڤیەت‌دا مۆر نەکرێت ، تا کاروباری سەرۆکایەتی بەلایەکدا دەکەوێت •

چەند سەرچاوەیەکی تری ئەمەریکایی وتویانە :- هەتا ئێستا هەندێ ئالۆزیی وا هەیە کە پێویست بەشی کردنەوە دەکات •

شۆڕشگێڕانی عومان ئوتۆمبیلێکی بێگانە تێك ئەشکێنن

عەدەن - ئا•د•ع•

ڕۆژی ١٤ی ئەم مانگە لە ناوچەی (ئاقیرعات)و (ئاشیت) بەهۆی تەقینەوەی لوغمێکی شۆڕشگیرانی بەرەی میللی ڕزگاریی عومانەوە ئۆتۆمبیلێکی پڕ لە سەربازی هێزەکانی بێگانە لە ژوروی زەفار تێك شکاوە •

مەکتەبی سەربازیی بەرەی میللی لە عەدەن ڕاگەیاندی کە هەمان ڕۆژ لە شوێنی ڕوداوەکە فرۆکەیەك بینراوە ، بریندارو کوژراوەکانی بردۆتەوە ، وە دوژمن خۆی ئەو ڕاستی‌یەی وتوە کەشەش سەربازی لەو تەقینەوەیەدا کوژراوە •

Institut Kurde de Paris

پـــیـــرۆ
گـــەنـجـــینـەی وون بـــووە

« ئەوانەی شـــارەزای مێژووی هاوچەرخن باش ئەزانن کـــە یاریکردن لەگەل ئیمپریالیزمدا ناشێ » ٠

(نارنسۆ گیفارا)

پـــیـــرۆ ، هەژارێکە لەسەر گەنجینـــەو خەزنە دانیشتوە ، ئەمە پیروزای خەلکی بێگانەیە بەرامبەر بـــەم وڵاتـــە ٠٠٠ کاتێ ئیسپانیاییەکان پیرۆیان زەوتکرد فەرماندەکەی کە سەر بە گەلی ئەنکا بوو زنجیـــرێکی قەف ئەستوری ئالتونی ساغی هەبوو بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەست ئیسپانیا بێگانەکان ئەو زنجیرە ئالتونەی فرێدایە نـــاو دەریای (تیکیکاکا)وە ٠٠٠ تائیستاش بەدوای ئـــەو گەنجینەیەدا ئەگەڕێن بەڵام بەبێ سوود ٠٠٠ لەم دواییەدا خەریك بوو حکومەتی سەرۆکی پێشو خوان فیلاســـکو فارادو ئەو ئالتونە بدۆزێتەوە بەڵامئەوەبوو لەمانگی ئابی رابوردوا (١٩٧٥) فارادو بەهـــۆی کودەتای چـــەند جەنەڕاڵێکی لەشکرەوە لەسەر کار لابراو کێشەی زنجیرە ئالتۆن دوزینەوەکە جارێکی تر بێ سۆراخ کردن مایەوە ٠٠

خەلکی لەوبڕوایەدان کە دوور نیە کارەســـاتەکەی شیلی لەپیرۆدا رووبدات ٠٠ جابۆیە رۆژنامە پێشـــکەوتنخوازەکان بەتوندی داوائەکەن کـــە هەموو کەلەبەرێك پڕبکرێتەوەو رێگای قەومانی ئەم کارەساتە نەدرێو ئنجا گەنجینەکەی ناو دەریای تیکیکاکا بدۆزرێتەوە ٠!

ســـەرنجێکی جۆگرافیایی

پیرۆ کەوتۆتە بەشی رۆژئاوای قارەی ئەمەریکای خوارووە ، رووی ئەو وڵاتە بەزنجیرە چیاو گردو تەپولکە داپۆشراوە ٠٠ ئەو زنجیرە چیایەی لەژووروی وڵاتـــەوە وەکو مارێکی باڵۆکە بەسترو بەرەو خـــوار ئەکشێ دەشتێکی تەسك لەسەر رۆخی دەریا بەجێ ئەهێڵێ ٠٠٠ سێیەکی وڵات لەدارستانی چڕو زێوڕبار بێك هاتووە ٠٠ هەر ئەوەشە وای کردوە کە بەبێ کەشتی ناتوانرێ سەر لەزۆر ناوچـــەی وڵات بدرێ ٠٠٠ کۆئۆمبـــاو ئەکرادۆر لەژوورووە بەرازیل و پۆلیڤیـــا لـــە رۆژهەڵاتو شیلی لەخوارووو ئۆقیانوسی هێمن لە رۆژئاواوە دەوری وڵاتی پیرۆ داوە ٠

شاری (لیما) پایتەختی پیرۆیەو ئەریکویـــا دووەم شاریەتی ٠ پانایی خاکی ئەو وڵاتە ملیونێك و سێ سەدو پانزە هەزارو سێی کیلۆمەترەیە ٠ ژمارەی دانیشتوانی (١٤) ملیۆن کەسە بەهۆی سەرژمارێکەوە کـــە لەساڵی ١٩٦٨دا کراوە ٠

باری مێژوویی

بەپێی ئەو بەڵگە مێژوییانەی لەبەردەســـتدان هیندیەیە سورەکان لە ٨ هەزار ساڵ بەر لەزایینـــەوە لەپیرۆدا ژیاونو شارستانیەتێکی بەپێتوپێزیان تیـــادا دامەزراندوە ٠٠ ئیسپانیاش لەساڵی ١٥٣١ هەوڵیداوە ئەو وڵاتەداگیربکات بەڵام خە لکەکە دلێرانە بەرەنگاریان کردووە ٠٠٠ دوای داگیرکردنی پیـــرۆ خاکو زەویو زارەکان بەسەر داگیرکەراندا دابەشکراوەو هینـــدە سوارەکانیش بەزۆر لە کێڵگەکاندا کاریان پێکراوە ٠٠٠ لەساڵی ١٥٣٦ هینده سورەکان شورشیان بەرپاکردوو بەتوندی شورشەکە خەفەکرایەوە ٠ وە ئەو شورشـــەی توباك ئەماروی سەرکردەی هینده سورەکان ساڵی ١٥٧١ بەرپای کرد بەتوندوتیژی دامرکێنرایەوە ٠

بەم پێیە شۆڕشو رابەڕینی یەك لەدوای یەك تاوەکو ساڵی ١٧٨٣ بەردەوام بوو ٠

وڵاتی پێنج پایتەخـــت

پێش پێنج ســـەد ساڵ گەلی ئەنیکا کە هینـــدە سورەکانن ئیمپراتۆرە پانو بەرینەکەیان کردوە بە جـــوار باشەوەو ناویان ناوە جوارپارچەکە ٠ کە بیك هاتووە لـــە ناوچەی شاخاویو لۆتکەی بەرزو دۆڵی کپو ناوچـــەی دەریا کە پریەتی لەماسیو ناوچەی بیابانو ناوچـــەی دارستانی سەوز کەپریەتی لە هینده ســـورەکانو کلاوی پەڕی باڵندە لەسەرەو خەریکی راوی باڵندەو زیندەوەرن ٠ سەرەڕای ئەم جوار جیهانە لە یەکتری جیاوازە ،جیهانێکی تر هەیە کە لیمای پایتەختە ٠٠ ئەم شارە مەلبـــەندی پێشکەوتنو شارستانیەتی نوێیەو هەر جوار پارچەکـــەی تری وڵاتی توندوتۆڵ بەخۆیەوە بەستۆتەوە ٠٠٠ لیمـــا لەلایەن ئەوەی نوێی پیرۆوەدروست کراوە ٠

فرانسیسکو بیزاروی خوێنڕیژی ئیسپانیایی کە پیرۆی داگیرکردوە ئیمپراتۆریەتی ئەنیکای تێکداو وڵاتی کاول کرد وەیێش ئەو هێرشە واتە لەساڵی ١٥٣٥ دا شاری لیمادامەزرابوو ٠

بەدەسکاریەوە لەراپۆرتێکی بەشی لێکۆڵینەوەی (ئا٠د٠ع) وەرگیراوە

ئێستاکە لیما شارێکی خۆش و رەنگین و دڵرفێنەو بەشای شارەکانی ئەمەریکای خوارووو ناوئەبری نزیکـــەی ملیونێك و پێنج سەد هەزار کەسی تیادا ئەژی، یەکەم شارە لەو کێشوەرەدا یەکەم جاپخا نەو زانســـتگی تیـــادا کراوەتەوە ، ئەو زانستگایەش لەساڵی ١٥٥١ بەفەرمانی مەلیك شارلی پێنجـــەم پاشای ئەوسای ئیســـپانیا کراوەتەوە ، ئەمرۆش نزیکەی ١٣ هەزار قوتابی تیایدا ئەخوێنن و بەیەکەم زانستگای ناوچـــەی ئەمەریکـــای خوارووو دائەنرێت ٠

ژیانی کۆمەڵایەتیو روەکەی ئەودیوی !؟

روەکەی ئەودیوی لیمـــا بەجۆرێکی ترە ژیانێکی هێمنو لەسەرخۆ بەرەو ئاسۆ یەکی تر هەنگاو ئەنێ ٠ چگە لەو پیرۆییانەی کە دەست رۆیشتونو چـــەند زمانێکی بێگانە ئەزانن و ئافرەتەکانیان جوانتـــرین جلو بەرکو مۆدێلی پاریس لەبەرئەکـــەن ، چگە لەمانە کـــەلی ـ هاژاداس ـ دێت کـــە لـــە زنجو کۆخدا ئەژینو خانوەکانیان لەگیاو ئەنەکەوقورو قامیش دروست کراوەو جـــوار دەوری پایتەختی پیرۆیان داوە ٠ ئەم خەلکەش لەناوچە شاخاوی یەکانەوە بەدوای ژیـــانی رۆژانەداو بۆ دەربازبوون لە هەژاریو کلۆڵی ڕوویان کردۆتە پایتەخت بەڵام وەئەبێ گوزەرانی ئێســـتایان لەهی پێشـــویان باشتر بێت ٠

چگە لەمەش ئانێستا چەند تیرەو خێڵێك لەپیرۆدا ما ن کە ژیانی سەرەتایی ئەژین وەکو خێڵی ئورو کـــە لەسەر دەریاچەی (تیتی کاکا) ئەژینو ولی لێك ئەدەنەوە کە ئەوان (تیرەکەیان) تەمەنیان لەتەمەنی خۆر پترە ٠٠٠ وە بەراوە ماسیو مراوی ئەژینو لەگەل هیـــچ تیرەیەکی تردا نێکەڵاو نابنو ژنو ژنخوازیان لەگەڵا ناکـــەن ٠ ژمارەی ئەندامانی ئەم تیرەیەش دەوروبەری ٢٠٠ کەسێك ئەبێت ٠٠ خانوەکانیشیان لەقامیش دروست کردوە لەسەر دەریایچەکە (بحیرە) ٠

ئابوری پیرۆ

وڵاتی پیرۆ لەمەیانی ئابوریدا ئاسنو ئەوتو زیبوو زەنگو ئالتونو مس ئەهێنێتە بەرهەمو لۆکەو قامیشی شەکرو قاوەو لاستیکی سروستیشی تیادا ئەکرێ ٠٠٠ هەروەها کارگەو فابریقەی گەورەو فراوانی راوەماسیو ماسی کردنەناوقتوی تیادایە ٠

گەورەترین کانی (جیوە ـ الزئبق)ی ئەمەریکای خوارووو لە پیرۆدا هەیە ٠٠٠ کانی مسی (توکویریالا) لەخواروی پیرۆ گەورەترین کانە لە جیهاندا ٠

راوە ماسیو حەوزی دروست کردنی کەشـــتی لەبەندەری پیرۆ کە ١٢ کیلومەترە لەپایتەختـــەوە دوورە سەرچاوەی داهاتێکی زۆری وڵاتە ماسی گرەکان بەلـــەمو تۆڕی تایبەتیان هەیە تۆڕەکە نزیکەی ١٥٠٠ پێ درێژەو ئەتوانێ بەیەگجار ١٠٠ تەن ماسی بگرێ ٠ کەشـــتی یەوانەکانیش مانگـــی ٨٠٠دۆلار وەرئـــەگرن ئەمـــەش بارەیەکی زۆرو زەبەندەیە سەبارەت بە ئاستی ژیـــانی خەلکی پیرۆ ٠

بەیوەندی ئابوری لادێی پیرۆ تاوەکو ئێستا بەنـــدە بە مولکایەتی فراوانی دەرەبەگایەتییەوە ٠ کۆمپانیـــا مۆنۆپۆلەکانی ئەمەریکاش دەستیان بەسەر کانی زیـــوو مسو نەوتو کێڵگەکاندا گرتووە ، سیستەمی بانقەکانی وڵات لەژێر دەسەڵاتو ڕکێفی سەرمایەی بێگانەدان جا سەرمایەی ئەمەریکا بێت یاخود هی ژاپۆن یان ئیتالیا ٠

بۆ ساغکردنەوەی ئەم راستی یەش ئەوەندە بەسە بزانین ٦٠٪ی زەویی پە بەیتو بەرەکەتەکان لەژێر چنگی ١ر٠٪ی خەلکی پیرۆدایە کەدەست رویشتونو جوتیـــارە هەژارەکانیش لەرادەیەکی کەم بەولاوە زەویان نیە ٠

بێدەرامەتیو دەستکورتیی وای لەجوتیـــاران کردوە کە ساڵ بەساڵ لادێ بەجێبهێڵنو بەرەو شـــار کۆچ بکەنو رۆژ بەرۆژیش دەوڵەت ناچار ئەبێ کە گۆشتو شیرو رۆنو برنج لەدەرەوەبکڕێ بۆ پڕکردنەوەی بێویستی ژیانی رۆژانەی خەلکی ٠

نەوتی پیرۆ

لە ساڵی ١٨٦٩ نەوت لەپیرۆ دۆزراوەتەوەو لـــەو رۆژەوە ئەم گەلە بووە بە ئێچیری دەســـتی ئیمپریالیزمو کۆمپانیا مۆنۆپۆلەکانی ئێستاکە ئەم کۆمانیانە لەپیـــرۆدا لەمەیانی نەوت کارئەکەن :ـ

١ ـ کۆمپانیای نەوتی باسفیکی پیرۆ :ـ
لەساڵی ١٩٦٥ دەستی بەکارکردن کردووە رۆژ بە رۆژ دەسەڵاتو نفوزی پتر ئەبێ ئەوەبوو بەرهەمی رۆژانەی ساڵی ١٩٦٧ی ٢٦٠٠ بەرمیل بوو لەساڵی ١٩٦٨دا بوو بە ٦٥٠٠ بەرمیل لەرۆژێکدا ٠

٢ ـ کۆمپانیای نەوتی بیلکۆ :ـ
لە ساڵی ١٩٥٩ رێگای درا کە لەناوچەی دەریـــادا بەدوای نەوتدا بگەڕێ ٠٠٠ رۆژبەرۆژ دەسەڵاتو بەرهەمی پتر ئەبێو لەســـاڵی ١٩٦٩دا رۆژی ٣٠ هەزار بەرمیل نەوتی دەرئەهێناو ئێستاش نیـــازی پترکردنی هەیە ٠

٣ ـ کومپانیایی میری پیترۆ پیرۆ :
لە ٢٥ی تەمووزی ١٩٦٩ دامەزراوە لەناوچـــەی ترومبیزوس لەدەریای ئەمازونی ژووروی پیـــرۆ نەوت دەرئەهێنێ ٠

٤ ـ کۆمپانیای میتسوبیشی ژاپۆن :ـ
ئەم کۆمپانیایە بەهاوکاری کۆمپانیای نەوتی جیهان کە بارەگاکەی لە نیۆیۆرکە لەناوچەی سیلفاســـور لەخواروی پیرۆ نەوت دەرئەهێنێ ٠

دۆخی کۆمەڵایەتی دانیشتوان

بەتێکرایی چل بنەماڵەی پیرۆ دەستی بەســـەر ئابوریو خێروبێری وڵات گرتووەو توندوتۆڵیش ئـــەم بنەماڵانە بەبێگانەو کۆمپانیا مۆنۆپۆلەکانی بێگانـــەوە بەستراونەتەوە ٠

داهاتی ســـاڵانەی خەلکیش ئەکرێت بەچـــەند بەشێکەوە ٠٠٠ دەست رۆیشتوەکان لەسەر گەنجینـــەو گەنجی باداوەر دانیشتونو بەلای کەمەوە ساڵی (٦٠٠) هەزار دۆلار داهاتیـــانەو رەشو رووتو هەژارانیش دووجاری دەستی موتەکەی برســـێتیو بی کاری بوونو ئەوەی بەبدای ئەکەن بەهەزار دەردی سەر بەشی ژیـــانی رۆژانەیان ئەکات بە کولەمەرگی٠٠٠ راپۆرتێکی تایبەتی دەرئخستوە کە چینە زەحمەتکیشەکانی (بەتایبـــەتی جوتیاران) یەکی داهاتی ســـاڵانەیان لە (١٠) دۆلار تێناپەڕێ ٠

باری گوزەرانی زوربەی خەلکی ســـادە شیرزەو ناخۆشە نەخۆشیو برســـێتیو کوترەوەریو کەمیی خۆراك کەلبەی لەگیانیان گیرکردوە بۆنموونە لەهەر دە دەقیقەدا لەپیرۆ منداڵێـــك بە نەخۆشیو بێخوراکـــیی ئەمرێت ٠٠ وە بەلای کەمەوە نیو ملیۆن منداڵ بەدەســـت نەخۆشی عەقڵەوە ئەناڵێنن و چارەکە ملیونێك پیـــاو دووجاری خواردنەوەی مادەی کحولیو نەخوێنـــدەواریو نەخۆشی تری کۆمەڵایەتی بوون ٠

چگە لەمەش بەملیون منداڵو ساوا لەچیـــاتی ئەوەی قوتابخانە بیان کرێتە باوەشو لەسەرجاوەی زانســـت هەلبهێنجن ناچاون لەســـەر بێدەرامەتی کاربکەنو بـــە نەخوێندەواری بمێننەوە ٠

بەملیون خەلك بێخاوەنو رووتو رەجـــاڵنو نیوەی دانیشتوانی پایتەختی لەخانوی بێناوو کارەبـــای وادائەژین کەبۆ نادەمیزاد ناشێ ٠٠٠ بەتێکرایی زمارەی نەخوێندەواران پێنج ملیون کەســـەس ئەبێ ٠ لەبەرئەوەی پایتەختو شارەکان خەلکێکـــی زۆری رەشو رووتو بێکاریان تیادا کۆبۆتەوە ، بونەتە مەلبەندی بزوتنـــەوەو خەباتی شۆڕشگێڕانە ٠

پیرۆ بەناو لەســـاڵی ١٨٣٩ سەربەخۆ بووەو ئەوساکە چینێکی ئولیگارك دەســـتی بەسەر حوکمدا گرتووەو زەویو زارە بەبیتو بەرەکەتەکانی بەســـەر دەرەبەگیو ئەندامانی چینـــی فەرمانڕەوادا دابەش کردووە ٠ لەساڵانی سێی ئەم سەدەیەشەوە ناقمـــە جەنەڕالیك دەستیان بەسەر کاروباری دەوڵەتدا گرتوەو لەپارەو سامان کۆکردنەوە بەولاوە خەمی هیچی تریـــان نەبووەو گەلو چینە چەوساوەکانیان هەر بە خەیـــاڵدا نەهاتووە ٠ ئەمەریکاش دەورێکی چالاکانەی گیراوە بـــۆ بەریوەبردنی کاروبـــاری ناوخۆی پیـــرۆ لەلایەن کۆنەپەرستو بەکرێگیراوو راستڕەوو ئالقەلەگـــۆیـــ کانی خۆیەوە ٠

ئەمرۆ پیرۆ لەهەر جوارلاوە بە بنگەی عەسکەریی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا ئابلۆقەدراوەو رێژیمە کۆنـــەپەرســـتەکانی ئەوناوەش وەکو ســـەگی پاسەوان بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لەناوچەکەدا ئەبارێزنو زۆر بەلایەوەیان ئاسانە کەئەگەر هاتو لەهەر لایەك شـــۆڕش یاخود بزوتنەوەیەکی گـــەلی بەرپابوو بەئاگرو ئاسن سەرکوتو خەفەی بکەنەوە ٠

لەگەڵ ئەمەدا گەلی پیرۆ وازی نەهێناوەو مەردانـــە دژی رێژیمی دەرەبەگایـــەتییو دەسەڵاتی کۆمپانیـــا مۆنۆپۆلەکانی بێگانە تێئەکۆشێو بزوتنەوەی جوتیاران بەباشی بەرەی ســـەندووەو چەندین رێکخـــراویان دامەزراندوە کە ئەمانەن :ـ

١ ـ یەکێتی جوتیارانی پیرۆ :ـ
لایەنگیرانێکی زۆری لەناوچـــە کشتوکالییەکانی قەراغ دەریای ژوروی وڵاتدا هەیە ٠

٢ ـ یەکێتی چەپڕەوی جوتیارانی پیرۆ :ـ
لەچەند رێکخراوێکی چەپڕەوی مارکسی پێـــك هاتووە ٠

٣ ـ یەکێتی لادێکانی هەریمی ناوەراست :ـ
نوێنەری جوتیارانی دۆڵی مانتاروی زنجیرە چیای ناوەراستە ٠

٤ ـ بەرەی ئەقابە :ـ
بازرگانەکانی پیرۆ کەچالاکی سیاسییان هەیـــە بەڕێوەی ئەبەن ٠

کۆمەڵی پیرۆ لەباری کۆمەڵایەتییەوە هەر لـــە هەرەمێك ئەچێ کە لەسەرەوە چینی ئولیگارك دەسەڵاتی بەسەر دەوڵەتو داوو دەزگاو خێروبێری وڵاتدا گرتووەو لەخوارەوەش جوتیارو پرولیتاریاو کریکارانی کشتوکال دێن کە لـــە ژیانی خۆش بێبەشـــنو بەکوترەوەریو کولەمەرگی ئەژینو هیچ جۆرە مافێکی سیاسییان نیە ٠٠ وە لەنێوان سەرو خوارەوەی ئـــەم هەرەمە چینی وردە برجوازی دێت کە پێك هاتووە لە خاوەن پیشەو روشنبیرو چەندین رێکخراویان هەیە بەڵام تائێستا نەیانتوانیوە بێنە سەر حوکم : وە ئەم رێکخراوو پارتیە سیاسییانە لـــە پیرۆدا ەەن :

١ ـ پارتی هاوپەیمانی شورشگێڕانەی گەلی پیرۆ ٠
٢ ـ پارتی ئەبریستا ٠
٣ ـ یەکێتی گەل (ئەم پارتییە هاوپەیمانە لەگـــەڵ پارتی دیموکراتی مەسیحیدا) ٠
٤ ـ رابیتەی چەپڕەوی یەکگرتنی شورشگێڕانە :
رێکخراوێکی شورشگێڕانەیە لەدوای ساڵی ١٩٦٠ دامەزراوەو لەچـــەندین کادیری چـــەپڕەو پێك هاتووە ٠

٥ ـ بەرەی شورشی پیرۆ :
بەرنامەیەکی داناوە بۆ یەکگرتنی هێزە چـــەپـ رەوەکان لە پارتیەکداو تێکۆشان لەپێناو ئـــەم ئامانجانەی خوارەوەدا :
أ ـ پشتگیری کردنی دابەش کردنی زەویو زار ٠
ب ـ بەرەڵلاکردنی گیراوە سیاسییەکان ٠
ج ـ دەست گرتن بەســـەر زەوی دەرەبەگەکانو بەخـــۆڕایی دابەش کردنی بەســـەر جوتیاراندا ٠
د ـ میللی کردنی کۆمپانیاکانی بێگانە ٠
ر ـ بەرباکردنی گۆڕانی کۆمەڵایەتی فراوان ٠
ز ـ دامەزراندنی رێژیمێـــکی پێشکەوتنخوازانە کەتوێنەری رەنجدەران بێت ٠

سەرەتای شۆڕشی چەکدار

لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٠دا رابەرێنێکی گـــەورەی جوتیاران لەسەرانسەری وڵاتدا بەرپابوو بەڵام هێـــزە نیشتمانییەکان نەیانتوانی بەتەواوەی بیگـــرنەباوەشو سودی لێوەربگرن بۆیە دەوڵەت توانی بەتەواوەتی نـــەم رابەڕینە خەفە بکاتەوە ٠

بەڵام ئەم رابەڕینە ســـوودێکی تری هەبوو ئەویش دانان بوو بەو هەنـــگاوەی جوتیاران هاوپشتیوانو بریتیبوو لەوەی جوتیارە چەکدارەکان دەستیان بەســـەر چەند پارچە زەویوزارێكدا گرتبوو حکومەتیش ناچاربوو سەریان بۆ شۆڕبکات ٠

وە دوای ســـاڵی ١٩٦٣ تاقمێـــکی لاوو قوتابیو کریکارو جوتیاران رێکخراوێکی چەکدارانەیان بەنـــاوی (لەشکری رزگارکردنی نیشتمان) دامەزراندو وردە وردە چەپڕەو نەخلکی پێشکەتنخواز جوتە ڕەبەکانیەوە ٠ وە لە ساڵی ١٩٦٤ ئەم لەشکرە بەرنامەیەکی سیاسی بڵاوکردەوە تیایدا رایگەیاند کە داکۆکی لەبەژەوەندی چینی فراوانی کریکارەو جوتیاران ئەکات و سیستەمێکی گەلی دائەمەزرێنێ لەوڵاتداو کۆمپانیا مۆنۆپۆلەکان دەرئەکاتو زەوی بەسەر جوتیاراندا دابەش ئەکات ٠

شان بەشـــانی ئەم لەشکرە رێکخراوێکی تری چەپڕەو هەبوو بەنـــاوی رێکخراوی بزوتنـــەوەی شورشگێڕی چەپڕەو ٠٠ هەرچەندە تەقەڵلایەکی زۆر درا بۆ یەکخستنی ئەم رێکخراوە بەڵام سەری نەگرت ٠

جیاوازی نیوان ئەم دوو رێکخراوە ئەوەیە کـــە بزوتنەوەی شورشـــگێڕی چەپڕەو ئەڵێ ئەبێ هـــەر لەسەرەتاوە حزبو سەرکردایەتی عەسکەری رێکخراوو سەرکردایەتی رابەڕینە چەکدارەکە یەکاتو لەشـــکری رزگارکردنی نیشـــتمانیش ئەڵێ ، لەبواری خەبـــاتو تێکۆشاندا حزبو سەرکردایەتی جوزەرە دەرئەکـــەنو ئەخولقێن ٠

هەرچونێك بێت پارتیو هێزە پێشکەوتنخوازەکانی پیـــرۆ دوچاری بچڕبچڕیو دوبەرەکیو نارێکیی بوونو ئیمپریالیزمی ئەمەریکا بۆ تولە سەندنەوەو زووســـپی کردنەوەی خوێو کۆکردنەوەی ئەو ئابرویەی لەڤیتنامو

بروانە ل ـ ٨

Institut kurde de Paris

کورتە چیرۆك

یادگار؟

ناهیدە محمد علی رشید

پێشکەشە بە خوشکان بەبۆنەی تەواوبونی ساڵی (ئافرەت)ەوە .

تیشکی ئازار لە چاوەکانیانەدرەوشایەوە ، چرچولوێچی دەمو چاوی جۆگەی ئازاری هەلبەستبو بەرەو ناخی دەرونی لە ناوەوە قولپی ئەدا ، وەك ژیلەمۆ پیشی ئەخواردەوە ، لە ژێر بارێکی قورسا ئەینرکاند .

ئازاری ژانی سەر کاسە شەوی رابوردوی تێکەڵ بە بۆزەی ساردەوە بویان ئەبو .

ـ خوایە گیان چی لە دوو کچ بکەم ؟

ڕۆژی ڕوناك لەبەر چاوی وەك شەوە زەنگی پر درك و داڵ بو .

خەندەو پێکەنین لەسەر لێوی دلسۆزانی تەریو خواحافیزیان کرد . پیرێژنەکەی دایکی وەك مار بەپکنەی خواردبو کینگلەی ئەدا ، فرمێسکێك لە چاوەکانی هاتە خوارێ . دەستی برد برچە سپیی‌یەکەی ئاخنیە ژێر (ژێر چەنەکەیەوە) .

لە خوار قاچی‌یەوە چیچکەی کردبو . قاچی ئەشێلا .

ماڵەکەیان وەك ئاشی ئاو کەوتە وابو . هەردوو مەلۆتکەکە لە سەر دوو بێژنگ لە تەنیشت دایکی زەیلستانەوە باڵ خرابون .

نرکە نرکیان تێکەڵ بە دلی پر ئازاراوی دایکیان ئەبو .

ـ خوا لێتان نەسینێ کچتان بووە .

زرتە بۆزەکەی مێردی چاوی لەژێر دوو برۆی چڕەوە زیت کردەوە ، کەللەی سەری دۆزراوەی ناو ئەشکەوتەکانی پێش زایین وەرچەرخان ووتی :

ـ خوا هەردووکیان بەرێتەوەو لێمان بسێنێ .

وەك گرمەی هەوری بەهار ووشەکانی لە مێشکما دەنگی هات .

ـ بۆ ؟!

ـ خەلقی لە یەکێك . بێزارە من ئەوە چوار .

ـ هەی ڕاست ئەبێتەوە دەبا کوڕ بونایە .

سەرنجێکی هەردوو مەلۆتکەکەم دا ، چاوێکم بە ژنەکەیدا گێڕا .

ـ (تاوانیان چی‌یە ؟)

(هەرلەبەر ئەوەی بێ بەرین لە پارچەیەك گوشت لەناو لنگیانا) .

(جیاوازیەکە لەمەزیاتر هەیە ؟!!)

ـ بە دایك و باوك بەخێو کرێن ، بینە خێرو بەرەکەتو بەسەرتانا برژێت .

خەیاڵ بردمیەوە بۆ پێش سی ساڵ لەمەوبەر ، ئەو کاتەی دایکم منی بووە .

(ـ ئەبێت باوکم وای بە دایکم ووتبێت کە منی بو ؟!)

ـ دور نیە . بەڵام ئەمرۆ دورنی نیە .

(بەسەرما چوبت هەمان کەلەسەرو هەمان مرۆڤە)

(کەلەی سەریان ژەنگ گرتویەتی‌و بێبەستی بە سەری کردنەوە هەیە)

ـ چیمان گۆڕیوە تانەمرۆ ؟!

(خوشك و بوا نابێت بەیەکەوە بنون لە ژورێکا ، کوڕو کچ نابێت پێکەوە بخوێنن ، نابێت کچ هاوبەشی ژیانی خۆی بدۆزێتەوە ، شیربابی ، گەورە بە بچوك ، ژن بەژن ، کچ لە خوێنا وەرگرتن ، تەلاق دان ، چوار ژن پیاوێك) .

زڕەی جەرەسەکە رایچلەکاندم . سێ عەبا ڕەش خۆیان کردبەژورا چاویان بە گریانەوە ، قسە لەدەمیانا نەپلیشایەوە .

ـ دەستی شکاوم ، کوێر بیومایەو ئەمەم نەدیبایە .

بە هەرچوار دەوری خۆما سەرم بادا . چی بووە ؟! چی ڕوی‌داوە ؟؟

ئەم هەمووە ، هەر لەبەر ئەوەی دوو کچی بووە ؟!!!

ـ خوا بکەم خۆتان سەلامەت بن . یاخوا هەردووکیان لنگ ئەدەن بەیەکا ، ببن بە قوربانی خوتو باوکی‌و خزمان ..

لە شوێنی خۆم بەرزبومەوە ، ئەم زانی چۆن ڕاڕەوە درێژەکەم بڕی . لە دەرگای حەوشە سەرم عێنایە دەرێ . تەماشام کرد هەزاران ژن ڕیزیان بەستووە . لە پیاوێکم پرسی

ـ خاڵە گیان ئەوە چیە ؟!

سەرێکی باداو بزەیەك گرتی .

ـ بەخوا جوانە ، نازانی ؟!!!

ـ نەبەخوا .

ـ خوشکم ساڵی نێوەی ئافرەت تەواو بو ، بەوبۆنەیەوە ئەم خۆنیشبان دانە ڕێ خراوە .

ـ سەیرە لە لایەك شینو گریانە ، دایك کچی بووە ، لەلایەکیش ئاهەنگی تەواو بونی ساڵی ئافرەتە .

دوای سێ ساڵ جیابوونەوە

جەزا عەلی ئەمین

مەرگ کۆتایی بە زۆر شت دێنێ .. بەڵام گەلێك شت هەن لە مردن بەهێزترن . کۆمارەکەی نیفلاطون .. کارەباکەی ئەدیسۆن .. هەموو شاعیرە دەنگ دلێرەکان .. بە مردن ئەوترن‌و چەبۆکێ ڕەش دایان ناگرێ‌و ئەوان دەبنە شانۆی ژیان‌و کوڕی هەبوون .

(فانی) مەمەند ئاغای قایمقام شەوی سێی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧٣کۆچی ناوەختی کرد .. بەڵام شیعرە شۆرشگێرەکانی فانی هەتا کورد مابێ .. تا خوێندەواری دەبێتەوە وەك بەرهەمێکی کلاسیکی‌ی پەسند سەیریان دەکرێ و نرخی خۆیان هەر دەبێ .. پارچە شیعرێکی بەناوبانگی هەیە بە ناوی شێری برسی کە ساڵی ١٩٤٩ داینناوە .. لەم یادەدا بەشێکی پێشکەشی خوێنەرانی هاوکاری دەکەین .. بەونیازەش کە لە ئایندەدا بتوانین زیاتر بە شیعرەکانیدا بچینەوەو قوولتر مانای ووشەو دێرەکانی لێك بدەینەوە .. بەتایبەت وا خەریکە بەشێك لە شیعرەکانی بەهۆی دەزگای هاوکاری‌یەوە . لەچاپ دەدرێ .

فانی نزیکەی شەست ساڵ ژیاوە .. شیعرێکی زۆری لەدوا بەجێماوە .. هەر لە مەرگەش کۆچی دوایی کردوە لە گۆرێکی تەنیادا کە دەکەوێتە پشت ماڵەکەی خۆیەوە .. بە غەریبی ڕاکشاوە .

شێری برسی

ڕەجعیا ناچێتە سەر بەمجۆرە باری ئازی تۆ
کێ‌یە ڕۆژو شەو نەئازێنێ بە زەخمی گازی تۆ
خوێن مژینی بێ‌نەوایان بۆتە غایەو رازی تۆ
پشتی پێمی لێ بدەم نەڕژێ شەرابی نازی تۆ

شێری برسیم شێری برسی پیرەگورگی نیشتمان
نایەوێ بمبێ مەکانی لەم هەموو دەشتەی جیهان
خامەیی حەق بێژی من خاڵو زمانی میللەتە
داستان نوسێکی بێ‌فێڵی ژیانی میللەتە
گەرچی نوری عیلمو فەن هیزی گیانی میللەتە
نایەڵێ ڕەجعی لەسەر فەوتو شکانی میللەتە

لەساڵی ١٩٤٩ وتراوە

چاپکراوی نوێ

خونچەی سەهۆڵ

بەرهەمی شاعیری لاو « نازاد دلزار » کۆمەڵە شیعرێکی نوێیە بەناوی « خونچەی سەهۆڵ »ەوە بلاوکرایەوە ، ئەم بەرهەمە بەیارمەتی « دەزگای هاوکاری چاپ‌و بلاوکردنەوەی کوردی » چاپکراوەو دوکتور عیززەددین مستەفا پێشەکی بۆ نوسیوە « خونچەی سەهۆڵ» بەقەوارەی بچوك‌و چاپێکی جوان بریتی‌یە لە ١١٦ لاپەڕە .

مەهدی نامە

لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد زنجیرەی ژیاندنەوەی کە لە پووری ئەدەبی‌و کوردو لەلێکۆڵینەوەو پێشکەش کردنی مامۆستا (محەمەد عەلی قەرەداغی)و پیاچونەوەی مامۆستا ـ شوکور مستەفا ـ مەهدی نامە کەوتە بازاڕەوە ، ئەم چاپکراوە لە چاپخانەی کۆڕ دەرچوەو بە پێشەکیەکەیەوە ٧٢ لاپەڕەی گەورەیە .



لە ئەدەبی گەلانەوە

گۆرانیەکی « کالاو » بۆ کریستینای خۆشەویستی

نەژاد
کردوویە بەکوردی

خۆشەویستە بچکۆلەکەم ..
سیمای گەرمۆ کەو شەرمنت ،
لە بانایی دەستەکانما .. ئۆقرە ئەگرێ ..
تۆ لە هەموو شتێك ، رادەمێنی !
چاوەکانت هێشتا دونیایان ئەدیوەو
لە هەموو شتێك وورد دەبنەوە ..
لێوەکانت کە هێشتا دەقیان ئەشکاوەو ماچ ئەکراون
بڕوا بە هەموو شتێك دەکەن ..
لێوەکانت ، دەمترسێنن ..
لە کاتێکدا باوەشیان بە یەکدا کردوە !
سەیرم دەکەی‌و تێم دەروانی ،
دەمو چاوی گەرمو گەشت ..
لە بانایی دەستەکانما ، نارام دەگرێ ..
نا گیانەکەم !
بڕوا ناکەم ، ژیان ئەوەندەی خۆشەویستیت ،
شیرین بێت !!

ئەم شیعرە ـ لە ڕۆژنامەی ـ الجمهوریە ـدا ڕۆژی ١٩ـ١٢ـ١٩٧٥ بلاوکراوەتەوە .

لاپەڕە ـ ٤

حاڵ.. لە شیعری کرمانجی ژووروودا

عبدالرحمن مزوری

خوێنەرانی بەڕێز ، بێ‌گومان ئەبوایە لەم باسەدا بەگشتی باسی جوانی‌ی چاو بکەم لە شیعری کوردیدا ، واتە هەرچی‌یەکی لەسەر جوانی‌ی چاو نوسراوە لە هەمو دایلکتەکانی (لەهجاتی) زمانی کوردیدا . بەڵام لەبەر دوورو درێژی باسەکە ، کە ئەتوانین بڵێین شاعیرانی کورد ئەوەندە شێت‌و شەیداو کوژراوی چاوی جوان بوون ، کە مرۆڤ بتوانێ بەڕاوێکی دوور و درێژ لەو مەبەستەدا ساز بکات ، ئاشکرایە ئەمەش بە نیمچە مەلەوانێکی وەك من ناکرێ ! دیسانەوە باسەکە تەنها شاعیرانی کلاسیکی کرمانجی ئەگرێتە بەر ، وە لە بەندەرەکانی شاعیرانی هاوچاخ ناوەستێ ، جگە لەوەی کە نەمتوانی بەتەواوی بیروڕای جگەرخوێن و قەدری جان‌و د . کامیران بەدرخان‌و عوسمان صبری ، لەم میانەدا کە (جوانی چاو)ە بزانم ، چونکە لە چەند شیعرێکی تاك‌تاکیان کە لە کۆفاری : گەلاوێژو هاوارو بڵێسەو ڕوناهی دا بلاو کراوەتەوە بەولاوە هیچی‌ترم دەست نەکەوت . شاعیرانی کوردیش وەکو هەمو شاعیرانی جیهان بەستەو گۆرانی بەسۆزو دڵڕفێنیان بۆ چاوی جوان ووتووە و بە ئاوازی شیرین‌و بەتام پیایاندا هەڵگوتووە .

لای شاعیرانی کورد چاوی جوان وەك چاوە جوانەکانی کار ئاسك و مامزی کوێستانەکان ڕەش‌و کاڵن، مرۆڤ کوژن .. دوو پیالەی مەین مرۆڤ مەست‌و سەرخۆش ئەکەن ، ئارام‌و ئۆقرەی لەبەز دەبڕن ،دەیخەنە شەڕای مەرگ ،تیر هاوێژن ،جەرگ‌و دڵ دەکەنە بریان ، ئاگرن گڕ بەرئەدەنە گیانی مرۆڤ ، هەر شاعیرێك بە جۆرێك گێڕاوە .. جارێ با لە «جزیری »یەوە دەست پێبکەین .

جزیری شاگوڵی باغەکانی بۆتان ، چرای ڕۆشنی تاریك بڕی شەوەکانی کوردستان ، ئەستێرە پرشنگدارەکەی ئاسمانی وێژەی کوردی ، هەڵگری ئاڵای ئەفین‌و خۆشەویستی :

گوڵی باغی ئیدەمی بوهتانم
شەب چراغی شەبی کوردستانم

جزیری یەکێکە لە بێکراوانی تیری برژانگی چاوی ڕەش ، هێندە لە چاوی ڕەش ترساوە کە بەلایەوە داگیرکەرو جیهان تاڵان‌کەرە ، خوێنی بێ‌گوناهەکانی بە فیڕۆ ڕژاندەوەو مرۆڤی سەرسامو بێ‌ئاگا کردووە :

بەدرا ژ قودرەت لێ دونون
ئەو قاتلا ئەسوەد عیون
پڕ ڕاکرن وێ قەتل‌و خون
عالەم پەرێهت یەغما کری !

دیوانی جزیری ـ شەرمی زفنگی
ب٢ ل : ٧٧١

یا خود ئەڵێت :

ژێ زولفێ ژوێ بەندێ
ڕەها بم لێ ژبەیوەندێ
سیە چەشمێ سپی ژەندێ
تەسۆتم شیهەتی فندی

دیوانی جزیری
ـ ب٢ ل : ٧٧١

دیسانەوە چاو بەلای جزیری‌یەوە وەك مەیە ، مرۆڤ بێ ، کەس نەیتوانیوە سەلامەتی لە دەستی چاو ببینێ ، ئەوەتا خۆی ئەڵێت ژیاتم پڕە لە ئەشکەنجەو ئانی ئەنۆشم بە دەست غەم دەردەوە دەنالم ، بوومەتە نیشانەی تیری چاوە مەستەکانی یارە نازدارەکەم کە هەراسانی کردوم ، هەستو هۆشی شێواندووم ، گیانی خستوومەتە نەسرەوتێ‌و جەرگ‌و دڵمی ئەنجن ئەنجن کردووە :

ژ هەردو چەشمێن تەیێ مەست و خوین‌ریز
نورا دو چەشمان کێ دی سەلامەت ؟!
لەمردو نێشان ، پەکیان و نیشان
مە ژ هەردو چەشمان کفشن عەلامەت !

دیوانی جزیری ـ
ب ١ ل : ١٤٣

جگە لە چاوی ڕەش شاعیرمان جزیری کوشتەی چاوی «شەهلاەش بووە ـ واتە ئەو چاوەی کەمێك ڕەنگی شین تێکەڵ بە ڕەشێنەکەیەتی ئەوەما ئەڵێ ڕاستە نیگای چاوی ڕەش ، پیاوی ژیرو هێمن سەودا سەرو بێ‌هۆش ئەکەن ، بەڵام من ئەو تیرەی دڵمی ئەنگاوتووە لە کەوانی چاوی (شەهلا) ڕە دەرچووە :

ناورێن ئەسوەد عیونان عاقلان سەودا دکەن
گەز مەیا عاشق قرل کەفتی ژچەهفێن شەهلە بو !

دیوانی جزیری ـ
ب٢ ل : ٦٢٠

ئاشکرایە چاوی ئاسك زۆر جوانە ، لەبەرئەوەی زۆر ڕەش‌و گەورەو خومارین ، بۆیە زۆر لە شاعیرانی گێتی‌و شاعیرانی کوردیش چاوی یاریان شوبهاندووە بە چاوی ئاسك . جزیریش لەنێو کوڕی ئەو شاعیرانەدا دەرنەچووە کە ئەڵێ ئەو دولبەرەی دڵی لێ سەندووم چاوی لە چاوی ئاسك چووە :

دل ژ من بر دلبەرەك زیبا قەبا
چاف غەزاڵو پڕ شەپاڵ و مەهـ لیقا !!

دیوانی جزیری ـ
ب٢ ل : ٨٨٦

«خانی»ش ، بلیمەتی شاکاری (مەمو زینی) ئەمر ، شەیدای چاوی ڕەش بووە ، چاوی ڕەشی پەریەکان دلیان کون کون کردووەو ، بۆتە نیشانەیەکی دیارو لەبەرچاوی تیرەکانیان :

مانەندی مەست‌و سەرخوەشان
ئەز چومە بەزما مەهوەشان
ئەبرو کەمان‌و چاف ڕەشان
جەرگ‌و دلێ من گر هەدەف

مەمۆزین ـ چاپی هەولێر
ووتاری ماموستا صادق نامیدی
ل : ٢١٠

« ئەحمەدی موخلیص » هەر وەکو زۆر لە شاعیرانی‌تر ، شەیداو مەفتونی چاوی ڕەش بووە ، ئەو چاوە ڕەشانەی کە وەك چاوی کار ئاسك‌و مامزی کێوە هەزار بە هەزارەکانە ، زۆر عاشقیان کوشتووەو دەرمانی دەردی گەلێ ئەفیندارەکان کردووەو گەلێ بریندی دڵداریان سارێژ کردووە ، کەچی هەر تێر نەبوون‌و بڕسی ماونەتەوەو چاوەڕێی هەلێك دەکەن کە « موخلیص »ی شاعیریش لە ناو ببەن :

ئەوێ عاشق گەلەك کوژتن
بچافێت ڕەش بەلەك کوژتن
دوشەد لاوو چەلەك کوژتن

لهیفی‌یا مە تینێ مابو !

لێرەشدا دیسان بەیادی چاوی ڕەشی یارەکەی دەلێت :

چو بێژم بوتە مەحبوبا بەلەك چاف ؟!
نە خەو مانە ، نە من زادە نە من ئاف
مە ئاگر بەربو مێلاکان هەمی گاف
ئەزێ باشم تو دل هشك‌و خرابی !!

دیوانی نالبەند ـ چاپی دەزك
ب٢ ل : ٥٣

« فەقێی تەیران » خاوەنی داستانی عاشقی مەزن (شێخی سەنعان)و ، خاوەنی شاکارە جوانەکەی کە بەناوونیشانی (هەی ئاف‌و ئاف)ە ، ئەوەتا ئەویش وەك عاشقانی‌تر ، ڕەنگ ژەردو لێو بەبارەو ، هێزی نەماوە لە تاوی چاو ، خەلکی لە هۆی پەژارەو ماتەمینی‌یەکەی دەپرسن‌و ، هاوبەشی غەمی دەکەن ، بۆیە ناچار پەنا ئەباتە بەر فاڵچی‌یەکان ، ئەوانیش بێ‌ی‌ئەڵێن تۆ کوژراوی چاوی جوانی‌و داخدارو زامداری برۆو برژانگی ئەو چاوانەی :

ئەخوشێ ڕەنگ لێ ئەمایی
دەست لسەر فاڵێ نهایی
وان دگوت ژ چافی گەهایی
کوشتی‌ێ عەینانم ئەز
کوشتمە هەردێ عیونان
یان کێ‌ت نسیبەت ژ نونان
ڕادکەن ئەو قەتل‌و خونان
گرتی‌ێ زیندانم ئەز

فەقێ تەیران ـ دیوانا کرمانجی
ل : ٢٣

« ماجن » قوولترو بە شێوەیەکی‌تر دەڕوانێتە چاوی جوان ، ئەوەتا بە ئازدارەکەی ئەڵێت ، ئەو چاوە جوانانەت کە لە بادەم ئەچن ، بۆچی ئەوەندە غەمزەی نازیان لێ دەباری‌و تیرو پەیکان بێ‌وچان دەهاوێژن‌و بوونەتە هۆی پەرێشانیم :

بڕوانە ل ـ٨ـ

Institut kurde de Paris

ـ دوا ئەتقەلە :ـ

کتێبی هاوکاری

نووسەری ناودداری تورکیا
یەشـــار کـەمال
نووسیویەتی
شوکور مستەفا
لە تورکییەوە کردوویە بە کوردی

ئەفسانەی چیای ئاگری

بەرەو سەرا بەرێکەوت ، چووە خزمەتی پاشا ، گوتی :

« دەچمە سەر ترۆپکی ئاگری ، پاشام ، هـــەق بەلای تۆوەیە کە بە کارێکی وا دژوارو چەتوونەوەت گلاندووم » .

پاشا ئۆغر خێری لێ کرد .

« سێ رۆژان دەتۆڕنە ترۆپکی ئاگری ، سەرلوتکەکەی ، لە شەوێکی بێ هەورو هەلاداەچریسکێتەوە ، هەلدەبێ » .

سواری ئەسپەکەی بوو . ئەســـپ رفاندی ، بەرەو ترۆپکی ئاگری برد .

قەلەباڵغی‌یەکە لە مەیدانی بایزیدێ ، لەبازاڕ ، لـــە بەردەرکی سەرا ، بەرەبەرە تا دەهات دەبەنگایەوە . خەلکەکە لە چیا گرانتر ، وەکو سێلاوێکی کپو بێدەنگ دەهاتنە خوار ، لەنێو شاری بایزیددا تێکدەڕژانەوەو یەکیان دەگرتەوە . لـە پێدەشتەکانیشرا بەرەو هەوراز ، ئـەوە هەر خەلك بوون بـــە قەد باڵو ملەو بەندەنانەوە ، بە کاوە خۆیان بەرەو بایزیـدێ دەکشان ، دەهاتن ، دەبەنگانەوە ، ئێقیـــان دەداوە ، بازڕی شار ، گووچەو کۆڵانان ، مزگەوتەکانیان پڕدەکرد . کـــڕو بێدەنگ دەبوون .

سماییل ئاغا دەمەو نیوڕوانێ هاتە کن پاشا ، پاشا لێی پرسی :

« هەروا دێنو دێن ، دووایان نەبڕاوە ؟ »

سماییل ئاغا دەستێ بەمدیو و دەستێ بەودیودا ، بـــە ناهۆمێدییەوە ، گوتی : «هەروا دێن . تا دێ زیادیش دەکەن ، هەلدەڕۆقن ، هەلدەتولێن . عەشامانەکە عەشـــامات نیە ، ئشاوێکە بۆ خۆی ، لاماری ئینسانەو هەلستاوە ، دەکشێ . دەکشێو ناوەستێتەوە . پەککوو ئەم چیایەی ئێمە چەنـــدی ئینسان تێدایە ، ئەم دەشتەی ئێمە چەندی خەلك تێدایە » .

پاشا گوتی :

« زۆری ئینسان تێدایە . ئەم دنیایە زۆری ئینســـان تێدایە . بۆ کارێکی خێر وا کۆ نابنـــەوەو بەورەنگە نایەنە گۆڕێ . چۆنیان وا زوو بە چوونە سەر چیای ئەحمـــەدی زانی ؟ لە کوێیان بیست ، هەروا دێن ؟ کێ خەبەری دانێ ؟ تۆ بڵێی هەر بێن و بێن ؟ »

بەو نێو دڵانە درێژە ئەستوند مەڕمەڕ زۆرو زەوەندەی سەرادا دەڕێو بێی لە نێو ئەرشو مافووران نوتم دەبوو . دەموچاوی درێژ بڕووە ، رەنگی زەرد هەلگەڕابوو . چـــرچو لۆچی قەراخ چاوی کە خولخول دەخولاوەو لەبەلـــووریرا توێنکەی ئەدەگرت ، بە جارێ ڕۆ چۆبوون .

بە هەراسانی‌یەوە گوتی :

« سماییل ئەدی ئەوەی لەمەڕ ئێمە کوا ؟ »

سماییل ئاغا لە دوودەران قەلەباڵغی‌یەکەی بۆ دەســـت نیشان کرد ، گوتی :

« هۆوەتێ ، لەوسەری قەلەباڵغی‌یەکەی ، لە ئێـــزیك کۆڕی ئەحمەدی خانی‌یەوە ، زەردی پۆشیوە » .

پاشا دەســـتی شۆڕ بۆوە و پاشنـــەوپاش گەڕاوە . دەبویست شتێکی بڵێ . بە شایانی نەزانی ، لێی پاشـــگز بۆوە . بێوەی خۆی لە سماییل ئاغای وەگەیێنێ سەرلەنوێ دایە ڕۆیشتنێ . سماییل ئاغا وەستابوو ، چاوەنۆڕی ئەوە بوو پاشا شتێکی بڵێ . قەدەرێکی خایاند ، پاشا لە نکاو وەستا ، سەری بڵند کرد ، چاوی وەکو پشکۆ گەشایەوە ، لە سماییل ئاغای نۆڕی ، پرسی : « سماییل ئاغا ، کارێکی لەگەڵ ئـەو قەلەباڵغی‌یە نەکەین ، داغانیان نەکەین ، ئەدی وە نیە ؟ »

سماییل ئاغا گوتی :

« عیبچیان لەگەڵ ناکەین،هەرچی سەربازو مەربازمـــان هەن ، قشڵەو ســـوپاگەمان‌هەن ، لەمێژە کەوتوونـــە نێـــو قەلەباڵغی‌یەکەوە . هەر پەنجەشیان بۆ نابەن . لە سەرادا هەر سەدو پەنجا ، دووسەد سەربازهەن ، ئـــەم قەلەباڵغـــی‌یـە قۆشەنو لەشکری دنیایان دەڕۆست نایەن » .

پاشا هەناسەیەکی هەلکێشا ، گوتی :

« دەڕۆست نایەن ، دە تۆ بڕۆ ، بزانە هەر دێن ؟ »

ئەوێ ڕۆژێ بەرەو ئێواری قەلەباڵغی‌یەکە بەرەی‌ساندو زۆر بوو ، گەورە بوو ، لە سنووری شار ترازا ، شیوەکـەی خوارێی شارو ڕاستانەکەی باشووری شیوەکە یەکی دیکەی ئەدەگرت ، هەموو بە لاپاڵەکەی ئەولای گۆڕەکەی ئەحمـــەدی خانی‌یەوە ڕێز ببوون . قەلەباڵغی‌یەکە لە بڕانەوە ئەدەهات ، لە چیاڕا ، لە دەشتەکانڕا ، بێ‌پشوو دەهاتنو لە کەمییـــان ئەدەدا .

لەباشان سەو لە ئێواری ڕەشماڵ هەلـــدرا ، لەبێش ڕەشماڵان ئاگر کرابوەوە ، بۆنی ڕۆن لەگەڵ بۆنو بەرامـــەی هیشکە گیاوگۆڵان ، لەگەڵ بۆنی هیشکە گوڵاڵان تێـــکەڵ دەبوون . بەڵام ئەو قەلەباڵغی‌یەزل و زەلامە دەنگوت بێ‌گیانە ، ڕۆحی لەبەردا نیە ، جووڵەی نەدەکرد ، سرتەی لێوە نەدەهات . کڕو بێدەنگ وەکو ڕووناکی‌یەکی بێ‌سەرو شـــوێن بەملاو بەولادا شەپۆلی دەدا .

ئەگەر دنیا تاریك داهات ، مەحمود خان لە ســـماییل ئاغای پرسی :

« هەر دێن ! »

« ئەرزو ئاسمان پڕ بوون لە ئینسان . لـــە ئەستێرەی ئاسمان پترن . قەلەباڵغی‌یەکە زەوی نایگرێتە خۆی ... » .

« هیچ قسە ناکەن ؟ »

« ورتە لە زاری کەسیانەوەنایە »

« سەیری هیچ کوێ ، سەیری چیای ئاگریش ناکەن ، وە نیـــە ؟ »

« نەخێر ســـەیر ناکەن ، وا دەنێـــو خۆ ڕۆچوون ، قەلەباڵغی‌یەکی وا گەورەو گران دەڵێی خەویان لێ کەوتووە . هێند بێ‌گیانن ، دەڵێی خۆلی مردوویان بەسەردا بێژراوەتەوە . بۆرە بزاوتۆکەیـــەك لـــە ڕوخساری شـــتاقاندا وەدی ناکرێ ... »

شەو ئەنکوستە چاو بوو . بەری ئاسمان سامال ، بێ هەورو هەلا بوو . ئەستێران دەتکوت بە لاپاڵەکانی ، بـــە ترۆپکی ئاگری‌یەوە داکوترابوون ، هەر دەتکوت پوولەکـەنو بەری ئاسمانیان گرتووە . کش‌و ماتی‌یەکی مردووانە بەســـەر شاردا درابۆوە . ئینسانەکان هەناسەی هەناسە ئاسایی‌شیان نەدەدا .

مەحمود خان ئەوێ شەوێ تا سبیانێ خەوی نەچـــووە چاو ، لەنێو سەرادا هەر هاتووچۆی دەکرد وبیری دەکردەوە . بیری لە مردنو ژیان دەکردەوە . بیری لەو ئینسانانە ، لـــەو جەماوەرە گەورەو گرانە دەکردەوە کـــە لەو چیاو چۆلانـــە بجڕابوون ، هاتبوون . ئەمانە هەموو لەپێناوی ژنو پیاوێکدا کۆببوونەوە و لێرەکانە هێورببوون . بە رووالەتو لە دەرئڕات سەیر کردبان وا دیار بوون . بەڵام شتێکی زۆر لە بن ئـــەو کاســـەیدا پەپکەی دابوو . تووڕەیی‌یەکی لە باوەڕ بەدەر جینگلی خواردبوو ، خولیای سەر بەرز کردنەوەی ســـــەد هەزاران سال پەنگابۆوە . ئەو تووڕەیی‌یەی کـــە نەدەهاتە زمان ، نەدەبزووت ... ئەو تووڕەیی‌یەی کە عەشقی کـــوڕو کچێکی کردبووە بیانوو ... بەرە بەرە زەمان دەشـــێوێو خەلکیش بە جارێ لە تامیان دەکرد . ئەمڕۆ بە بەهانـــەی کچەوە دەرکەی سەرا بە من دەکرن ، سبەینێ بە بەهانـــەی شتێکی دیکەوە دەڕژێنە نێو شاری ئەستەمبوولەوەو دەزکەی پادشا دەکرن . پێمۆایە ئیدی‌وەختی هاتووە .

چارەسەرێك بۆ ئەم خەلکە ئەدۆزینەوە هەموو سەرمان تێدا دەچێ . سبەینێ بە بیانووی زولمو زۆرەوە ، دوو سبەی بە بیانووی خەرجو باجەوە ، سێ سبەی بە بیانووی گۆشكو سەراکانمانەوە ، چوار سبەی بە بیانووی نانەوە ... یـــەك دەکرن . یەك دەکرن .. بەڵام چی ؟ بـــە تووڕەیی‌و ئێش‌و ئازاری سەد هەزاران ساڵەوە ... هەروەکو ئێستاش ئاوهـا بێدەنگو کڕو کپ یەك دەکرن .

ئەم قەلەباڵغی‌یە هێز نیەبەری بگرێ . هەرچی هۆزردوو و قۆشەنو لەشکری دنیا هەن خرکرینەوە دەرۆستیان نایەن . ئەمانە ئەگەر بێنە ئاراوە پێشیان ناگیـــرێ . چارەیەك ، کوڕینە ، بۆ ئەوەی ئەیەنە ئاراوە چارەیەك ...

خۆر چریسکە چریسك ، لە ئاسمانێکی شـــۆراوی ، خاوێن کراوەی ڕووناکی ، سامالی بێ هەورو هەلا ، لە چیا هەلات . قەدەرێ بە لاپاڵی ئاگری‌یەوە لکا ، پاشـــان لێی هەلبڕا . دیسان پێوە لکاوە ، پاشان بەتەواوی هەلبـــڕا ، ڕابەڕی چوو بەرانبەر بە چیا وەستا . مەحمودخان قەتی ڕۆژ بەو حاڵە نەدیتبوو . تەنانەت ڕۆژیش حاڵی گۆڕاوە . ئیدی خان هەروا لەبەر خۆیەوە قسەی دەکردو کوتی نیشـــانان بەدیار کەوتن ، نیشانەکانی ئاخریزەمانێ ..

مێش هەنگ چۆن پاش گەرادانان قەدەرێ تۆبەڵ تۆبەڵ بە حەواوە خۆ شەنو کەو دەکەنو پاشان لەبنڕا تانووك لـــە چڵە دارێك دەوروکێن ئەو سبەینێیە شاری بایزید بـــەو ڕەنگە بوو .

لەگەڵ گزنگی ڕۆژی پیاوان بە کڵاوی لواوە ، بـــە کەوڵ بزنو مامزی هەمە ڕەنگەوە ، بە پۆستە جوانووەوە ، سمێڵ درێژ ، بەژن بڵند ، ژنان بە کراسی یەك لەســـەر یەکەوە ، بە شەدە هەوری هەزارو یـــەك ڕەنگی بـــە تـــاراو سلسلەو پلبلەی زێڕو زێوەوە ، چاو چاوی کار مامز ، ڕەش ، گەش ، بەنگی ، دەستو مەچەك ناسك ، لەگەڵ گزنگی ڕۆژدا پێکەوە هاتنە جۆش‌و کوڵ . دیسان کڕو کپ بوون ، دەنگیان لێوە نەدەهات .

قەلەباڵغی‌یە وەجۆش ها تووەکە ، دەمە دەمی چێشتانێ لەپڕ گۆڕانێکی بەسەردا هات . تێکـــڕا هەموو ڕوویـــان بەلای ئاگریدا وەرچەرخانو بێ چاو ترووکاندن چاویان بڕییە ترۆپکی چیاکەو هەموو دایانە چاو قایمی‌و هەروا مانەوە .

مەحمود خان خۆی ئەوەی دیت . ژۆریش ترسا :

« ئەرێ سماییل ئاغا ، ئەمانە هیچ قسە ناکـــەن ؟ وا ترووکاندن تەماشای چیا دەکەن . قەدەرێکش دەستیان بـــۆ نی‌یە ، پاشام قسە ناکەن هـــەر وەستاون بـــێ چـــاو ئاسمان بڵند کرد ، کڕو لە سەرەخۆ پاڕانەوە » .

تا سێ ڕۆژان چاوەڕێ دەکەن ، ئەگەر ڕووناکی‌یـــان لەسەر لووتکەی ئاگری بەدی نەکرد ، ئەوە ڕێو ڕاســـت دێنە زگ سەرا دەیرووخێنن ، تەختی دەکەن ، داری بەسەر بەردیەوە کایەلێ .

مەحمود خان ئیدی هەروا لە هیچە تۆقی بوو و لە دڵی خۆیدا گوتی ، من لە ترسان وا بیـــر دەکەمەوە ، کێ دەڵێ وا دەبێ .

« سماییل ئاغا ، هەر دێن ؟ »

« هەردێن ، تا دێ ، زۆر تر دەبن ... ئەم خـــەلکە لەکوێوە دێن ؟ کێ دەیانهێنێ ؟ »

مەحمود خان زریکاندی ، گوتی :

« ئەو مەندەبووە ، ئەو پیـــری کاروانە بێ‌خودایە ، ئەوانە ، ئەو پیرانە هەمیشە دژمنی ئێمە بوون . ســـماییل ئاغا ، ئەما نەبرینە خۆمان تێدا دەچین ... سماییل ئاغا ، ڕەگیان قووڵ ڕۆچووە ، ڕەگی سەد هەزار ساڵیان لەنێو خەلکدا داکوتاوە . ئەگەر لەگەڵیـــان یەك نەگرین ... » لـــە پەنجەرەکەوە خەلکەکەی پیشان دا ، « ئەدی ، ئاوها دەبێ سماییل ئاغا » .

« ئێمە هەموو وەختێ دەتوانین لەگەڵیان یەك بگـــرین پاشام » .

مەحمود خان بیری کردەوە ، لە دڵی خۆیـــدا گوتی : دەڵێی ماڵ و منداڵەکەم ، دەستە و دایەرەکەم هەموو کۆکەمەوە و سەراینچۆڵ کەم . بەڵام ترسۆکی نیە ؟ ئەستەمبوول بێ ئازانی ، ئەدی پاشان ... پاشان خۆ چواردەوری سەراینێ هەموو ئەنراوە . ئەیری لێدەرناچێ ؟! دەگرێ بە شـــەڕ دەربازبم ؟ ..

لەپڕ هەشایەوە :

« هیچ ئەبێ خۆ لەم حاڵە قوتارکەم ، سەری ئەو بەگی خۆشابە ، سەری ئـــەو پیری کاروانە بپەڕێنم . ســـەریان بپەڕێنم . ئەم ئەگریسانە ئەبوونە ئەو هەموو جەماوەرەم لـە سەراینێ ئەدەوروکا . لە سەریان دەدەم ، لەسەریان دەدەم ! لە سەریان دەدەم سماییل ئاغا . با بیینن ، با بیینن » .

تا هێزی تێدا بوو دەیقیژاند ، دەماری ملی ڕەپ ببوون ، هەر ئەوە بوو ئەدەبووراوە . هەر گوتی و گوتی ، پاشێ بەرە بەرە خاو بۆوە . بە کاوە خۆ ، گو و بێدەنـــگ ، هـــەر دەیگوت : « لە سەریان دەدەم ، لە سەریان دەدەم ، لە سەریان دەدەم ، خۆم لە وی بەلایێی ڕزگار دەکەم » .

سماییل ئاغا لە کن دەرکەی پشتی بە کۆڕەکـــە مەڕمەڕێکی پەمبـــەیی‌یەوە دابوو ، چاوەنۆڕی خاوبوونەوەی مەحمودخانی بوو .

« ستراتیژ و بلوتەرنەکێتوانیش هاتن ، ســـماییل ئاغا ؟ » .

« بە سەدان ... بە سەدان دەهۆڵ کوتیش هاتوون ، چاوەڕێی داوەت و ڕەشبەلەکێ دەکەن » .

« ئینشاڵلا ئاگرەکە لە سەر ترۆپکی چیا هەلدەکرێ ، سماییل ئاغا ، یانە ... »

مەحمود خان شەرمی بە خۆدا هاتەوە کە ئرێی دەروونی خۆی ، ترسی خۆی یەکجار بەو ڕەنگە لەبۆ ئێزیك ترین کەسێکی وەکو سماییل ئاغا کردەوە .

یەك دوو شتانی لە زاریدا جوییەوە ، وێستی زمـــانی بگۆڕێ بۆی سەروبەر نەکرا . ســـەری بەسەر ســـینگیدا شۆڕ بۆوە .

سماییل ئاغا لە پەشیمانی مەحمود خان گەیشت . ئاغا پیاوێك بوو ، دڵ و زمانی وەکو یەك بوون ، ڕاست و ڕەوان گوتی :

« پاشام ، جەماوەرەکە ئەم شەویش ئاگرەکە لە ســـەر ترۆپکی چیای نەبینن خۆ ئیدی ئارامیان لە بەر دەبڕێ ، دێن دار و پەردووی سەرا و مەرامان تێك و پێك دەدەن و هەموویان دەکوژن . جا بۆ لە یەکدی وەشێرین ، با چارێکی بکەین » .

مەحمود خان ئەگەر ئەو قسەی بیست ، هەرئەوە بوو شاگەشکە نەبوو ، پرسی :

« چۆن ؟ چۆن چارێك سماییل ؟ »

« واز دێنی . لە کەلی شەیتانی دێیە خوار و ئەهـ . دەچیە بەر دەرکەی ، دەڵێی مادامێکی ئەو هەموو خەلکە وای دەوێ ، ئەوا لەبەر خاتری ئەم جەماوەرە لە مەرجی خـــۆم پەشیمان بوومەوە . کچەکەم پێشکێش بە ئەحمەدی کرد . ئەحمەدی بێنن ، با بیکەین بە شایی و لۆغانێ ... دەشڵێی ! هەر لە بەر خاتری ئێوە سەر و بەری شایی‌یەکەش هەر خۆم دەیکەم . جا ئەوسا بزانە خەلکەکە چۆنت لەســـەر سەری خۆیان دادەنێن و حەلواحەلوات بێ دەکەن و لەپاش خـــودا ئەتوو دەبێ . هیچ چارێکی ترنیە » .

« کەری وا ناکەم ، سماییل ئاغا ، نۆرەی ئەوەمانـــە پێمان بڵێن ترسۆکن » . « پاشام ، شتی واین قەت بـــە بیردا نایە . جەماوەر قەت بیر لە فیتنە و دەسادی ئاکەنەوە . دڵپاکن . نیهاد خاوێن » .

« سماییل ، بە بیریاندا دێ . کەس لە جەماوەر زیرەك تر نیە . شتی وەکو جەماوەر نەهاتووەتە دنیاوە » .

« پاشا ، بە هەلەدا چووی ، سەرا ڕووخاندیان بـــە کەلك نایە . بەڵام بیشی ڕووخێنن لەبەر ناچـــاری‌یە ... هەرکە بە ســـەریاندا هات چ دەڵێی . کـــە ناچار بوون دەمانکوژن . لەڕانەیە تا ئێستا ئەحمـــەدیش نەمابێ . کێ دەڵێ ئاگری ئەویشی هەلنەلووشیوە .. بەلکـــوش ... » « ڕاست دەڵێی ، هەقتە ، هەقتە ، بەڵام نایکەم سماییل . لە قسەی خۆم پەشیمان نابمەوە » .

« ئەوانیش دەترسن . بەڵام زۆریـــان کەیف بەوەدا دێتەوە تۆ واز لە مەرجەکەی خۆت بێنی . جا بۆیەش ئەوەیان بە بیردا نایە کە ئێمە لێیان دەترسین ، بە بێچەوانەوە ، بە پەرستن دەتپەرستن ، خێرخـــوایی و چاکەپەروەریت بـــە حەلحەلەی ئاسمان دەگەیەنن . دەبیە داســـتانی سەرزاری گەورە و چووکیان » .

« نەمکردووە و نایکەم ، لە دەستم نایە . ســـماییل ئاغا . با بمکوژن . هەم ، هەم ، هەم ... کێ دەڵێ وەسەر ترۆپکی چیا ناکەوێ .

بەشکو لەوانەیێ ئەمشە ئاگرەکە ببینین ... »

سماییل ئاغا زریکاندی : « نەبووە و نەکراوە ، ئاگری ، هەرچی وەسەر ترۆپکی کـــەوتبێ دەم و دەس گرتوویە و کردوویە بە بەرد ... »

« پیری کاروان خاوەن بەهرە و کەرامەتە . بەلکـــو کەرامەتێ ... » .

« ئاگری گوتی لە کەرامەت و مەرامەت نیە . ئاگـری دەرفەتی بێ بن کردنی ترۆپکی‌خۆی بە کەس نادا » .

« جا بەلکو نەگاتە سەر ترۆپکەکەی ، هەر لـــەو خوارانەوە ئاگرەکە هەلکا » .

سماییل ئاغا دەستێکی بە ردێنیدا هێنا . بزە گرتی ، پەنجەکانی تەقاند ، گوتی :

« ئەحمەد بوتر و ئازایە ، ئەگەر چوو سوور دەیزانی دەمرێ . هەر دەگاتە ترۆپك » .

« دە منیش لە بڕیاری خۆم نامەیە خوار سماییل ئاغا ، لە بەڵێنی خۆم پاشکەز نابمەوە . بە دەم شەڕەوە دەمرم . بڕۆ سەربازان تەیار کە . هەرچی‌یەکی لە قشلەشدا هـەن ڕایانگوێزنە سەرایێ ، بەدەم شەڕێوە دەمرین » .

« دەرفەتی شەڕکردنمان بە دەستەوە نامێنێ پاشا ، ئەمن دەزانم ئەو جۆرە جەماوەرە چین . هەر هێندەی چـاو قووچاندنێ یەکمان بە ساغی نایەڵن ، هەموومان تەفروتونا دەکەن » .

پاشا سووربۆوە ، گوتی : « با تەفروتونامان کەن ، ئێمەش لەو ماوەی چاوقووچانەدا بە هەموو توانامانەوە شەڕ دەکەین . هەڕۆ بە سەربازان ڕاگەیەنە ، ئامادەبن . ئەوانی قشلەش با بێن » .

سماییل ئاغا ئیدی قسەی نەکرد . قسەی چی کردبا ، دەیزانی پارە ناکا . جگە لە جێبەجێکردنی فەرمانی وی چ چارێکی دی نەبوو .

ئێواری بوو ، تاریکی دادەهات . دەشتەکەی خوارێ لەبەر ئینسان ڕەش ڕەش دەچۆوە . هـــەر خەلك بوو و دەهات ، هەر دەوار و ڕەشماڵان بوو هەلدەدرا . لەبێـــش دەوار و ڕەشماڵان ئەستێرە ئەستێرە دەست بە ئاگـــر هەلکردن دەکرا .

بڕوانـــە ل ١١

ئەخ خێزم لە دایك ئەبێ

ـ ١ ـ

ئەم سووتێنی
جگە لەوەی خۆم سووتاوی
لێوەکانتم
ئەم گرێنی
جگە لەوەی خۆم گریاوی
چاوەکانتم

ـ ٢ ـ

وەرە .. وەرە
با ئازارم زیاتر خەست بێ
با هەناسەی وشەبکانم لەدایك بێ
مەم‌گرێنە ..!

ـ ٣ ـ

گیـــانە !
ژیان قوڵ بوونەوەی ساتەکانە .. و ..
سانیش ئازار لەگەڵ خۆیا ڕانەژەنێ
هەموو ژیان تەنیا زامی ..
وەڵامێکی ناهەمواره .. و ..
ئەویش لای تۆ دەست ئەکەوێ
خۆشەویستیم وشەیەکەو .. شوێنی ونە
هەناسەی تۆی بەرناکەوێ ..!

ـ ٤ ـ

کە خۆر هەلدێ ..
تو خوا گیانە ئەو ئەتوانێ ...
ژانەکانم بۆ خۆی بەرێ ..؟
نا .. ناتوانێ ..!

ـ ٥ ـ

من هەر تەنیام
تەنیا ئازار دەست ئەکاتە
گەردنی فرمێسکەکانم
هەموو شەوێ دەریان ئەکەم
بەڵام کە ڕۆژ ئەبێتەوە
خۆم دەرکراوی زامێکی بەسوێ‌ترم
کە ئەویش تۆی ..!

هەمزە عەلی صالح

Institut Kurde de Paris

لیکۆڵینەوەی پەیوەندی نێوان عیراق و بولگاریا

ڕۆژی ١٢ی ئەم مانگە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبەرانی کشت و کاڵ بەڕێز عزة الدوری لەگەڵ وەزیری کشت و کاڵ و پیشەسازی خواردەمەنی بولگاریا بەڕێز تانکو کرستیف لە هۆی پتەو کردنی هاوکاری و پەیوەندی نێوان عیراق و بولگاریایان کۆلیوەتەوە.

لەکاتی پێشوازی کردنی میوانی بەڕێز تانکو کرستیف دا بەڕێز عزة الدوری نەخشەکانی شۆڕشی لە مەیدانی بەرەوپێشچوونی کشت و کاڵدا بۆ ڕون کردۆتەوە لە چاوپێکەوتنەکەدا وەزیری کشت و کاڵ بەڕێز دکتۆر حسن فهمی جمعە و هەندێ لە ئەندامانی ئەنجومەنی بەڕێوەبەرانی کشت و کاڵ ئامادە بون.

سەرلەبەیانی ڕۆژی ١٢ی ئەم مانگە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و وەزیری پیشەسازی بەڕێز طه الجزراوی لە بارەگاکەی خۆی پێشوازی وەزیری کشت و کاڵ و پیشەسازی خواردەمەنی بولگاریا بەڕێز تانکو کرستیفی کردوە. ئەو چاوپێکەوتنە نزیکەی سەعاتێکی خایاندوە، وەزیری کشت و کاڵ بەڕێز دکتۆر حسن فهمی جمعە لەو کۆبونەوەیدا بەشدار بوە. لە کۆبونەوەکەدا بەڕێز طه الجزراوی وتویەتی :- عیراق و بولگاریا دوستایەتیەکی پتەویان لە نیواندایە. بولگاریا یەکەم وڵاتە کە حەزی بەم دۆستایەتیە کردوە بە تایبەتی دوای بەربابونی شۆڕشی ١٧ی تەموزی ئەتەوەیی سۆشیالیست ... لەو دیدەنیەدا باسی پەیوەندی ئابوری نیوان هەردو وڵات و چونیەتی پتەوکردنی ئەو پەیوەندیە کراوە.

پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممەی ڕێکەوتی ١٢ی ئەم مانگە لە بارەگای وەزارەتی دەرەوە، وەزیری بازرگانی دەرەوە بەڕێز حکمت العزاوی پێشوازی وزیری کشت و کاڵ و پیشەسازی خواردەمەنی بولگاریای کردوە. لەو چاوپێکەوتنەدا کە ساعاتێکی خایاندوە باسی پەیوەندی ئابوری نیوان عیراق و بولگاریا و چۆنیەتی برەو پیدان و گەشەکردنی ئەو پەیوەندیە کراوە.

پشدەری: دەست پێشخەری حیزبی بەعس لە جێ بەجێ کردنی ئۆتۆنۆمی دا نمونەیەکی شۆڕشگێڕانەیە کە مرۆڤایەتی پیری بەعس ئەنوێنێ

ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردو سەرۆکی ئەنجومەنی یاسا دانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بەڕێز بابەکر پشدەری لە بارەگاکەی خۆی پێشوازیی دەستەیەک لە ئەندامانی دەورەی چوارهەمی مەشقی خوێندنگای ئەتەوەیی یەکێتی ڕۆژنامە نووسانی عەرەبی کردوە.

لەو چاوپێکەوتنەدا بەڕێز بابەکر پشدەری هەنگاو یەکە هەنگاو مەسەلەی کوردی بۆ ئەندامانی دەورەکە باس کردوە. وە ستایشی ئەو پێش دەستیەی کردوە کە حیزبی بەعس بۆ چارەسەری مەسەلەکە کردویەتی.

وە وتویە :- بەرەو مەسەلەی کوردو جێ بەجێ کردنی پیرەوەچونی سەرکردایەتی ئۆتۆنۆمی نمونەیەکی سیاسی حیزب و شۆڕش بۆ شۆڕشگێڕانەی بێ وێنەیە کە چارەسەری مەسەلەی کورد، ڕەسەنی بیری بەعس و قوی چارەسەرێکی بە ئاشتی و بیر و بڕوا و ڕی مرۆڤانەی نیشان دیموکراتیانە، لیدانیکی توندبوودەدات.

ئاراستەی نیمریالیزم کرا، کە ئەوەی شایانی باسە ئەویست بەهێزی تاقمێک کۆنەپەرستی ناو بزووتنەوەی شەممەی ڕابردو بۆ دیدەنی پارێزگاکەو بینینی پێشکەوتنی ناوچەکە چونەتە هەولیر وە بۆ پێش دەستیە مرۆڤانەیەی لە بیری پاکی نەتەوەیی حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستەوە لەناوبردنی تاقمە بەکێرێ هەلقولاوە بۆ چارەسەری گیراوەکە.

هەروەها وتویەتی :- ئەو ناوچەکە چونەتە هەولیر وە بۆ بەسەرکردنەوەی دەز سا دەستوریکان بەتایبەتی دوای لەناوبردنی تاقمە بەکێرێ.

گفتوگۆ سەبارەت بەرەپێشانی کاروباری کواستنەوە لەگەڵ ئەلەمانیای دیموکراتدا

کاک سهیل صالح جێگری وەزارەتی گواستنەوە لەگەڵ (شوبرت) جێگری وەزارەتی پیشەسازی ئەلەمانیای دیموکراتدا کۆبۆتەوەو باسی توانای فراوان کردنی هاوکاری نێوان هەردوو وڵاتیان لە ڕوی کاروباری گواستنەوەوە کردوە.

سەرۆکی فەرمانده (پاشماوە)

کردنی خۆبەدەستەوەدان ڕەت ئەکاتەوە هەرەشە لەبوونی خۆبەدەستەوەدەران ئەکات و نەخشە تائین نیك ئەدات.

لێرە سەرکۆماری لەگەڵ هەفال جبریل دا باسی باری نیستای ناوچەکەیان کرد لەگەڵ ئەو پیلانەی لەلوبنان دا لەئارادایە و ئەو ڕەنگەی بۆ پاشەڕۆژی ڕەوتی تیشەی فەلەستین ئەریژێ.

وە لەکاتی دیدەنی یەکەدا کەنزیکەی سەعاتێکی خایاند هەفال علی غنام ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوەیی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب و هەفال قاسم سماوی بەڕیوەبەری مەکتەبی فەلەستین و خەباتی چەکدار لە سەرکردایەتی نەتەوەیی ئامادەبوون.

وە دوای تەواو بوونی دیدەنی یەکە هەفال جبریل بەنوێنەری ئاژانسی دەنگو باسی عیراقی وت کە لەگەڵ سەرۆك بەرەدا ئەیشتونەتە ئەو ئەنجامەی کە پیویستە بەرنامەیەك بۆ هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عەرەب دابنرێ بۆ ئەوەی پتر ڕیزیان یەکبخات و هاوکاری نێوانیان بەتینتر بکات بۆ ڕووبەڕووبوونی ئەو هێرشەی ئیمپریالیزم ئەیکاتە سەر ئەتەوەکەمان.. وە ئیمە لەو دیدەنیو چاوپێکەوتنەدا بیروڕامان یەك بوو.

ئەوەی شایانی باسە هەفال جبریل دوای سەردانە شەش ڕۆژیەکەی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ١٣-١ بەغدای بەجێ هێشت.

ئا.د.ع

سەرۆك بەکر سەر پەرشتی (پاشماوە)

بکرێن کە دەرچوان بەپێی ڕەبازی حزب و شۆڕش ڕەفتار بکەن.

ئەوەی شایانی باسە دکتور عزەت مستەفا ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و وەزیری ئەندروستی و سەرۆکی ئەنجومەنی خوێندنی بەرزو لێکۆڵینەوەی زانستی سەرۆکایەتی یەکەم کۆبونەوەی دەورە ئاساییەکەی کردبوو.

وە کە لەکۆبونەوەکەدا کاك محمد محجوب وەزیری بەڕوەبردەو غانم عبدالجلیل وەزیری خوێندنی بەرزو لێکۆڵینەوەی زانستی سەرۆکی زانستگاکانی وڵات و نەقیبی مامۆستایان و سەرۆکی مەکتەبی تەنقیزی یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراق ئامادە ببون.

ئا.د.ع

هەفال صدام حسین (پاشماوە)

قوتابیانی ئەم وڵاتە نەبێ بەلکو ببی بەمەلبەندێکی کشتی هەموو هاووڵاتیانی عەرەب و دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو دۆست.

شۆڕش و حزبە فەرمانده کەی زور بایەخیان بەلایەنی بیری و ستراتیجی داوە بۆ پێشخستن و بەرەپێدانی قوتابیانی کونیجە کە لەمەیانی بڕواو بیروباوەڕدا، بۆ ئەوەی نشکرێکی شۆڕشگێڕی چەکدار بەجەکی بیروباوەڕ دابمەزرێنێ.

وە لە وتارەکەدا داوا لەتوانایانی دەرچووکرا کەدلسۆز بن و لە شوێنی کارکردنیاندا نموونەی تێکۆشەری شۆڕشگێڕ بن و ئەوەی لەکولیج و خوێندندا فێری بوون بەکردەوە لەژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاری بهێنن.

لێرە دەرچوەکان بەبەردەمی قوتابیانی ئەم وڵاتە نەبێ بەلکو ببی بەمەلبەندێکی کشتی هەموو هاووڵاتیانی عەرەب و دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو دۆست.

شۆڕش و حزبە فەرمانده کەی زور بایەخیان بەلایەنی بیری و ستراتیجی داوە بۆ پێشخستن و بەرەپێدانی قوتابیانی کونیجە کە لەمەیانی بڕواو بیروباوەڕدا، بۆ ئەوەی نشکرێکی شۆڕشگێڕی چەکدار بەجەکی بیروباوەڕ دابمەزرێنێ.

وە لە وتارەکەدا داوا لەتوانایانی دەرچووکرا کەدلسۆز بن و لە شوێنی کارکردنیاندا نموونەی تێکۆشەری شۆڕشگێڕ بن و ئەوەی لەکولیج و خوێندندا فێری بوون بەکردەوە لەژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاری بهێنن.

لێرە دەرچوەکان بەبەردەمی بەڕێز مامۆستا صدام تێپەڕین و نالای کولیجەکە لەلایەن دەورەی دەرچوانەوە درا بەو دەورەیەی لەدوایانەوە دێت.. وە لەپشانا مامۆستا صدام دیاری و خەلاتی بەسەر دەرچواندا دابەش کرد.

وەدەرچوان بەیەکەوە سوێندی یاسایان خواردو مەرسومێکی جمهوری خوێندرایەوەو بەپێی ئەم مەرسومە پلەی ملازمی دوودمی فرۆکەوان درا بە دەرچوان.

وە لە وتارەکەدا داوا لەتوانایانی دەرچووکرا کەدلسۆز بن و لە شوێنی کارکردنیاندا نموونەی تێکۆشەری شۆڕشگێڕ بن و ئەوەی لەکولیج و خوێندندا فێری بوون بەکردەوە لەژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاری بهێنن.

لێرە دەرچوەکان بەبەردەمی

لەکۆتایی ئاهەنگەکەدا موسیقای سلاوی جمهوری لیدرایەوەو لێرە مامۆستا صدام دوای پشودانێك سەری لەبەشەکانی کولیجەکەداو نانی نیوەڕۆیان لەهولی کولیجەکە خوارد.

ئا.د.ع

لە بروسکەیەکدا بۆ سەر کۆمار (پاشماوە)

سەرکۆمار دا سەبارەت بە ناردنی هونەرمەند (ناهدة الرماح) بۆ دەرەوە بۆ چاك بوونەوە ئەمەش تەواوی بروسکەکە :-

سەرۆکی فەرمانده کەك احمد حسن بکری بەڕێز

نەقابەی هونەرمەندان بەناوی هەموو هونەرمەندانی عیراقەوە پڕ بەدل سوپاستان ئەکات بەرامبەر بەو یارمەتیەی کە هەمیشە پێشکەش بەهونەرمەندانی ئەکەن، بەتایبەتی بڕیارەکەی ئەم دواییە تان سەبارەت بەناردنی هونەرمەند (ناهدة الرماح) بۆ دەرەوە بۆ چاك بوونەوە... ئیمە ئەم بۆنەیە بەهەل ئەزانین بۆ ئەوەی ڕێزو حورمەتی خۆمان دەربڕین بەرامبەر بەو کۆمەکەی شورش بەسەرکردایەتی ئیوە عەرەبی بەبزوتنەوەی هونەرو هونەرمەندانی عیراقی ئەکات.

بێ گومان ئەم یارمەتیو کۆمەکەش پتر هانمان ئەدات کە بەرەوپێش بچین لە پێناو هێنانەدی هونەرێکی ڕەسەنی شورشگێڕانە کە خزمەتی ئامانجەکانی خەباتی جەماوەر بکات.

ابراهیم جلال
نەقیبی هونەرمەندان

لەلایەکی ترەوە تیپی شانۆیی هونەری نوی ڕیزو حورمەتیان بۆ سەرۆکی فەرمانده دەربڕی سەبارەت بە ناردنی هونەرمەند (ناهدة الرماح) بۆ دەرەوە بۆ ئەوەی چاك ببێتەوە.

هەروەها ئیمە کە ڕایگەیاند کە ئەندامانی بەردەوام ئەبن لە کۆشش کردندا بۆ دامەزراندنی هونەرێکی ڕەسەنی عیراقی و کەخزمەتی مرۆڤایەتی بکات.

ئا.د.ع

حیزبی بەعس لە لوبنان (پاشماوە)

نەتەوەیە شورشگێڕەکانی عەرەب و پیوستە تەقەللای بێ وچان بدەن بۆ پوچەل کردنەوەی نەخشەو پیلانی کۆنە پەرستان کە دژی لوبنان ڕەنگیان ڕشتوە.

لە لایەکی ترەوە ئەنجومەنی وەزیرانی لوبنان بەسەرۆکایەتی سلیمان فرنجیە کۆبۆوە بۆ لێکۆڵینەوەی دۆخی شێواوی لوبنان.

وە ڕادیوی بێروت بڵاوی کردەوە کە لە شەڕی ڕۆژی ١٤-١ دا بەڵای کەمەوە (٤٣) کەس کوژراوە کە هەژدە کەسیان لە ناوچەی (الشیاح - عین الرمانە - بیروت) و (١٠) یان لە زەحلە بوون. بەم پێیە لە ماوەی هەفتەیەك دا وە لە ئەنجامی شەڕو شورش دا ٢٩٥ کەس لە لوبنان کوژراوەو ٥٠٠ کەسیش بریندار بوون.

شەرکی قورس (پاشماوە)

گەرەکی (القبه) دەنگی تەقە بیستراوە.

بەیانیزی (ئا.د.ع) لە ڕاپۆرتێکیدا دەڵێت: کەوا ئۆتۆمبیلەکەی سەرەك وەزیرانی لبنان ڕشید الکرامی و زۆر ئۆتۆمبیلی تر لە گۆڕەپانی سەرادا بەر قەزیفە کەوتون و تێك و پێك شکاون.

وە لەلایەکی ترەوە ڕۆژی سێ شەممەی ڕابردوو سەرەك کۆماری لبنان سلیمان فرنجیە لە بارەگای سەرۆکایەتی لەگەڵ سەرۆکی حیزبی کەتائیب و هەندێ لە سەرکردە کانی تایەفەی مارۆنیدا کۆبۆتەوە، هەندێ لەسەرچاوە ئاگادارەکان وتویانە :- ئەو کۆبوونەوەیە پەیوەندی بەباری ئیستای لبنانەوە هەبوە.

دروست کردنی ٥٠٠ گوند لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی دا

بۆ نیشتە جێ کردنی جوتیاران لە ناوچەی ئوتۆنومیدا خەریکی دروست کردنی ٢٠ گوندی گەورەن، تەواو کردنی ئەم گوندانە ٢٠ ملیون دیناری تێدەچێت ٤ لەو گوندانە لە پارێزگای دهۆك دا بنیات دەنرێن بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم کارە (٥) پێنج ملیون و ٥٠٠ هەزار دینار تەرخان کراوە، وە (١٠) دە گوندیش لە پارێزگای سلیمانی دروست دەکرێت ئەمانیش ٩ ملیون دیناریان تێدەچێت.

وە لەپارێزگای هەولیر ٦ لەو گوندانە دروست دەکرێت کە (٥) ملیون و ٥٠٠ هەزار دیناریان تیدا چێت دیکانی پارێزگای هەولیر برێتین لەمانە هەنجیرۆك ئەم گونده برێتی دەبێت لە ٥٠٠ خانوبەرە (ئارجلە) ٤٠٠ خانوبەرە (سەفیران) ٧٠٠ خانوبەرە (کەلکین) ٣٥٠ خانوبەرە (یەرزین) ٤٠٠ خانوبەرە (باستورە) ٤٠٠ خانوبەرە.

ئەوەی شایانی باسە ئەم دیهاتانە هەمو خزمەت گوزاریە کیان تیادا دەبێت، وەك ئاوو کارەباو خەستەخانەو قوتابخانەو ٠٠ گەلێك خزمەت گوزاریی تر.

ئاوی خاوێن بۆ زوربەی گوندەکان

کاك محمد العانی سەرۆکی دەزگای ئاوی گوندو لادێکان لە وەزارەتی شارەوانی ڕای گەیاندوە کە لەم دواییەدا ٨٨٥ ئەمباری ئاوی خاوێن گەیشتوتە وڵات کە بەسەر گوندەکانی وڵاتدا دابەش ئەکرین.

ئاوبراو وتویە: تائیستا ٨٧ ئەمبار لەمانەدا بەش کراوەو ١٦ یان کەوتونەتە کار بۆ ئامادە کردنی ئاوی خاوێن لە گوندەکانی وڵاتدا:

دیسان ڕای گەیاندوە کە (٥٠) ئوتومبیلی ئاوا گواستنەوە گەیشتونەتە وڵاتو بەم ئوتۆمبیلانە ئاوی خاوێن ئەگوێزرێتەوە بۆ گوندەکان.

ئەم کاروبارانەش لە چوار چێوەی ئەو ئەخشەیەدایە وەزارەتی شارەوانی بە مەبەستی گەیاندنی ئاوی خاوێن بۆ هەموو گوندو لادێکانی وڵات دایناو.

هاوکاری

ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتییە لە دەزگای هاوکاری چاپ و بلاو کردنەوەی کوردی دەرئەچێ

ژمارەی سپاردن بە کتێبخانەی نیشتمانی ٦٥٦ ساڵی ١٩٧٤

Institut kurde de Paris

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە وەزارەتی کشت و کاڵ و چاکردنی کشت و کاڵ بۆ هاوکاری ئەدوێ

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە وەزارەتی کشت و کاڵ و چاك کردنی کشت و کاڵ (هاوکاری) ڕاگەیاندوە، کەوا کۆمپانیای گشتی پەلەوەر بەم زووانە لە ناوچەی ژورودا دەست ئەکات بە جێ بەجێ کردنی سێ پڕۆژەی گەورەی بەرهەمی هێنانی هێلکە کە ٢١ ملیون دیناریان تێ دەچێت، پڕۆژەکان لە پارێزگای سلیمانی و دهۆك و هەولیرا جێ بەجێ دەکرێن، هەریەکێك لەو پڕۆژانە ٧ ملیون دیناریان تێ دەچێت و بەرهەمی ساڵانەی هەریەکێکیان خۆیدەدات لە ١٠٠ ملیون هێلکە.

ئەو یارانەی بۆ جێ بەجێ کردنی ئەخشەی پڕۆژەکانی پێنج ساڵەی ناوچەی ئۆتۆنومی تەرخان کراوە گەیشتۆتە ٧٥ ملیون دینار سەرچاوەکە ئەوەشی ڕاگەیاندووە کە کۆمپانیای ئاوبراو نیازی وایە پڕۆژەی بەخیو کردنی عەلەشیش لە پارێزگای هەولیر جێ بەجێ بکات.

ئەم پڕۆژەیە بە ١٤ ملیون و ٨١٠ هەزار دینار تەواو دەبێت بەرهەمی ساڵانەی ئەگاتە یەك ملیون عەلەشیش، وە لە توانایدا ئەبێت کە بەرهەمەکەی دوو هێندە لێ بکات.

سەرچاوەی ئاوبراو ئەوەشی باس کردووە کە کۆمپانیا نیازی وایە هەر لەگەڵ پڕۆژەکانی بینج ساڵەی ١٩٧٦ - ١٩٨٠ دا پڕۆژەی مریشکی گۆشت لە پارێزگای ئەنبارەوادا جێ بەجێ بکات ئەم پڕۆژەیە جوار ملیون و ٦٦٠ هەزار دیناری تێ ئەچێت واش نیازە پڕۆژەیەکی لەو چەشنە لە پارێزگای کرکوك دا جێ بەجێ بکرێت، بەرهەمی ساڵانەی ئەم پڕۆژەیە دەگاتە ١٢ ملیون مریشك، بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم پڕۆژەیە ١٩ ملیون و ٦٢٠ هەزار دینار تەرخان کراوە، هەروەها نیازوایە پڕۆژەیەکی تری بەخیو کردنی مریشکی گۆشت لە پارێزگای ئەنبارەوا جێ بەجێ بکرێت بەرهەمی ساڵانەی ئەم پڕۆژەیە خۆی دەدات لە (٦) ملیون مریشك پڕۆژەکە ٩ ملیون و ٨١٠ هەزار دیناری تێ دەچێت.

سەرچاوەکە وتویەتی :- کۆمپانیای ئاوبراو هەفتەی ڕابردو لەگەڵ کۆمپانیایەکی هەنگاریدا ڕیکەوتن نامەیەکی **کردنی کشت و کاڵ بۆ هاوکاری** بۆ کڕینی ٧٢٠ هەزار جوجەڵەو هەروەها ڕیکەوتن نامەیەکی تری بو کڕینی ٨٤٠ هەزار جوجەڵەی تر مۆر کردووە، ئەم جوجەڵانە دەکرێنە بناغەی جێ بەجێ کردنی ئەو پڕۆژانەی باسمان کردن.

سەرچاوەکە، لە بارەی ئیش و کاری کۆمپانیاوە دواوەو دەڵێت :- ئیش و کاری کۆمپانیاکە لەڕۆژی دامەزراندنیەوە تا ئیستا بڕێتی بوە لەوەی کە بێ وچان هەوڵی داوە هێلکەو گۆشتی مریشك لەناوچەی ژورودا زۆربکات و بێ ئیشی لەناو خەڵکیدا نەهێڵێت وە هەوڵی داوە باری سەرشانی کۆمپانیای کشتی پەلەوەری ناوچەی ناوەند کەمتر کاتەوە.

هەربەم بۆنەیەوە سەرچاوەکە باسی پڕۆژەی کشت و کاڵی دێمی کردووە، ئەو پڕۆژەیەی وەزارەتی کشت و کاڵ لە ناوچەی ئوتۆنومیدا خەریکی جێ بەجێ کردنێتی، وا چاوەڕوان دەکرێت کە وەزارەتی کشت و کاڵ برەو بدات بەم جۆرە کشت و کاڵە هەر بەو نیازەوە بۆ ئاقی کردنەوە چوار کێڵکەی لە ناوچەی ژورودا لە پارێزگای سلیمانی و هەولیر و دهۆك و نەینەوادا دامەزراندووە پانایی کێڵکەکانی پارێزگای سلیمانی و دهۆك هەریەکەیان (١٠) دە هەزار دۆنمە، ئەوانەی هەولیر و نەینەوا پانایی یان (٥) پێنج هەزار دۆنمە.

لاپەڕە - ٦

خوشکە «شەرمین یەعقوبی» سەرۆکی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بۆ هاوکاری ئەدوێ

رۆژنامەی - هاوکاری - بەپێی تەرازیونی نەرچ لاکیە کۆمەڵایەتیەکانەوە لە کۆتایی ساڵی ئافرەتانی کوردستان لە هەولێر و سلێمانی رێکی خست، جاری بە خۆشکە «شەرمین یەعقوبی» سەرۆکی یەکێتی کەرت و سەبارەت بە چالاکیەکانی یەکێتی لە ساڵی رابوردووداو بەرنامەیان بۆ ساڵی داهاتو لە گەڵیدا دوا.

خوشکە شەرمین وتی : یەکێتیمان ئیستا بێجگەلە لقە سەرەکیەکانی لە پارێزگای هەولێر و سلێمانی لقی تری لە (شەقلاوە)و (گویر) کردۆتەوەو بەم زوانەش لە « چومان » و « کۆیە »و « رەواندوز » ئەکرێتەوە . وە لە سلێمانی « هەڵەبجە »و « قەڵادزی »و لە دەوڵ « ئامیدی » و « زاخۆ » .

وە سەبارەت بەچالاکی یەکێتی لە لقەکاندا خوشکە شەرمین وتی : لقەکانی یەکێتی بەتەنگ کاروباری ئافرەتی کوردەوەیە ئیشوکار لەکارگەو دەزگاکاندا بۆ ئافرەتی بێ کارە ئەدزێتەوە ، سەرەرای کردنەوەی دەورەی فێرکردنی بەرگ دروێن و چاپ « طابعە » لەروی چالاکی رۆشنبیری یەوە کۆڕی رۆشنبیری بۆ ئافرەتان ساز ئەکرێ و سەبارەت بە دەورەی قەلاچۆ کردنی ئەخوێندواری لەناو ئافرەتانی کوردا ئەمساڵ چەند دەورەیەك لە بەغداو لقەکانیتری یەکێتیدا کراوەتەوە . دیسان لە رووی کاروباری کۆمەڵایەتیەوە یەکێتی ئەندامە ئیش کەرەکانی ئەنێرێ بۆ گەڕان بەسەر خێزانەکانداو یارمەتیان ئەدا لەروی ئاموژگاری ئەندروستی و ژیانی کۆمەڵایەتیەوە .

هەروەها وتی : لە هەفتەی کۆتایی ساڵی ئافرەتانی جیهاندا ئەو خۆپیشاندانەی یەکێتی لەشاری هەولێر و سلێمانی ریکی خست و پێك هێنانی هەفتەی راگەیاندن لەهەوایر توانی چالاکیەکی هەست پێکراو بخاتە ریزی ئافرەتانی کوردەوە .

وەسەبارەت بەبەرنامەی ئەمساڵی چالاکی و کاروباری یەکێتی خوشکە شەرمین وتی : بەرنامەی ئەمساڵ لەروی رۆشنبیری یەوە نیازی فراوان کردنی کۆڕبەستمان هەیە لە ناو ئافرەتانی کوردستاندا بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو لە ئەنجامی ئەو هەوڵە ئەوەی کە ئەو ئافرەتانەی کە بەشداری کۆڕەکان دەکەن ئەو زانیاریانە وەرگرن کە پەیوەندیان بە ژیانی ئەمڕۆی ئافرەتی کوردەوە هەیە و ئەو ئافرەتانەی کە بەشداری کۆڕەکان ناکەن ئەو زانیاریانە وەرگرن کە لە کۆڕەکان دەدرێن و ئەو ئافرەتانەی کە بەشداری کۆڕەکان دەکەن ئەو زانیاریانە بگەیەنن کە لە کۆڕەکان وەرگیراون .

وە سەبارەت بەچالاکی یەکێتی لە لقەکاندا خوشکە شەرمین وتی : لقەکانی یەکێتی بەتەنگ کاروباری ئافرەتی کوردەوەیە ئیشوکار لەکارگەو دەزگاکاندا بۆ ئافرەتی بێ کارە ئەدزێتەوە ، سەرەرای کردنەوەی دەورەی فێرکردنی بەرگ دروێن و چاپ « طابعە » لەروی چالاکی رۆشنبیری یەوە کۆڕی رۆشنبیری بۆ ئافرەتان ساز ئەکرێ و سەبارەت بە دەورەی قەلاچۆ کردنی ئەخوێندواری لەناو ئافرەتانی کوردا ئەمساڵ چەند دەورەیەك لە بەغداو لقەکانیتری یەکێتیدا کراوەتەوە . دیسان لە رووی کاروباری کۆمەڵایەتیەوە یەکێتی ئەندامە ئیش کەرەکانی ئەنێرێ بۆ گەڕان بەسەر خێزانەکانداو یارمەتیان ئەدا لەروی ئاموژگاری ئەندروستی و ژیانی کۆمەڵایەتیەوە .

هەروەها وتی : لە هەفتەی کۆتایی ساڵی ئافرەتانی جیهاندا ئەو خۆپیشاندانەی یەکێتی لەشاری هەولێر و سلێمانی ریکی خست و پێك هێنانی هەفتەی راگەیاندن لەهەوایر توانی چالاکیەکی هەست پێکراو بخاتە ریزی ئافرەتانی کوردەوە .

وەسەبارەت بەبەرنامەی ئەمساڵی چالاکی و کاروباری یەکێتی خوشکە شەرمین وتی : بەرنامەی ئەمساڵ لەروی رۆشنبیری یەوە نیازی فراوان کردنی کۆڕبەستمان هەیە لە ناو ئافرەتانی کوردستاندا بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو لە ئەنجامی ئەو هەوڵە ئەوەی کە ئەو ئافرەتانەی کە بەشداری کۆڕەکان دەکەن ئەو زانیاریانە وەرگرن کە پەیوەندیان بە ژیانی ئەمڕۆی ئافرەتی کوردەوە هەیە و ئەو ئافرەتانەی کە بەشداری کۆڕەکان ناکەن ئەو زانیاریانە وەرگرن کە لە کۆڕەکان دەدرێن و ئەو ئافرەتانەی کە بەشداری کۆڕەکان دەکەن ئەو زانیاریانە بگەیەنن کە لە کۆڕەکان وەرگیراون .

راست کردنەوەی بۆژانین

لە (بۆ ژانین) ئێکدا کە لە رۆژنامەی -هاوکاری- ژمارە ٢٩٠ دا بڵاوکراوەتەوە لە ٧-١١-١٩٧٥دا تەسلسلی ملکایەتی ئەو خانوەی ویستراوە سەر لەنوێ تەسجیل بکرێ بە (٢٢٩) چواڕباغ بڵاوکراوەوە لەڕاستیدا (٢١٩) چواڕباغە بۆ ئاگاداری .

سعید شفیق .
بەڕێوەبەری تەسجیل
عەقار - سلێمانی

لاپەڕە - ٧

بەیاننامەی کۆتایی نۆیەمین کۆنگرەی نیشتمانی

پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان

پارتی شورشگیری کوردستان نۆیەمین کونگرەی نیشتمانی لە هۆڵی الرباط لەرۆژانی نێوان ٢٤-٢٧ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٥ بەست ، لەژێر دروشمی - لە پێناوی بەهێز کردنی خەباتی ناوکۆیی نێوان کەلی کوردو عەرەب - داکونگرەکە لە سەرەتادا دەقیقەیەك راوەستان بۆ ڕێزگرتنی گیانی پاکی شەهیدەکانی جولانەوەی نیشتمانی عیراق و پارتی شورشگیری کوردستان بەتایبەتی .. هەر چوارلای هۆلەکە بە دروشمی فیکری و نیشتمانی کە بە کوردی و عەرەبی نووسرابون رازاوەوە ، وەکو :

١ - یەکێتی فیکرو ئارەزوو کارکردن رێبازی پارتی شورشگیرمان ئەپارێزی .

٢ - بەستنی نۆیەمین کونگرەی نیشتمانی نیشانەی قول بونی رێبەوی پارتی شورشگیرە .

٣ - نویەمین کونگرەی نیشتمانی سلاوی خۆی بەسەرۆکی فەرمانده احمد حسن البکر ئەگەیەنێ .

٤ - پێك هێنانی بەرەی نیشتمانی و نەتەوایەتی لەسایەی شورشی ١٧-٣٠ی تەموزی پیشکەو تنخواز لە هەولێرو سلێمانی رێکی خست ، جاری بە خۆشکە شەرمین یەعقوبی سەرۆکی یەکێتی کەرت و سەبارەت بە چالاکیەکانی یەکێتی لە ساڵی راپوردووداو بەرنامەیان بۆ ساڵی داهاتو لەگەڵیدا دوا .

٥ - پارتی شورشگیری کوردستانی پشتگیری خەباتی کەلی عەرەبی فەلەستین ئەکات لەو خەباتەرەوایەیاندا لە پێناوی وەرگرتنەوەی هەمو مافە داگیر کراوەکانی .

٦ - نۆیەمین کونگرەی نیشتمانی پارتی شورشگیری کوردستانیمان پشتگیری بڕیارەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش ئەکات لە بارەی میللی کردنی پاشماوەی پەشەکانی پێکانەوە لەسلمانی نەوتمان .

٧ - ئوتونومی ناوچەی کوردستان یەکێکە لەپەرەمەکانی خەباتی کەلی عیراقمان بە کوردو عەرەب و کەمەنەتەوایەتیە پراکانمانەوە کەلەسایەی شورشی ١٧-٣٠ی تەموزی پیشکەو تنخوازا پەدی هات .

ئەمانەو چەند دروشمێکی تر کە ئیستراتیجیەت و بیروباوەری پارتی نیشان ئەداو لایەنگری هەنگاوە پیشکەو تنخوازیەکانی شورشی ١٧-٣٠ی تەموزی پیشکەو تنخواز بوو لە نوسرابون .

لەکاتی کردنەوەی کونگرەکەدا پەریز نوینەری ئەمینداری نهینی سەرکردایەتی قوتری حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب و سەرکومار ئامادە بوو ، وتاری سەرکردایەتی قوتری خوێندەوە جگە لە ١٢٠ نوێنەرو پانگکراوو عەلبژێردراوی ئاوریکخراوەکانی پارتی .

دوای کردنەوەی کونگرەکە عەقالی تیکوشەر سکرتیری کومیتەی ناوەندی راپورتی سیاسی و ئایدلۆجی و ریکخستنی لومیتەی ناوەندی خوێندەوە کەمەکتەبی سیاسی ئامادەی کردبو ، کومیتەی ناوەندی لە کۆبونەوەی حەفدەهەمیدا کە لەروژی ١٨ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٥دا بڕیاری لەسەردا بو .

راپورتەکە پەرونی باسی ئەو روداوو گۆڕانکاریانەی کرد کە بەسەر ناوخۆو عەرەب و جیهاندا هاتوە ، وەباسی چونیتی باری ناوخۆی قوتری عیراقی کردبە شیوەی کشتی وەباری کوردستان بەشیوەی تایبەتی . راپورتەکە باسی ئەودەسکەوتە بیشکەوتووانەی کرد کە لە بەرپابونی شورشی ١٧ی تەموزی ساڵی ١٩٦٨وە لەولاتدا هاتۆتەدی . راپورتەکە ئەم دەسکەوتانەی ئاشکرا کرد کە وەکو یاسای تەقاریتی کریکاران و زامنی کومەلایەتی و چارەسەرکردنی کشتوکاڵ و میللی کردنی سامانی نەوت و دامەزراندنی بەرەی نیشتمانی و نەتەوایەتی پیشکەو تنخوازو ئوتونومی ناوچەی کوردستان و بەخۆرای خوێندن و بەرزکردنەوەی پلەی ژیانی هاو ولاتیان و یەکسانی نیوان ژن و پیاو لەبارەی موچەی گرانیەوەوماوە دان بەنافرەت کە جیگای خویان لەناو کومەڵدا پتەوبکەن و چەندان یاسای پیشکەوتوانە کەپەیوەندی بەباری ئابوری و سیاسی و کومەلایەتی و روشنبیری یەوە هەیە . دوای ئەوە راپورتە کەباسی باری تازەی ناوچەی کوردستانی کرد دوای لەناو چونی جولانەوەی چەتەچەکدارە بەکری گیراوەکان لەکوردستانداو گەرانەوەی ناشتی و هێمنی بۆ هەمو ناوچەکانی و ئامادە کردنی هوی بڕاندنەوەو گەشەکردنی باری ئابوری و کومەلایەتی و ئاوەدانی و بیوستیەکانی تر .

وەلەبارەی باری نێوەعەرەبەوە راپورتەکە عەلویستی دوستانەو ئایدیۆلۆجی قوتری عیراقی بەرامبەر بە مەسەلەی کەلی عەرەبی فەلەستین و ئەویلانە رون کردەوە کەلەسەر شانوی عەرەب ساز ئەکرین بۆ ئەهیشتن و ئەریژەدان بەپروژە خۆبەدەستەوە دەرەکان بۆ دواخستنی مەسەلەی ئەوەی عەرەب و شەڕەکانی ئەوە گۆڕانکاری و رودداوانەی کەلەسەر شانوی عەرەب ئەدەن بەپاشکوی پیلانەکانی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و هێزە لادەرەکان و کومەلەتایە فەگەریەکانەوە ، هەربەهەمان ئەخشەی کەوەی ئیمپریالیزم و دارو دەستەکانی کە ئەیانەوێ ناوچە عەرەبیەکان بکرنە ژێر دەسەلاتی خویان و کەلی عەرەب بێتنە ژێر رکیفی خۆیانەوە لەپێناوی بەمیز کردنی بنکەی خۆیان کەدەولەتو کەی زایۆنیستەکانە لەسەرخاکی فەلەستینی عەرەب .

عەروەها راپورتە کەباسی رودداوەکانی ئەم دواییەی ولاتی لوبنانی برای کرد کە بەدەیان هەزار هاوولاتی لوبنانی بی گوناهی تیاکوژرا بەبوئەی ئەو گۆتاوەوە کە ئیمپریالیزم و زایۆنیستەکان نایانەوەو هێزە راستەوەوتایە کەعەریەکانی لوبنانیش بە هاوکاری عەندێك دەولەتی کۆنەپەرستی عەرەب کە تائیستا بە پاشکوی ئیمپریالیزم و زایۆنیستەکانەوە ماونەتەوە یارمەتیان دان . راپورتەکە لەسەرماتەرەی یەکێتی عەلویستیان پکەن بەرامبەر بەهەمو ئەفەللادانیکی کومپانیا ریختیکاریەکان کە ئەیانەوی سامانی ولاتە کانیان بدزن وەنەوت بو خزمەتی کەلو پیشکەوتن و گورینی ئابوری و کومەلایەتی کەلەکانیان بەکاربێنن .

بەلام لەروی هوشیاری و ریرەوی خەباتی ، لەئەل هەمو ئەمانەدا ئەندامی شۆڕشگیری بڕوا پتەوبەسەرکەوتن توانی سەرلەنوی ریکخستنی پارتی ریك بخاتەوەو پارتی زیندو بکاتەوە بەپی بنچینەیەکی مەبدەئی فراوان ، هەشتەمین کونگرەمان لەساڵی ١٩٧٣دا خالیك بو لە ژیانی کورانی پارتی و کەلی کوردی تیکوشەرمانا چونکە توانی ئەخشەی ئامانجە شۆڕشگیریەکانی دیاری بکات و لەسەر بناغەیەکی فیکری بەرنامەیەکی پیشکەوتنخوازی وادابمەزرینی کە لەئەل قوناغی ئەمڕوی کەلی کوردماندا بکونجی بەتایبەتی وە کەلی عیراقمان بەشیوەی گشتی .. بەم جورە پارتی توانی جەماوەری تیکوشەری کەلی کورد لە دەوری ئامانج و بیروباوەرەکەی کوبکاتەوە ، پارتیمان رولیکی گرنگ چالاکانەی لەقەلاچوکردن و ریسواکردنی کونەپەرستی کوردی و دەرەبەگایەتیدا نواند، کە لە دەوری چەتەکانی بارزانی بەکرێ گیراو کوبوبونەوە ، عەروەکو توانی خەباتگیرەکانی شان بەشان هیزە نیشتمانیەکانی ولات دابنێ و بجنە ناو بەرەی نیشتمانی و نەتەوایەتی پیشکەو تنخوازەوە .

لەبارەی یەکگرتنی هیزە نیشتمانیەکانی کوردستانەوە پارتیمان دلنیایە لەسەر یەکگرتنی هیزە نیشتمانیە کوردستانیەکان و کوکردنەوەی وزەو توانایان لەبەرنامەیەکی نیشتمانی و نەتەوایەتی پیشکەو تنخوازەدا کە هەمو عەرەبەوە کە لەئەل ئارەزوی کەلی کوردماندا ئەروات و بریاری مافی نەتەوایەتی رەوای کەلی کوردی داوە .

عەروەها پارتیمان ئەوەئەبینی و هەستی پی ئەکا کەپێك هینانی کۆمەلگای سوشیالیستی لەولاتەکەمانا هەمو بیروفیکریکی دەستەپاچەیی و جیاوازی و شوفینی لەناو ئەبات .

راپورتەکەی کومیتەی ناوەندی کاوەندی دا ئەلێ : ئەبی ئەوزمی ئەنەوایەتی شەن بەشانی رەوتی سوشیالیستی بێ لەم قوناغەداو خزمەتی بکات بۆ ئەوەی کۆمەلگای سوشیالیستی پیك بیت و ئیترشویئەوازی چەوسا- ندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە و نەمێنێ و نەبێ دلنەوایی زایۆنیزم دابخەن کەئەیەوێ بارودۆخی کۆمەلایەتی و ئابوری ئامانجەکانی جولانەوەی قوتری عیراقی بکات .

راپورتەکە دەری بریوە کە پارتی بەهوی هوشیاری شۆڕشگیرانەو خەباتی بێ- جانیەوە توانیویتی دودلی و تۆیزی دواکەوتن لەسەر فیکرو هۆش راست رەوو شوەینەکان لابەرێ و ئامانجەکانی پارتی و بیروباوەڕەکانی ببانەمیشکیانەوە و بیروباوەڕانەی کە ناوەرۆکیکی ئەنەوایەتی پیشکەو تنخوازی و سوشیالیستیانەیان هەیە بە جەماوەری کەلە تیکوشەرەکەمانی بکەیەنێ ، بەم جۆرە پارتیمان توانی کە ئورگانیکی فراوانو پتەو بۆ خوی دابمەزرینی بو پیکەوەژیانی برایانەی نێوان هەردو کەلی کوردو عەرەبی براو لەروی ریکخستنە وەراپورتی کومیتەی ناوەندی ئەوکیسرو گرفتانەی دەست نیشان کردوە کەدێنە سەرریگای پارتی و

بڕوانە ل -١٠-

رەوتی گەشە کردن

رسول

* خوێنەری خۆشەویست : لەو کۆبوونەوەیەدا ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و وەزیری پیشەسازی بەریز طە الجزراری رۆژی ٣٠-١٢-١٩٧٥ لەگەل رۆژنامە نووسەکاندا کردوویەتی ، ئەوەی راگەیاندوە کە پرۆگرامی بەرهەمهێنانی ساڵی ٩٧٥لە ١٠٠٪ جێ بەجێ کراوە ، وە ئەو بودجە- یەی بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو پرۆگرامە تەرخان کرابو ، خۆی داوە لە ٤٦٧ ملیون دینار ، کەئەمەش گەورەترین بودجەیە بۆ جێ بەجێ کردنی پرۆگرامەکانی بەرەی پیشەسازی تەرخان کرابێت .

بەریز وەزیری پیشەسازی ئەوەی ساغ کردۆتەوە کە لەو پرۆگرامەدا بایەخێکی تەواو بە پرۆژە ستراتیژیەکان دراوە ، بەتایبەتی ئەمەیانی پیشەسازی میکانیکی فورس و کارەباو کوتی کیمیاوی و پێکەیانەی کادیری شارەزادا ، کە ئەمانەش بەردی بناغەی ئەو پیشەسازیانەن کە وڵات نیمرۆ پێویستی زۆری پێیانە .

بەریز وەزیری پیشەسازی وتویەتی :- دەزگا پیشەسازیەکان لەسەر خواستی حیزبو شورش و لە روانگەی بڕیارەکانی هەشتەمین کۆنگرەی قوتری حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبەوە بەوپەڕی چالاکی و توانا و وزەیەکی بێ کۆتاوە دەست دەکات بە جێ بەجێ کردنی پرۆژەکانی ساڵی یەکەمی ئەخشەی گەشەکردنی داهاتو .

وە لەئەنجامی هەلوێستی راستەقینەی سەرکردایەتی سیاسی حیزبو شورش دا لە فراوان کردنی بنکە پیشەسازیەکانی وەلەبەر رۆشنایی رێبازی حیزبی سەرکردەدا حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبو بەرەو زەحمەتی نەو ئالۆزی و دواکەوتنەی باری ئابوری وڵات پێش شۆڕشی ١٧-٣٠ ئەمموزی سوشیالیستی ئەتەوەیی تیادا دەزگا جۆر بەجۆرەکانی دەوڵەت لە ناوچەی ئوتونومیدا بەهۆی ئەو پشتگیریە دلسۆزانەیەوە کە سەرکردایەتی حزبو شورش نواندوە- سیاسی حزبو شورش نواندو- یانە لە هەمو رویەکەوە چالاکی یان فراوانتر بووە .

لەگەڵ سەرنجیکی باری ناوچەکە بەدین و لەگەل رۆژانی راپوردوا بەراورد بکرێ دەرئەکەوێ تاج رادەیەك ئارەزو ویستی خەلك هاتۆتە دی و بەهوی شورشەوە تاج رادەیەك لەروی کومەلایەتیەوە پیشکەوتوە ..

بێ گومان ئەم پیشکەوتن و ئاوەدانیەی ناوچەی ئوتونومی بەیوەندە بە بنچینەی تاقی کردنەوەی ئوتونومی یەوە کە خزمەتی جەماوەری کورد لەکاو داخوازیەکانیان دیئنیتەدی و هافی ئەتەوا یەتیان لەناو چەسوار چێوەی کەلی عیراقدا ئەپارێزێ .

بڕوانە ل -١٠-

سەرنج و هەڵوێست

عادل

دەزگا جۆر بەجۆرەکانی دەوڵەت لە ناوچەی ئوتونومیدا بەهۆی ئەو پشتگیریە دلسۆزانەیەوە کە سەرکردایەتی حزبو شورش نواندوە- سیاسی حزبو شورش نواندو- یانە لە هەمو رویەکەوە چالاکی یان فراوانتر بووە .

لەگەڵ سەرنجیکی باری ناوچەکە بەدین و لەگەل رۆژانی راپوردوا بەراورد بکرێ دەرئەکەوێ تاج رادەیەك ئارەزو ویستی خەلك هاتۆتە دی و بەهوی شورشەوە تاج رادەیەك لەروی کومەلایەتیەوە پیشکەوتوە ..

بێ گومان ئەم پیشکەوتن و ئاوەدانیەی ناوچەی ئوتونومی بەیوەندە بە بنچینەی تاقی کردنەوەی ئوتونومی یەوە کە خزمەتی جەماوەری کورد لەکاو داخوازیەکانیان دیئنیتەدی و هافی ئەتەوا یەتیان لەناو چەسوار چێوەی کەلی عیراقدا ئەپارێزێ .

سەرکردایەتی حزبو شورش بایەخێکی زۆری بە

بڕوانە ل -١٠-

Institut Kurde de Paris

یەکیەتی قوتابیانی
کوردستان
ئامادەی ئەکات

بزوتنەوەی قوتابیان لە نیشتمانی عەرەب دا

جەلال ئەسعەد
چەرمەگا

- ١ -

بزوتنەوەی قوتابیان لە هەر ناوچەو شوێنێکی جیهان بەشێکە لە تیکرای بزوتنەوەی میللەت بۆ سەربەستی و رزگاری وە ئەم گیانی پەیوەندی یەش لە گەل زیاتر تێکەڵاوی بەسەر کردایەتی و ریکخەری میللەت رونتر دەبێتەوە ٠٠ نیشتمانی عەرەبیش لە میژە بۆتە جێی سەرنجی ئیمپریالیستەکان هەر بە هیوای ئەوەی داگیری بکەن بەڵام بزوتنەوەی ئازادیخوازی عەرەب بە هەمو ریکخراوو کۆمەڵە میللی یەکانی بەربەستیان کردون و نەیان هیشتوە ئەو مرازەی بێتەدی و بەکامی دڵیەوە بیکاتە جێی رمبازی خۆی ، کەچی ناوە ناوەش لە هەندێ وڵات و ناوچەی ئەم نیشتمانە هێزی پەیدا کردوە ٠

قوتابیانیش وەك کەرتیکی خوێن گەرم و تێکەڵ بە میللەت هەردەم لەگەل ژان و مرازەکانی میللەتدا بون و لێی جیا نەبونەتەوە بۆیە هەر لە دەورو زەمانی عوسمانیەکان قوتابیان هاتنە پیشەوەو بەشداری رابەرین و وریا کردنەوەی خەلکیان کرد ، هەر بۆ ئەمە هەندێ ریکخراوو کۆمەڵەی نهێنی یان لە دور وڵات پێك هێنا چونکە وڵاتی خۆیان ئەوەندە لە بار نەبوو وەسیاسەتی رەش بگیریش هویەکی تربون ، مەسەلەی رەتاندنی ئیمپریالیزم لە خاکی عەرەب جێی هیوای هەمو قوتابیەکی تێکەیشتووی عەرەب بوە ، بۆیە لە سالی ١٩١٩دا قوتابیان لە شورشی میسر بەشدار بون شان بەشانی هەمو چینەکانی کۆمەڵ دژی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی ، هەر لە هەمان کاتیشدا قوتابیانی عەرەب هەر یەکەو بەپێ وڵات و ناوچەکەی کەوتنە خۆبیشاندان و بەربەرەکانی کردنی داگیر کەران ، تا هەر لە سەرەتای سالانی پەنجاوە گەلێك یەکێتی وریکخراوو کۆمەڵەی قوتابیان دامەزراو کەوتنە پەخش کردنی بیری نەتەوایەتی ، مەسەلەی فەلەستین کە لای هەموو مرۆڤێکی تێکەیشتو و شۆرش-گێڕی عەرەب مەسەلەی سەرەکی یە جێو شوێنی خۆی بە تەواوی لە بزوتنەوەی قوتابیان گرت هەربۆ ئەمەش ناساندنی گەلی فەلەستینو شورشی چەکدارانەی بەخەڵکی دەرەوەی وڵات لە مرازەکانی ئەم بزوتنەوەیە دانە بڕان ، هەر لە دوای کارەساتەکەی ١٩٤٨ نیشتمانی عەرەب تووشی گەلێ چەرمەسەرێ بوو ، هەر لەم پوارەشەوە کۆڕان و بەرەو پێشەوە چونێکی دیار لە بیروباوەڕ پەیدا بوو ، دوا بەدوای زنجیرەیەك کارەسات و هەڵگێڕو وەرگێڕ بو نەوەی سیاسی لە نیشتمانی عەرەب کارەساتەکەی ٥ی حوزیرانی ١٩٦٧ی بەسەر دا هات کە ریژیمە بە سالا چوو بێ تواناکان لای جەماهیر ئاشکرا بون و خەڵك بڕوای پێیان نەما، ئەمەنەك هەر بەنیسبەت ریژیمەکان بەڵکو ریکخراوو کۆمەڵە وزە بەر دراوەکانیش گەلێکیان لە مەیدانی خەباتو تاقی کردنەوەی رۆژان پاشکەز بونەوە ، دوای ئەم کارەساتەش زایونیستەکان زیاتر خاکی عەرەبیان داگیر کرد، بزوتنەوەی قوتابیانیش هەر هەمان باری گشتی کاری لێ کردوە ، ئەم کارەساتە هەرچی بەسەر وڵاتانی نیشتمانی عەرەب هێنابێ لە پەلو پۆی نەخستن با چەند ریژیمیکیش وریان بەردابێ ، لێرەوە سەرەتای بانگەوازو خەباتی درێژ خایەن بەردەوام بوە وە ، تاوای لێ هات یەکێتی و کۆمەڵەی تر لە دایك بن و ئەو قۆناغەی نەتەوەی عەرەب لە بیر نەکەن ٠

- ماویەتی -

لە بیرەوەری دووەم سالەی راپۆرتی سیاسی دا

ماوەیەك لەمەوبەر، بیرەوەری دووەم سالەی بەستنی هەشتەم کونگرەی سەرکردایەتی قوتری حیزبی سەرکردە ، حیزبی بەعسی سوشیالستی عەرەب رابورد ، بەستنی ئەو کونگرەیە رووداونکی میژوویی گەورەبو ، کە راپورتی سیاسی ئەو کونگرەیە بو بە نوسراونکی سیاسی و میژوویی رابەرانە بۆ جەماوەری گەل ٠

ئەو راپورتەش ئەوەبو سەرۆکی فەرمانده هەفالی تیکوشەر (احمد حسن البکر) سکرتیری سەرکردایەتی قوتری حیزب و سەرۆك کۆمار بەگەلی گەیاندو لە سەرەتای مانگی مارتی هەمان سالدا ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بریاری دا (راپورتی سیاسی) بەرنامەو رابەری کاروباری هەمو وەزارەت و دەزگاو دامەزراوەکانی دەوڵەت بێ لە ١٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٤ەوە ٠

لەم بیرەوەری یە پیرۆزەدا ، وە لە بەرنامەی راپورتی سیاسی دا « بەشی دووەم - رەوتی گۆرانەکان » ئەو بەشە بەرچاو ئەخەینەوە کە دەربارەی « پەروەردەو فیرکردن » دیاری کراوە ٠ سلاوی وەفاودلسۆزیش بۆ حیزبی سەرکردەی جەماوەر حیزبی بەعسی سوشیالستی عەرەب :

پەروەردەو فیرکردن

ئەبێ پێنج سالی ئاینده قۆناخی بەخەستی و فراوانی دەست کردن بەبنیات نانی دەزگای پەروەردەو فیرکردن بێ کە لەگەل بیروباوەڕو ئامانجەکانی پارتی و شۆڕشدا بگونجێ ٠ ئەو دەزگایەی ئەوەی واپێ ئەگەیەنی کە بەبیروباوەڕی نەتەوەیی و سوشیالیستی و دیموکراتی یانە پەروەردەکرابێ و توانای بەدی هێنانی ئەو گۆڕانەکۆمەڵایەتی و ئابوری یانەی هەبێ کە پارتی بەهیوایەتی ٠

بەهیچ جۆرێك ناگونجێ ، کە لە قۆناخی ئاینده دا ، بەڕادەی ئەو گۆڕان و پەرەسەندنانەرازی بین کە لەمەیانی پەروەردەو فیرکردن لە قۆناخی پێشودا بەدی هاتوون ، کات لەو مەیانەدا بەپێی بەرژەوەندی شۆڕش ئابێ ئەگەر گۆڕان و پەرەسەندنی خێراترو ریشەیی و بەربڵاوتر بەدی نەهێنین ٠

ئەبی قۆناخی ئاینده ، وەلە نزیك ترین کاتدا لەتوانادایە ، ئامادەکردنی بەرنامەی خویندنی نوێ بەخۆیەوە ببینێ ، هەر لە بەرنامەی باخچەی منالانەوە تادوا قۆناخی خویندنی زانستگا کە لە ژێر رۆشنایی بیروباوەڕەتەوەیی و سوشیالیستی و دیموکراتی یەکانی پارتی و شۆڕش دانرابێ و بەپێی ئەو ئامانجە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریانەبێ کە ئەیەوێ بەدیان بهێنێ ٠ جالەبواری قطری عیراق دابێ یاخود لەنیشتمانی عەرەبدا ، ئەوەش پێویست بە پاکژدانی ریشەیی و تێکڕایی و بیروڕاوڕێبازە کۆنەپەرست و بۆرجوازی و لیبرالی یەکان کە لەبەرنامەکانی خویندن و دەزگا-کانی دا هەن ، هەروەها بەتەنگەوەهاتنێکی توندی ئەوێ بۆ پرچەك کردنی نەوەی نوێ لەڕووی بیری و رۆشنبیری یەوە دژی هەر ریخت و ریڕەوو ڕێبازێکی بیری یاخود رۆشنبیری کە لەگەل ئاواتی نەتەوەی عەرەبمان و ئامانجە بنچینەییەکانی دا ناگونجێ لەیەکگرتن و سەربەستی و سوشیالیستی دا ٠

قۆناخی ئاینده پێویستی بەسەرلەنوێ چاوخشاندنەوە هەیە بە دامەزراوەکانی پەروەردەو فیرکردن و بنیات نانیان بەپێی پێویستی یەکانی گۆڕینی شۆڕشگێڕانە کە پارتی سەرکردایەتی ی ئەکات ٠٠٠ وەلەکارە دەستوبردو بنچینە-ییەکان ، بەخەستی و توندی بایەخدانە بەلێکۆڵینەوەی زانستی و تەکنیکی کەکادێری پێویست زامن ئەکات لەناست و لقە جیاجیاکان و کەشە کردنی بەربڵاو لەوڵات و ئینجا بەشێوە-یەکی کارامەییانە پێ تانە چەرخی پەرەسەندنی ئابوری و تەکنیکی لە هەمو مەیانەکان دا ٠

هەروەها پێویست بەسەرلەنوێ چاوپێداخشاندنەوەیەکی ریشەیی و گشتی و بەربڵاو ئەکات لەدۆخی زانستگاکان و گۆڕینیان لەمەلبەندێکی کلاسیکی دەرچواندنی قوتابی یانەوە بۆ مەلبەندێکی بنیات نانی نەوەی نوێ و مەلبەندی لێکۆڵینەوەی زانستی و نەخشەکێشان بۆ پاشەڕۆژو بەشداربوونی پێشڕەوانە لەو گۆڕانکاریەشۆڕشگێڕی یانەی لەوڵات دا لەئارادان ٠

لەگەڵ ئەندامێکی مەکتەبی سکرتاریەت دا

نەهرۆ - ئامادەی کردوە



● قوتابیان ئەمڕۆ لەهەر شارێکی کوردستان بن دەوری لیژنەو لقەکانیان دێنەوە بەرچاو کە چۆن کاریان بۆ رادەبەرێنن و لەهەمو گیروگرفتێکیان بەشدارن و بەپێی توانا هەوڵی تەخت کردنیان دەدەن، ویستمان بۆ ئەوەی دەوری یەکێتی و ئەرك و کارەکان لای هەموتان ئاشکرا تربێ و دەوری لیژنەکانی یەکیتیش دیاربێت ئەم چەند پرسیارە ئاراستەی کاك کەریم ئەرکەوازی ئەندامی مەکتەبی سکرتاریتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بکەین ٠

● دەوری لیژنەی رۆشنبیری چۆن دەبینی ؟

- دیاری کردن و رون کردنەوەی دەوری هەرلیژنەیەك بەندە بە کوێرەی خۆماندوو کردن و هەوڵی قوتابیان خۆیان چونکە وەك ئاشکرایە تیکرای قوتابیان جەماوەری ئەم یەکێتی یەن و ئەوانیش لەرێی پاڵپشتی کردن و تەقەللای جوامێرانەیان زیاتر دەوری یەکیتی پەرەپێدەدەن ، لیژنەی رۆشنبیری و راگەیاندنی مەرکەزیش هەرهەمان باری کارکردن و لەخۆگەیشتنی بەرەوپێشەوەی دەبات ، زۆر جاریش هەیە زیاتر هەوڵدان هەمو تەگەرەو کۆسپی بەردەم کارکردن هەلدە تەکێنێ و رێگا بۆدەسکەوت تەخت دەکات ، بۆیە بەبیروڕای من ئەم لیژنەیە ئەوەندەی گرنگە کەبەچالاکی توانیویە سەرپەرشتی لاپەڕە-یەکی تەواو لە رۆژنامەی « هاوکاری »دا بکات و بەرهەمی قوتابیان بڵاوبکاتەوەو هەرهەفتەش دەنگ و باس و بابەتی قوتابیانە پەخش کات، سەرەرای ئەوەش ئەو هەمو کۆڕو کۆبونەوە رۆشنبیریانەی کە تائیستا لە بەغداد و شارەکانی ناوچەی ئوتونومی کراوە ، دەوری ئەم لیژنەیە بووە ، ئینجا چ ئەم لیژنەیە راستەوخۆ لەرێی ئەندامانی یەوە وە چ لەرێی سەرۆك و بەرپرسیاری روشنبیری لقەکان بووبێت ٠٠

● باشە دەتوانن پوختەی کارەکانی ئەم لیژنەیە باس بکەن ؟

- تائیستا زۆرشت کراوە، بەڵام ئەوەی خوێندەوارو قوتابیان دیبیان لاپەڕەی قوتابیانە لە رۆژنامەی (هاوکاری) هەروەها ئەم لیژنەیە تائیستا چەند کتێب و نامیلکەی بەسودی وەرگیراوەتە سەرکوردی ، کەلەدوا رۆژێکی نزیکدا قوتابیان دەیان بینن ، هەڵبژاردنی نامیلکەکانیش بەپێی سودو پەرژەوەندی قوتابیان هەڵبژێردراون ٠

- کامەران -

بەدوای فیربون و خوێندندا عەودال نیە ٠٠ زۆریش هەیە هەرچەند گیروگرفتی نەبونیشیان زۆربێ بەڵام خویان داوەتە خوێندن و خوێندنەوەو فیربون ٠

لەرۆژانی سەرەتای بڵاوبونەوەی قوتابخانەی رەسمی دا گەلێك گۆڕان و بەرەوپێشەوە چون بەرپا بوو (با ، لەوەش بکەڕێین خەڵك چەندە بەرهەڵستی قوتابخانەیان کردو منالەکانیان نەئەنارد قوتابخانە) ٠٠ ئێمە لەوبارە-یەوە نادوێین و دێینەوە باسی کتێبخانەو دەوری لە وریا-کردنەوەی قوتابیان و فراوان کردنی ئاسۆی بیریان ، چونکە راستەوخۆ پەیوەندی بەژیانی قوتابیانەوە هەیە ، ئەگەرچی پشت گوێ خراوە تا ئیستاش ئەمدەورەپیرۆزە هەرسەقەت بووە ٠٠ پێویستی کتێبخانەو هۆیەکانی رون کردنەوە ئەك هەربۆ قوتابیانی پلەی زانکۆو ئامۆزگاکان سوودبەخش و گرنگە ، بگرە ئەو قوتابیەی لە قۆناغی سەرەتاییش دەخوێنێ وەك هەر قوتابیەکی تر پێویستی پێی هەیە بەتایبەتی ئەگەر-کتێب و نامیلکەکان لەگەل نەفسیەتی ئەوان و پلەی خوێندن و باری کۆمەڵایەتیان بگونجێ ٠٠ بەڵام ئایا تائیستا بۆ ئەم کارە چی کراوە ؟

- ماویتی -

ئاوڕێك لە کتێبخانەی قوتابخانەکان

هەرلەورۆژەوە خوێندن و خوێندەواری بەناو ئەم میللەتەدا بڵاوبۆتەوەو کەسانی تێ کەیشتوو رۆشنبیر پەیدابون ، مەسەلەی گەڕان بەدوای سەرچاوەو زیاتریش خوێندنەوە گەلێك نیازی لە مێشکی ئەوانەدا کەڵاڵە کردوە کەدەیانەوێ زیاتر فیربن و خۆیان پێبگەیەنن ، با ئاوڕێکی سەرپێیی لەرابردوی کوردبدەینەوە باری خوێندن و خوێندەواری سەردەمی حوجرەی مزگەوت و خانەقاکان بێنینەوە بەرچاومان ٠

سەرەتای بڵاوبونەوەی خوێندەواری لە کوردستان دا لە حوجرەی مزگەوتەکانەوە دەست پێ ئەکات ، لەگەل ئەوەشدا خەڵك فێری خوێندن دەبون و تاڕادەیەك لەبابەتەکانی سەردەمی ئیسلام دەگەیشتن ٠٠ هەر لەوێوە خۆماند کردن و فێربونی زیاتر وای کرد کە ئەمانە بەدوای کتێب و سەرچاوەی دەوری خۆیاندا بگەڕێن بەڵکو هەم لە خوێندن سەربکەوون و هەم لەباری موناقەشەو لێدوان سوود وەربگرن ، بەڵام ئایا ئەوان ئەم کتێبانەیان لەکوێوە ئەهێنا ؟٠

جارێ هێشتان چاپ و بڵاوکردنەوە ئەوەندە لەم کوردستانەدا بڵاوەی نەکردبو ، بەدەگمەنیش کتێبی چاپکراو بەدەست دەکەوتن ، ئەوەی کتێبێکی چاپکراوی هەبایە لای فەقێکانی تر بەدەست رۆیشتو دەناسرا ، کەچی بەشی زۆریان هەردەسخەت و هەندێکی تریش هەربەدەم لە مامۆستاکانیان دەبیست ٠٠ زۆرجاریش لەسەر دەستنوسێك چەند دانەیەك دەنوسرایەوە ، بەڵام مەلای وەهاش هەبوو کتێبخانەی پڕ لە کتێبی هەبو ، ئەویش یان لەباوك و باپیریانەوە بۆی بەجێ مابو یان بیشکەشی کراوە ٠٠ فەقێکانیش بۆ ئەوەی لە رۆژانی خوێندن دەستەو ئەژنۆ نەوەستن و لەدوارۆژیش دا ببنە مەلای سەرکەوتو دەبوا خۆیان زۆرماندو بکردایە بۆ ئەوەی کتێب و سەرچاوە پەیدابکەن یان لە کۆڕو کۆبونەوەی مەلایان دا دادەنیشتن و گوێیان دەگرت ٠

بەنیسبەت کوردستانەوە ئەمە ئەگەروەك سەرەتایەکی کورت بێ بۆ ئەم لیدوانەمان، ئاوڕدانەوەیەکی بەجێیە چونکە مرۆڤ تاقی کردنەوە لەواقیعی نەتەوەی خۆی وەردەگرێ ٠٠ دیارە گەڕان بەدوای زانیاری و روشنبیری لەسەرکەس تاپۆنە-کراوەو مرۆڤیش بەپێی بۆچون و نەفسیەتیان جیاوازن ٠ زۆرکەس هەیە توانای مادی و مەعنەوی هەیە کەچی ئەوەندە لەدوارۆژیش دا ببنە مەلای سەرکەوتو دەبوا خۆیان زۆرماندو بکردایە بۆ ئەوەی کتێب و سەرچاوە پەیدابکەن یان لە کۆڕو کۆبونەوەی مەلایان دا دادەنیشتن و گوێیان دەگرت ٠

بەنیسبەت کوردستانەوە ئەمە ئەگەروەك سەرەتایەکی کورت بێ بۆ ئەم لیدوانەمان، ئاوڕدانەوەیەکی بەجێیە چونکە مرۆڤ تاقی کردنەوە لەواقیعی نەتەوەی خۆی وەردەگرێ ٠٠ دیارە گەڕان بەدوای زانیاری و روشنبیری لەسەرکەس تاپۆنە-کراوەو مرۆڤیش بەپێی بۆچون و نەفسیەتیان جیاوازن ٠ زۆرکەس هەیە توانای مادی و مەعنەوی هەیە کەچی ئەوەندە

لاپەڕە - ٨ -

هەواڵەکانی یەکێتی

- ئێوارەی ٢٨-١٢-١٩٧٥ لقی یەکێتی لە دهۆك کۆڕێکی فراوانی بۆ هەموو ئەندامانی لیژنەکانی سنووری شار ساز کرد ، لەم کۆڕەدا سەرۆکی لق و ئەندامان هاتبوون هەروەها نوێنەرێکی مەکتەبی قوتابیانیش هاتبوو ، لە بەرایی کۆڕەکە سەرۆکی لق بەخێر هاتنی کردن و پێخۆشحالی لقی دەربڕی بە ئامادە بوونی نوێنەری مەکتەبی قوتابیان ، دوای ئەوە هەریەکە پێشنیار و پرسیاریان ئاراستەی سەرۆکی لق کردو ئەویش بەپێی پێویست وەڵامی دانەوەو گەلێ باس و بابەتی قوتابیانەشی بۆ باس کردن و بەرنامەی کاری داهاتووشی دەست نیشان کرد ، ئەم کۆڕەزیاتر لە چوار سەعاتی خایاند ٠

- بەبۆنەی میللی کردنی بەشەکانی بێگانەوە لە کۆمبانیای نەوتی بەسرەو وتارەبەنرخەکەی سەرەك کۆمار لە سەعات حەوتی ئێوارەی ٨-١٢-١٩٧٥ قوتابیانیش لە گەل جەماهیری گەل رژانەشەقامەکان و لقی یەکێتیش دەورێکی بالای بینی ٠

- هەر بەبۆنەی میللی کردنی نەوت لیژنەی یەکێتی لە قوتابخانەی مامۆستایانی دهۆك ئاهەنگیکی ساز کرد ، لەم ئاهەنگەدا گەلێ وتارو شیعرخوێندرایەوەو جەمو جۆلی قوتابیانی لێ پێشکەش کرا ٠

- کەرتی زاخۆ لە لقی دهۆك ئاهەنگێکی گەورەی بە بۆنەی یادی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی ی قوتابیانی عیراق ساز کرد ، لەم ئاهەنگەدا بەریز قایمقامی زاخۆو هەڤالان ئەندامانی رێکخراوی حیزب ئامادە ببوون ٠ لەم ئاهەنگەدا وتاری مەکتەبی تەنفیزی نوێنەری یەکێتی خوێندیەوەو دوای ئەویش گەلێ جەمو جۆلی قوتابیان پێشکەش کرا ٠

- لیژنەی یەکێتی لە قوتابخانەی ناوەندی « الرسالە العربیە » لە هەولێر رۆژی ١٦-١٢-١٩٧٥ گەل کاری یەکی فراوانیان رێك خست کە زۆربەی ئەندامانی یەکێتی تێیدا بەشدار بوون ٠

- رۆژی ١٩-١٢-١٩٧٥ لیژنەی رۆشنبیری و راگەیاندن لە لقی هەولێر کۆبونەوەی دووەمی کردو پێشنیارەکانیان کەلاڵەی بەردەمی دەستەی لق کرد ٠

- لە یادی بیرەوەری (١٣)سالەی مانگرتنەکەی قوتابیان لقی هەولێر بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە لە هەموو قوتابخانە-کانی هەولێر خوێندرایەوە ٠

- لیژنەی یەکێتیمان لە ئامۆژگای مامۆستایانی هەولێر تا ئیستا ئەم بەخشنامانەی بڵاو کردوتەوە ٠

الثوره ، الیقظه ، الریاضه ٠

پاشماوەی : چاو لە شیعری کرمانجی

ئەوچە بادامن سیاهن
ئەوچە چافن غەمزەریز ؟!
ئەوچە رەیحانی دشەنگن
ئەوچە زولفن مشکەبیز ؟!

ماجن - دیوانا کرمانجی
ل : ٨٠

چاوو پەیوەستی مرۆڤ ، چاوو مرۆڤ گرێدان ، چاوو تەلەنانەوە ، ناوونیشانی تاقانەیە لە دەفتەری چاوە رەشەکانی یاری « شاهپرتوی هەکاری » ئەو چاوانەی ئەو لێیان ئەدوێ وسەودا سەریان بووە ، پڕ بوون لە سیحرو فیتنە ومەکروجادو :

چافرەشا جادو صیفەت ئەوساحرا پرمەکر وفەن
چاف وبەندی قیدکەت هەردەم بیەك عینوانەکی ؟

شاهپرتوی هەکاری - دیوانا کرمانجی
ل : ٩٥

بەڵام لەلای « مرادخانی بایەزیدی » چاو وەکو ئاگر مرۆڤ ئەسووتێنێ ، ئەخوزگای ئەوکەسەیە ئەکەوێتە ناو کوورەی ئاگری چاوی یار :

خاتونێ ئەرێ خاتونێ
تە بەژن ژداری زەیتونێ
چاف وەکی ئاگرو ئینتونێ
ترسا من ژ رۆژا ئەخۆش
خاتونا شەنگ و شەپاڵە
چاف رەشە یا چاف خەزاڵە
ڕوی سور و گەردەن بخاڵە
بەردەن من دا بچمە ماڵە

مرادخانی بایەزیدی - زەمبیل فرۆش
چاپی هەولێر - ل : ٢٤

لە کوتایی باسەکەما ئەڵێم (چاوی جوان) دەورێکی کاریگەرو بەتینی هەبووە بۆ جووڵاندنی هەستی شاعیرانی کورد وەکو هەموو شاعیرانی دونیاو دەماخی بزاوتوێ ، تا بتوانن گەوهەرو مرواری و یاقوت لە دەمیان ببارێنن و ئەدەبی کوردی پێ برازێننەوەو جوانی بکەن ٠

مرۆڤ لە وڵاتانی ٠٠ (پاشماوە)

بۆیە زیاتر کلکیان کلاڤەی دروشمی (کەی٠ کەی٠ کەی) کردوە چونکە لەسایەی فەرمان نیشانەی چەتەکانی (کوکلوکس رەواییی جیرالد فوردا ئەم کلان) ، کە لەراستی دا ئەم سێ ریکخراوە توانی یان بە ئاشکرا تیپە بریتین لە (کێل ، کێل ، کۆنگرە بکرن لەشاری کێل) وانە بکوژە ، بکوژە ، (واشنتونا) وە چەند بریارێك بکوژە ٠

دەربکەن کە مۆری شەرمەزاری یە بە ناوچەوانی رژیمی سەرمایە-داری یەوە ، دەربارەی جێبەجێ نەکردنی چوونیەك بوونی رەش وسپی و پێکەوە خوێندنیان ، لە لایەکی تریشەوە دیسان دیوارەکان نەخشێنرانەوە بە « سەربەستی » ٠

ئەمە نموونەیەکی بچووکە لەو تاوانانەی نیمرۆ لە ئەمەریکادا ئەکرێت لەو وڵاتەدا کە پەیکەری سەربەستی عارەقی شەرمەزاری ئەرێژی بەرامبەربەو هەموو دەست درێژی یەی ئەکرێتە سەر « سەربەستی » ٠

پیرۆ گەنجینەی (پاشماوە)

کەمبودیادا تکا لوتی ژەنیوەتە ئەو ناوچەیەی خوارووی ئەمەریکاو ناوبەناو کودەتا لەپیرۆ سازئەکات و بەئارەزوی خۆی دام و دەزگاکانی ئەگۆڕێ ٠ گەلو هێزە پێشکەوتنخوازەکانی پیرۆ ئەمڕۆ لەبەردەم تاقی کردنە-وەیەکی گرنگ دان و ئەم تاقی کردنەوەیەش چارەنووسی وڵات دیاری ئەکات ٠٠٠ کەوابوو بابزانین چی لە کەشکۆڵی سبەینێ دا هەیە ٠

Institut kurde de Paris

زانستی

تیشکی «رۆنتگن» چۆن دۆزرایەوە؟

له مێژووی زانیاریدا شتێکی ئەوتۆ ڕوی نەداوە وەك دۆزینەوەی تیشکی ایکس سەیرترو سەرسوڕێنەرتر بێت ، ئەو تیشکە بەنرخەی کەلەلایەن زانای بەناوبانگی ئەلمانی (ویلهیلم کونرات رۆنتگن)ەوەلە ساڵی ١٨٩٥ز دۆزرایەوە ٠

لە پێش رۆنتگنداکەس هەوڵیان دابو بۆ ئەوەی شتێك بدۆزنەوە بەلام هیچ کامیان وەکو ئەو چالاکانە قۆلی لێ هەڵنە کردبو ٠

رۆنتگن لە (٢٧)ی مارتی ١٨٤٥ز لە شاری (لینیب) لەپروسیا لە دایك بوە ، کاتی منداڵی لەوێ بەسەر بردوە ، بەلام نەیتوانیوە بچێتە ئەو قوتابخانانە کەوا لەسەر پرۆگرامێکی تایبەتی ئەڕۆیشتن وە بۆ منداڵە دەولەمەندەکان ئامادە کرابون ٠٠ چونکە رۆنتگن هەژار بو ٠٠ بەلام هەرچۆنێك بو لە قوتابخانەیەکی پیشەسازی وەریانگرت لە شاری (زیوریخ) ٠٠ لەم قوتابخانەیەدا زیرەکی‌و بلیمەتی رۆنتگن دەرکەوت بەتایبەتی لەوانەی فیزیاو ماسیمەتیکا ٠

جیهانی ئەمڕۆ قەرزاری مامۆستا (کوندت) بو کەیەکەم جار زیرەکی رۆنتگنی دەرخست ٠ وەکاتێ رۆنتگن لەم قوتابخانەیە بەیەکەم دەرچو مامۆستای ناوبراو کردی بەیارمەتیدەری خۆی تاوای لێهات رۆنتگن لە زانستکا دەرچو وەبروانامەی دکتۆری وەرگرت لە فەلسەفەدا ٠

لە ساڵی ١٨٧٠ی‌ز رۆنتگن لەگەڵ مامۆستاکەی (کوندت) چون بۆ شاری (فورتس بورگ) دوای دو ساڵ چون بۆ شاری (ستراسبوگ) ، لە ساڵی ١٨٧٥زدا لە تەمەنی ٣٠ ساڵیدا لە فیزیاو ماسیمەتیکا ٠ پرۆفیسور هەلبۆتراو لە ساڵی ١٨٨٠ی‌زدا گرا بە سەرۆکی زانستگای (فورتس بورگ) لە ئەوانە ٠٠ هەرچەندە سەرتایەکی هەژاری هەبو ٠٠ گەیشتە ئەوپەڕی گەورەیی‌و دەست ڕۆیشتن ٠ ئەمەش بەبەکارهێنانی تیشکی رۆنتگن لە پزیشکیدا بۆ دەرخستن‌و لابردنی ئێشو ئازاری مرۆڤایەتی ٠ رۆنتگن لە ساڵی ١٩٢٣دا گیانی خۆی سپاردو بێ ئەوەی سامانێکی ئەوتۆی لە دۆزینەوەکەی دەستکەوێ ٠

●

لەگەڵ پێشکەوتنی زانیاری‌و تیکنۆلوجی‌دا پیشەسازی‌و دروست کردنی ئامرازی تیشکی رۆنتگن بەرەبەرە پێش کەوت‌و بەهەمو جیهاندا بڵاوبۆوە ٠٠ سەرانسەری وڵاتی ئەمرۆی عیراق ئامرازی تیشکی رۆنتگن بۆ دومەبەست بەکار ئەهێنن :

١ ـ بۆ دەرخستن‌و وێنەگرتنی ئەو ئەندامانەی لەشی ئینسان کە زامدارن یاخود شکاون ئەمەش بێی ئەوترێت وێنەم کارەش دوجۆرە :

(Diagnosis)

أ ـ گرتنی وێنەی ئەو شوێنانە کە دکتۆری رادیولوجست (طبیب الاشعه) دیاری ئەکاو بێی ئەوترێ بەهۆی فلیمی تایبەتی ئەوە

Radiography

ب ـ بینینی ئەوشوێنە زامدارانە لەسەر شاشەی فسفۆرێ لە ژوری تاریکا ٠٠ بێی ئەوترێ Fluorography وەهەروەها ئێستاکە ئەتوانرێت وێنەی تیشکی رۆنتگن لەسەر شاشەی ئامرازی تلفزیون ببینرێت بەبێ ژوری تاریك ٠

٢ ـ بەکارهێنانی تیشکی رۆنتگن بۆ چارەسەر کردنی زۆر نەخۆشی ٠٠ بەمەش ئەوترێت Therapy مەروەها تیشکی رۆنتگن بۆپیشەسازیش بەکار ئەهێنرێت ٠

تیشکی رۆنتگن چۆن دروست ئەبێت ؟

بۆ دروست کردنی تیشکی رۆنتگن پێویستیمان بەم خالانەی خوارەوە هەیە ٠

١ـ سەرچاوەیەك کەالیکترون بهاوێژێت‌و ئەمەش لەدوای گەرم کردنی توخمی نتکستن ئەبێت‌و بێی ئەوترێت کاثود

Cathode

٢ ـ هێزێکی کارەبایی کە ئەو الیکترونانە بە خێرایی رابکێشێت بەرەو پارچەیەکی مەعدەنی کەلەنتکستن ومس دروست کراوەو بێی ئەوترێت (انود) Anode ئەو هێزەش بە هۆی ترانسفو مەری تایبەتیەوە پەیدا ئەبێت کە فۆلتیەکی کەم بەرز ئەکاتەوە بۆ هەزارەها فۆلت ٤٠ تا ١٥٠ هەزار فۆلت ٠

٣ ـ بۆ شاییەك کە هەوای تیدا نەبێت (فاکوم) ٠

٤ ـ ئاراستە کردنی الیکترونەکان بۆ سەر ئەنود بە هۆی لولەیەکی تایبەتیەوە کە پەڕشو بڵاو نەبنەوە وە هەروەها بۆمباباران ئەنود بکەن بە شوێنێکی تایبە تیدا کە بێی ئەوترێت (Target) یاخود Focus بە زاویەکی تایبەتی ٠

٥ ـ ئامرازێکی تایبەتی کە الکترونەکان بوەستێنێت لە ماوەیەکی تایبەتیدا واتە ماوەی تیشکی رۆنتگن دیاری ئەکات کە لە چەند ئانیەیەك تێپەڕ ناکات لە ٠٠٢ر٠ ئانیە تا ٤ ئانیە ئەو جیهازەش بێی ئەوترێت Timer ٭

کە واتە تیوبی تیشکی رۆنتگن لە کاتودو ئەنود پێك هاتوە وە لە نێوانیاندا بۆ شایی هەیە ٠



وێنەی تیوبی ئاوەوەی تیشکی رۆنتگن
Insert X-Ray Tube

ئەندازیار
محمد فرج علی

٭٭

ژیانی مرۆڤی ئێم چەرخە لەسایەی ڕێژیمی سەرمایەداری دا

مصطفی صالح کریم

کەئەڵێن:« مرۆڤ بەنرخترین سەرمایەیە لەژیانا » ، مانای بۆ مێژوە ڕەشەکەیان ، لەساڵی بڕوا بونە بە مرۆڤ کە بەهێزی مێشك‌و بازووی دەتوانێت گەورەترین فرمانی بایەخدار بهێنێتەدی ٠ بۆیە پێویستە پارێزکاری ئەم سەرمایە بەنرخە بکرێت‌و هەوڵ بدرێت کە ژیانێکی ئاسوودەیی‌و بەختیارانەو دوا ڕۆژێکی باش‌و پڕ کامەرانی بۆ بسازێنرێت ٠

بۆیەشە ئێستا ئەبینین لەوڵاتە ئیشتراکی‌یەکان‌و ولاتە پێشکەوتنخوازانەدا کە ملی ڕێی ئیشتراکی‌یان گرتۆتە بەر ، مرۆڤ جێی ڕێزەو هەست بەنرخی مرۆڤایەتی خۆی دەکات ، بەلام لەسایەی ڕێژیمی سەرمایەداری‌دا تا دێت مرۆڤ بێنرختر دەبێت‌و بێبەری دەکرێت لە هەمو جۆرە سەربەستی‌و مافێك کە دەبێ هەیبێ ئیمرۆ لە ئەمەریکادا ، لە نیوەی دوەمی چەرخی بیستەما ئەو ئارەوایی‌یانەی بەرامبەر بەهاو وڵاتی‌یان دەکرێ بە سەرنج دانێکی ساکاربۆ هەموو کەسێك دەردەکەوێت کە ئەمەریکای خاوەن ڕێژیمی سەرمایەداری‌و سەری کۆڵەی پیلان‌و تەلەکەبازی‌و خاوەنی دەسگای‌موخابەراتی (سیا)ی ئاوبانگ پیس ئیمرۆ لە سەدەکانی ناوەراستا دەژی نەك لە چەرخی چوونە مانگ‌دا ، هەروا بۆ نموونە ئەم باسەی خوارەوەتان بۆ دەگێڕمەوە : « لەگەڵ کاتی کردنەوەی قوتابخانەکانا لە سەرەتای ساڵی خوێندنی نوێ‌دا کە پۆل پۆل قوتابی‌یان لەهەمو شوێنێکی جیهانا بەزەردەخەنەی شادمانی‌یەوە بەرەو قوتابخانەکانیان جوولان ، ئالەم کاتانەدا کە منالی قوڵە ڕەشەکۆڵەکان لەگەڵ منالە سپی‌یەکانا پێکەوە ڕوویان کردە قوتابخانەکانی شارەکانی خواروی ئەمەریکا ، تاقمێ چەنەی خوێنڕێژ سەریان دەرهێنایەوە لە کونەکانیان سەرتاپای خۆیان هەلکێشابوو لەبەرکێکی ترسناك‌و نیشانەی مەرگیان لەسەر سنگیان نەخشاندبوو (کەللە سەرێك‌و دوو لێسقانی ڕاست‌و چەپ) ، بەڕوونە کیانی ئەو منالە ڕەشە بێتاوانانەی کە هەموو تاوانەکەیان ئەوە بوو لەگەڵ منالە سپی‌یەکانا پێکەوە دەیان خوێند هەر بەوەشەوە ئەوەستان کەوتنە سوتاندنی ئەو پاسانەی کە منالەکانی دەگواستەوەو لێدانی مامۆستاکانیان وفڕاندنی چەند قوتابی‌یەکی کچان‌و سوتاندن‌و تاڵان کردنی دوکان‌و بازاڕی‌ڕەشەکان‌و ئەو سپی‌یانەی هاریکاری‌یان لەگەڵ ڕەشانا دەکرد ٠

چەتەکانی ڕێکخراوی (کەی٠ کەی٠ کەی) دوا بە دوای ئەم تاوانانە ئەمجا هێرشیان بردەسەر ئەمەریکایی‌یە پێشکەوتن خوازو دیموکراتی‌یەکان ، جارێکی کەش بکرەو بکوژە پەیدابوەو سامناکی بالی ڕەشی کێشا بەسەر هەموو شارەکانی خواروی ئەمەریکادا وەك ئەفەرمانڕەوایی هەبێ‌و نە یاسا دەسەڵاتی ببێ ، لە شاری واشنتونیش سەرۆکی‌ئەم ڕژێمە (فورد) نە دەنگی هەیەو نە بەهیچ جۆرێك باسی ئەم هاتوهاوارە دەکات چونکە جەنابی لەسەرەتای لاوێتی دایەکێك بوە لە لایەنگرانی « کوکلوکس کلان » واتە ڕێکخراوی (کەی٠ کەی٠ کەی) بۆ ئەوەی نەختێك زیاتر لەم کەئەڵین:« مرۆڤ بەنرخترین سەرمایەیە لەژیانا » ، مانای بۆ مێژوە ڕەشەکەیان ، لەساڵی ١٨٦٥دا دوای تەواو بوونی شەڕی ناوخۆی ئەمەریکا ، بریار دراکە کۆیلەیەتی نەمێنێ‌و هیچ جۆرە بەندایەتی‌یەك لە ئارادا نەمێنێ ، قوڵەڕەشەکانیش نەك هەرسەربەستی ، بەڵکو مافی ڕەوای خۆشیان بدرێتێ‌و دوایە دوای ئەم بریارانە ژمارەیە لە ڕەشەکان فرمانی میری‌یان بێ سپێڕراو بوون بە خاوەن ئەوڵاتە ئیشتراکی‌یەکان‌و لەو دەسەڵات ، بەلام ڕەگەزپەرستە شۆڤێنی‌یەکان لە قیناچاویان ملی ڕێی ئیشتراکی‌یان گرتۆتە پەڕیبوە پشتی سەریان‌وبیشیان بەر ، مرۆڤ جێی ڕێزەو هەست بەنرخی مرۆڤایەتی خۆی ڕێکایەك کەتینویەتی تۆڵەی دەکات ، بەلام لەسایەی ڕێژیمی سەرمایەداری‌دا تا دێت مرۆڤ بێنرختر دەبێت‌و بێبەری دەکرێت لە هەمو جۆرە سەربەستی‌و مافێك کە دەبێ هەیبێ ئیمرۆ لە ئەمەریکادا ، لە نیوەی دوەمی چەرخی بیستەما ئەو ئارەوایی‌یانەی بەرامبەر بەهاو وڵاتی‌یان دەکرێ بە سەرنج دانێکی ساکاربۆ هەموو کەسێك دەردەکەوێت کە ئەمەریکای خاوەن ڕێژیمی سەرمایەداری‌و سەری کۆڵەی پیلان‌و تەلەکەبازی‌و خاوەنی دەسگای‌موخابەراتی (سیا)ی ئاوبانگ پیس ئیمرۆ لە سەدەکانی ناوەراستا دەژی نەك لە چەرخی چوونە مانگ‌دا ، هەروا بۆ نموونە ئەم باسەی خوارەوەتان بۆ دەگێڕمەوە : « لەگەڵ کاتی کردنەوەی قوتابخانەکانا لە سەرەتای ساڵی خوێندنی نوێ‌دا کە پۆل پۆل قوتابی‌یان لەهەمو شوێنێکی جیهانا بەزەردەخەنەی شادمانی‌یەوە بەرەو قوتابخانەکانیان جوولان ، ئالەم کاتانەدا کە منالی قوڵە ڕەشەکۆڵەکان لەگەڵ منالە سپی‌یەکانا پێکەوە ڕوویان کردە قوتابخانەکانی شارەکانی خواروی ئەمەریکا ، تاقمێ چەنەی خوێنڕێژ سەریان دەرهێنایەوە لە کونەکانیان سەرتاپای خۆیان هەلکێشابوو لەبەرکێکی ترسناك‌و نیشانەی مەرگیان لەسەر سنگیان نەخشاندبوو (کەللە سەرێك‌و دوو لێسقانی ڕاست‌و چەپ) ، بەڕوونە کیانی ئەو منالە ڕەشە بێتاوانانەی کە هەموو تاوانەکەیان ئەوە بوو لەگەڵ منالە سپی‌یەکانا پێکەوە دەیان خوێند هەر بەوەشەوە ئەوەستان کەوتنە سوتاندنی ئەو پاسانەی کە منالەکانی دەگواستەوەو لێدانی مامۆستاکانیان وفڕاندنی چەند قوتابی‌یەکی کچان‌و سوتاندن‌و تاڵان کردنی دوکان‌و بازاڕی‌ڕەشەکان‌و ئەو سپی‌یانەی هاریکاری‌یان لەگەڵ ڕەشانا دەکرد ٠

چەتەکانی ڕێکخراوی (کەی٠ کەی٠ کەی) دوا بە دوای ئەم تاوانانە ئەمجا هێرشیان بردەسەر ئەمەریکایی‌یە پێشکەوتن خوازو دیموکراتی‌یەکان ، جارێکی کەش بکرەو بکوژە پەیدابوەو سامناکی بالی ڕەشی کێشا بەسەر هەموو شارەکانی خواروی ئەمەریکادا وەك ئەفەرمانڕەوایی هەبێ‌و نە یاسا دەسەڵاتی ببێ ، لە شاری واشنتونیش سەرۆکی‌ئەم ڕژێمە (فورد) نە دەنگی هەیەو نە بەهیچ جۆرێك باسی ئەم هاتوهاوارە دەکات چونکە جەنابی لەسەرەتای لاوێتی دایەکێك بوە لە لایەنگرانی « کوکلوکس کلان » واتە ڕێکخراوی (کەی٠ کەی٠ کەی) بۆ ئەوەی نەختێك زیاتر لەم ئەڵێن ، وە ئەو مەبەستە ژەهراوی‌یانە لەبەردەم جەماوەردا ڕسوا ئەکات ٠

وەخۆیەری بەڕێز هەتا ئەگاتە خوێندنەوەی ئەم دێڕە ، ئەوانەیە ئەوەی بەیادابێت کە کۆفارێکی تایبەتی تەنیا هەر بۆ هونەری شانۆبێت ، لەوانەیە هونەرەکانی‌تر ئەم پێشنیازە بەنیسبەت شانۆوە بەجۆرێك لە خۆبەرستی دابنێن ، بەلام کە کوێ لە ڕەخنەگرێکی یۆنانی بگرین کە ئەڵێت (شانۆ ئەو سەرچاوە شیرینە سازکارەیە کە هەموو هونەرەکانی‌تر لێوەی هەڵئەگۆزن) ، ئەوسا بەم وتەیەدا بۆمان دەر ئەکەوێت ، کە ئەوگۆفارە بە حوکمی هونەری تەواوی شانۆ ، تەنیا هەر بۆ شانۆ نابێت ٠٠٠ بەڵکو لابەڕەکانی هەموو جۆرە هونەرەکانی‌تر گۆ ئەکاتەوەو لە پێناوی گەشانەوەی هەموویاندا ئەبێت ، وەك : هونەری وێژە ، مۆسیقاو سەما ، وێنەو دیکۆرو مکیاج‌و ، هەیکەل تاشین‌و ئیشی‌دەست ، هونەری ڕووناکی‌و ، جل‌وبەرگ ٠٠٠ هتد کە ئەم هونەرانە بەشێکی تێکسمڕاون لە هونەری تەواوی شانۆ ، کەلێی جیاناکرێنەوە ٠

بۆ ئەم مەبەسەشیان لەساڵی ١٨٨٦دا لە (پولاسکی) لەویلایەتی (تینسی) ڕێکخراوێکی نهێنی دامەزرێنرا بە ناوی (کوکلوکس کلان) ، ئەندامەکانی بەسواری ئەسپەوە هەڵیان دەکوتایە سەرمالی قوڵەڕەشەکان‌و خەڵکیان لە شەقامەکانا بە ڕۆژی نیوەڕۆ دارکاری دەکردو هەندێکیشیان دەسوتاندن‌و هەش بوونەدەکران بە داراو چوار مێخەیان‌دەکێشرا بە بەرچاوی بیاوانی میری‌یەوە٠

سەرۆکی ئەم ڕێکخراوە تاوانبارە کابرایەك بوو ناوی (ناثان بید فورد فوریست) بوو خۆی ناو نابوو (ژەنەڕاڵی) سوارچاکانی ویلایەتەکانی خواروی ئەمەریکا) ، شانازی بەوەوە دەکرد کە چەندەها ڕەشی دیلی لە (فورت بیلو) بە دەستی خۆی کوشتوە ٠

تا دەهات تاوانی ئەم چەتانە پەلوپۆی دەهاویشت لەبەر ئەوە بە ناچاری کۆنگریسی ئەمەریکی لە ساڵی (١٨٧١) دا چەند بڕیارێکی دەرکرد ، بۆبەر هەڵستی کردنی ئەم خوێنڕێژانە وە نزیکەی (١٢٥٠) ئەندامیان لێگیران‌و خرانە بەندیخانەکانەوە ، پاش ئەوەی سەرمایەدارە زلە ورگنەکانی خواروو لەناو خۆیانا ڕێك کەوتن‌و ئاشت بوونەوە ، بریار درا هێزی چەکداری یەکێتی کە بۆ پارێزگاری ئاسایش هێنرا بوو لە خواروی ئەمەریکا بکشێتەوە ، ئیتر مەیان چۆڵ بوو ، لە ساڵی ١٨٧٧دا بە هەزاران کەس قەلاچۆکران‌و چەندەها کەس بەشێوەیەکی دڕندانە لەت لەت کران بەدەستی ئەم چەتە ڕەگەز پەرستانە ، کەوتنە دەست درێژی کردنیش لە پێشکەوتنخوازەکان‌و مافی سەربەستی‌و شارستانێتی‌یان پێ شێل کرد ، بەم شێوەیە جموجوڵی تاوانیان هەموو قوژبنێکی‌ویلایەتەکانی‌خواروی گرتەوە ، ئەمجا بەخەستی کەوتنە لێدانی نەقابەو ڕێکخراوەکانی کرێکاران ، لە ساڵی سی‌یەکانیشا ئەم تاقمە چەتەیە پەیوەندی‌یان لەگەڵ کۆمەڵە فاشستی‌یەکانی ئەڵەمانیادا پەیدا کرد ، ئیتر بەرەبەرە چالاکی‌یان لەپەرەسەندنا بوو ، وە لە دەوروبەری ئیرهابی ڕەشی ماکارسیشیا زیاتر دەسەڵاتیان پەیداکرد ، لە زەمانی جۆنسۆن‌و نیکسونا ئەم ڕێکخراوە تاوانبارە وەك کۆربەیەکی شێرینیان ئەیان لاوانەوەو هانیان ئەدا بۆلێدانی ئەوانەی کە دژی شەڕو ڕەگەزپەرستێتی بوون ئیستاش

بڕوانە ل ـ٨

گۆڤارێکی «هونەری» تایبەتی یەکێك لە داواکاریە گرنگەکانی پێشکەوتنی شانۆی کوردی

ـ عومەر عەلی ئەمین ـ

شانۆ ، کە ڕوویەکە لەڕووەکانی شارستانێتی ، یەکێکە لەو هێزە ڕاستەو خۆیانەی کە هاوبەشیی ڕابەریی کۆمەڵ ئەکات‌و بەشداریەکی کاریگەر ئەکات لەگۆڕانیا بەرەو پێشکەوتن‌و گەشەکردن ، وەلەهەمان‌کاتا ڕێبازێکە بۆ چاندن‌و پەروەردەکردنی ڕەوشتی جوان‌و نرخەکانی‌مرۆڤایەتی ٠

وەلەم سەردەمەماندا کە جوولانەوەی شانۆگەریی کوردی‌و نواندن خەریکە لەناو کوردەواری‌دا خۆی دەربخات ، وەبەتایبەتی لەشارەکاندا کە لەدڵ‌و هەستی خەڵکدا جێگەی خۆی گرتووە ، بە ڕادەیەك کە بەلایەنێکی ژیانی ئەمڕۆی خۆیانی دانەنێن ، ٠٠٠٠ ئەم جوولانەوەیە لە کاتێکا کە بەدەست هەندێك گیروگرفتەوە ئەنالێنێت ، کە زۆرجار هونەرمەندان‌و ڕۆشنبیران لەسەر لایەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان باسیان کردووە وەك : نەبوون‌و کەمیی بینای شانۆ ، بێ ئاقوەتیی ، بێ تیێگی چیرۆکی شانۆیی ، بێ تیێگی ڕەسمی وەك تیپی قەومی ٠٠٠ بەغداد ٠٠٠ هتد ٠ بەلام لە هەمان‌کاتا کەچاو بەدەوروپشتی خۆیا نەگێڕێت ، جگەلە ئەوانە، هەست بە ناتەواویەکی گەورەی تریش ئەکات ، کە ئەویش : نەبوونی گۆڤارێکی هونەریی تایبەتیە ٠

بەلی ، ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردیە بەرێزەکان ، بە پێی توانا‌و مەودای خۆیان ، بە دەربەست بابەتی هونەریەوە بوون‌و لەم ڕووەوە لەگۆشەی هونەریی ژمارەکانیانا ڕۆشنبیریی هونەریان بڵاوکردۆتەوە ، وە وەك پێویست ئەرکی خۆیان بەجێ هێناوە ، کە ئەمەش شایانی ڕێزو سوپاسە ٠ بەلام لەگەڵ ئەمەشدا وەشان بەشان بەوانیش ، گۆڤارێکی هونەریی تایبەتی یەکێکە لەو پێویستیانەی کە هەرگیز پێشکەوتنی جوولانەوەی شانۆکەریی‌و نواندنمان ناتوانی دەست بە ڕداری بێت ، چونکە بوونی گۆڤارێکی وا ، چارەسەری ئاتەواویەکی کەورەی ئەم هونەرە ئەکات ، وە دەسێکی بالای ئەبێت لە پەروەردەکردن‌و کەشانەوەی‌دا ٠٠٠ بەڵکو ئەبێتە چرایەکی ڕووناك لەڕێگەی هەنگاوانیا بەرەو پێشەوە ٠٠٠ لەبەر ئەمە بوونی گۆڤارێکی هونەریی تایبەتی ، یەکێکە لە داواکاریە گرنگەکانی پێشکەوتنی شانۆی کوردی ٠

وە بەم بۆنەیەوە (تیشکی هونەر)م دێتەوە یاد ٠٠٠ من هەتا ئێستا گۆڤارێك یان ڕۆژنامەیەکی هونەریی تایبەتی نەکەوتە بەرچاو تەنیا (تیشکی هونەر) نەبێت کە تیپی نواندنی سلیمانی لە ساڵی ١٩٧٠دا لە قەبارەی گۆڤاردا چەند نووسینێکی هونەریی تیا چاپ کرد ، بە نیازی ئەوەی کە لە دووا‌ڕۆژدا ببێتە گۆڤارێکی هونەریی تایبەتی ٠٠٠ بەلام ئەویش هەر بۆیەك جار بوو ئیتر ڕاوەستا ٠

گۆڤارێکی هونەریی تایبەتی، شانۆمان دەولەمەند ئەکات بە تاقی کردنەوەو شارەزایی زانستی شانۆکانی عالەم‌و هونەرمەندە بەناوبانگەکانیان٠٠ وە بەپەوەندیمان بەهێز ئەکات لەگەڵ چەوجوولی شانۆکەریی لەناوخۆدا ٠٠٠ وەجگەلە ئەوە هونەرمەندان‌و کارمەندانی شانۆو نواندن بە ڕۆشنبیری هونەریی‌و ، شارەزایی تەکنیکی شانۆ ، ئەڕازێنێتەوە ، وە ئاسۆی زانیاریی پیشەکەیان فراوانتر ئەکات ٠

گۆڤارێکی هونەریی ٠٠ دێتە مەیدانەوە بۆ بەربەرەکانێی بیروباوەڕە کلاوەکانی فلیمە نیستیعماریەکان کە کۆنەپەرستی‌و دوژمنایەتی گەلان‌و دوژمنایەتی مرۆڤایەتییان لێ کوردیم نەکەوتۆتە بەرچاو تەنیا (تیشکی هونەر) نەبێت کە تیپی نواندنی سلیمانی لە ساڵی ١٩٧٠دا لە قەبارەی گۆڤاردا چەند نووسینێکی هونەریی تیا چاپ کرد ، بە نیازی ئەوەی کە لە دووا‌ڕۆژدا ببێتە گۆڤارێکی هونەریی تایبەتی ٠٠٠ بەلام ئەویش هەر بۆیەك جار بوو ئیتر ڕاوەستا ٠

گۆڤارێکی هونەریی تایبەتی، شانۆمان دەولەمەند ئەکات بە تاقی کردنەوەو شارەزایی زانستی شانۆکانی عالەم‌و هونەرمەندە بەناوبانگەکانیان٠٠ وە بەپەوەندیمان بەهێز ئەکات لەگەڵ چەوجوولی شانۆکەریی لەناوخۆدا ٠٠٠ وەجگەلە ئەوە هونەرمەندان‌و کارمەندانی شانۆو نواندن بە ڕۆشنبیری هونەریی‌و ، شارەزایی تەکنیکی شانۆ ، ئەڕازێنێتەوە ، وە ئاسۆی زانیاریی پیشەکەیان فراوانتر ئەکات ٠

گۆڤارێکی هونەریی ٠٠ دێتە مەیدانەوە بۆ بەربەرەکانێی بیروباوەڕە کلاوەکانی فلیمە نیستیعماریەکان کە کۆنەپەرستی‌و دوژمنایەتی گەلان‌و دوژمنایەتی مرۆڤایەتییان لێ

لاپەڕە ـ ٩ ـ

چمکێ لەمێژو

ئەمانی داود پاشا بۆ سلیمانی ١٦٠ ساڵ لەمەوبەر

لە ئەیلولی ١٨١٦دا کە سەعید پاشا والی بەغدا بوو کۆمەڵێك لە ناحەزو دوژمنانی‌والی بە سەروکایەتی (داود دەفتەردار) شاری سلیمانی‌یان‌دەست نیشان کرد کە تیایا کۆببنەوە بۆ پیلان گێڕان‌و لەناوبردنی سەعید پاشا ، لەو سەردەمەدا مەحمود پاشا حوکمداری سلیمانی بوو ٠٠٠ لێرەدا دەرئەکەوێ کە ئەم پیلان گێڕانە زانیویانە بێ یارمەتیدانی مەحمود پاشا هیچیان بۆ ناکرێ ، لە لایەکی تریشەوە ویستویانە سود لەزیرەکی‌و دور بینی مەحمود پاشا وەربگرن ٠٠

ئەمانە ٢٠٠ سوار زیاتر بون بە ناوی ڕاوەوە ڕویان کردە دەرەوەی بەغداو بەرێی کەرکوکدا هاتنە سلیمانی ، بەلام لە کەرکوکەوە زور کەسیان لە گەل خۆیانا هێنا ٠٠ بەڕیوەبەری بەسرە کەناوی ڕوستەم ئاغابوو لە گەل بەڕیوەبەری پێشوی کەرکوك خەلیل ئاغا‌و سەروکی (انکشاری) علیوی ئاغا‌و تاقمیك لە بابانەکان هەمو هاتن بۆ سلیمانی ٠

ئەم خەلکەهەموی مانگی تشرینی یەکەم لە سلیمانی کۆبونەوە ، ماوەی ٤٠ ڕۆژ تیایا مانەوەو میوانی مەحمود پاشاو خەلقی سلیمانی بون ٠

لەو کاتەدا هەمودانیشتوانی سلیمانی ژمارەیان لە دەهەزار کەس زیاتری نەئەکرد ٠

مەحمود پاشاو دانیشتوانی شار ئەوماوەیە میوانداری ئەم هەمو خەلکەیان کرد ٠٠

مەحمود پاشا پەیمانی هەمو جۆرە یارمەتیەکی بێ دان‌و ئینجا دیسان هەر لە ڕێگای کەرکوکەوە کەرانەوە بۆ بەغدا ٠٠ پەلاماری هێزی سەعید پاشایان‌دا ٠٠ والی کۆڕاو داود بو بە داود پاشای والی بەغدا کەماوەی ١٥ ساڵ والی بوو ، تا ساڵی ١٨٣١ مایەوە ، ئەمە ڕوداویکی شاری سلیمانی بوو لە سەرەتای سەدەی نوزدەیەم دا ٠

ئەندازیار ـ نوری کاکە حەمە

سەرچاوەکان :

ـ داود پاشا : عبدالعزیز سلیمان نوار ٠

ـ تاریخ العراق الحدیث : علی الوردي ٠

ـ تاریخ السلیمانیة : محمد أمین زکی ٠

Institut Kurde de Paris

گەشتێك بەکوردستاندا

کانی «تووو» و «دۆڵی سەراو»

لەناحیەی بنگردی قەزای ڕانیەی پارێزگەی سولەیمانی بەرەو ڕۆژهەڵات بە درێژیی ٢٦ بیستوشەش کیلومەتر دەکەیە بناری زنجیرە شاخی - کوڕیس - کە دەنواڕێتە لوتکەی شاخی - گوڵوازی قیبلەگاو گوندی کانی‌تووی گرتۆتە باوەش - ئەو گوندە خنجیلانەیە ٢٥٠ - ٣٠٠ ماڵ دەبێ و ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی ١٧٠٠ سەرخێزان دەبێ - دانیشتوانی ئەو گوندە لەژیاندا ڕێبازێکی ئابیەتیان گرتوە ئەویش (هاوینان) کارکردنو زستانان پشودان) دانیشتوان بەئیشوکاری کشتوکاڵو ڕەزەوانیەوە خەریکن کە هەر خێزانە ڕەزوباخی خۆی هەیە وەهەر ڕەزوباخە بەناوی هەواری خاوەنی ناودەبرێ کە ئەو هەوارانەش کەوتوونەتە سەروی ڕۆژهەڵاتی کانی‌تووە کە چەند کیلۆمەترێکی کەم لەگوندەکەودوورەوەهەموو ئەو هەوارو ڕەزو باخانە لە دۆڵێکی پانو بەرین و دوورو درێژ کۆبونەوە کە هێندێکی ئەو هەوارانە پشتیان بەستوە بەزنجیرە چیای گوڵوازو ملەبا وەهێندەکەی دی پاڵیان داوە بە باسکی سەراو وهەورازی خاڵەمامەو کەلکی مەرگە ... وە هەموو ئەو هەوارو باخو دۆڵە بە - دۆڵی سەراو - ناودەبرێ ٠

دانیشتوان لەهاوینان‌دا گوندەکە چۆل دەکەن‌و ماڵیان دەبەنە سەر هەوارەکانیان بۆ سەربەرشتی‌کردنی بەرهەمەکانیان کە بریتی‌یە لەرەزی تری‌و هەرمێو هەنارو هەنجیرو کۆخو قەیسی‌و بەهێو سێوو هەلوژەو بادامو گوێز- هەروەها بامیەو تەماتەو باینجان‌و هەندێ میوەی تر ٠

وە ئەو بەرهەمانە بەشتی وڵاخ بەشێوەی کاروانی لەسەر هەوارەکانەوە ئەبرێن بۆ ڕانیەو قەڵادزەو هەندێ جاریش دەکەیێندرێنە کۆیە کە ئەم ماوەیە ٩ - ١٤ سەعاتی دەوێ تەنها لەیەك سەردا ٠

ئەو توێنەی‌کە لەزەوی‌یەکانی کانی‌تووە دێتە بەرهەم بەتوتنی مەعدەن ناسراوەو لەفەحەدا بلەی مومتازی پێدراوە هۆی ئەمەش دەکەڕێتەوە بۆ بەبیتی زەوی‌و سازگاری ئاوو هەواکەی دەنا لەباری‌هونەری‌کشتوکاڵەوە هەر جوتی ئاو کەرو سەبانی خۆماڵی‌یە کە بەکار ئەهێنرێ ٠

دۆڵی سەراو - یش کە بەهەشتێکی چاو نەکراوەی - مەرکەیە - و بەرکێکی وا قەشەنگی کردۆتەبەر کە مرۆڤ لەسەیری دیمەنەکانی تیر نابێ وە بەرزی داری گوێزو لقی سەرووەو درەختی هەرمێو هەنار لەبەهاران‌دا سەرنجی سەیرکەر ڕادەکێشن ئاخر ئەو دەروو دۆڵەش کۆرپەیەکی ساوای تەوئلەکەی هەوارامانی ئازیزە ٠

هەر لەم دۆڵی سەراوەدا نۆ سەرچاوەی ئاوی سازگاری تێدایە کە هەریەکەیان لەلایاڵو موچەو نزاریکدا هەڵدەقوڵێن وەهەتا بەرەو سەرووتر بڕۆی کوێستان ترە سەرچاوەکان ئەمانەن - کانی‌میری - کانی میراڵی - کانیە گەنکان - کانیە قوڵ قوڵی - کانی خەلیل - کانی کارەش - کانی‌کەنێر - سەرچاوەی کوڕکوڕ - ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە ئەوەیە کە لەم دۆڵەدا ئاوێکی زۆر هەیە جگە لەئاودانی کشتوکاڵو ڕەز هێشتا نۆ ئاشی ئاو لەسەر ئەو ئاوانە دامەزراون کەچی ئاو گوندەکە ئاوی خواردنەوەی لێ دەستناکەوێ تەنها ئاوی ئەو پرۆژەیە نەبێ کە ئاوەکەی بەئەندازەیەکی زۆر کلسی تێدایە ... ئەوەی جێگای داخە ئەوەیە کەکاتی خۆی بڕیار وابوە کە ئاوی پرۆژەکە لەسەرچاوەی کورکورەوە ڕابکێشرێ ئینجا بەهەر هۆیەك-بوە کەم تەرخەمی کراوەو هەر بۆئەوەی پارەی کەمتر تێبچێ ئاوەکە لە کانی - زاڕۆیە - ڕاکێشراوە وەئێستا ئەو ئاوە بەکار ناهێندرێ بۆ خواردنەوەو تا ئێستا بەشێکی زۆر تووشی نەخۆشی گورچیلە بوون وە ئەو پرۆژەیەش تائیستاش ئەندازیاری ئابیەتی پەسەندی نەکردوە ٠

لەبارەی پیشەسازی خۆماڵی‌یەوە دەستبەکارن لە دروستکردن‌و چنینی - کەبریتیە لە - بووزوو - ئەوەی قوماشێکی دروستکراو لە خوری‌و مەرەزی ئاژەڵ بۆ لەبەرکردنی هاوینان کە پێی دەگوترێ‌ڕانك‌وچۆخە- هەروەها لەرەزی ترێ‌کانیان مێووژ دەکرن‌و باسوخ - یش جێی حەلقوم پڕئەکاتەوە ٠ ئەو میووژو باسوخە لەگەڵ کاکڵەی گوێز شەوچەرەی شەوانی زستانە ٠

دانیشتوانی هانادەهێننە بەر ئێمە ٠٠ ڕاستیشە جیاوازی هاوینە هەوارەکان لەگەڵ دۆڵی سەراوی کانی‌تووە ئەوەیە کە نەکەوتوتە بەر چاوی لێپرسراوان‌و ڕێگای هاموشۆکردنی ئۆتۆمبیل بۆئەهاتوەو هێڵی کارەباو پرۆژەی ئاوی بۆ ڕانەکێشراوە ٠

داخوازی دانیشتوان بۆ کردنەوەی بینای قوتابخانەو خەستەخانە لەجێی خۆی دایە چونکە بینای قوتابخانەکەئێستا بەزووری مامۆستایانەوە چوار ژوورە لەکاتێکدا شەش پۆل هەیەو دوو ژووری تری بۆ بەکرێ‌گیراوە کە لەیەکەوە دوورن - باسی کەمی مامۆستا بکەین یان بڵێم شەش پۆل‌و چوار مامۆستا٠٠ خەستەخانەکە لەخانوی کرێی ساڵانەدایە ئەویست وایە سستەرنگی بۆ دابنرێ بۆ تمارکردنی ئافرەتان چونکە دانیشتوانی گوندەکانی - یاخیان - کۆمەزەل - چنارنە - ئاوەژە هەوارەبەرزە - بی‌وەکە - خورخورە - ئەخۆشەکانیان دەهێننە خەستەخانەی کانی‌تووە ٠

دانیشتوان بەهیوایەکی زۆرەوەچاویان لەدەستو هەوڵی دڵسۆزانەی لێپرسراوانە کە داخوازیەکانیان‌بەبەسند بزانن‌و ئەنجام بدرێن هەر لەڕاکێشانی جادەیەك لەبنگردەوە کە ئەو ڕێیە بچێتە دۆڵی سەراوێ بۆ کەلك وەرگرتن لەئاینەدەیەکی نزیك‌دا بۆ هاوینە هەوارو بارکردنی بەروبومی کشتوکاڵو گرتنەبەری ڕێگای نوێ لە کشتوکاڵ‌دا هەروەها دامەزراندنی پرۆژەیەکی ئاو کە ئەمەش فریاکەوتنی ئەم خەڵکە هەژارەیەو ورزگارکردنیان لە مەترسی نەخۆشی گورچیلەو بەرگری‌کردنە لە هەزارانی وەك ئەم دووکۆربە ئازیزو نازدارانە - هەروەها ڕاکێشانی - هێڵێکی کارەبا لەهێزی کارەبای ناحیەی بنگردەوە ٠

من خۆم بەمیوان دەزانم لەکانی‌تووو بەلام بەئەرکی سەرشانم زانی کەوەکو ئاوێنە هەستو نەستی دانیشتوان بخەمەڕوو بەو هیوایەی جێی ڕەزامەندی‌بێ‌و لەهەنگاونانی ئەنجامدا کەلکی لێوەربگیرێ‌و سوپاسێکی گەرمم بۆ ڕۆژنامەی هاوکاری بەنرخ ٠

ئازاد

له فۆلکلۆری کوردی

گەلەبێرە «ناوران»

دانیشتوانی ناوچە شاخاو-یەکان لە بەر ئەوە کە ئەرزی‌کشتوکاڵیان زۆر کەمە ، بۆ وە دەست هێنانی دەرامەتو بەیداکردنی‌هۆی ژیان‌باغوباغات‌بنیات‌ئەنێن‌و لە بەرو بومی کەلك وەر ئەگرن ، جگە لە باغوباغات بەئیشی تری وەکو ئاسنگەری‌ودارتاشی‌و جۆڵایی‌و چنین‌و کلاش‌و پلاو دروست کردنەوەخەریك ئەبن‌و ژیانی خۆیان‌وماڵو منالیان پەڕێوە ئەبەن ٠ دانیشتوانی ئەو ناوچانە جگەلەو ئیشانەی کە لە سەرەوەباسمان کردن مەڕو ماڵاتیش بەخێو ئەکەن ٠ کەم دێ هەیەڕانی(١) مەڕو بزن‌و گاگەلی‌نەبێ ، وە هەموو دێیەك لە دەورو پشتی خۆیان دوور تانزیك ناوچەیەکی تایبەتی خۆی‌هەیە کە جێ لەوەری ئاژەڵەکەیەتی ٠ شوانەکان کەئەو ئاژەڵانە ئەلەوەڕێنن‌وبەخێویان ئەکەن ، هەر یەکە ناوچەی لەوەری ئاژەڵی خۆی‌ئەزانێت‌و هەوڵ ئەدات لە کاتی‌لەوەڕاندنی ڕانەکەیا لەو ئاوچەیەی خۆی نەچێتە دەرەوە،لەگەڵ ئەوەشدا جاروبار لەسەرلەوەرو جێ لەوەرو لەبەر نەزان کاری‌و نەفامی شوان‌گیروگرفت‌و ناکۆکی لە بەینی دێهاتەدراوسێکانا یەیدا ئەبێت‌و دوور نیە لە ئەنجامی زەدوخورددا‌سەرشکان‌و دەس شکانی تیارو بدات ٠

ئەو ناوچە شاخاویانە لەبەر جار ئەبینی ئافرەتێك لە کاتی سەختی‌یان کەم مەڕیان نیە دۆشینی دوا ئاژەڵیا ، بزن یا بەخێو ئەکرێت ، چونکە مەڕ مەڕەکە لەقەبەك ئەدات لە جامە توانای هەڵبەزین‌و دابەزین‌و شیرەکەو قلپی ئەداتەوەو ئەی هەڵقونینە سەر لوتکەوتاش‌و ڕێژێت ٠٠ زنەی بەسە زمان چون بە گژی دارو درەختا بۆ ئەکات بە ئاخو ئۆفو چرۆو گەڵا خواردن، ئەو توانایە گەبی لە بەختی ڕەشی خۆی‌و کەمە ، مەڕ ناوی خۆی بە ڕەجی با بردوی نەکات‌و بە خۆیەوەیە ، (مەڕە ٠٠٠)(٢) ٠ دەستی خاڵی ئەگەڕێتەوە بۆ لەبەر ئەوە ڕانی ئەو شوێنە ماڵەوەو شیری ئەو تاقەی بە سەختانە بە زۆری لە بزن پێك ئەسیب نابێت ، دەستە هاتوە ، کەم‌کەمێکیش مەڕی خوشکەکانی کە لەگەڵی تیایە ٠ ٠ ئەگەڕێتەوە بۆ ناو دێ ئەکەونە

کە بەهار دێت‌و گژوگیاو دڵخۆشی‌دانەوەی‌و قسەی خۆش لەوەڕ زۆر ئەبێت‌و هەوا خۆش کردن بۆ ئەوەی ئەو کارەسانە ئەکات‌و شوان ترسی ئەوەی ناخۆشەی لە بیر ببەنەوە ، ئیتر نامێنێ کە ئاژەڵەکەی سەرمای خوا ئەزانێ بیاوەکەشی لەماڵەوە ببێت ، ئیتر بەشی زۆری وەخت ج بۆڵەیەکی بە سەرا بکات ٠٠ ڕانەکەی لە دەرەوەی دێ بە دۆشینی مەڕو ماڵات لە دەرەوەی دێ کە لە فەسڵی بەهارا ئەبێت ، ئەڵێن (ناو بەهارا ئەبێت ، ئەڵێن (ناو ڕان) کە بە هەورامی پێی ڕان) وە لە بەهارا ئەڵێن (گەلە بێرە) وە لە بەهارا کە لەوەڕ زۆرە ، زۆری دوجار کە لەوەڕ زۆرە ، زۆری دوجار وبگرە زیاتریش ناو ران ئەکرێت و ئاژەڵ ئەدۆشرێت ٠

ئەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە ژنەکان لە کاتی دۆشینی ئاژەڵەکەیانا هەموو شیرەکە نادۆشن ، ئەبێ هێندێکی بهێڵنەوە بۆ بەرخ‌و کارەکان ، وە ئەو بەرخ‌و کارانە هەتا ساوان شیری زۆریان بۆ ئەهێڵنەوە ، کە هەراش بون بەرەبەرە شیرەکەیان لێ کەم ئەکەنەوە ، هەتا لە شیر ئەیان بڕنەوە ٠

لە کاتێکا کە ژنان خەریکی دۆشینی مەڕوبزنەکانیانن ، بەرخ‌و کارەکان کە (بەر کەل(٤) - وەر کەل)ی بێ ئەڵێن ، شوانەکەیان لە نزیك ڕانەکەوە مۆلیان ئەدات‌و چاوە ڕوانی ئەوە ئەکات کە شیر- دۆشەکان لە دۆشین ببنەوە ، هەر کە ژنەکان لە دۆشین بوونەوە شوانی یەر گەل، بەرگەلەکە ئەهێنێ بۆ ناو ڕانەکە ، بۆ ئەوە ئەوانیش بەشە شیرەکەی خۆیان بخۆن ٠

ئای چەن دیمەنێکی جوان‌و بڕ لە سۆزو خۆشەویستی‌یە ، کە بەرخ‌و کارەکان نزیکی خۆ نواندن‌و پیاوەتی کردن‌و مەڕەکانیان بۆ ئەدۆزنەوەو دایکەکانیان ئەبنەوە ٠٠!! کارو بۆیان ئەگرن‌و هەتا لە دۆشین بەرخەکان بە ڕاکردن ڕوەو ئەبنەوە قسەی خۆش‌و دەمەتەقێ دایکەکانیان دێن‌و دایکەکانیش ئەکەن ٠ ڕوەو بەچکەکانیان ئەڕۆن ٠٠٠ (منال : کج - کوڕ) لام وایە ئیتر ئەو ژنانە خەریکی بە باڕە باڕێکی خۆش دەنگی بۆ بەچکەی ئاژەڵ بەکار دۆشین ئەبن‌و قابلەمەو جام‌و بەرخ‌و مەڕەکان تێکەڵ ئەبێت ، ناهێنرێت ٠ سەتڵی‌خۆیان پڕ ئەکەن‌و ئەگەنە دیمەنێکە مرۆڤ هەر حەز ئەکات ئاخرو ئۆخری دۆشین ٠ زۆر تەماشای بکات‌و ئەو باڕە باڕە

نوسینی :
صفاءالدین نقشبندی

وشە دیاری کراوەکان :

(١) ران : لەکوردی‌دا ئەڵێن ڕانە مەڕو ڕانە بزن ، بەلام بۆ گاومانگا ئەڵێین (گا گەل) ٠ هەورامی بەڕان ئەڵێن (ئەلە) ٠

(٢) مەڕ : ئاژەڵێکی بەسەرمانە ، وە مرۆڤێك بەسەزمان‌و بێ وەی بێت بێی ئەڵێن (ئەڵێی مەڕە) یا ئەڵێن (ئەڵێی مەڕی بێغەمەڕە) ٠

(٣) بەلەسە : ئاژەڵێك کە لە دەس خاوەنەکەی ڕابکات‌و سەرکێشی بکات‌و بە زەحمەت بگیرێتەوە ئەڵێن (١) بەلەسە) بوە ٠

(٤) بەرگەل : ووشەکە خۆی (بەرخ گەل)ە ، لەبەر ئەوە ووتنەکەی لەسەر زبان سووك بێت ووشەکە کراوە بە (بەرگەل) ٠

(٥) فرزەند : (فرزند) ووشەیەکی فارسی‌یە ، یەعنی (منال : کج - کوڕ) لام وایە بۆ بەچکەی ئاژەڵ بەکار ناهێنرێت ٠

باشماوەی : ڕەوتی گەشەکردن

دەژیا ، گەلیک پرۆژەی گەورەو کارگەی هەمەجۆر جێبەجێ کران‌و خراونەتە کار ، لەوانە کارگەی گۆگرد پاڵاوتن لە کەرکوك ، کارگەی کەرەسەی کشتوکاڵی لە ئاسکەندەریە کارگەی شوشە لە ڕومادی ، کارگەی کاغەزو کوتی کیمیاوی لە بەسرە ، کارگەی داودەرمان لە سامەڕا ، کارگەی ئاوریشم لە حلە ، وەنەبێ شۆڕش بەکردنەوەی ئەم پرۆژانەوە وەستابێ بەڵکو دەستی کردوە بە فراوان کردنی زۆر لە کارگەو پرۆژەکانی تریش ، لەو فراوان کردنە کارگەکانی چیمەنتۆو خشت‌و شوشەو بۆری ئەسبەست‌و کوتی‌کیمیاوی گرتۆتەوە ٠

- تەنیا ئەو پرۆژانەی لە ساڵی ١٩٧٥دا وەزارەتی پیشەسازی جێبەجێی کردون یاریکەوتن نامەی جێبەجێ کردنیانی لەگەڵ دەزگای کۆمپانیا بێگانەکاندا مۆر کردوە بایی ٦٨٥ ملیون دینار دەبێت ٠

* وە لەمەیانی گواستنەوەدا ئەو ریکەوتن نامانەی وەزارەتی گواستنەوە (نقل) لەگەڵ دەرەکی کۆمپانیا جیهانێکاندا مۆری کردوە لەگەڵ ئەوپرۆژانەی هەتا ئێستا جێبەجێی کردوون بایی ١٩٠ ملیون دینار دەبێت ٠

- وە لەمەیانی پرۆژە ستراتیژیکاندا - یەکێك لە کۆمپانیا جیهانیکان ڕاپورتی سەرەتایی پرۆژەی خەتی شەمەندەفەری بەغدا - کوت - عەمارە - بەسرە - ئوم قەسرو لقی خەتی کوت - ناسریە - ئەلعقەلی جێبەجێ‌کردوە ، سەرجەمی پرۆژەکە لە ساڵی ١٩٨٢دا تەوا دەبێت‌و درێژی خەتەکە ٧٠٠ کیلۆمەترەیە جێبەجێ‌کردنی ١٠٠ ملیون دینار دەبات ٠

* هاوڕێی خوێنەرم ٠ لەگەڵ بەڕێ کردنی ساڵی یاردا شۆڕش دوا بەڕەی لە لابەرەکانی بوونی بەرەژوەندی بێگانەی لەوڵاتدا هەڵدایەوە ئەویش بە خۆماڵی کردنی بەشی بێگانە لە کۆمپانیای ئەوتی بەسرەدا ٠

پێشوازی لە ساڵی تازە دەکەین‌و دڵنیاین کە ئەڵێك دەستکەوت‌و سەرکەوتنی گەورەتر وەچنگ دێنین بۆ ئەم وڵاتەی شۆڕش ڕوی کەش‌و ڕەنگینی وەبەر هێنایەوە ٠

پاشماوەی : هەڵوێست‌و سەرنج

نەهێشتنی نەخوێندەواری داوە بەتایبەتی لە لادێکانی کوردستاندا بۆ ئەوەی بەرەنگاری دواکەوتن‌و نەخوێندەواری بکەن‌و زەمینەیەکی ڕوناك بۆ ڕا فەلاحەکان بڕەخسێنێ کەبتوانن بەرهەم هێنان‌و توانای خۆیان زیاتر پەرەپێ بدەن بۆئەوەی خۆشی‌و بەختیاری وپیشکەوتن زیاتر بەدەست بێنن ٠

بەرێوەبەرێتی خزمەتگوزاری کشتوکاڵ لە سەرۆکایەتی ناوچەی کشتوکالی باریزگای سلێمانی ٦٧ مەلبەندی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە چەند کۆمەڵێکی هەرەوەزگاری کشتوکاڵدا کردۆتەوە ٠٠ وە تا ئێستا ١١٨ مەلبەندی نەهێشتنی نەخوێندەواری سەربە سەرۆکایەتی ناوچەی کشتوکال کراوەتەوە ٠٠

کەسێ هەزار کەس تیابانا دێری خوێندەواری ئەبن ، هەروەها بەرێوەبەرێتی ناوبراو ئەیەوێ ١٠ دەمەڵبەندی تر بۆ ڕابەری کردنی ئافرەتانی لادێ بکاتەوە وەوا چاوەڕوان ئەکرێ لە سەرەتای مانگی‌دا هاتودا چەند مەلبەندێکی تازە بکرێتەوە ٠

ئەم چالاکیانە ئەبنە هۆی بایوەندی نێوان مەسەلەی زەوی‌و زارو زۆر کردنی بەرهەم‌و چالاکی ئواندنی ئافرەتی لادێ‌و مەسەلەی نەهێشتنی نەخوێندەواری هەروەکو ئامانجی شورش نیشان ئەدات کە ئەیەوێ فەلاحەکان ڕوشنبیرو لێ هاتوبن‌و هەست بەئەرکی نیشتمانی سەرشانی خۆیان بکەن‌و بەرەنگاری دوژمنانی شورش بوەستن ٠

نەهێشتنی دواکەوتنی هوشیاری فەلاحەکان یەکێکە لەو هۆیانەی کە ڕافەلاحەکان بەئامیری تازەی کشتوکاڵەوە ڕائەهێنێ کە ئەمەش ئاوانی شورشە کە فەلاح بە ئاستێکی فراوانی هوشیارانەوە بەبوختی بەرهەمەکانی بێنیتەبەرو لە بیناوی بەرهەم هێنانی کەرتی سوشیالیستی‌و پشکەوتنی لادێکانا تێ بکۆشێ ٠٠ هەروەکو ڕاپورتی سیاسی هەشتەمین کونگرەی قوتری حزبی‌بەعسی سوشیالیستی‌عەرەب سەلماندیە کە پلەی ژیانی فەلاحەکان بەرز نابێتەوە ئەگەر کۆمەڵگایەکی بیشنکەوتوی شۆڕشگێر دانەمەزرێ‌و نەخوێندەواری لەناو نەبرێ ٠

پێویستە زۆر بەتیژی بەرەنگاری نەخوێندەواری بوەستین وەبەتایبەتی لە لادێکانا بۆ ئەوەی فەلاحەکان لە نەخوێندەواری ڕزگاریان بێ‌و بین بەپیشڕەوی جەماوەر لە مەیانی ئاوەدانی‌و پیشکەوتن‌و بەختیاری بۆ هەمو نەتەوەکان‌و کەمایەتیە ڕاکانمان لە ژێر سێبەرو ئالای شورشە سەرکەوتوەکەی شۆڕشی ١٧ی تەموزی نەتەوایەتی‌و سوشیالیستی ٠

باشماوەی : بەیاننامەی کۆتای

گەلیك بروسکە لەلایەن لق‌و لیژنە ناوچەییەکان‌و ڕیکخراوەکانی پارتیەوە گەیشتنە کونگرکەو هەموی لەکوبونەوەی سەرەنای کونگرەکەدا خویندرانەوە ٠

دوای ئەوە دەسکاری‌بەڕەوو پروگرامی ناوخو کرا تیمزاکران ، هەروەها کومیتەی ناوەندی پارتی هەلبژیردرا ، کونگرە چەند بڕیارو ئامۆژگاریەکی گرنگی دەرکرد کە لەکاتیکی نرا بلاوئەکرینەوە ٠

کومیتەی ناوەندی
پارتی شۆڕشگیری کوردستان
٢٨ کانونی یەکەمی ١٩٧٥

Institut kurde de Paris

پاشماوەی «کتێبی هاوکاری»

تاریکی داهات و دانەهات جەماوەرەکە هەڵسـتا • چاویان بڕییە ترۆپك و لووتکەی چیای ئاگری • ئەو هەموو مەردمە ببوون بە یەك دڵ و چاوەڕێ بوون • بە چاوە چاوە ، هەر چاوێکیان ببوو بە چوار •

مەحمودخانیش لە کۆشك و سەرای خۆی چاوەنۆڕی ئەوێ ئاوری بوو •

لە لایەك جەماوەرەکە ، لەلایەك مەحمود خان ، گیانیان هاتبووە سەر لێوانیان چاوەڕێی ئەوە بوون ، ها ، ئێستا نەختێکی تر موجیـزە و پەرجوو لە ترۆپکی چیای ئاگـری هەڵـدێ •

کەلەشێری نیوە شەوێ خوێندیان • جگە لە ئەستێرە خەرمانکراوەکانی سەر ترۆپکی چیای ئاگری کە پێـوە سوا بوون ترووکەیەکی دیکە وەدی نەدەکر •

ئاسۆ روون بۆوە ، ئەستێرەی کلدار ورشە ورش ، جریسکە جریسك لەچەرخی شینی خۆیدا خەرمانەی دا هەر دەنگوت مانگێکی دیکەی زۆر سەیرە لە ئێزیکی ئاسۆوە •

سماییل ئاغا وەکو با گەڕایەوە • لە ئارەقەدا چۆڕەی دەهات ، گوتی : « وا ئێستا دەستیان بە غەلبەوەهەرا کرد ، لە سەرەخۆ گەڕانەوە سـەرایێ • نەك هەموو شـیان ، بەشێکیان » •

مەحمود خان هەردوو چاوی ببوون بە کاسەی خوێن • دەستێکی بە مشتوەی شیرەکەوەی ، ئیدیکەی بۆ دەمانچـە زێڕکفتە ، مشتوو ماهیە ، چەخماحلیەکەی بەرپشـتی دەچوو • بە درێژایی ئەوێ شەوێ دەستی بەو ڕەنگە هـەر دەهاتو دەچوو و چاویشی لە ترۆپکی ئاگری بوو •

« هیچ چارێکی تر نیە باشام ، هیـچ چارێکی دیکەی قوتاربوون ••• » باشا خاو بۆوە • بە هەموو گوڕێکیەوە ، قورس و گران ، بە لۆژە لۆژ ، هێز لەبەر بڕاو ، سا بە هەر جۆرێکی بوو خۆی گەیاندە بەر دەرکەی سەرا • لەپێش دەرکەی مزگەوتەوە ڕەت بوو ، لە حەوشەی یەك دوو جار قاچ و قوولی وێك ئاڵان ، ویستی بکەڕێتەوە نەگەڕاوە • هاتە بەر دەرگانە سەر بە کەمبەرە زەلامە بە نەخش و نیگارە لە ئەقل بەدەرە سوولجووقیانەکەی حەوشێ • جەماوەرەکـە ئەگەر دیتیان لە غەلبە و بۆلۆن کەوتن و کڕ و کپ ، ورتە لە بەردەوە دەهات لەوانەوە نەدەهات • تەنانەت پشووشیان نەدەدا • مەحمودخان بە چاوە زەلامەکانی جەماوەرەکـەی دابێژا • جەماوەری تایین بە کاوە خۆ ، وەکو دەریای باش مەدد و چەزران دە هەژا • باشا بەرەو تەپۆلکەی پێش سەرای چوو ، بە تەپۆلکەدا هەڵگژا ، گوتی •

« لە بەر خاتری ئێوە وا ئەحمەدم بەخشی • شایی یەکەشی خۆم سەر و بەری دەکەم • مادامێکی ئەو هەمـوو خەلکە ، ئەو هەموو مەردمە هاتوون • هەر ئێستا بیـاو دەنێرم ئەحمەد بێننەوە • کێهەتان لە هەمووان سـوار چاڵەترە ، کامەتان لە هەمووان جالاك و چابك ترە بڕوا ، لە فریای ئەحمەد بێ ، بێی ڕابگەیەنێ ، باشا وازی هێنا » •

جەماوەرکە لە ناخەوە وە غەلبە و غرێو کەوتن • یەك دوو جاران لەم سـەریرا تا ئەو سەری ، شـەبۆلی دا • جەماوەرەکە وەکو ژانی کرژ هەڵاتووی لێ بەسەرهاتبوو • خاو دەبووەوە ، دەڕوییەوە • باشا سوتسەی ئەوەی کرد •

بە رووڵەت شایی بە خۆیوو ، لە دەروونیدا دڵی ئۆقی بوو ، لە تەپۆلکەی هاتە خوارێ ، یە هەنگاوی قورس و گران وە ژوور سەرایێ کەوت • پیاوەکانی سێ هەنگاوی لـە دووەوە دەڕۆیشتن •

ئەگەر باشا وەژوورکەوت و ئەکەوت بڕێ لاوی خوێن کەرم ، هەندێ بە سواری ، هەندێ بە پیادە ملی ڕێگای چیای ئاگریان گرت •

جەماوەرنك وەکو بفڕێ بەرەو ئاگری هەلکشا •

ئەوێ ڕۆژێ جەماوەرەکە خاوبۆوە ، دەستیان بە قسان کرد • بایزید وەکو بووە هەنگێکی زەلام ڕاوەی دەهات • ئینسانەکان دەستێ بەم دیو و دەستێ بەو دیودا سست و خەفەخان بەو بەر ڕۆژەوە بۆ خۆشیان نەیاندەزانی چیکەن ، بۆ کوێ بڕۆن ، هەر دەخولانەوە و دەوەستان •

ئاسنگەر چووبووە نێو جەماوەرەکەوە ، بە شادییـەوە دەیگوت : « کافرەکە ئیمانی هێنا ، ئاخرییـەکەی ترس وەئیمانی هێنا • زانی کۆشك و تەلارە زێڕەکەی ، سـەرا مەرمەڕ و زێوەکەی نوغرۆ و خاپوور دەکرێ • ئـەو کافرە لێی عەیان بوو بۆیە بە چۆکدا هات » •

جەماوەرەکە هەموو سەرسام سەرسام دەیانڕوانیـە ئاسنگەر •

« ئێمە ئەگەر لە هەموو شتێکدا وا یەك بگرین ، کەس ناتوانێ دەممان تێ نێ • ئێمە جیا ، شا بەرئەمان ناگرێ • هیچ کەس ••• هەر ئەوەندە یەك بگرین ئیدی بەسە » •

هەندێ کەس ، لەوانی سەر بە سەرایێ لە بشـتەوە دەیانگوت : « ئاگر بەڕستی ، دین دژمن ! بە تۆچی ؟ ئێمـە یەك بگرین یا نەگرین ، تۆیەکی ئاگر بەرست ••• »

ئاسنگەر گوێی لە قسەی ئەوانی پشتیەوە نەبوو •

ئینسانەکانی ئەو دەشتە جارێ وەسەر شـاری دەکەوتن ، جارێ دەهاتنە خوارێ ، ئارامیان لەبەر بڕابوو ، چاویان بەڕێوە بوو کەی خەبەرەکە لە ئاگریەوە دەگا • هەر لەمێستاکەوە هەندی کەس لە چاوەڕوان کردن چارس و وەڕز ببوو ، لێی دابوو گەڕابۆوە گوندی خـۆی • تا درەنگ تر دەبوو ئەوانی کە بۆ گوندان دەگەڕانەوە ، یا هەڵبـەی گەڕانەوەیان دەکـرد زۆر دەبوون • چاوەڕوانەکـە ، تووڕەیی یەکە شتێکی زۆر کەمی ماوبۆوە •

دیسان ئێوارە داهات ، ڕۆژئاوابوو ، هەرا و غەڵبەی بەزیوی وڕز بووی جەماوەرەکە وەکو لە ناخەوە ، لە ناخی زەوی بەوە بێ ، کەورە بۆوە • ئەنیا ئەو کەسانەی کـە مەرەقدابوون ، ناو بە ناو سەریان بلند دەکرد و ئەماشایەکی ترۆپکی چیای ئاگریان دەکرد • مەحمود خانیش هەر نیـو سەعات جارێ ، سەعاتێ جارێ دەچووە بەر پەنجـەرە و دەینۆڕییە ترۆپکی چیای • بەڵام ئەنیا پیـاوێك هەبوو ، ئێستا و ئێستاش چاوی لە ترۆپکی ئاگری نەتروکانـد ، ئەویش ئاسنگەرەکە بوو •

دەیگوت ، کۆمەکم کردووە ، ئاگری نایگرێ ، ڕێ و ڕاست دەیگەڕێنێتەوە • لەبەر خاتری کڵپەی بڵێسان ، پیرو پیاو چاکان ئەحمەدمان بۆ دەنێرێتەوە • ئەوێ ڕۆژێ ئێوارەی چوارەم ڕۆژ بوو • لە نکاو زریکەی ئاهەنگەر پەردەی شەوی دڕی ، پاشان هەرایەك وەکو ئەقینەوەی تۆپ لە چیـای ئاگری دەنگی دایەوە • چیا ڕاچەنی ، لەرزی • هـەرا و زیریکە لەشیو و دۆڵانەوە وەکو تۆپ ئەقینەوە • هەمـوو سەیری ترۆپکی چیای ئاگریەیان کرد • ترووسکە ئاگرێکی باریك لەسەر ترۆپکی چیا گەشایەوە • هەنـدێ جار ون دەبوو ، لەپڕ پەیدا دەبۆوە • دیسان ون دەبوو •

مەحمود خان گوتی :

« ئاگری ئەحمەدی نەگرت ، چبوو ؟ »

سماییل ئاغا گوتی :

« ئەحمـەد ئاگریایی یە ، لە خۆیەتی ، هیچیـان لێ ناکا » •

مەحمود خان قیژاندی :

« درۆیە ، ئەمە شتێکی تێدایە » •

بۆ سبەینێ زوو ئەحمەد نیشتبووە ئارەقە و خوێن بە سواری ئەسپ قوت بۆوە ، هات لە پێش دەرکی سـەرا وەسـتا •

جەماوەرەکە هەر چوار دەوریان تەنی • ئیزنیان نەدا لە سەرایێ بچنەژوور • بۆ دوکانی حوسۆی ئاسنگەریان برد •• ئەحمەد دەستی حوسۆی ماچ کرد •

« پیران دەستیان بە باڵتەوەگرت • هەمیشە پیرانـت، لە پشت بێ ! » ئاورینگانی بە سەردا پڕژانـد و پیرۆزی کرد •

گوڵبەهار هاتبوو لە سووچێکەوە ڕاوەسـتا بوو • ئەحمەد هەر تەماشای نەکرد • گوڵبەهار بەم ڕەفتـارەی زویر و زگار بوو • قسەی نەکرد • تۆ بڵێی وابێ ؟ جـا ئەگەر وا بوو ئەم پیاوە بۆچی لە ڕۆحی خۆی بوورد و چوو لەسەر ترۆپکی چیای ئاگری ، ئاگری هەڵکرت ••

گوڵبەهار لە هەموو شتێ حاڵی ببوو • خۆشەویستیەکەی بە عەینی ئەندازە بەرەو ڕك و کین دەڕۆییەوە •

هەر لە دووی ئەحمەد وەدەرکەوت ، گوتی :

« ئەحمەد ، با بڕۆین » •

ئەحمەد گوتی :

« بڕۆین » •

ئەچوونە سەرایێ • سەیری جەماوەرەکەیان نەکرد • چاویان بەو داوەت و شایی یەی بۆیـان تەدارەك کرابوو ، نەکەوت • دەستی پیری کاروانیان ماچ کرد ، سـواری ئەسپەکانیان بوون ، سەر لەنوێ دایانکێشا ، بەرەو چیـا گەڕانەوە •

گۆلێك بە سەر سینگی چیای ئاگریەوەیە ، هـەر هێندەی چێ جۆخینێ گەورەیە • ئاوەکەی تابڵێی شـینە • هەموو ساڵێ کە بەهار بەسەردنیادا دەدا ، سبەینێیەك ، پێش ئەوەی ڕۆژ هەڵێ ، تێکڕای شوانەکانی چیای ئاگری دێنە سەر ئەم گۆلە • کە بەنکەکانیان بەسەر تەقتەقـە ئاویری سوور ، ڕك ، ڕژد ، بەسەر گڵی مس ڕەنگی گۆلەکەدا ڕادەخەن ، لەسەر خاکی سەودای هەزار ساڵە دادەنیشن و بە بلوێرەکانیان هەمـوو بەیەك بشوو تووڕەیی چیـای ئاگری دەژەنن • هەرکە ئێوارێ دا دێ ، باڵندەیەکی سـپی دێ ، زۆر چکۆلانەیە ، باڵێکی لە شـینایی یەکە وەردەدا ، دەفڕێ و دەڕوا •

لە پشتەوە ، نەختێ لەولاوە ، سێبەری ئەسـپێکی زەلام ، بەرەو گۆلەکە دەکشێ • هەرکە دێ و نایە ، گورجێ لە چاو ون دەبێ • ئەگەر ڕۆژ ئاوا دەبێ و نایێ شوانەکانیش لە بڕ لە بلوێرەنین دەوەستن و لە نێو تاریکایی چیـای ئاگریدا ڕەنگیان دەچێتەوە و ون دەبن و لەگەڵ تاریکیـدا تێکەڵ دەبن •

سەری ئەسپەکانیان کێشا پێش ئەو ئەشکەوتی کە لە سەرووی گۆلی کووپەوە بوو • چادر و ڕەشماڵێکی زۆر لـە ڕاستانی سەر ئەشکەوتێ ، لە لابانەکانی خوارێ هەڵدرابوو • جـرا کزەکانی نێو چادر و ڕەشماڵان بە ئاگرییـەوە وەرکرابوون ، ترووسکە ترووسکیان بوو • دەور و بـەر بۆنێکی هێند تیژ و تاڵی لێ دەهات ، پیاوی مەست و گێژ دەکرد • بۆن و بەرامەی مانگی نەورۆز ، تیژ تیژ ، لـەو نێوە بەنگابۆوە • هەربۆنەی وەکو بۆنی سـێوەکێوێلەی کۆن و سیس دەچوو • گژ و گیای هەڵفرجاو ، گوڵاڵـەی هەڵڕووزکاوی بە هێز ، کورتیلە کورتیلە ، کوڵەبنـە کوڵەبنە ، خشەخشیان بوو • ئەسپەکانیان بـە دەوەنێکەوە بەست ، ئەحمەد بە بەردەستێکەی ئاگرێکی هەڵکـرد ، گوڵبەهار گزرە ئاردوویەکی هیشکی دار و دەوەن لە دەور و بەران خڕکردەوە • هەردوکیان لە لێوئاگرەکەی ، بەرانبەر بە یەك دانیشـتن ، ئەحمەد نان و پەنیری سەوزی لـە هەگبەدەرێنا • دوو بەدوو دەستیان بە خواردنێ کرد • ورتە لە دەمی شتاقیانەوە نەدەهات ، ئەیاندەنۆڕییە نێو چـاوی یەکدی • تەنیا ، ئەگەر ئاگرەکە ڕووی لە کوژانەوە دەکرد ، گوڵبەهار هەڵدەستا دەچوو باوەشێکی ئاردوو دێنا • دووکەڵ چووزرەی نێو کەبووی دەزراندەوە ، بەڵام هیچیان بە خۆیان نەدەزانی •

لە نووڵەکەی دوورەوە گرم و هۆرێك دەهات ، ئـەو چیایەی دەهەژاند • دەنگوت بە سەدان شەبە و هەرەسە بەفر هەرەسیان هێناوە و دەتەقێنەوە • مەلێ ئەمە دەنگدانەوەی ئەو هەرەسە سەهۆلانە بوون کە لە لووتکە و ترۆپکـی چیاکانەوە هەرەسیان دێنا و بەرە بەرە دەنگیان گـەوزە دەبوو •

جا ، هەموو وەرزێ ، هەرەسە سەهۆلی وا زەلام ، کە یەکی هێندەی چیایەکی چکۆلە دەبێ ، غلۆر دەبنەوە و لـە نواڵ و شـیو ودۆڵان گرمـەیان گەورە دەبێ و دەنگ دەدەنەوە •

گوڵبەهار بە ترسێکەوە ، بە پەژارە و کـوڵ و نسرینەوە ، چەنەی لەسەر چۆکی دانابوو و بۆ خـۆی هەڵتروشکا بوو ، هەر هێندەی کڵۆڵەیەکی مابۆوە •

باگەڕ و زریانێك لە دەرێ هەڵیکرد ، هات و ڕابرد • بوو بە ساماڵ ، پاشان هەوا لە نکاو ڕەوییەوە و خـۆش بوو • شەوگار ڕاشکا • ئەوان هەر بەو ڕەنگە بەرانبـەر یەك دانیشتبوون ، چاویان بڕیبووە ئاگرەکە و هیچی تر •

نە ئەمیان دەیتوانی دەس بە قسان بکا ، نە ئەویان • ڕك و تووڕەیی گوڵبەهار تا دەهات پتر هەڵدەتۆقی • ئەوین و سەوداسەری یەکەی چەند بە ڕەگ و ڕیشە ببوو و قووڵ و ڕۆچوو بوو ڕك و تووڕەیی یەکەشی بەو ئەندازەیە هەڵدەچوو و سەرڕێژی دەکرد • لە نکاو تەقی یەوە ، گوتی :

« بیلێ ئەحمەد ، ئەتوو شتێکت لە دڵیدایە ، بیلێ » •

ئەحمەد چاوەگەورەکانی بە شەڵەزاوی یەوە کردەوە ، لە حاڵی گوڵبەهار گەیشت •

دەنگوت چەندین ساڵە ، تازە گوڵبەهاری دەبینی • دەنگوت دەیەوێ یەکێکی زۆر لەمێژ ناسیاوی وەبیر بێنێتەوە ، شتێکی وای لە ڕوخساردا وەدی دەکرا •

ئەحمەد قسەی نەکرد ، نەیتـوانی چ بڵێ • دەنگی گوڵبەهار وەکو سووتمان و ئاگرکەوتنەوەیەك وەچـوو • دەبوو وەرامی بدرێتەوە • ئەحمەد چاوی بڕیبووە ڕوخساری گوڵبەهار و دەمی چووبووە کلیلە ، متەقی نەدەکرد • پاشان وەکو گیانی لە بەدەن بکێشن ، گوتی :

« چۆنت ڕزگار کردم ، گوڵبەهار ؟ چـت بە مەمۆ دا سەرمت بێ کڕییەوە ؟ مەمۆ لە پای چی خۆی بەخـت کرد و سەری منی ساندەوە ؟ چما کاتێکی منی قوتار کرد بە مەرگی خـۆی نەدەزانی ؟ ڕاسـتی ئەوەم پێ بڵێ • دەیزانی ، نەیدەزانی ؟ »

وەستابوو لە گوڵبەهاری دەنۆڕی ، چاوەنۆڕبوو •

گوڵبەهار گوتی :

« دەیزانی ، دەیزانی کە هەر زیندانەوانێك دەرکـەی زیندانی بۆ زیندانیان وەکا لە چ جێیان لەسەر نـەو دنیایەی ئاژی • بەنا وەبەر هیـچ وڵاتێکی نابا ، مەمۆ بۆ خـۆی ئەوەی زۆر چاك دەزانی • هەر بۆیەش بەدەم شەڕەوە تا ئاخر پشوو خۆی بەخت کرد لە برجی قـەڵاڕا خۆی هەڵداشت » •

« زێرت دایە ، دەستی لە ڕۆحی خۆی هەڵگرت ؟ »

« نەء » •

« کۆشك و سەرات بێ بەخشی ، سەری خۆیدا ؟ »

« نەخێر »

« ئەدی چت دایە گوڵبەهار ، دەیێشبەری ویـدا گیانی خۆی بەخشی ؟ گیانی بە گیانی گۆڕییەوە ؟ »

« هیچم نەدایە ئەحمەد ، هیچی نەویست » •

« بۆ قوتارکردنی من ؟ »

« گوڵبەهار قسەی پێ بڕی ، گوتی :

« پێم کوت چت دەوێ دەیدەم ، بۆ قوتار کردنی ئۆم بوو • هیچی نەویست » •

« بۆ پێ کوت ، چت دەوێ دەندەمێ ، وەها ؟ »

« کوتم ، چت دەوێ دەیدەم • ئەو هیچی نەویست » کڕ و بێ دەنگ بوون • ئاگرەکە بـەرە بـەرە دەکوژاوە بەش بە حاڵی گوڵبەهار هەموو شتێ بڕابۆوە •

زۆر چاك لە نیاز و دۆزی ئەحمەد کەیشتبوو •

ئەحمەد هەڵسا و ڕەبەی سەر ئەسپەکەی هێنا ، گیا و کۆڵی ڕاخست • لـە بۆرش و بەڵاشی بۆن تیژی چیای ئاگری سەرینی دروست کرد • شیرەکەی هەڵکێشا لە ناوەندیی دریژ کرد • شیر لـە بەر ترووسکە مردەڵەی ئاگرەکە مات مات بریقاوە • ئەوجا ڕاکشا ، وڕبەکەی بە خۆیدا دا •

گوڵبەهار وەدەرکەوت • هەمبێری ئاوڕەی هیشکی دیکەی هێنا • ئاگر بڵێسەی ساند • مات ، جەسرەماوی ، تامەزڕۆ ، لە ڕوخساری ئەحمەدی ڕوانی • ئەو دەیڕوانیە سەر و ڕوخساری و ڕوانینی دەهاتێ ، لێی نێر نەدەبوو • هەرچەندی تەماشا دەکرد ، هێندەی دیکە سەودای وە هەوزەڵ دەکـەوت و پتری بـەرە دەستاند • لـە نێو بێچارەییدا بە جارێ گرژەهەڵاتبوو و بەسەر یەکـدا داقووبابوو • هەموو شتێ ، هەموو شتێ بڕابۆوە • ئەو ئازارە ترسناکەی لە ناخەوە هەست پێ کرد • بەرئەی ئەدەگرت • جا چی کردبا ؟ بۆ کوێ چووبا ؟ بەنـای وەبەر کێ بردبا ؟ تا ئێو مۆخی هێسکانی پڕ ببوو لە ئەوین و سەودا • ئایا بە ڕاستی حەزی لە ئەحمـەد کردبوو ؟ ئەگەر حەزی لێ کردبایە بە مەرگی خۆی قایل دەبوو ••• مەمۆی •••

چووە دەرێ • ساتمە و سەرەنگرێیدا • ئەستێران خرۆشان • جارێ وەسەر ئاری دەنـەوتن ، جارێ دەعانەخوار ، ئاگری ئەوی بۆوە ، بڵند بۆوە ، لەگەڵ ئەستێران تێکچۆزان ، تێك ئالان ، تێکچۆشـان • نرکەندی ، ڕاچەنی ، ڕەندی ڕووخان • گوڕەهاز بە باوەشێك گزرەوە دەڕاوە دەڕوی • ئەوەکە دەڕی سانك ، دەم و چاوی ئەحمەد هێندەی دیکە جوانتر بۆوە ، زیاتر وەسەوداکەوت • ئەحمەد نوستبوو • بە خولیای سەوداوە کلابوو ، ماندوو و مردووبوو ؟ گوڵبەهار وەخـەت بوو بخنکێ ••• چەندی تەماشا دەکرد ڕوخساری ئەحمەد هێندەی دیکە جوانتر دەبوو • ئاگرەکە هێندەی دیکـە وەکڵبە و بڵێسە دەکەوت ، دەتەشاوە ، ئەوزەتر دەبوو • گوڵبەهار کرژەهەڵات • دنیا دەخولاوە کەور و تاشەی ئەشکەوتەکەی بە ناڵە و هات و هاوارێکی ترسناکەوە لێك دەقڵیشانەوە و لەبەر یەك هەڵدەژران ، ئەستێران لـە دەرێ وە پەروازکەوتبوون ، دەفڕین ، دەخرۆشـان ، دەوروبەر هاربوو ، دنیـا خـرا ببوو ، قیـامەت هۆریزیابوو •

گوڵبەهار لە تاریکیدا غەرق بوو • ئەنیا دەم و چاوی ئەحمەد دیاربوو ••• گوڕبەهـار دەستی پـڕ خەنجەرەکەی چوو • خەنجەر بە دەستیەوە سارد بۆوە ، تا قژلی ماندوو بوو ، کەوتە خواری •

ئەگەر چاوی هەڵینا ڕۆژ هێـدی هێـدی ڕوون دەبۆوە • یەکەم شنەبا ، بۆن و بەرامە تیژەکانی بە هەر چوار لادا داغان دەکرد • گوڵبەهار لە نێو تۆبەڵە تیشکێکدا ، لەسەر زنارەکەی پێشەوە دڕست ، نیشتبووە نێو تاریك و ڕوونەکە • بەرەو ئەحمەد چوو :

« ئەحمەد ، ئەحمەد ، ئەحمـەد ، وەرە مـەڕۆ •• ئەحمەد ، ئەحمەد ! »

سەرانسەری چیای ئاگری دەنگی دایەوە • بـە سەدان هەرەسە بەفر لە سەردا شەپەی هێنا بۆ نێـو نووڵان ، بۆ نێو گەلییان • چیا لە ناخی ناخیـەوە ڕاچەکی • گوڵبەهار چەندی لە ئەحمـەد نێزیـك دەکەوتەوە ، ئەحمەد هێندەی لێ دوور دەکەوتەوە • ئەگەر ڕادەوەستا ، ئەویش ڕادەوەستا ، ئەگەر دەڕۆی ، دوور دەکەوتەوە ، بڕۆ بڕۆ تا گەیشتنـە گـوڵی کووپـە • گوڵبەهار ئەحمەدی لە گوڵی کووپە ون کرد • هـەردو دەستی بە لاجانگیەوە گرت لەسەر خۆڵە مسرەنگەکەی گوڵی کووپە دانیشت • چاوی لە ئاوە شینەکە بڕی •

ئیتر لەوێ ڕۆژێوە هەرچی بەکن گوڵی کووپـەدا نێدەپەڕێ ، نەماشا دەکەن ، گوڵبەهار ، کەزییە دریژە ڕەشەکانی ، کە وەکو ڕووناکی دەکشـان ، بە سـەر پشتیدا شۆڕ کردوونەوە و هەر دوو دەستی بە لاجانگیە گرتووە و سەیری نێو ئاوەشینەکە دەکا •

ناو بە ناویش ئەحمەد لە نێو ئاوی گۆڵەکەدا دێتە پێش چاوی گوڵبەهار ، گوڵبەهاریش باوەشی بۆ دەکاتەوە بەرە و پیری دەچێ ، هاوار دەکا :

« ئەحمەد ، ئەحمەد ! » دەنگی لەو چیا و چۆلە دەنگ دەداتەوە • دەڵێ : « ئەحمەد ، ئەحمەد ! ئەتووش بای لە جێی من ، هەروات دەکرد ، ئیدی بەسـە ، دەوەرە ، ئەحمەد گیان ، ئەحمەد گیان ، ئەحمەد گیان ! » گـوڵ دەکوڵێ ، هەڵدەقوڵێ ، ئەحمەد دەسڕدرێتەوە گوڵبەهار دەسڕدرێتەوە ، مەلێکی سپی دێ باڵێکی لە ئاوە شینەکە وەردێنێ پاشان سێبەرێکی ڕەشـی ئەسپێـك بـە سەرگۆڵەکەدا دەکشێ و دەڕوا •

هەموو ساڵێ ، کە بەهار بە تارای گوڵاڵان دەخەملێ، دنیا وەگڕوگاڵان دەکەوێ ، شوانەکانی چیای ئاگری لـە هەرچوار کەنارەوە دێن ، کەپنەکەکانیان لەسەر خۆڵـە مسرەنگەکەی گۆڵی کووپە ڕادەخەن و لەسەر ڕۆدەنیشن • لەگەڵ سووڕایی ئاسـۆدا بلوێـرەکانیـان لەبـەر پشتێنەکانیان دەردێنن ، تووڕەیی ئاگری دەژەنن ، سەودا و ئەوینی ئاگری لێدەدەن ، تا ڕۆژ ئاوا دەبێ ، جا هەنگێ مەلێکی چەرمك دێ •••

کۆتایی

بۆزانـــین

دریژ کردنەوەی ماوەی بەکرێدانی میوانخانەی صـــلاح‌الدین

لەبەرئەوەی تائیستا کەس نەبوو میوانخانەی سەرەوە بەکرێ بکرێ •• ئەیندارێتی گشتی بەریوەبردنی شارەوانی و هاوینە هەوارەکان ئەوکەسانە بانگ ئەکات کـە شارەزایان لەبەرئوەبردنی میوانخانەی گەشت و گوزار هـەیەو ئەیانەوێ بەکرێی بگرن بەشداری مزایدەی بەکرێ گرتنی میوانخانەی صلاح‌الدین بکەن لە هاوینە هەواری صلاح‌الدین لە ١-٤-١٩٧٦ تا ٣١-١٢-١٩٧٨ •

هەرچەکان لە ئەمیندارێتی گشتی شارەوانی هاوینـە هەوارەکان دەست ئەکـەوێ ، عەتاناتـەکان پێشکەش بـە ئەمیندارێتی گشتی بەرئوەبردنی شارەوانی و هاوینە هەوارەکان ئەکرێ لەناو زەرفێکی مورکراوا ، ئەبێ عەتاناتەکان تەئمیناتێکی سەرەتایی (٣٠٠) دیناری لەگەڵابێ یان بـە نەقـدی وەیـان کەفالەتیکی مەسرەفی بەپڕی نوسراوی یەکیك لە بانقەکان ، چەکی ئیمزانەکراو وەر ناگیرێ ، تا سەعات ١٢ی نیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەمەی ڕێکـەوتی ٢٥-١-١٩٧٦ عەتاناتـەکان وەرنەگیرێ • هەر عەتاناتێك لەکـات و شـوێنی دیاریکـراوا پێشکەش نەکرێ و وەصڵی ئەئمیناتەکەی لەکەلا نەبێ یان کتابی ضمان یان بڕوانامەی شارەزابون وەر ناگیری • کرێی ئیجازەکە بەسێ جارو لە ماوەی شەش مانگی یەکەمدا نەدرێ •• کرێی بلاو کردنەوەی ئەم بۆزانینە لەسەر ئەو کەسەیە میوانخانەکە بەکرێ ئەگرێ ، ئـەم ئەمینداریتیە ملزم نیە بەوەرگرتنی بەرزترین نرخ وەیان هەر نرخێکی تر •

ئەمینداری گشتی

بەرئوەبردنی شارەوانی و هاوینە هەوارەکان

سیروان جاف

Institut Kurde de Paris

بۆکۆچی دوایی خوالێخۆشبوو محەمەد تۆفیق وەردی

د. شۆ لە سلیمانی

ئاخو داخ لە دەس چەرخی چەواشە
خۆشی تیا نیەو خەفەت بەلاشە
ئەوەتێی ئەمن خۆمم ناسیوە
خۆشیم بە خۆمۆ سازێ نەدیوە !
کردەی هەروایە گەردونی بەکار
نایەلێت هەرگیز دل بە بێ ئازار
خەمێکی تازەی خستە سەر شانم
نووسەری بەرزی لە دەس فڕانم
فولکلور نووس و شاعیرو وریا
کاك (توفیق وردی) دەرچو لە دنیا
لە ڕۆژنامەکەی « هاوکاری » نازیز
بنییم کۆچی کرد لە کاتی پایز !
لە بیست و هەشتی تشرینی دووەم
جیهانی جێهێشت بە بێ زیادوکەم
نۆ سەدو حەفتاو پێنجی میلادی

بە داخەوە ڕۆی بە نامرادی
لە شیعرو پەخشان مامۆستای تەواو
دڵی لەناکاو لە لێدان وەستاو
وا بوو بە چل ڕۆژ دەرچوو لە دەسمان
ئێمەی بە جێ هێشت ئاخ لە دەس نەمان
دنیا هەر وایەو هەر وەهاش بووە
یەکێ هاتوەو یەکێ دەرچووە
هێچ کەس ناگاتە سەریلەی کەمال
بەرەنگاریەبێت لە پردا زەوال

داخی گرانم بۆ (توفیق وردی)
نووسەری تەواو بە زمانی کوردی
شاد بە هەشت بوو بێ شك و گومان
خەمی بەجێ هێشت بۆ خزمو خوێشان
کاك توفیق وردی خوا خۆشبوو لە تۆ
هەکا هات بۆ لای ئێوە (دکتور شۆ)
نەك هەر ئەنها من بێم بۆ لات کاکە
ئەوی بوو دەمرێ و شوێنی ژێر خاکە
مێژووی دوا کۆچی وایە بە کوردی
بە هەشت جێو شوێنی کاك (توفیق وردی)

چالاکیەکانی کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی

لە ٢٨ی ئەم مانگەدا ، کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی لە سلیمانی ئاهەنگێکی گەورەلە سەر شانۆی هۆلی قوتابخانەی چالاکی هونەری سلیمانی ئەگێڕێ و ئاهەنگەکە (١٠) ڕۆژ ئەخایەنێ و نواندنو وەژسیقاو گورانی و هەڵپەڕکێی تیا پێشکەش ئەکرێ .

- جیهانی سینەما -

سۆفیا لۆرین

کچە ئەکتەری ئەم چەرخەیە

هەروەها دوو خەڵاتی مەزنی پێش کەش کرا لە ساڵی - ١٩٦١ - لەوکاتەی فلیمی (دوو ئافرەتەکە)ی دەرکرد ، ئەمەو لە میهرەجانی سینەمای ئەم سەردەمەش خەڵاتی - ئۆسکار - ی پێش کەش کرا

بەڵام - سۆفیا لەم دووایییەدا رووی خۆی لە هونەری سینەماوە وەرگێڕا فلیمی ئەم سەردەمەی بەتەواوی ریسوا کردو بە جارێك وازی لەم هونەرە هێنا ، پاش ئەوەی لە گۆڤارێکی هونەریدا بیروڕای خۆی لەم ڕووەوە دەرخست وگوتی (من لەو بڕوایەدام هونەری سینەمای ئەم سەردەمە زۆربەی تامو بۆیەکی تاڵو مانایەکی پوچەڵ ئەبەخشێ و دوورە لە مەبەستی کۆمەڵ .. تەنانەت من خۆمی لێ دوور ئەخەمەوەو قیزم لەو فلیمانەی ئێستا دێت .. چونکە زۆربەی بۆ تێرکردنی غەریزەی لاوەکانەو هیچی تر !! هەروەها ئەو هونەرمەندەش ڕەفزەکەم کە لە بەرچوانی کردوویانە بە ئەستێرەی سینەما ! چونکە هەرچەن قەشەنگ و جوان بێ، لەو جوانتر هەیە ، بۆیە تەمەنی ئەم جۆرە کچە ئەکتەرانە زۆر کەمە ، بەڵام هەق وایە ڕەخنە گرو دەرهێنەرانی سینەما بایەخ بەو جۆرە ئەکتەرانە بدەن کە بەهرەیان هەیەو لەم ریگەوە خەڵکی خۆشیان ئەوێ ، گومانم نییە هەر ئەو ئەکتەرەشە بە درەوشاوەیی ئەمێنێتەوە نامرێ .

- شێرزاد -

بە بیروڕای دەرهێنەرو ئەکتەرەکانی ئەم سەردەمە ، - سۆفیالۆرین - باشترین و بەتوانترین کچە ئەکتەرە لە سینەمای نوێداو ئەو فلیمانەی لەم دووایییەدا دەوری تیا بینیوە بایەخێکی زۆری هەیە لەلایەن ڕەخنە - گرانی سینەماوە .

- سۆفیا - لە ساڵی ١٩٣٤ لە دایك بوە ، جاران بە - سۆفیا شیکۆلی - ناسرابو بەڵام دوای دەرهێنانی فلیمەکانی بە - سۆفیا لۆرین - ناسرا هونەری سینەما لە تافی کچۆلەیی و منداڵیدا کاری تێ کرد ، بەڵام هەتا تەمەنی شانزە ساڵی نەی توانی ئەو هیوایەهونەریەی بە دی بێنێ لەو وەختەدا هەندێ دەوری ساکاری پێ سپێردرا ، بەڵام بەهرەو لێ وەشاوەیی خۆی پیشانی دەرهێنەران داو سەرنجی زۆربەی هونەرمەندانی هونەری سینەمای ڕاکێشا . تا ئەووەختەی چەند دەرهێنەرێکی ناودار گەلێك تاقی کردنەوەیان پێش کەش کرد ، ئەنجا دەوری سەرەکی بێ سپێردرا لە فلیمی « کۆچ کردن »و لە میهرەجانی - سان سیباستیان - بەیەکەم کچە ئەکتەر دەرچوو .

ئاوڕێك لە رابوردوو / ئاڵام ئامادەی کردووە

لە ڕۆژنامەی (ژیان)ی ژمارە (٣٥٢)ی ساڵی ٩٣٣دا ، (دعایە)یەکی سەیرم پێش چاوکەوت کە بۆ نەو کتێبی (گورانی)یە کرابوو کە ماموستایان کوردیو مەریوانی واتا (مستەفا صائبو تاهرو بەهجەت مەریوانی) لە ساڵی ١٩٣٢دا لەژێر ژمارەی (٤)دا ،لە ریزی زنجیری کتیبە کانی کەیاندا نە چاپیان دابوو، بەڕاستی دعایەیەکی موسیقیو پر سۆزە کە بەتەواوەتی خەڵکڕائەکێشێت بۆ کرینی کتێبەکە ئەی ئافەرم پیرەمێردو هەزارڕەحمەت لە گۆڕی پیرۆزت .

- گۆرانی -

لەو ڕۆژەوە خوا ئەمچەرخەی داناوە هیچ ئافەریدەیەك نیە دڵبەستەی گۆرانی نەبێ . پرندەو درندەی بێ ڕادێت، ماری لەکونا بێدێتە دەرێو قولەپێی کەمتیاری بێ ئەسەرێ(١) نەشئەی شەراب و مایەی جۆش و خرۆش و جەنگ و پنك گورانی یە منداڵانی قوتابخانە بەزەمزەمەی گۆرانی- یەوە ڕێی دوور ئەپڕن و ماندونابن . لەبەر ئەوە زۆرمان بێ خۆش بوو کوردیو مەریوانی بەکتێبی گۆرانی نەشئەیان خستە سلیمانی ، کتێب گۆرانی نەتوانی زۆربەهەرزانی بیکەیتە خەم ڕەوێنی گیانی .

ئەوی ئەیەوی استفادە لەم کتێبی گۆرانی یە بکا لەدوکان خەلیفە ئەحمەدی خەیات ئەفروشرێ(٢) .

(١) مەبەستی لەو دوبەندی پێشینانەیە کە یەکەمیان ئەلێت: (بەقسەی خۆش مار لەکون دێتەدەر) دووەمیان : (کەمتیار پیاوی چاکە قولە پێی بسمی دەنگ ناکا .

(٢) ئەو خەلیفە ئەحمەدەئەبێ مەبەسی وەستا ئەحمەدی خالە بێت کە لە دوکانەکانی حاجی برایماغادا بوو لەریزی وەستا حەمە سەعیدی خەیاتەوە زیك سەرا .

نامەیەك بۆ دورولات

محمدی مەلاکریم

شیرینەکەم !

لەمدیوی دەرکای ساڵی نوێوەوەستاوم ، هەنسکێکی قوول لە گەرووما ناساوە ، پێی بەستووم ڕێم نادا بچمە ژوورەوە .. بێ تۆ چۆن بچمە ژوورەوە ؟!

زۆر کاتی ئەمسالم بە یادی ئەو تاوەوە بردە سەر ساڵێك بەر لە ئەمڕۆ ، لە ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆدا ، تا شێوانێکی درەنگ پێکەوە بەناو بەفرا ئەهاتین و ئەچووین ، چێ بێ ی خۆمانمان دیاری ئەکردو ، پاش دەمێك ئەگەڕاینەوە سەری بزانین کولووی بەفری وەك لۆکەی هەلاجی کراو هاتووە خوار کوێری کردووەتەوە یا نە .. تاچاو لە وزەیا مابوو لەبەر سیمایی بەفرا چێ بێ بدۆزێتەوە گەڕاین .. کە هەموو شتێکیشمان لێ ون بوو ، چاوکەوتە ڕەشکەو پێشکە کردن ، کاتی ئەوە هات بڵێین با ئینترناسیۆنالیات بە تەنها تینی دەروون بەس بێ و ، بە بیالەیەك فۆدکاگورێکی تازە بکەین بە بەری خۆماناو ، لە کۆڕێکی دەیان کەسیدا ، ئێمەش دوو ژمارە بخەینە پال دانیشتووان .

شیرینەکەم !

دوورە لام هەرگیز نەوەم لەبیر بچێتەوە چۆن گوێمان لە پەیامی ساڵی نوێی پارتیودەوڵەتو ئەنجومەنی ڕاوێژ بوو پیاوی یەکەمی وڵاتەکەتان بۆ خۆتانو بۆ هەموو دۆستان بۆ هەموو گەلانی جیهانی ئەخوێندەوە.. ئیمەش گوێمان بۆ شل کردبوو ، لێت پرسیم : لێی حالی ئەبی ؟ منیش وتم : لە زۆری نا ، هەرچەندیش ئەزانم ئەلێ چی .. بەڵام هەرچۆن بێ تۆ بۆم لێك ئەدەیتەوە چاترە ،چونکە تا تۆ هەندێکیم لێ ئەگەیەنی خۆم هەندێکی کەیم لەکیس ئەچێ ..

چۆن لە بیرم بچێ بە لێبوونەوەی ئەو ، زەنگی سەعات دوانزە ، زەنگی لەدایك بوونی ساڵێکی نوێ لێی داو ، بۆ تاوێك ، تاوێکی کش و مات،دنیا بێدەنگ بوو .. تا لەپڕ بوو بە هەرای هەڵدانی پێکی ساڵی تازەو دەس لە ملانی ئەو هەموو خەڵکەو دەربڕینی هیوای ژیانێکی بەختەوەرتر بۆ هەموانو ماوەیەکی خایاند تا کۆڕەکەکەمێك کپ بووەوە ..

شیرینەکەم !

نە ئەم نامەیەمت پێ ئەگاو ،نە ئەگەر بێشت بگا بۆت ئەخوێنرێتەوە .. نە منیش لەوزەمایە ئەوەی لە ناخی دڵدا پەنکی خواردووەتەوە ، بۆت بخەمە سەر قاقەز .. بەڵام هەرچۆن بێ دڵنیام لەوە تۆش ،وەك من ، یادی ئەوکاتەت لە دڵایەو لە ئەڵهەموو بیرەوەری- یەکانی ڕابوردووت ئامێتەی ئەکەیتو لەکەل زەنگی دواسەعات دوانزەی ئەمشەودا ، دوور بەدوور ماچێك بۆ هەموو ئەوانە ئەنێری کە بە ڕێگای خەباتا بۆ دوارۆژێکی باشتر-ناسیتن .

بەغدا
دوا چرکەکانی ٣١-١٢-١٩٧٥

چاپخانەی کوردستان و "٦١" ساڵ خزمەتی وەشەی کوردی

● وابۆ ٦١ ساڵ ئەچێ « چاپخانەکەی کوردستان »ی ماموستا گیوموکریانی ،خزمەتی وشەی کوردی ئەکا ، ئەم چاپخانەیە ، کە لەسەرەتای دامەزراندنیەوە ، بۆ چاپکردنی گۆڤارو کتێبی کوردی و ژیاندنەوەی کەلەپوری ئەتەوەیی تەرخان کراوە بەپێی توانا و بێویستی ڕۆژگارو باری ژیانی ڕۆشنبیری گەلی کورد کەمتەر خەمی لەبەدی هێنانی ئەرکی سەرشانیا نەکردوە . بەلکو زۆر جاریش زیاد لە توانای خۆی کاری کردوە. ئەوەی زیاتر ڕێز ئەدات بە خزمەتە گەورەکانی ئەم چاپخانەیە بۆ وشەو ڕۆشنبیری کوردی هەوڵو تەقەللای بێ وچانو خۆڕاگرتویی ئەو پیاوە پیرەیە کە ئیستا خاوەنیەتی ، ئەویش ماموستا « گیو موکریانی »ە کە باوەری زیاتری خستبوە سەر توانای خۆیو وەك خاوەنو بیت ڕیك خەرو هەموو کاریکی چاپخانەکەی لەسەر شانی خۆی ڕاپەڕاندوە .

● لەڕابوردنی ٦١ ساڵدا بەسەر تەمەنی « چاپخانەی کوردستان »دا سلاوی وشەی کوردی پیرۆز بۆ گیانی «مەزنی موکریانی »دامەزرێنەری چاپخانەی کوردستان . پەو هیوایەی چاپخانەی کوردستان لەسەر هەمان ڕێ ڕەوی خزمەتی ڕۆشنبیریو کە لە پوری نەتەوەییمان بڕواتو بەردەوام بێ .

● جا لەم یاد کردنەوەیەدا جێگای خۆیەتی دەست بۆ ئەوە بکێشین کە وا کردنەوەی باخچەو فراوان کردنی ئەو شەقامەی « چاپخانەی کوردستان»ی لەسەرە لە شاری هەولێری دێرین شوینی چاپخانەکەکەش ئەگرێتەوە ، جا بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێ چاپخانەکە وەك نمونەیەکی زیندوی خزمەت گوزاری وشەی کوردی ئەفەوتێو بێ جێگایی ماموستای خزمەت گوزار « گیو موکریانی » ناچار نەکات بە پێچانەوەی وشەو کەرەستەکانی خۆزگەدەزگاکانی ئوتۆنومی ناوچەی کوردستانو شارەوانی هەولێر ، مشورێکی دڵسوزانەی ماموستا « گیو »و چاپخانە میژوی یەکەیان ئەخوارد ئەو دەزگایانەکە گەلێك خزمەتی بەکەلکیان لەم بابەتە پێشکەش بە وڵات کردوە ، بۆ ئەوەی ٦١ بیرەوەری ساڵەی دامەزراندنی چاپخانەی کوردستاندا ئەم خزمەتەش بچوایەنە سەر ئەو خزمەتە بەهادارانەی کە باسمان کردن .

فەقێ ئەحمەدی دارشمانە لە تەلەفزیون

تیپی هونەری نوێ لە هەولێر ، لەم ڕۆژانەدا جیرۆکی « فەقی ئەحمەدی دارەشمانەی بۆ تەلەفزیونی کەرکوك تۆمار کرد ، ئەم جیرۆکە هونەرمەند طەلعەت سامان خستویەتیە فالبی تەمسیلی تەلەفزیونیەوەو دەری هێناوە .

سەرگوزشتە

زەماوەندو ڕاوە بەران

سەردەمێك لەمەوبەر لە یەکێك لە لادێکانی ناوچەی مەریوان زەماوەندێك ئەکرێو ئەنێرن بەشوین خەڵکی ئاوایەکی دراوسێیانا کە نەختێك دورە دەست ئەبێ .. خەڵکی ئاوایی ئەگبیر ئەکەن لای ئیوارە بڕۆنو شەو لە ماڵی زاوابمینننەوە .. لە ڕێگا باران زورئەباری ناچار ئەبن ئاشێکی چۆڵ لەو گوزەرەدا ئەبێ ئەچنە ئاشەکەوە .. شەو لە دۆلیانەی ئاشەکەدا ئەخەونو زورناو دەهۆلەکانیشیان لای خۆیان دائەنین .. وارێ ئەکەوێ نیوە شەو ڕەوێك بەراز خۆیان ئەکەن بە ئاشەکەداو دەست ئەکەن بە مرقە مرق .. دەهۆل لیدەرو زورناژەن خەبەریان ئەبیتەوە لەترسا دەست ئەکەن بە دەهۆلو زورنالێدان ، ڕەوە بەرازەکەش لەترسانا بەیەکادینو شپرزە ئەبنو دەرگای ئاشەکەش پیوەئەدرێ. نابەیانی ئەمەبەزمی ناو ئاشەکە ئەبێ .. سمەینێ بۆی دەرباز ئەبنو زۆرماندو ئەبن ناتوانن لە زەماوەنەکەدا هونەری خۆیان بنوێنن . کەلێیان ئەپرسن ئەلێن : ئیمە شەو لەئاشەکەدا زەماوەندی خۆمان کردوە .

یەکێکی ناسین

١ - ناو : ئاریان هەمەوەندی
تەمەن : (٥) ساڵ
ئارەزوو : فلیمی کارتۆن

٢ - ناو : محمد سەردار
تەمەن : (٣) ساڵ

٣ - ناو : هێرۆ هەمەوەندی
تەمەن : (٥) ساڵ
ئارەزوو: مۆسیقاو گۆرانی

پەیامنێری هاوکاری لە سلیمانی

پەیامنێری ڕۆژنامەی - هاوکاری - لە سلیمانی مامۆستای ئەدیب « کاکەی فەللاح »ە.. بۆ ئەوەی خوێنەرانو خۆشکو برایانی ڕۆشنبیرو نوسەران ئاگادار بنو بتوانن هاوکاری لەگەڵدا بکەن . ئەم ناگاداریەیان پێ ڕائەگەیەنین .

- هاوکاری -

- سەرنج -

سەرنجی خوێنەران بۆ ئەوە ڕائەکێشین کە هەندێ هاووڵاتی نامەی پرسیارو بەدواگەڕانی نووسینەکانیان بەناوی تایبەتیەوە بۆ دەزگای (هاوکاری) ئەنێرن. جا لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەی - هاوکاری - و گۆڤاری - بەیان - دەستەی نوسەرانی تایبەتیان هەیە ، کە لێ پرسراون لە سەیر کردنو بڵاوکردنەوەی هەر نوسراوێ ، تکا ئەکەین ئەو جۆرە نامانەش، ڕاستەوخۆ ئاراستەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکە خۆیان بکەنو سوپاس .

گۆشەی منداڵان ..

چیروکی گوشە

جوتیارێکی زانا

ڕۆژێ پاشایێك بە سواری ئەسپ ئەچێتە گەڕان کە لە ناو کێڵگەو سەوزایی یەکدا تێ ئەپەڕێ ، چاوی بە جووتیارێکی پیری سەر سپی پشت کوماوە ئەکەوێ ، ئەمامی گوێز ئەنێرێ . پادشاکە لە ئەنیشتیەوە ڕائەوەستێ وە تەماشای ئەکاو پێی ئەڵێ ،« ماندو نەبی مامەکە » دیارە تۆ ئەمامیك ئەنێژی کە درەنگ دیتە بەر ، توش پیریکی نفتادەی ، ئایا هیوات هەیە گەیەری ئەم دارە بخویت ؟

جوتیارەکە وەڵامی دایەوە« پادشام » پێشینان ڕواندیانو ئیمە خواردمان ، ئیستا ئیمە ئەیڕوێنین لە پاشە ڕۆژا ئەوە کانمان بیخون . پادشاکەوەڵامی جوتیارە پیرەکەی زور پێخوش بوو وە هەزار دیناری پێ بەخشی جوتیارەکە ڕوی کردە پادشاکەو ، گوتی« پادشام بزانە ئەمامەکەم چەند زوو بەری گرت » پادشا ئەمەوەڵامەی پێخۆشتر بوو وە هەزار دیناری تری پێ بەخشی .

جوتیارەکە ئەم جارەش گوتی (پادشام دەرختی خەڵك ساڵی جاریك بەر ئەگرێ ،دەرختەکەی من وا بە ساڵێ دوو جار بەری گرت) پادشا ئەمجارە کەیف خۆشتر بو ، وە هەزار دیناری تری پێ بەخشیوە سوپاسی خوای کرد کە لە وڵاتەکەیا جوتیاری وانێ گەیشتوو دووربین هەیە وە بە جێی هێشت .

گێڕە قوتابی - سلیمانی

Institut kurde de Paris

هاوکاری

الـتـضـامـن

رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتییە
لە دەزگای هاوکاری چاپ و بلاوکردنەوەی کوردی دەردەچێ
لە « دار الحرية »چاپ دەکرێ
وزارة الاعلام
دار التضامن للطباعة والنشر الكردية
بغداد ـ شارع الجمهورية ـ ساحة الغلانی
تلفون (٦٨٣١١ ، ٦٨٣١٢ ، ٦٨٣١٣)

HAWKARI, TEL 68311, 68312, 68313

سالی ١٩٧٠ دامەزراوە — ٢٣ـ١ـ١٩٧٦ ژمارە (٣٠١) — « ١٢ » لاپەڕە « ٢٥ » فلس

سەرۆك بەكر دڵ نەوایی گەلی مالیزیا ئەكات

سەر لە بەیانی رۆژی یەك شەممەی رابردو بەڕێز حكمت سامی سلیمان سەرۆكی تەشریفاتی سەرۆكایەتی كۆمار چۆتە باڵوێزخانەی مالیزیا ، بەناوی سەركۆمار (احمد حسن البكر)ەوە بەبۆنەی كۆچی دوایی سەرك وەزیرانیانەوە سەرەخۆشی لێ كردون . ئا.د.ع

هەڤاڵ میشیل عەفلەق لە دەورەی بێ گەیاندنی كادیری حزبدا:

ئێمە داوالێ كراوین كە نموونەی بەرزی خەبات و شۆڕشگێڕی بین

سەركۆمار سلاو لە كۆبونەوەی ڕێكخراوی هاوكاری ئاسیاوئەفریقا ئەكات

بەعسی یەكان ڕۆڵەی تێكۆشەرن و رەوتی هێزوو ئەگۆڕن

ئێمە داواكراوین كە نموونەی بەرزی خەبات و شۆڕشگێڕی بین

فەرماندەی دامەزرێنەر هەڤاڵ میشیل عەفلەق سكرتێری گشتی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب وتی : حزبی لە عیراقدا سەماندنی كە هەمیشە لە بەرەی پێشەوە بووە لە هەروەها وەری بەعس بگەن و بەدڵو گیان وەری بگرن لە لایەن بنوتجن .

هەڤاڵ فەرماندەی دامەزرێنەر لەو تارێكدا كە ئێوارەی ١٩ـ١ لە دەورەی بێ گەیاندنی كادیری حزبدا خوێندەوە وتی : ئەم ئامادەبوونە بەی حزبە ئەمە بوە لە بەرواو هوشیاری و خواستی كاركردن و هەستكردن بە لێپرسراوی مێژوویی .. ئەمەش وای فەرز كردوە كە تێكوشەرانی ئەم وڵاتە جێگای هیواو ئاواتی نەتەوەی عەرەب بن لە دۆخی ئاسك و مێژوویی و چارەنووسدا بۆ ئەوەی هەموو شتێك بكەرێتەوە سەر دۆخی خۆی وە بۆ ئەوەی شیواندن و تێكدانیش لە رەگو ریشەوە هەڵكێشین .

هەڤاڵ میشیل عەفلەق وتی : ڕۆڵەو ئەوەكانی حزبی بەعس رەسەنی و جوامێری ی ئەتەوەی عەرەب ئەسەلێنن ، وەنیشانەی بەبیتر و ویژەی و خۆڕاگری و زیندویی و مانەوەی ئەتەوەن . ئێمە داواكراوین كە نموونەی بەرزی خەبات و شۆڕشگێڕی بین .. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەبێ هەست بەوە بكەین كە ئێمە هێزو توانا بەئەتەوە نابەخشین بەڵكو ئەتەوە ئەمە بەئێمە ئەبەخشێ و ئێمە لەسەر چاوەكەیەوە هەڵدەهێنجین و بەكردەوە رەفتاری ئەكەین .

بەڵی ئەتەوە ئەمانەمان بێ ئەبەخشێ بۆ ئەوەی ڕۆڵەكانی بەعس ، ڕۆڵەی تێكۆشەرین ، ئەو تێكۆشەرانەی ڕوو ڕەوتی مێژوو ئەكۆڕن .

ئنجا رووی كردە ئەندامانی دەورەكەو وتی :

داواتان لێ ئەكەم كە سەرەڕای بەئاگایی شۆڕشگێڕانەو هوشیاری و هەست كردن بە بەرپرسیاری خەبات و تێكۆشان ، خاوەن ئەو هەستە بەرزەش بن كە لە مەوبەر باسم كرد . بڕواتان بەسەر كەوتنی ئەتەوەكەتان بێت چونكە ئەتەوە هەموو شتێكەو ئەوانی تر كەروو ئەدەن فەرماو دیاردەی لابەلایین و ئەڕۆن باڕیان و ئازار بەخشیش بن .. ئەم كۆسپانە بزۆریش بن هەر لانەچن بەهۆی ڕەسەنی ئەتەوەو ئامادەبوونی بۆ ژیان و بوژانەوە .

ئنجا هەڤاڵ فەرماندەی دامەزرێنەر وەلامی پرسیاری ئەندامانی دەورەكەی دایەوە . لەو كۆبونەوەیەشدا هەڤاڵ دكتۆر الیاس فرح ئەندامی سەركردایەتی ئەتەوەیی حزبو ناصیف عەواد بەربوەبەری مەكتەبی بلاوكردنەوەو راگەیاندن و علی صمیدە بەریوەبەری مەكتەبی روشنبیری لەسەركردایەتی ئەتەوەیی حزبو چەند هەڤاڵێكی تری حزبی ئامادە بوون .

ئا.د.ع

سەرۆك بەكر سلاو لە كۆبونەوەی ڕێكخراوی هاوكاری ئاسیاوئەفریقا ئەكات

عەدەن : ١٩ـ١ : ئا.د.ع

سەرۆك بەكر سلاو لە كۆبونەوەی لیژنەی سەرۆكایەتی ڕێكخراوی هاوكاری ئاسیاو ئەفریقا كرد كە لەشاری عەدەنی پایتەختی كۆماری دیمۆكراتی گەلی یەمەنی بەسترا .

وە سلاوەكەی سەرۆك لەلایەن كاك عزیز شریف سكرتێری گشتی ئەنجومەنی نیشتمانی ئاشتی و هاوكاری كۆماری عیراقەوە كەیەنرا ، لە وتارێكدا كە كاك عزیز شریف لە كۆبونەوەكەدا خوێندیەوە . كاك عزیز شریف هیوای

بڕوانە ل ـ٦ـ

سەرۆك بەكر دڵ نەوایی گەلی مالیزیا ئەكات

سەر لە بەیانی رۆژی یەك شەممەی رابردو بەڕێز حكمت سامی سلیمان سەرۆكی تەشریفاتی سەرۆكایەتی كۆمار چۆتە باڵوێزخانەی مالیزیا ، بەناوی سەركۆمار (احمد حسن البكر)ەوە بەبۆنەی كۆچی دوایی سەرك وەزیرانیانەوە سەرەخۆشی لێ كردون . ئا.د.ع

نوێنەری عیراق :

زەوت كردنی خاكی فەلەستین لەلایەن زایۆنیستەكانەوە پێ شێل كردنی یاساكانی كۆمەڵەی نەتەوە یەكگرتوەكانە

- بەبێ راست كردنەوەی هەڵەكان ئاشتی جێگیر نابێتەوە .
- بەرنامەی نەتەوە یەكگرتووەكان ڕێگای ئەم ڕێكخراوە نادات خاكی هیچ وڵاتێك [illegible]
- بڕیاری ژمارە (٢٤٢)ی ئەنجومەنی ئاسایش چارەسەری كێشەی فەلەستین ناكات .

نێویورك : ٢٠ـ١ ئا.د.ع :

كاك عبدالكریم شێخلی نوێنەری عیراق لە كۆمەڵەی گشتی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتوەكان دا سەرلەنوێ ڕایگەیاند كە ئەوەی ساڵی ١٩٤٧ لەفەلەستین دا قەوما راستەوخۆ پێشێل كردنی یاساكانی نەتەوە یەكگرتوەكان بوو كە سلبی یانە كاری كردە سەر چارەنووس و بوونی گەلی عەرەب لەئێكرای فەلەستین دا .

وە ئاشتی لە ناوچەی عەرەبدا جێگیر نابێتەوە ئەگەر نەو هەڵەو چەوتی یانە راست نەكرێتەوە كە لەفەلەستین كران و ئەو زوڵمو زۆرییە ئەنجامدرین كە دەرهەق گەلی عەرەبی فەلەستین كراون . تەنیا ئاشتی ناوچەی عەرەب لەسەر بنچینەی یاساو عەدالەت جێگای خۆی ئەگرێتەوە .

ئەتەوە یەكگرتوەكان بەرپرسیارە بەرامبەر بەكێشەی فەلەستین چونكە كۆمەڵەی گشتی بەرێگایەكی ناڕەواو دژزرو زۆرە ملێی ئەمەریكا بڕیاری دابەش كردنی فەلەستینی دا .

كاك شیخلی وتی : لەبەرنامەی ئەتەوەیەكگرتوەكان دا ڕێگای ئەم ڕێكخراوە نەدراوە كە هیچ وڵاتێك كەرت بكات یا خود دەوڵەتێكی نوێ دابمەزرێنێ . هەروەها ئەتەوە یەكگرتوەكان توانای گۆڕینی ناوی هیچ دەوڵەتێكی نیە . ئەمرۆش بەباشی روونو ئاشكرایە كە چ غەدرێك لە كەلی فەلەستین كراوە ئەو گەلەی زوربەی هەرەزۆری دانیشتوانی ئەو خاكە پێك ئەهێنێ كە گوایە بەخەڵات دراوە بە دەوڵەتی جولەكە .

هەروەها كاك شیخلی لەوتارەكەی دا كە لەبەردەم ئەنجومەنی ئاسایشی

بڕوانە ل ـ٦ـ

جەنەرالێكی جەبەشە ئەچێتە ریزی شۆڕشگێڕانی ئەریتریاوە

لە كۆنگرەیەكی ڕۆژنامەنووسی دا لە دیمەشق ڕۆژی ٢١ـ١ جەنەرال زرئما نازازای بەرئوەبەری پێشوی پولیسی ئەرتیریا ڕایگەیاند كە چۆتە ریزی شۆڕشگێڕانی ئەرتیریاوە ئەو بڕیارەشی بۆ یداوە چونكە دژی ئەو سیاسەتە تیرۆرو تۆقاندنەیە كە حكومەتی میلیتاریستی حەبەشە دەرهەق ئەریتریا ئەیكاتە بەر .

هەروەها وتی زۆر كاربەدەستانی تری حەبەشە كە لەریزی حكومەتدا كارئەكەن نیازیان هەیە بچنە پال شۆڕشەوە .

**

جەزایر نەوت هەرزان ناكات

ڕۆژی ٢١ـ١ كاك مەسعود ئایەت شەعلال بالیوزی جەزایر لە بروكسل ڕایگەیاند كە ، وڵاتەكەی بڕیاری لیژنەی بازاڕی ناوكۆیی ئەوروپا رەت ئەكاتەوەو ئەوتەكەی هەرزان ناكات !

ئەوەی شایانی باسە لیژنەی بازاڕی ناوكۆیی ئەوروپا پێشنیازی كردبوو كە بەرمیلێك

بڕوانە ل ـ٦ـ

مامۆستا صدام حسین : سەكردایەتی سیاسی ڕێزی كارگەرانی دەزگای نەوت ئەگرێ

مامۆستا صدام حسین جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش و سەرۆكی لیژنەی بیاچونەوەی كاروباری نەوت و چۆبەچۆكردنی ریككەوتنەكان ڕۆژی ٢٠ـ١ لە ئەنجومەنی نیشتمانی لەگەڵ كارگێڕانی دەزگای نەوتی خاوو بارهەمی نەوتی كۆمپانیای نیشتمانی نەوت كۆبۆوە .

لە كۆبونەوەكەشدا هەڤاڵ عدنان الحمدانی ئەندامی سەركردایەتی قطری حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەبو سكرتێری لیژنەی بیاچونەوەی كاروباری نەوت و چۆبەچۆكردنی ریككەوتنەكان و كاك علی هادی جابر جێگری سەرۆكی كۆمپانیای نیشتمانی نەوت ئامادەبوون .

بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش ڕایگەیاند كە سەركردایەتی سیاسی حزبو شۆڕش ڕێزی كارگەرانی دەزگای نەوت و كەرتی نەوت ئەگرێ بەرامبەر بەو دەورەی كێڕایانو ئەیگێڕن بۆ دەرخستنی توانای لەبن نەهاتوی گەلی عیراق لەبەرەنگاری كردنی ئاو هەڕەشەو گوڕەشەنانەی لەمیللی كردنی نەوت ئەكرانو ئەو هەوڵەی داویانە بۆ چۆبەچۆكردنی ئامانجو ئەخشەكانی حزب لەو كەرتە گرنگە ستراتیجی یەدا .

هەروەها مامۆستا صدام حسین وتی : ڕاپۆرتی سیاسی هەشتەمین كۆنگرەی قطری حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب بەوردی بەرنامەیەكی سەبارەت بە كەرتی نەوت و كەرتەكانی تر داناوە بۆ بەدی هێنانی بێداویستی یەكانی قۆناغی ئاینده ، وە ئەركی دەزگاكانی دەوڵەت دەربارەی نەوت و بەرهەمی نەوت ناردنە بازاڕەكان ئەئەنجامیەكی لەئەندازە بەدەری ئەوێو ئەبێ لەسەرنجدانی تەسكی كاری وەزیفە بچێتە دەرەوە .

ئنجا بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش گوێی لە بیروڕاو بێشنیازی كارگێران گرت كە دەربارەی ئیش و كارەكانیان بوو .. كۆبونەوەكە نزیكەی دوو سەعاتی خایاند .

ئارەزایی دەربڕین دژی كاروباری ئارەوایی ڕێژیمی سوریا بەرامبەر هاوڵاتیەكان

لیژنەی بەرگری لە بەندە سیاسیەكان لە سوریا « لقی بەریتانیا » ئارەزایی یەكی توندی دژی كاروباری ئارەوای ڕێژیمی سوریا بەرامبەر تێكۆشەرانی سوریا دەربڕیوە .

لەو بروسكەیەدا كە لقی لیژنەكە بۆ سەرۆكی ڕێژیمی سوریا « حافظ اسد » ی ناردوە ئارەزایی دژی ئەو كوشتنو بڕینەی ڕێژیمی سوریا لەم دوایی یەدا بەرامبەر كرێكاران و جوتیاران و قوتابیانی ئەو وڵاتە نواندویەتی دەربڕیوە .

كە ئەمەش نیشانەی دابراوی ئەو ڕێژیمەیە لە جەماوەری گەلی سوریا .

لیژنەكە لەو بروسكەیەیدا داوای لە ڕێژیمی سوریا كردوە كە هەمو بەندە سیاسی یەكان بەربدات و دەست لە ئازاردانیان هەلبگرێت .

پەرەسەندنی شەڕ لە هەموو ناوچەكانی لوبنان دا

- بزوتنەوەی نیشتمانی سەركەوتنی گەورەی بەدەست هێناوە
- ڕۆژنامەكانی لوبنان داوی كۆنگرەی بەرزی عەرەب ئەكەن

بێروت : ٢١ـ١ : ئاژانسەكان :

سەرلەنوێ ئاگری شەڕی ناوخۆ لە هەموو ناوچەیەكی لوبنان دا پەرەی سەندەوەو مێژەكانی بزوتنەوەی نیشتمانی توانیان دەست بەسەر ناوچەیەكی فراوان دا بگرن لەخوارووو ڕۆژهەڵات و زووروی وڵاتو زیانێكی گەورەیان لە هێزی كۆنەپەرستان دا .

پاش نیوەڕۆی ٢٠ ـ ١ شەڕێكی توناكەر لە ناوچەی (التجاری) و گەرەكی نوتیلە ئەورەكان و شیاح و عین الرمانە و ژووروی بێروت هەڵگیرسا . ڕەهێزەكانی بزوتنەوەی نیشتمانی توانیان ئابلۆقەی هەردوو وتێلی (هیلتون و هولید ئەن ئان) بدەن كە هێزی ڕاست ڕەوان تیایدا جێگیر بوون .

پەیامێری (ئا.د.ع) ئەڵێ هێزەكانی بزوتنەوەی نیشتمانی توانیویانە خویان بگەیەننە ناوچەی عین الرمانەو دەستیان بەسەر گەرەكی (المطاحن)دا گرتووە . قسەكەرێكیش بەناوی لەشكری لوبنانەوە وتی : هێزی نیشتمان پەروەران كەمارۆی شاری (شتورە)یان داوەو ئنجا دەستیان بەسەردا گرتووە ئەم شارە (٣٠) میل لە ڕۆژهەڵاتی بێروتەوە دوورە .

وە لەناوچەی دامور هێزی نیشتمان پەروەران دەستی بەسەر ناوچەی (الجیەو سعدیات)دا گرتوەو ڕێگای نێوان بێروت و صیدایان كردۆتەوەو بەردەوامن لە ئابلۆقەدانی كۆشكەكەی (كمیل شمعون) . بەپێی ڕاپۆرتی پولیسی لوبنان لە ماوەی ٢٤ سەعاتی ڕۆژی (٢٠ و ٢١)دا بەلای كەمەوە (٢٠٠) كەس كوژراوەو خەڵكێكی زۆریش بریندار بوون .

لەلایەكی ترەوە خەڵك فڕاندن دەستی پێ كردۆتەوەو چەند كەسێك لەسەر شەقامەكان بەدەستی چەكداران كوژراون . وە قسەكەرێكی حزبی كەتایب وتی : دەستكراوە بە بارگردنی مالی دانیشتوانی (السعدیات) كەنزیكەی شەش هەزار كەس ئەبن . ئەم ناوچەیە كەوتۆتە خوارووی لوبنانەوە . وەباش نیوەڕۆی ٢١ـ١ سەرلەنوێ نوێنەری حزبو هێزە نیشتمانی و بێشكەو تنخوازەكانی لوبنان كۆبونەوە بۆ لێكۆڵینەوەی دۆخی ئێستای لوبنان .

وە كاك كمال جنبلاط سەرۆكی حزبی پشكەو تنخوازی سوشیالیستی دوای كۆبونەوەكە كەنزیكەی سێ سەعاتی خایاند ڕایگەیاند كە ئاگاداری ئەوەبن كە نابێ كۆنەپەرستان سوود لەدۆخی ئێستا وەربگرن و دەستبكەن بە كۆچ كردن و بارگردنی مالی خەڵكی لەناوچەی (النبعەو تل الزعتر و دكوانەو المتنی) ... كاك جنبلاط ڕایگەیاند كەبزوتنەوەی نیشتمانی پەیڕەوی بەرنامەی چاككردنی سیاسی ئەكەن كە بارتی یە نیشتمانی و پێشكەو تنخوازەكان دایان ناوە دەربارەی كێشەی (علمانی)و پەكخستنی تیرەگەرێتی و بوونی نوێنەران لەئەنجومەن دا سەرەڕای سەر لەنوێ ڕێكخستنەوەی لەشكرو دانی جنسیەی لوبنان بەوانەی پیویستە بیاندرێتی و چەند بڕگەیەكی تری بەرنامەكە .

**

تیشك

- دلیر -

لە کاتیکدا کە باسی مەسەلەی عەرەب لە نەتەوە یەکگرتوەکان ئەکەن زایۆنیستەکان دوچاری تەوانج و زورانبازی قسەو بەربەرەکانی سیاسی ئەبن کە پەیوەندی بە لێدوانەکانەوە هەیە ئەگەر بمانەوێ لەو هۆیانە بدوێین کە جەتە زایۆنیستەکانی شلەژاندوە پێویستە سەرنجی ئەم خالانەی خوارەوە بدەین :

یەکەم :

بەرنامەی دوژمنانە بنچینەی بیر کردنەوەو فەلسەفەی زایۆنیستەکانە کە یەکەم شێوەی ئیش کردنیانە .

دووەم :

ئەو سەرکەوتنانەی کە مەسەلەی فەلەستین بە دەستی هێناوون لە بواری نێو دەولەتانا زیاتر چەتە زایۆنیستەکانی ترساندوە کە رەوتی دوژمنایەتکارانەیان گەرمتر بکەن و زورتر بەربەرچی رای گشتی جیهان بدەنەوە کە زایۆنیستەکان بە پێی بڕیارەکانی نەوتەوەیەگرتوەکان جولانەوەیەکی رەگەزایەتین .

سێیەم :

هەرەشە کردنی لایەنە زایۆنیستەکان گوایە بە نارنجوکەوە پەلاماری بارەگای ریکخراوی دەولەتان ئەدەن ئەگەر هاتو لەنجومەنی ئاسایش لە مەسەلەی عەرەب بکۆڵێتەوە لە ناوچەکەدا و چەتە زایۆنیستەکان بە پاشبەندی دەزگا ئیمپریالیزمیەکان دابنێ، لەبەر ئەوە ئەم چەتانە ناتوانن هیچ دوژمنایەتیەك بەکار بێنن ئەگەر دەزگا ئیمپریالیزمیەکان دەست بە پشتیانەوە نەگرن .

چوارەم :

ریکخراوی تێکدەرانەی زایۆنیستەکان کە بە (کۆمەڵی داکوکی کردن لەسەر جولەکە) ناو نراوە ریکخراوێکی فاشستیانەیەو بە پەنجەی دەزگا ئەمەریکاییەکان هەڵ ئەسوڕێ ، وە ئەم ریکخراوە بە ئاشکرا بڵاوی کردەوە کەسێ نارنجۆکی لە کەلەبەریکدا شاردۆتەوە لە نزیك روبەری خواروی بارەگای نەتەوەیەکگرتوەکانا وە دەزگا پاراستنە کانی ئەمەریکا لەم روەوە هیچ جۆرە پێویستی یەکیان جێبەجێ نەکردوە .

لە کاتێکدا ئەم خالانە رەچاو ئەکرێن ئەو راستیە روون ئەبێتەوە کە ناوەڕۆکی زایۆنیزم لەبەر رای گشتی گەلانی جیهانا بێ نرخە ، ئەم واقیعە وای لە گەلانی جیهان کردوە کە بەردەوام پشتگیری خەباتی دادپەروەرانەو ئازادیخوازانەی گەلی فەلەستین بکەن لە پێناوی ئازادی و بەختەوەری و سەرفیرازیا . وە بە شێوەیەکی ئاشکرا چالاکی سی یەمین دەورەی ئەتەوە یەکگرتوەکانی دەرخست کە چەند جارێکی دەرکردو داوای کرد کە دان بە مافی رەواو چارەنوسی گەلی عەرەبی فەلەستیندا بنرێ و ئەوەی سەلماند کە زایۆنیزم جولانەوەیەکی فاشیستی تێکدەرانەیە کە کۆمەڵگای دەولەتان رقیان لە چارەی ئەبێتەوە .

لاپەرە - ٢

بەردەوامی پیلانەکانی ئیمپریالیزم لەلوبنان چی دەگەیەنێ ؟

دلشاد

ئاژاوە. تایەفە گەریەکەی لوبنان رۆژبەرۆژ گەرمتر ئەبێ و زیاتر کلبە ئەستێنێ ئەویش هۆی ئەوەیە دەزگاکانی سەر بە ئیمپریالیزمو زایۆنیستەکان و کۆنەپەرستان ئەیانەوێ ئەخشەی پیلانە گلاوەکانیان بەگورجی جێبەجێ بکەن کە ئەیانەوێ یەکیتی نیشتمانی لوبنان تێك بدەن و ولاتی لوبنان بکەنە شانۆی پیلان نانەوەو لەوێوە بە فیتی ئیمپریالیزمو زایۆنیستەکان هەر رۆژە کلولەیەك پیلان بخەنە بەر پێی پێشکەوتنی ولاتێکی عەرەبو مەسەلەی فەلەستین بە پێی بەرژەوەندی بەیمانی ئیمپریالیزمو زایۆنیستەکان و کۆنەپەرستان لابەلا بکەنو بیخەن بە لایەکا .. لەم کاتەدا ریژیمی سوریا دەستی خیانەتکارانەو هاریکاری بۆ پارتی کەتایبی راستەوەی بەکرێگیراو درێژ نەکات و بە کۆمی خوێنو سەریان لە پێی نیازی ئەوان هەنگاو ئەنێ، بۆ ئەوەی بەرەنگاری چالاکی ئەو پرۆژەیە بوەستێ کە بەرەی هێزو پارتیە نیشتمانی و پیشکەوتنخوازەکانی لوبنان ئەیانەوێ بەرهەلستی کردەوەی دوژمنانەو تێکدەرانەی دور لە مرۆڤایەتی کەتایبەکان بوەستن کە نیازیان ئازاردانی گەلی لوبنانی برامانەو هەزاران تاوانی چەکدارانەیان بەرامبەر ئەکەن .. کە ماوەی ٩ مانگی رەبەقە ولاتی لوبنانیان کردۆتە گۆمی خوێنو سەریان لە هاوولاتیە لوبنانیەکان شێواندوە .. مەسەلەکە تەنانەت وای لێ هات لەم رۆژانەی دواییدا سوپای لوبنان چەن کردارێکی دژی گەلی لوبنان و لە پێناوی بەرژەوەندی دەزگاکانی کەتایبدا بەکار هێنا .. ئەوەبو دەست دریژی کردە سەر چەند ناوچەیەکو بە تایبەتی هەواری پەنابەرە فەلەستینیەکان و هێزەکانی بەرگری فەلەستین .. نیستا کەتایبە چەکدارەکان بە ئاگرو خوێنەوە روبەروی گەلی ئازادیخوازی لوبنان و هەموو هێزە نیشتمانی و پارتی و کومەڵو ریکخراوە پیشکەوتنخوازەکانی لوبنان وەستاون و بێ دەست پاراستن دەستی خۆیان ئەوەشێنن .. ئەمەش بەو نیازە وا ئەکەن گوایە لەوێوە گەمارۆی دەسەلاتی نیشتمانی و پیشکەوتنخوازانەی ناوچەکانی تری ولاتانی عەرەب بدەن و لوبنان بکەنە پێکەی پیلان و جموجوڵی چەکدارانەی گومان لێکراوی سەر بە بەرەی ئیمپریالیزمو زایۆنیزمو سیتەمی پیشکەوتنخوازانەی ئەو ولاتانە ئیفلیج بکەن .

ئەمڕۆ لە هەمو کاتێك و لە چاران زیاتر هێزە نیشتمانیەکان رووبەروی مەترسیەکی گەورەی سامالی بونەتەوە لە ولاتی لوبناندا وە زۆر بە گورجی بە بەربەرچ دانەوەی ئەم کارە دوژمنایەتکارانە تێ ئەکوشن ، دوژمنانەی ئەم پیلانانە عەرەبە .

فەنزویللاو هەنگاوێکی پیرۆز

لە سەرەتای مانگی کانونی دووەمی سالی (١٩٧٦)ە وە لە فەنزویللادا یاسای میللی کردنی نەوت کەوتۆتە کار بێ گومان ئەمەش سەرکەوتنێکی گەورەی ئابوریە کە ئەو ولاتە لە ئەنجامی خەباتو تێکۆشانێکی بێ وچانیدا دەستی کەوتوە .

نەوت لە ٦٠٪ ی داهاتی ئەو ولاتە دەگرێتەوەو ئەویش بە سەرمایەی بێگانە بەتایبەتی ئەمریکایی بەڕێوە دەبرا . کە ئەمە وای کردبو مۆنۆپۆلە بێگانەکان دەورێکی سەرەکی لە ژیانی ئابوری ئەو ولاتەدا بگێڕن و لەو ڕێگایەشەوە دەستیان لە زۆر کاروباری سیاسی ولاتدا وەر ئەدا .

سەرکۆماری فەنزویللا کارلوس ئەندریز بیریز دەڵێت :- بەدرێژایی مێژوی سەربەخۆیی ولات میللی کردنی نەوت مەزنترین هەنگاوە کە فەنزویللا ئابێتی .

ناتوانرێ هەنگاوی میللی کردنی نەوت لەو ولاتەدا لە دۆخی گشتی ئەو ناوچەیەو جیهان جیا بکەینەوە ، زۆر لە کاربەدەستانی فەنزویللا لەو باوەڕەدا بون کە بارو زروفێکی وەك ئەو بارو زروفەی فەنزویللا تیایو میللی کردنی نەوت کارێکی گرانە بەتایبەتی بەرامبەر ئەمریکا کە لە ژێر گەلێك پەردەو بڕوبیانودا راستەوخۆ دەستی لە کەروباری سیاسی ولاتان وەرئەدا ، بەلام بارو زروفی ئەمڕۆی دنیا جیاوازیەکی زۆری لەگەڵ دوێنێدا هەیە . ئەمڕۆ ئەمریکا گلۆلەی کەوتۆتە لێژی و بەرژەوەندیەکانی لەگەلی لای دنیادا لەق بون ، شتێکی ئاشکرایە کە دەستەو دایەزەکانی ئیمپریالیزم ناتوانن وەك جاران دەسەلاتی خۆیان بەسەر بەشێکی زۆر لە گەلانی دنیادا بسەپێنن و وایان لێ بکەن کە بەدلی ئەوان بجولێنەوە بەتایبەتی کە ئەمڕۆ بەرەی بزگاری نیشتمانی زیاتر لەگەشە کردن دایەلە دۆخێکی وا لەباردا میللی کردنی نەوت لە فەنزویللادا کارێکی زۆر گران و ستەم نیە .

هەنگاوی میللی کردنی نەوت ڕێبازی سیاسی دوا ڕۆژی ئەو ولاتە دەست نیشان ئەکات ، بەتایبەتی ئەو ڕۆڵە گرنگەی ئەمڕۆ لە ریکخراوی «ئوبیك»دا دەنوێنێ و ستەزەڕای بەستنی پەیوەندی لەگەڵ کوبا داو دامەزراندی ریکخراوی ئابوری لەریکای لاتین .

قوتار کردنی نەوت لە چنگ سەرمایەداری بێگانە کە ساڵی هەزاران ملیون دۆلاریان لەوولاتە دەکێشایەوە سەرکەوتنێکی گرنگو بایەخداری بزگاری ئابوری گەلانی ئەمریکای لاتینەو بۆتە بنکەیەکی بەهێزی ئەوتۆ کە مافی گەلانی کیشوەرەکەی لێوە بپارێزرێت، وە ئەو هێزانە پشت ئەستور تر دەکات کە بەرامبەر سیاسەتی خۆبەدەستەوەدەرانەی چەتەکانی شیلی و ریژیمە کۆنەپەرستەکان خەبات دەکەن .

راپۆرتێك دەربارەی کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی ئاسایش :

ریژیمی سوریا ئامادەیە لەگەڵ دوژمن ریکەوێت

هەرچەندە ماوەیەکە ئەنجومەنی ئاسایشی دەولەتان خەریکی کۆبونەوەیە بەلام تائیستا شتێکی وای لێ دەرنەکەوتوەو هیچیوانەهاتۆتەکایەوە کە بتوانرێ بکرێ بە بەلگەیەك بۆ بڕیاردان دەربارەی ئەنجامی ئەم کۆبونەوانەو پەیوەندیان بە باشەرۆژی کێشەی رۆژهەلاتی ناوەراستەوە .

لەلایەکی تریشەوە ریژیمی سوریا کەوتۆتە هەلپەکردنو داوا ئەکات کە هەردوو بڕیاری ژمارە (٢٤٢ و ٣٣٨)ی ئەنجومەنی ئاسایش دەسکاری بکرێنو رستەی (چارەسەرکردنی گیروگرفتی پەنابەرانی فەلەستین) لابدرێو لەجێگاکەیدا رستەی (مافی گەلی فەلەستین دابنرێ) بێگومان ریژیمی سوریاش بەم هەلویستەی نەیەوێ رێگا لەبەردەم رێکخراوی رزگاری- خوازی فەلەستیندا خۆش بکات بۆئەوەی لەکونگرەی جنێڤدا بەشدار ببێ .

هەروەها نوێنەری ریژیمی سوریا لە ئەنجومەنی ئاسایشدا وتی : حکومەتەکەی ئامادەیە کۆتایی بە حالەتی شەڕ بهێنی لەگەڵ دوژمندا بەمەرجێك دان بە مافی گەلی عەرەبی فەلەستین دا بنێ ... ئەم قسەیەی ریژیمی سوریاش دامەزراندنی کیانێکی فەلەستینی ئەگەیەنێ .

وەکو زانراویشە رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین لایەنی ریژیمی سوریا ئەگری دەربارەی کونگرەی جنێڤو بەشداربوونی هەمو لایەنەکان تیایدا بەرەو (چارەسەرکردنێکی فراوانو هەمیشەیی) کێشەی رۆژهەلاتی ناوەراست .

وە دوای هەفتەیەك پاش کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی دەولەتان، زایۆنیستی دوژمن سورە لەسەر هەلویستی خۆی کە لە کوبونەوەکاندا بەشدار نابێت بەلام بەوردی ئاگاداری بڕیارەکانی ئەبێت و رۆژ بە رۆژ کار بەدەستانی چاوریان بە لێ پرسراوانی ئەمەریکا ئەکەوێت ئەمەریکاش بڕیاری داوە کە چی لەتوانادا هەیە بیکات بۆئەوەی رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین دان بە (ئیسرائیل)دا بنێت ... هەروەها ئەمەریکا بڕیاری داوە کە ئیتو لەم حالەتانەی خوارەوەدا بەکار بهێنێ :-

● ئەگەر هاتوو هەردوو بڕیاری ژمارە (٢٤٢)و (٣٣٨)ی ئەنجومەنی ئاسایش دەسکاری کران .

● یان ژمارەی ئەودەولەتو لایەنانەی لەکونگرەی جنێڤدا بەشدار ئەبن پتر یان کەمتر بکرێن .

● یاخود بڕیارێك لەئەنجومەنی ئاسایشەوە دەربچێو ئەم بڕیارە فەرزی بکات کە ئەبێ کێشەی رۆژهەلاتی ناوەراست چارەسەر بکرێت .. ئالەم حالەتانەدا ئەمەریکا بەربەرەکانی ئەکاتو مافی ئیتو بەکار ئەهێنێ !!

وە لە واشنتۆن دەزگای (بروکنك) لێکۆلینەوەیەکی ستراتیجی بلاوکردەوە تیایدا ئەلێ ، تائیستا دەرنەکەوتوە کە ئایا ئەمەریکا بەربەرەکانی دامەزراندنی (کیانی فەلەستین) ئەکات یان نا ... بەلام (وەکو لێکۆلینەوەکە ئەلێ) دامەزراندنی ئەم کیانە مەرجێکی زۆر پێویستە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی رۆژهەلاتی ناوەراست . بروکنك لەکۆتایدا ئەلێ : ئەمەریکا ئەیەوێ رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین بەرەسمی دان بە (ئیسرائیل)دا بنێت ...!

ئاژانسەکان

دوژمن سێ ژێر دەستەی نوێی بنیات ناوە

نیورك - تاس

لە ماوەی پێنج هەفتەی رابردودا زایۆنیزمەکان ژێر دەستەی سێیەمیان لە بەرزای داکیرکراوی جولان بنیات ناوە . بەیام نیری رۆژنامەی نیورك تایمز لە قودسی داکیر کراوەوە رایگەیاندوە کە گوایە بنیاتنانی ئەم ژێردەستەیە وەك بەرج بەرج دانەوەی بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی دەولەتانە کە رێگای داوە رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین لە کفت وگۆکانیا سەبارەت بە رۆژهەلاتی ناوەراست بەشداری بکات .

ئەوەی شایانی باسە هەمو کۆرو کۆمەڵو رێکخراوە زایۆنیزمیەکان بێ جیاوازی کەوتونەتەخۆ بۆ کۆکردنەوەی پارە تا ژێردەستەی نوێی بنیات بنێن ، ئەك هەر لەبەرزای یەکانی جولان بەلکو لە هەمو خاکی داکیرکراودا .

● لەلایەکی ترەوە دوژمن پێنج قوتابی فەلەستینی کرتوە، ئەو قوتابیانەش بەوە گوناهبار کراون ، کە چوونەتە بەری رۆژئاوای داکیرکراو بۆ دیدەنی کەس وکاریان .

گرتنی « کارڤالهو » بەگوناهی هەوڵدانی کودەتا لە پرتوگالدا

لشبونە - ئاژانسەکان

شەوی ١٩ی ئەم مانگە فەرماندەی پێشوی هێزەکانی پرتوگال ساریفا دی کارڤالهو بەتوناهی هەوڵدانی بەرپاکردنی کودەتا گیراوە ، کە نیاز وابو لە ٢٥ی مانگی تشرینی دوەمدا بەربابکرێ بەلام ئەوە بو سەری نەکرت ، ئەم هەواڵە یەکێك بەناوی سەرکردایەتی هێزی چەکداری پورتوتالەوە بڵاوی کردۆتەوە ئەوی شایانی باسە هێزەکانی بەرەشود لەمانگی تشرینی دوەمدا دەسیتان بەسەرچەند بنکەیەکی سەربازیدا گرتبو بەنیازی دەست گرتن بەسەر حوکمدا بەلام ئەو هەوڵە بەفیرو دەرچوە .

**

چوار لەوال

سەرۆکی ئەنگولا مەدالیای ئاشتی پێ درا

هەلسنکی : ئاژانسەکان :

لیژنەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی ئاشتی جیهان ، مەدالیای (جولیو کوری) زێڕینی ئاشتی بە « ئوگستینو نیتو »ی سەرۆك کۆماری گەلی ئەنگولا بەخشیوە . ئەویش لەو کۆبونەوەیەدا کە لیژنەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی ئاشتی لە هەلسنکی بەستی . لیژنەکە بروسکەیەکی بۆ « ئوگستینو » ناردوە تیایدا بەناوی لیژنەکەوە کە ١٢٥ ولات نوێنەریان تیایەتی پشتگیری تێکوشانی گەلی ئەنگولاو حکومەتی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی ئەنگولای کردوە .

**

شۆڕشگێڕانی عوممان پەلاماری نوردوگاکانی دوژمنیان داوە .

عەدەن : ئا.د.ع :

لەسەرەتای ئەم هەفتەیەدا ، شورشگیرانی بەرەی رزگاریخوازی عوممان لە رۆژ ئاوای « زەفار »دا بەچەکی قورس شەش هیرشی گەورەیان بردۆتە سەر هێزەکانی دوژمن . رۆژی یەکشەممەی رابوردو ، مەکتەبی سەربازی رای گەیاند کە ئەو هیرشانەی شورشگیران لەخواروی ناوچەی « صدرفید »ەوە کردیانە سەر هێزەکانی دوژمن ، بۆتە هوی کوشتنو بریندارکردنی (٧١) سەربازی دوژمنو نزیکەی(٧٠) سەنگەری دوژمن بەتەواوەتی هەلتەکێنراون .

**

سەرۆکی هیندستان خەلاتی « نەهرۆ »ی بە « نایریری » بەخشی

نیودەلهی : ئا.د.ع

فخرالدین علی احمد سەرکۆماری هیندستان ، خەلاتی « جەواهر لال نەهرو »ی بەخشیوە بە « جولیوس نایریری » سەرۆك کوماری تەنزانیا ، ئەوەی شایەنی باسە ئرخی ئەم خەلاتە (١٢) هەزار دۆلارەو تا ئیستاش بە خشراوە بە چەند ناسراوێکی ئرزی جیهانی لەمانە « یوسانت »ی سکرتیری پێشوی نەتەوەیەکگرتوەکانو « جوزیف برۆز تیتو »ی سەرۆکی یوگسلافیاو « لینس کاواندا » سەروکی زامبیا .

**

ئیسپانیا هەموو هێزەکانی لە بیابانی رۆژئاوا کێشایەوە

مەدرید : ئاژانسەکان

« خۆزیە ماریا ئایلزا » لە گفتوگویەکدا ، لە تەلەفزیونی مەدریدەوە رای گەیاند کە هەفتەی رابوردو ئیسپانیا هەموو هێزەکانی بەتەواوی لە بیابانی رۆژئاوا کێشایەوە . ئەوەشی وتوە کە ئەگەر هاتو لە نیوان ئەو دەولەتانەی پەیوەندیان بەکێشەی بیابانەوە هەیە گیروگرفت رویدا ، ئیسپانیا ئامادەنیە خۆی لەو گیروگرفتانەوە بگلێنێ .

Institut Kurde de Paris

کەمەرەگەز پەرستەکانی خواروی ئەفەریقا

لەناچەواڵێری دەست ناپارێزن

- رەگەز پەرستان چی‌یان لە گەلی خواروی ئەفەریقا ئەوێ ؟!
- کرێکارانی ئەفەریقا پشت لە ئازارو توقاندن ناکەنەوەو درێژە بەخەباتو تێکوشانیان ئەدەن !
- فێرفوردو فۆرستەر میرات گری نازی‌یەکانن لە چەوساندنەوەی گەلی ئەفەریقادا !!

ئەمرۆکە جینی کرێکارانی ئەفەریقایی کە زوربەی دانیشتوانی خواروی ئەفەریقان‌و هێزێکی لەبن نەهاتوی کارکردن‌و بەرهەمهێنان‌و تێکوشانن لەهەموو قۆناغەوە جوامێرانە چاکی خەباتیان لێ کردوە بەلادا دژی حوکمی کەمە سپی‌یەرەگەز پەرستەکان بە سەرکردایەتی فورستەر •

ئەوی راست بێ - هەروەکو لە راپۆرتی رۆژنامەکانی هەنەمەران‌دا دەرئەکەوێ-٩٠٪ی کرێکارانی رەش (ئەفریقایی) لە کانەکان دا کارئەکەن لەگەڵ ئەوەش دا جیاوازی‌یەکی زۆر لەنێوان ئاستی‌ژیان‌و گوزەرانی کرێکارانی سپی‌و رەشی ئەفەریقایی دا هەیە لە کاتێك دا سپی‌یەکان‌مافی دامەزراندنی نیقابەو رێکخستن‌و مان گرتن‌و لەهەموو شوێنێك ئیش کردنیان هەیە لە هەمان کات دا ئەفەریقاییەکان هیچ جۆرە مافێکی نەقابەییان نیە !

وە هەموو ئەو مانگرتن‌و خۆپیشاندانەی ئەفەریقاییەکان ئەیکەن بە ناڕەوا دانەنرێ‌و لەسەری سزا ئەدرێن بەگرتن یاخود تیرە باران کردن • جگە لەمەش بۆ هەر شوێنێك بچن ئەبێ دەفتەری نفوس لەگەڵ خویان دا بەرن •

خونەگەر لە شوێنێك پولیس داوای ئەو دەفتەرەی لێ کردو پێی نەبوو ئەوا دوچاری گرتن ئەبێ !! ئەمەیە رووی راستەقینەی رێژیمی فاشیزمی‌و رەگەز پەرستی خوارووی ئەفەریقا •

وە لەو دەفتەرەش دا وێنەی کابرای رەش‌و تەمەنی‌و رەگەزی‌و تیرەو ئەو باجەی لەسەریەتی ئەنوسرێ ٠٠لیرەوە کرێکاری ئەفەریقایی سەربەست نیە لە گەڕان‌و گەشت‌و دوزینەوەی کار لە هەر شوێنێك‌دا کە بیەوێ،سەرەڕای ئەوەی کە هیچ لایەنێك کە مافی بیارێزێ‌و نەیەڵێ لەسەر کارەکەی دەربکرێت •

لە لاکەی تریشەوە نەقابەکان بوون بە چەکێك بەدەست رێژیم‌و کۆمپانیاکانەوە بۆ سزادانی کرێکارانی ئەفەریقایی‌و دەرکردنیان‌و دامەزراندنیان لەسەر ئیشی قورس‌و سەخت‌و سامناك کە مەترسی فەوتان‌و لەناو چوونی لێ نەکرێت •

دەست بەسەر ئالتون داگرتن

کان‌و دەرهێنانی ئالتون گەورەترین بەرهەمی خواروی ئەفەریقایەو هەر ئەو سامانەش کە چارەی ئەو گەلەی ئەفەریقای بەم مەرەیە گەیاندووە • ئالتون‌و زیوی خواروی ئەفەریقا لە لایەن کۆمپانیا مۆنوپولەکانی ئەورویاوە دەستی بە بەسەردا گیراوەو گەورەترینی ئەو کۆمپانیایانەی ئالتون لەو وڵاتە دەرئەهێنن کۆمپانیای فیدراسیونی ئەنگلۆ ئەفەریقایی کە زوربەی هێزی کرێکارانی ئەفەریقان‌و هێزێکی لەبن نەهاتوی تێکوشانن لەهەموو خەباتیان لێ کردوە بەلادا دژی حوکمی کەمە سپی‌یەرەگەز پەرستەکان بە سەرکردایەتی فورستەر •

ئەمەریکایە- کە ٤١٪ی بەرهەمەکەی ئەبات‌و سێ‌یەکی کرێکاران لە کانەکانی‌دا ئیش ئەکەن •

لە ساڵی ١٩٧١ دا نزیکەی (٣٨٠) هەزار کرێکاری رەش کاریان لە کانەکانی ئالتون ئەکرد بەڵام رەگەز پەرست‌و کۆمپانیا مۆنۆپولەکان بۆ ئەوەی ئەوەندەی تر چەرمەسەری کرێکاران بدەن ئێستاکە سیاسەتێکی چەپەڵی تریان گرتوتە بەر کە بریتی‌یە لە هێنانی کرێکاری تر لە دەرەوەی وڵات • کرێکارەکان لەو کانانە دا هەفتەی ٦٤ سەعات لە قوڵایی دوومیل دا کار ئەکەن‌و لە دۆخێکی سەخت‌و ناتەندروستی داو پارەیەکی زۆر کەمیش وەرئەگرن

ئەوەی ئەوەندەی تر ئەو کێشەیەی ئالۆز کردوەجیاوازی رۆژانەی کرێکارە ئەفەریقایی‌و سپی‌یەکانە • کرێکاری سپی لەو شوێنانەدا ساڵی ١٩٠ ملیون ڕوپیە وەرئەگرێ کەچی کرێکاری رەش ئیشی زیاترو سەخت تر ئەکات‌و بەهەزار شەڕە شەق ٩٠ ملیون ڕوپیە وەرئەگرێ •

فراوان بوونی پیشەسازی‌و کەم‌بوونی رۆژانە !؟

لەکاتێك‌دا ئابوری خواروی ئەفەریقا پەرەئەسێنێ‌و فراوان ئەبێ وکارگەو فابریقەی نوێ دائەمەزرێت لە گەڵ ئەمەدا کرێکاری ئەفەریقایی رۆژ بەرۆژ رۆژانەکەی بەرادەیەك کەم ئەبێتەوە بەشی ژیانی رۆژانەی ناکات ! !

کەوابوو هەڵویستی کرێکارانی ئەفەریقا لەم‌بارەیەوە چۆنە ؟!

چی ئەکەن ؟ چۆن وەڵامی ئەم کردارانەی رێژیمی رەگەزپەرست ئەدەنەوە ؟!

بێ گومان کرێکارانی رەشی ئەفەریقایی هیچ کاتێك بەم دۆخە قایل نەبوون‌و هەموو جۆرە رێگایەکی شەرعی‌یان گرتۆتە بەر بۆ داوا کردنی مافو داواکاری‌یان •• لەم رێگایانەش کە گرتویانەتە بەر مانگرتن‌و خۆپیشان‌دان بووە •

ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٧٣ دا کرێکارانی رەش وەکو پلنگ راپەڕین‌و مانگرتنێکیان بەرپا کرد ئەوسەری دیار نەبێت‌و تەخت‌و تاجی رەگەزپەرستانیان هێنایە لەرزین‌و لە زوربەی وڵات دا پەکی باری ئابوری‌یان خست •

هەرچەندەش هێزەکانی لەشکرو پولیس‌و ئاسایش بەقامچی‌و نارنجۆکی فرمێسك ڕێژ کەوتنە گیانی کرێکارەکان گرتوەکان ژمارەیەکی زۆریان لێ گرتن‌و کوشتن • بەڵام ئەم مانگرتنە ناوەرۆك‌و روخسارو کاریگەری‌ی خۆی هەبوو ،وە خەباتی ئەو گەلە چەوساوەی بردە قۆناغێکی تەرەوە • وە لە هەموو دنیا دەنگی نارەزایی دەربڕین دژی رەگەزپەرستان‌و پشتگیری کردنی کرێکاران بەرز بۆوە هەر لە وڵاتانی سوشیالیستی- یەوە تاوەکو وڵاتانی تری سێ‌یەمی جیهان‌و بەرەو بزوتنەوەی کرێکاران‌و بزوتنەوەو رێکخراوە پێشکەوتنخوازەکانی بەریتانیاو ئەرەنساو ئەڵەمانیای فیدراڵو ئەمەریکا •

ئەمرۆش گەلانی دنیا بەیەك دڵ‌و دەنگ رەگەز پەرستان تاوانبارو ریسوا ئەکەن‌و کرێکارانی ئەفەریقاش ریزی خۆیان پێ‌و کردوەو باش لەمەبەستی تێکوشانیان گەیشتون‌و ئامانجی دوورو نزیکیشیان دەست نیشان کردوە •• بێ گومان رەوڕەوەی مێژووش هەر بەرەوپێش ئەڕوات‌و گەلانیش ئەمرۆ بێ یاخود سبەینی هەر بە ئاوات وئامانجیان شاد ئەبن •

دوای تاقی کردنەوەی فێتنام

ئەمجارە ئەمەریکانیازی وایە خۆی لە ئەنگۆلا تاقی بکاتەوە !

رووداوەکانی ئەنگولا ،ئیمپریالیزمی ئەمەریکای توشی گیروگرفتێکی دژوار کردوە ، ئەو راپورتانەی لەم بارەیەوەئاژانسەکان بڵاوی ئەکەنەوەوای ئەگەیەنن کە سەرەرای چەك وپارەی ئەمەریکاولەشکری رێژیمی رەگەزپەرستی‌خواروی ئەفەریقا ، هیچ هیوای ئەوە نیە کە هێزەکانی دوژمن‌بە شۆڕش بەسەر بزوتنەوەی‌رزگاریخوازی گەلی ئەنگولادا زاڵ ببن ، بەوپێیە ، ئەمەریکاناچار لەدوو رێگا یەکیك‌هەڵبژێرێ :

- یان هێزی عەسکەری دوو بزوتنەوەی « بەرەی نیشتمانی‌و یونیتا » سەرەرای ئەوەی کە شەڕی ئەنگولاوە مانگی **بنێرێ بۆ ئاو ئەنگولاو راستەوخۆ ، خۆی لەدژی** پشتیوانی لەشکری رژێمی رەگەز پەرستی خواروی ئەفەریقا و (٥٠) ملیۆن دۆلار **ئەوبزوتنەوەیە شەڕ بکا •** کە لە دەزگای موخابەراتی مەرکەزی ئەمەریکاوە بەرەزامەندی (فۆرد) بۆ گرینی چەك پێیان دراوە ، سەرەرای ئەمانەش توشی زۆر زیانی گەورە بون •

- یان واز لەو دەست تێ وەردانە بێنێ •

هەواڵەکان وا ئەگەیەنن ، کە ئەمەریکا یارمەتی عەسکەری‌و دارایی لە رێگای موخابەراتی مەرکەزی‌و بەکرێگیراوانی لەئەفەریقا دا بۆ هێزەکانی دژ بە شۆرش بەرێ ئەکا • هەرچەند لەپێشەوەش ئەزانێ ئەو شەڕە ئەدۆڕی‌و بزوتنەوەی گەلی ئەنگولا خەریکە خاکەکەی لە بەکرێ گیراوان پاك بکاتەوە •

لە چەند هەفتەی رابوردودا بەرەی گەلی لە سێ بەرەگەی باکورو باشورو رۆژ ئاوادا زۆر سەرکەوتنی گرنگی عەسکەری بەدەست هێناوە ، رۆژنامەی ئەمەریکایی « نیویورك تایمز » نوسی‌ویەتی کە وەزعەکە بەنیسبەت دوبزوتنەوەکەی ترەوە زۆر بەخیرایی بەرەو شێرزەیی ئەروا •

لە بەرەگەی باکور هێزەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی ئەنگولا شاری (ئەمبریز) مولگای بەرەی نیشتمانی یان خستۆتە مەترسیەوە و ئەو رێگایەیان گرتوە کە ئەچێتە شاری « کاکسیتو » لە باکوری رۆژهەڵاتی (لواندا) •

هێزەکانی بزوتنەوەی گەلی هیرشێکی هاوبەشی هێزەکانی « بەرەی نیشتمانی‌و یونیتا » یان لە (١٥٠) میلی باشوری « لواندا » تێك شکاندوەو ناچاریان کردون بگەڕێنەوە ، لە بەرەگەی رۆژهەڵاتیش هێزەکانی بزوتنەوەی گەلی شاری «لۆسۆ» و « بنگویلا »یان رزگار کردوەو لە بەرەگەی باکوریش شاری « کابیلا »یان رزگار کردوەو لەبەرگەی باکوریش شاری « کابیلا » و « کویپالا » لە دەست هێزەکانی دوژمن دەرهێنراوە ، گۆڤاری « تایم» دانی بەوەدا ناوە کە هێزەکانی هێزی سوپای بنێرێ‌و شەڕێکی سەختی وەك هینەکەی فێتنام لەدژی گەلی‌ئەنگولا هەڵگیرسێنی یان ئەبێ بکشێتەوە • کاربەدەستانی ئەمریکاش ئەوەیان ئاشکرا کردوە کە باوەر ناکەن هێزەکانی دژی شۆڕش بتوانن ئەو مەلبەندانە بۆ خۆیان بپارێزن کە ئێستا داگیریان کردوون •

کانێ ئەمریکا لە مانگی تشرینی یەکەمی رابردودا کە کیسنجر داوای تەرخان کردنی ٦٠ ملیون دۆلاری بۆ یارمەتی چەند وڵاتێکی ئەفریقا کردبو ، کۆنگرەی لە نیازی حکومەتدا دەوەدەبری •• سەناتۆر (ڕیچارد کلارك) سەرۆکی لێژنەی نابینەتی ئەفریقا لە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا دا گەڵاڵەی یاسایەکی پێشنیار کرد کە رێگای بە حکومەت ئەداوە بەبێ بڕیاری کۆنگرێس دەست لە کاروباری ئەنگولا بدات •

زۆر لە ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمریکا لایان وایە کە دەست تێ وەردانی ئەمریکا لە ئەنگولا لەوانەیە ببێتە هۆی پێوە گلانێکی تەواوی ئەمریکا لە ئەنگولا هەروەك لە فێتنام ڕوی دا • چونکە چەك‌و بارەی ئەمریکا تائێستا لە مەیدانەکانی شەڕدا بەرهەمێکیان بەدەستەوە نەداوە •

- بارام ئامادەی کردوە -

ئەهریمەنی شە ! چۆن ئەبێ بە کۆتری ئاشتی؟

شیخ حسن محی‌الدین

دروشمی چەرخ ئەوەنیشان ئەدات ئەو سەردەمە بەسەرچو بەشی زۆری ئاسیاو ئەفەریقاو ئەمەریکای لاتین میر غوزاری لەوەڕاندنی ئیمپریالیزم بێت‌و لەسەر سڕی دەماری هەست‌و هۆشی گەلانی نوستوو خێروبەری وڵاتان بەکێش کەن بۆ گیرفانی ەونوپولەکان شتێکی ئاشکرایە ئیمپریالیزمی جیهان گەیشتە پوپەی دەسەلات لەسەرمایەداریا ، دوهەوی سەرەکی هەیە ، یەکەم : دواکەوتنی گەلان لە قوناغی مێژویی خویالەپلەی خوێندەواری‌و هوشیار بونەوەو رێ‌بردن بەمافی رەوای سەربەخۆیی •

دوەم : بەهۆی داگیرکردنی وڵاتان‌و ژێردەست کردنی گەلان ، بەزۆری کوتەك ،کەوابو لەباش وریا بونەوەی گەلان ئیمپریالیزم بە خوێنی شەڕ ئەژی وگەشە ئەکات •

لەباش ئەوەی کەزوربەی گەلانی جیهان جڵەوی چارەنوسی خویان گرتە دەست بەیارمەتی گەلانی جیهان هێزەکانی ئیمپریالیزم ڕێرەوی بەرەو سەپاندنی دەسەلاتی خۆیان بەسەرگەلاندا گۆڕی تارادەی دەس‌دانە چەك وەك لەکاتی هێرش بردنە سێ قۆلیەکەی ئیسرائیل‌و بەریتانیاو فەرەنسە بۆ سەرکوماری میسر روی دانەساڵی١٩٥٦جاری دوەم کە ئیمپریالیزمی ئەمەریکا هێزە دەریاییەکانی خستە کارو ئابلوقەی کوبای‌دا بەنیازی پەلاماردان‌و داگیرکردنی ، لە پاش ناهومیدبونی لەسەرکەوتنی پیلانەکانی کەلەریگای بەکرێ گیراوانی ناوخۆیەوە چەن جارێك هەوڵی بێسودی‌داو بوبە هۆی پاك کردنەوەی کوبا لە دڕك ودالی خیانەتکاران ، ئەم یەك دو تاقی کردنەوەیە بەرای گشتی جیهانی سەلمان، وەتارادەیەکیش سەرکیشە ئیمپریالیستەکان لەئاستی ئەم راستیەش شەقاوی سەرکیشیان خاوکردەوە کە زانیان ئەوسەردەمە بەسەرچو سیستەمی سەرمایەداری پالەوانی گۆڕەپانی سەربازی بیت لە جیهاناو بتوانێ وەکو جاران دەستەلاتی خوی بەزۆر بەرەو سەپاندنی دەسەلاتی خۆیان بەسەرگەلاندا گۆڕی تارادەی دەس‌دانە چەك وەك لەکاتی هێرش بردنە سێ قۆلیەکەی ئیسرائیل‌و بەریتانیاو فەرەنسە بۆ سەرکوماری میسر روی دانەساڵی١٩٥٦جاری دوەم کە ئیمپریالیزمی ئەمەریکا هێزە دەریاییەکانی خستە کارو ئابلوقەی کوبای‌دا بەنیازی پەلاماردان‌و داگیرکردنی ، لە پاش ناهومیدبونی لەسەرکەوتنی پیلانەکانی کەلەریگای بەکرێ گیراوانی ناوخۆیەوە چەن جارێك هەوڵی بێسودی‌داو بوبە هۆی پاك کردنەوەی کوبا لە دڕك ودالی خیانەتکاران ، ئەم یەك دو تاقی کردنەوەیە بەرای گشتی جیهانی سەلمان، وەتارادەیەکیش سەرکیشە ئیمپریالیستەکان لەئاستی ئەم راستیەش شەقاوی سەرکیشیان خاوکردەوە کە زانیان ئەوسەردەمە بەسەرچو سیستەمی سەرمایەداری پالەوانی گۆڕەپانی سەربازی بیت لە جیهاناو بتوانێ وەکو جاران دەستەلاتی خوی بەزۆر

بڕوانە ل -١١-

بزوتنەوەی وڵاتانی بی‌لایەن

هێزێکی لەبن نەهاتوی شۆڕشی گەلانە

عبدالقادر عزیز
ئامادەی کردووە

ماوەیەك لەمەوبەر وەزیرانی‌دەرەوەی دەوڵەتانی بی‌لایەن لەژێر دروشمی (بایەکبگرین‌بەرەو رزگار بوون) لەشاری ئیمای پایتەختی پیرۆ کۆبونەوەی لێکۆڵینەوەی ئەو کێشەو گیروگرفتانەی بزوتنەوەی‌بی‌لایەنی‌ی رووبە رووبونەوە ئەبێت • ئەوە بوو کۆبونەوەکەسەرکەوتوانە کۆتایی بە کاروبارەکانی هێناو چەندریارێکی گرینگی دەرکردو بریارشی‌دا کە ئەمساڵ(١٩٧٦) کۆبونەوەی بەرزی ئەم وڵاتانە لە شاری کۆلۆمبوی‌پایتەختی سریلانکا بکرێت •

ئەگەر بێتو سەرنجێك‌لەدۆخی ئێستای نێو دەوڵەتان‌و ئەو رووداوانە بدەین کە لەسەرشانۆی جیهان‌دا ئەقەومێن بۆمان دەرئەکەوێ کە گەلانی‌جیهان رۆژ بەرۆژ بەرەوپێش ئەچن‌و هەنگاوی دلێرانە ئەهاوێژن‌و زەبری جگەربڕ ئاراستەی ئیمپریالزم ئەکەن‌لەئاسیاو ئەفەریقاو ئەمەریکای لاتین‌دا • جا لە پێشەمەرگەکانی‌فەلەستینەوە تاوەکو خواروی رۆژهەڵاتی ئاسیاو بەرەوئەفەریقای مەلبەندی شورش‌و خلیجی عەرەب‌و شورشی‌زەفارو عوممان ، راستی‌ی ئەم قسەیەمان ساغ‌ئەکەنەوە •

لەم بۆچونەشەوە بزوتنەوەی‌دەوڵەتانی بی‌لایەن بەپێی ئەو ئەرکەی لەم رۆژگارەداکەوتۆتە سەرشانی‌و ئەو دەورەی لەسەر شانۆی‌سیاسەتی نێو دەوڵەتان‌دا ئەیگێڕێ هێزێکی‌لەبن نەهاتوی شۆڕشی گەلانە دژی دەست بەسەراگرتن‌وچەوساندنەوەو ئیمپریالیزم‌و رەگەز پەرستایەتی‌و •جگەلەمەش‌تەقەللای بێ‌وچان ئەدات بۆ پتەوکردنی سەربەخۆی وڵاتەکانی‌و پتەوکردن‌و جێگیرکردن‌و دەورو پلەو پایەیان لەکۆمەڵگای دەوڵەتان‌دا •

هەروەکو ئاشکرایە وڵاتانی‌ئێستای بی‌لایەن لەمەوبەر زوربەیان ژێر دەستەی‌ئیمپریالیزم بوون‌و لەلایەن رژێمی کۆنە پەرست‌و داگیرکەرانەوە ئەچەوسێنرانەوەو راوو ڕووت ئەکران‌و خێروبیروسامانی وڵات‌و گەلەکانیان بەتاڵان‌و فیڕۆ ئەبرا •• بەڵام ردە وردە رزگاربوونی ئەو گەلانەو دامەزراندنی سیستەمی‌ئیشکەوتنخوازانەیان‌و پێك هێنانی بزوتنەوەی وڵاتانی‌بی‌لایەن کێشەی رزگاربوونی گەلانی جیهانی فراوان‌تر کردوبزوتنەوەی شورشی جیهانی بەتەوژم بەرەو پێش برد •

ئەمرۆش کە بزوتنەوەی‌وڵاتانی بی‌لایەن بەتین‌و پتەوو بەهێز بووەو خەباتێکی بێ‌وچان‌ئەکات دژی ئیمپریالیزم‌و زایۆنیزم‌و- کۆنەپەرستی‌ی‌ورەگەزایەتی ئەوەندەی تر بارسەنگی هێزی شورشی‌جیهان‌بەلای گەلانی پیشکەوتنخوازدا قورس کردەوەو دەردی‌ئیمپریالیزم‌و دوژمنانی مرۆڤایەتی سەخت‌و گرانتر کردوە •

جابۆئەوەی ئەم بزوتنەوەیئشکەوتنخوازە قایم‌و پتەوتر بێت‌و بەتەواوەتی ئەرکی‌سەرشانی بەجێ بهێنێ‌و دەستی دلێرانە لەئیمپریالیزم بوەشێنێ‌وابیویست ئەکات کەزیاتر ریزی وڵاتانی بزوتنەوەی‌بی‌لایەن یەکبخرێ‌و هاوکاری ئابوری‌و سیاسی وکۆمەلایەتی نیوانیان توندو بەتین‌تر بکرێ •

Institut Kurde de Paris

راستی لەزمانی

هەغدید سۆران

... لەو شوێنەی سیپارە کۆنە ئەفسوناویەکەی دێوی‌رەش هێشتا لەسەر زمانی تەمەن درێژە بێ‌تەمەنەکانەوە ، بەدرێژایی شەوورۆژ بەبلندگۆ بەو خەلکە ڕادەگەیەندرێ ، ڕێگەی هاتو نەهات چل قۆناخە ، هەموومیزارو باخە ، لەو ناوە ، پێشکەی قارەمانان بە دارەوەدەکرێ ، وەکو ڕۆژگاری کۆن‌بە هێلکەی دوو زەردنە ئالەوگۆڕ دەکرێ ، مرازیش بەپارە دەفرۆشرێ ... لەدەوروبەری (مزگەوتی شێخ الله) کە هەمیشە وەك کۆنە بازارو شانەی هەنگ ئەوخەلکە بەناوبێکدا دەسورێنەوەو لوول دەخۆن ، میوە فرۆشەکان هەر یەك بەجۆرێك بازاری خۆی گەرم دەکردو ئەنگوستی لە چاوی نەبوونی ڕادەکرد ... دوێنێ لە هەموو ڕۆژان بازاریان گەرمتر بوو، هەریەك بە ئاوازێك بەکالاو میوەی خۆیدا هەلدەگۆت : ترێی شەقلاوە بۆ سەرمێز باوە ، خورما سورە هێزی زۆرە ، پیازی ببیانی بیخۆ بە نانی ، شەکرە سێوە بیخۆ بە لیژە .. (حەمە شێت)یش لەکاتێکا چەندین مەنجەلو پارچە ئاسن‌وقربەی لە دەوری خۆی کۆکردبۆوەو کردبووی بەسەنگەر ، دەبەها منداڵی قەدونیم قەدیشی لە دەوری خۆی کۆکردبۆوە ، لەگەل خەلك وخوای خۆی کەوتبوە دەردەدڵوسکاڵا :

ـ بەخوا مەردوم ، من بێگوناهم ، بۆ دڵتان بە خۆیی ئاسوتی ؟

دایە ڕۆ بابە ڕۆ ، بۆ بە لای ئێوەوە نازاردانی هەزار خێرە ، هەیڕۆ ڕۆ ڕۆ بەسە ، تا ئەم هەموو خەلکەم کەسە ، دوژمن بەسە !! بۆ تێم ناگەن ؟

ئەوەی میراتگری پسوولەی هەوری ڕەشە ، میدالیەی دەریاوانانی لێ دەوەشێتەوە مافی ئەوەشی هەیە ـ بەلای خۆیەوە ـ وەك سەنەدوبانی دەریایی بەدەوری دونیادا

پسورێتەوە ، وەك ئەسپی دەریایی بە کلکو یاڵە درێژەکانی بنازیو پێکول لە هەیوانی فسۆس پاڵەوانەکانیشدا بکا ، بەلام هەرگیز مافی ئەوەی نیە وەك حەفت سەری ئەفسانەیی

سەری منداڵی خەلك هەلقەنێ ، گوێم لێ ڕاترن ، من نامەوێ لە هەندەرانەوە بێن لە حەوشی قودسدا سەری کۆترە جوانە بال سپی یەکان ببڕن ، من نامەوی کەس تۆرەبەکانم ئارەقەی نووشەی من و ئێوەو منالانی خەلك بدزێ .. ئێوەش ناتانەوی ئاسن بەدەستەکانی دەریاییو چاو تەسکەکانی یەکی دونیا لەناو کلێنەی جاوی حەزەکانماندا ئاگرو کینە ببارێنن ، لە کێلگەی چارەنووسیماندا چقلی ژانو درکی خوناوی بچێنن ... ئینجا بەناوی مارشانی دیدەبانی ئەقیانۆسەکانەوە داوای بەراتو سەرقەلەمانیو باجانەمان لێبکەن !

لەپاشدا (حەمە) وەك ئەوەی هەستی بە شتێکی نەهێنی کردبێ ، یا بیرێکی کاریگەری تەلەسماوی تازەی بۆ هاتبێ ، فەیلەسوفانە سەری دەلەقاند ، لە دەروونیا سەدەها کەشمەکەشو دەیەها هەنگامە بەرپابوو .. نە هیچ کامیان ئەنجامی ئەدا بەدەستەوەو نە کۆتایی پێدەهات ، ئەوسا بە پەشۆکاویو خەشمەوە سەری بلند دەکردو دووپاتو سێپاتی دەکردەوە :

ـ هەموو لە مەر تۆیە ـ باشە ڕۆژی خۆی ... لێرەدا قورگی دەگیرا پاش هەژانو لشەمە لشەیەکی زۆر ، بەدەنگێکی بلندو سۆزناك دەستی بە گریان دەکرد ، لە

لاپەڕە ـ ٤ ـ

گەشتێك بەدرووني

هەندێ شاعیر هەیە کە تەنها بە ناوبردنیان تەوژمی شادیو خۆشی ئەچێ بە دەروونی مرۆڤدا ، بێگومان ئەمەش ئەگەر ڕێتەوە بۆ ئەو نامو چێژە تایبەتییەی کە لە بەرهەمەکەیدا هەیە ، پێم وایە شێخ ڕەزا لەو شاعیرانەیە کە زۆربەی هۆنراوەکانی لەگەل سروشتی نەواوی خەلکیدا گونجاوە .

شێخ ڕەزای نوکتەزانو بیرتیژوو قسەخۆش کە بەرهەمە ئەدەبییەکانی بە نەواوی جیاوازە لەگەل شاعیرەکانی تردا بەوەی ئەم شتانەی ئەم گرنگی پێداوە لای شاعیرەکانی‌تر دەدست ناکەوێ .

شێخ ڕەزای قسە نەستەق کە بەهەریەکی گەورەو سەلیقەیەکی وردی تیا بەدی ئەکرێ بلەی شاعیریەتی بە شێوەیەکە کە لە زۆر شوێندا سەرووی هەموویان کەوتووە ، شایەنی باسە کە ئەو بارو زرووفەی ئەوی تیا ژیاوە کاریگی کەورەی کردووەتە سەری و هاندەرێکی بە هێزبووە لە بەرزکردنەوەی بلەی شاعیریەتی شێخ ڕەزادا .. لێرەوە ئەمەوێ بچمە ناوەوەکی مەبەستی نووسینەکەمەوە ، لەویش ئەو لایەنەیە کە لەبەرەندی هەیە بە شەخسیەتی شێخ ڕەزا خۆیەوە ، چونکە تاکو ئێستا زۆرکەس بە بیریکی تەسکەوە ئەوانێتە شێخ ڕەزاو هۆنراوەکانی بەوەی کە شێخ ڕەزا شاعیرێکی شەپکەرەوە [illegible] ڕەوشت‌نزمە کە ئەمەش لە ڕاستییەوە دوورەو بگرە دەردی ئەڵێن « بوختانێکی گەورەیە ئەیدەنە بال شێخ ڕەزا » بۆیە حەز ئەکەم هەندێ شت لەم لەم بارەیەوە ڕوون بکەمەوە ..

ئاشکرایە کە ئەدەبی هەموو میلەتێك هیچ لایەنێکی لە بەشەکانی هۆنراوە بێبەش نەکردووە ، لە لاواندنەوەو لۆمەکردنو پیاهەلدانو شیوەنو دڵداری .. هتد . ئەدەبی کوردیش وەك ئەدەبی گەلان ئەم خاسیەتەی هەیە کە هیچ لایەنێکی فەراموش نەکردووە ، جۆ ئەگەر شێخ ڕەزا نەبوایە ئەوە ئەدەبی کوردی لە یەکێك لەو بەشانە بێبەش ئەبوو وە کەلێنێکی گەورە ئەکەوتە ئەدەبەکەمانەوە ، ئەو کەلێنەش نەبوونی (هیجا) یان بە شێوەیەکی فراوانتر بڵێین شاعیری (هیجا)مان نەئەبوو .

هۆنراوە بەسۆزەکانی شێخ ڕەزا لە ئەنجامی ئەو ناکۆکییە لە دایك بووە کە لە نێوان خۆیی‌و ناحەزەکانیا هەبووە ، واتە هۆنراوەکانی (دروست کراو) نیە ، کە ئەمە زۆر گرنگە بە نیسبەت هۆنراوەوە ، چونکە زۆر جار شاعیر زۆر لە [illegible] ئەگا کە [illegible] دروست بکا کە لە ئەنجامدا سەرکەوتنی بەدەستی وەدەس ناهێنێ ، بەلام شێخ ڕەزا بە پێچەوانەوەوە بووە . شێخ بەو جۆرە نەبووە کە خەلکی لێ‌تێکەیشتبوونو بە هەلە هەلوەستی خۆیان بەرامبەری ئەخەنە بەرچاو بەوەی کە شێخ ڕەزا زۆر تووڕە بووەو بە خەلکا هەڵشاخاوەو دڵی کەسی بە خۆیەوە نەهێشتووەو هەموو کەسێکی لێ‌ڕەنجاوە ، بەڵکو بە پێچەوانەوە ، شێخ ڕەزا مرۆڤێکی هێمن‌و لەسەرخۆ بووە ،خاوەنی‌ڕەوشتێکی بەرز بووە کردەوە جوانو دڵ نەرم بووە ، هەتاکوچیلکەیان نەکردبێ بە دەروونیا لە هیچ کەس نەوروژاوەو بەکەسی‌بەوە نەداوە ، بەڵام کە جام‌بوو پڕ لەسەری ئەرزێ‌وزۆر جار ناچار بووە تیغی زمانی بخاتە کاروو دەستی‌خۆی وەشاندووە ، کاتێ کلپەی دەروونی دامرکاوەتەوەکە سەرزەنشتی ناحەزوو دوژمنەکانی کردووە .

شێخ ڕەزا هیچ کاتێ سەری‌بۆ دوژمنەکانی دانەئەواندووەو هەمیشە هۆنراوەکانی تیرێکی‌ژەهراوی بووەو ناڕاستەی دڵی بێ‌بەزەیی‌یانی کردووە .. ئەوهۆنراوانەی کە ئیمڕۆ چەپکە گوڵێکی ڕازاوەیە لە دیوەخانی ئەدەبی کوردیدا ، بە تایبەتی ئەوانەی لەپاش دەربەدەر بوونی‌داینناون ، لە پاش ئەوەی لە کۆیە ئاوارەبوو وە لەکەرکووکیش تەوەللابوو بە هۆی خزمەکانی‌یەوەو دەردی‌دووری‌و بێ‌لانەو جێگەیی‌ناگری دەروونی هێنایە جۆش ، کەهەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی شێخ ڕەزا بکا بەو شاعیرانەی‌پێی بوترێ شاعیری بەرز .. جگە لەمە وەنەبێ شێخ ڕەزالە لۆمەو توانج هاویشتن‌دا نوقم بووبێ ، بە تایبەتی‌یەکێکی وەکو شێخ نزیکەی سەدەیەك لەمەوبەر هەستی بەجیاوازی چینایەتی کۆمەڵ کردووە ، وە لە هەندێ شوێن‌دا بەنجەی‌ بۆ ئەمە درێژ کردووە ، ئەگەرچی ئەو هەست‌کردنەی‌ئەو جیاوازی زۆرە لەگەڵ پێوانەی ئیمڕۆدا بەڵام لەگەل‌ئەمەش‌دا جێگای شانازی‌یە .

جگە لەوەی شێخ ڕەزا وەك‌مرۆڤێکی دڵسۆز ، وەك کورد بەروەرێکی تێکۆشەرو لێهاتوو، شانازی ئەکا بە میللەتەکەیەوە، سەرگوزشتەی دەوری پیاوەتی‌و مەردایەتی‌و دادپەروەری ڕۆلەکانی ئەگێڕێتەوە .. گێڕانەوەیەك مەگەر هەر لە شێخ ڕەزا هاتبێ .. لە هەمان‌کاتا شانازی بە پیاوە ناودارەکانی کوردەوە ئەکاتو ئەیان‌کات بە نموونەی قارەمانێتی‌و جوانەمەردی‌و دلێری .

شێخ ڕەزا یەکێك بووە لەوانەی دەربەدەری‌و داماوی‌و بێ‌دەرامەتی‌و کەم دەستی بەخۆیەوە دیوە ، بۆیە زۆر جار دژی ئەوانە ڕاوەستاوە کە ئەفسانەو نەزانیین بۆلاو ئەکەنەوەو خەلکی لە خشتە ئەبەن .

شێخ ڕەزا وەها بووە ، بۆبەبەلای زۆری خەلکەوە نەگ جێگای لۆمەو نانە نی‌یە ، بەڵکووەك چۆن جێی خۆی لە دڵی میللەتا کردووەتەوە ئاواش پێوستی بە یەکەرێك هەیە بۆ ئەوەی هەمیشە لە بەرچاو بێ . شاعیر ئەو شاعیرەیە کە هەموو میللەت خۆشی بۆی ، شێخ ڕەزاش یەکێکە لەوانە ..

جەمال محمد

بزوتنەوەی ئەدەبی لە هەندەران

تانیانا سەبارەت بە تولستوی باوك ئەدوێ

لەم دواییەدا لەشاری پاریس کتێبێك دەرچوە ، کە تانیانای کچی چیرۆك نووسی بەناوبانگ نوسی‌ویەتی‌و باسی ژیانی خۆی‌و بیروڕای خۆی بەرامبەر تولستوی باوك ئەکا .

ـ لیۆن تۆلستوی ـ

تۆماس مان

سێ کتێب سەبارەت بە نوسەری ئەڵەمانی تۆماس‌مان بەزمانی فەرەنسی دەرچوە ، دوانیان لەنوسینی خۆی « دوکتور فاوستوس‌و دان بیانانەکانی سوارێك »و کتێبی سێیەم « یاداشتەکانی کاتیان » تۆماس‌مان لەشاری لوبیك ساڵی ١٨٧٥ لەدایك بووە لە ١٩٥٥دا کوچی دوایی‌کردو سەرەڕای ئەوەی بورجوازی بو، بەڵام هەڵویستی دوژمنانەی بەرامبەر نازی‌یەکان ئەنواند .

ـ تۆماس مان ـ

Institut Kurde de Paris

پارچەیەکی ترلە شیعرەکانی « یوسف باوەیی »

محمد علی قەرەداغی
ناردوویەتی

قیبلەم قارو قین ...
وەسەن لارەو لەنج ، خەشمو قارو قین ..
وەی طەور ڕەزاشەن جیهان ئافەرین ..
چەی دنیای فانی نە ڕووی سەرزەمین ..
من یێکیای موژەی پەیکار نۆ بوون ..
موبتەلای دیدەی خومار تۆ بوون ..
جانفیدای بالای نەمام تۆ بوون ..
هەوەسیای ئەو قەوس پەڕ فام تۆ بوون ..
بیللا نیم نیگات صەد قەزا پێشەن ..
(الحکم لله) چارەی من چێشەن !
بە ڕەزای خالق شوعلەی جەمالت ..
دلگیرەن نە بەند زنجیرەی خالت ..
نەك هەر من بەی طەوردەردم کاری‌یەن ..
خەلایق پەرێت کول نە زاری‌یەن ..
بەو بالای ئالای شۆخو ڕەعناوە ..
ئالەمت یەکسەر دا وە فەناوە ..
سا بەدەر ئینساف بالا نەونەمام ..
نیم زەرە مەیلت با بەیۆ جە لام ..
وەنەت مەعلووم بۆ ڕۆح ڕەوانم ..
مەر ئەلحەد پۆشۆ سۆمای چەمانم ..
ئانە بزانە جە داخت مەردم ..
وێم فیدای بالای ئالای تۆ کەردم ..
عەشقت ها من بەرد وە شەرای مەردەن ..
کافی‌یەن بەی تۆ ئیستیغنا کەردەن ..
چەند ساڵەن وەی ئێش‌نێش دەردەوە ..
وەی زام پەنهان نە تۆی پەردەوە ..
کۆی سەبرو تاقەت نە دەروون بەردم ..
ڕازم ئاشکار ، وە کەس نەکەردم ..
ئیسە ئارامم جە لا ئەمەندەن ..
خەمت بنچینەی تاقەتم کەندەن ..
سا ئازیز خۆف کەرتۆ جە ڕۆی مەحشەر ..
ڕەحم خێر وە حاڵ دەرد (غەریب) کەر ..

لە ئەدەبی گەلانەوە :

ئۆجوانم نیتم !

لە شیعری شاعیری ئینگلیزی :ـ تۆماس کامپیۆن (١٥٦٧ـ١٦٢٠)

تۆ جوان نیت .. هەر چەندە وا سوورو سپیت ،
هەر چەندە تۆ لە ژێر گوڵوخشڵی ژێرا بزریت ..
تۆ شیرین نیت .. هەر چەندە لە ڕوناکی پاکا خولقاویت

نا تۆ نە شۆخیتو نەقەشەنگی .. کەر سۆزت
بەسەرما نەڕژێ !

قەت گرو گاپەی خەیاڵت بۆ کپ ناکەم :ـ وات لێ
نەکەم هەر خۆت بۆ ـ خۆت بیسەلێنی

جوانی هەرگیز بە بێ گری خۆشەویستی جوانی
نی‌یە .

دەی قەی ناکات .. خۆشت نەوێم .. قەت نەتەوێ
بەو هەموو بیرو هۆشەوە .. بە جوانیت فریوم
دەی ، با سەد نەوەندش ـ قەشەنگ بیت :

وردە خەندەو ماچەکانت باریان گرانەو
هەڵناگیرێن ، نا .. نا چیتر شەتەك نادرێم لە مابەینی
ئەم قژڵو باسکانەی تۆ تا ئیستاکە نیشانم دە .. کەر
تۆ خانمێکی بەڕاستیت ..

بمگرە ئامێزو بمکوشە .. ماچم بکەو .. حەزم
لێبکە .. بەڵام بە قیزو بێزەوە !!

شێرزاد حەسەن لە ئینگلیزی‌یەوە کردویە بە کوردی

بەراوردێکی بەرهەمی کوردی‌یە لە نێوان ساڵانی ٩٤٥و١٩٧٥دا

ئێستا و ئەوسا

ئێستا ـ ساڵی ١٩٧٥

ئەوسا ـ هەرەتی لاوی‌و سەرەتای مامۆستایم بوو ، تازەش دەستم دابوو قەلەم ٠

ئێستا ـ بە زەحمەت مووی رەش لەسەر پێستەمدا بەدی ئەکەم ، تێشوو بۆ پاشە رۆژ پێکەوە ئەنێم ٠

ئەوسا ـ کەف‌و کولی شەڕی دووەمی جیهان لە دامرکاندن دابو ،تەوەر لەهەرەس هێناناوبوو سوێند خواران (٧)ی سەر‌کەوتنیان بەرزکردبوەوە ، بناغە بۆ دەزگای نەتەوە یەکگرتوەکان دادەنرا نزیکەی چل دەوڵەتێك هەبوون ٠

ئێستا ـ تێکرا لەدنیایەکی ناسودەدا نەژین ، لەم سی ساڵەدا زیاتر لە هەشتا دەوڵەت دامەزراون ، ئەو گەلانەی‌هێشتا سەرفەراز نەبوون بەشوێن چارەنوسی‌خۆیاندا تێ‌ئەکۆشن‌و خەبات ئەکەن ٠

ئەوسا ـ

لەمەیدانی رۆژنامەگەری کوردیدا ئەم رۆژنامەو گۆڤارانەمان دەرئەچوو بلاو ئەکرایەوە :

١ ـ گەلاوێژ ـ گۆڤارێکی ئەدەبی‌و علمی‌بوو مانگی‌جارێك لە بەغداد دەرئەچوو حاوەن‌و سەرنووسەری‌ئیبراهیم ئەحمەد و مودیری ئیدارەی علاءالدین سجادی بوو ٠

٢ ـ دەنگی گێتی‌ی تازە ـ گۆڤارێکی ئەدەبی‌و پەیامی بوو چەند ساڵێك لەلایەن باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە بەغداد دەرئەچوو ، باش ئەوەچەند نووسەرێك کرتیانە ئەستۆ ٠

٣ ـ ژین ـ رۆژنامەیەکی هەفتەیی بوو لەلایەن پیرەمێرد دەوە لەسلێمانی دەرئەچوو ٠

٤ ـ رێی‌تازە ـ گۆڤارێکی مانگانە بوو لە (یەریڤان) لە ئەرمینیای‌سۆڤیەتی دەرئەچوو٠

٥ ـ نیشتمان ـ گۆڤارێکی ئەدەبی سیاسی بوو ، لە (سابلاخ) مانگی جارێك دەرئەچوو ، زمانی کۆمەڵەی (ژ٠ك) بوو ٠

٦ ـ رۆژانوێ ـ گۆڤارێکی ئەدەبی هەفتەیی بوو ، لەسەر‌شێوەی بۆتان‌و بەپیتی لاتینی لەلایەن کامەران بەدرخانەوە لە بەیروت دەرئەچوو ٠

٧ ـ کوردستان ـ گۆڤارێکی ئەدەبی سیاسی بوو ، لە (سابلاخ) لە لایەن کۆمەڵەی دیموکراتی کوردستانەوە مانگی جارێك دەرئەچوو ٠

٨ ـ هاواری نیشتمان ـ تاقە ژمارەیەکی بەگۆڤار ئەوانیتری بەرۆژنامە لەلایەن لاوانی کوردستانەوە لە (سابلاخ) دەرئەچوو ٠

٩ ـ رونامی ـ گۆڤارێکی ئەدەبی هەفتەیی بوو لەلایەن جەلادەت بەدرخانەوە لەشام بەپیتی لاتینی لەسەر شێوەی بۆتان بلاو ئەکرایەوە ٠

زوربەی زۆری ئەم رۆژنامەو گۆڤارانە بەهەوڵ‌و تەقەلای چەند دڵسۆزێکەوە بلاو ئەکرانەوە ٠

ئێستاش ئەم رۆژنامەو گۆڤارانەمان بلاو ئەکرێتەوە هەووشیان لە عیراق‌و لەسەر حیسابی هەندی دەزگای‌کوردی دەرئەچن ٠

ئەوسا ـ ساڵی ١٩٤٥

١ ـ هاوکاری ـ رۆژنامەیەکی ئەدەبی‌و سیاسی هەفتەیی‌یە لەلایەن دەزگای هاوکاری چاپ‌و بلاوکردنەوە لەبەغداد دەرئەچێ ٠

٢ ـ بلاوکراوەی «رۆشنبیری نوێ » یەك مانگی‌یە لەلایەن بەرێوەبەرێتی گشتی رۆشنبیری کوردی لە بەغداد دەرئەچێ ٠

٣ ـ بیری نوێ ـ رۆژنامەیەکی سیاسی ـ ئەدەبی هەفتەیی‌یە لەلایەن پارتی کومیونیستی عیراقەوە دەرئەچێ ٠

٤ ـ بەیان ـ گۆڤارێکی رۆشنبیری یەك مانگی‌یە لەلایەن دەزگای هاوکاری چاپ‌و بلاوکردنەوەی کوردی‌یەوە دەرئەچێ ٠

٥ ـ رۆژی کوردستان ـ گۆڤارێکی ئەدەبی، رۆشنبیری‌یە هەردوو مانگ جارێك لەلایەن کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردی‌یەوە لە بەغداد دەرئەچێ ٠

٦ ـ گۆڤاری کۆڕی زانی کوردی ساڵی ژمارەیەك دوی دەرئەچێ ، بەسەرکەوتوی گۆڤاری کوردی ئەژمێردرێ

٧ گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ـ بە عەرەبی‌و کوردی‌و ئینگلیزی ساڵی ژمارەیەك دوی دەرئەچێ ٠

٨ ـ گۆڤاری پەروەردە و زانست ـ لەهەر وەرزێکدا ژمارەیەکی لەلایەن بەرێوەبەری گشتی خوێندنی کوردی بە ئەکرێتەوە ٠

ئەوسا ـ لەمەیدانی کتێبی کوردیدا تەنها دوو کتێبمان لەو ساڵەدا چاپکرا) یەکەمیان (پریسك) دیوانی مامۆستا جگەرخوێن لە سوریا چاپکراوە

دووەمیان کتێبێکی ئاینی عیسایی‌یە لە مەهاباد میرزا عەزیزی زەندی چاپی کردوە بلاوی‌کردوەتەوە ٠

ئێستا ـ واتە لە ساڵی ١٩٧٥دا بیستو پێنج کتێبی کوردیمان چاپکراو کەوتە بازاڕەوە وا لەخوارەوە ناوی کتێبەکان‌و دانەرو قەوارەیان ئەنووسین :

بەرهەم	دانەر	لاپەرە
١ ـ چوارین‌هەڵبەستو تیکار ـ	شێر ئەحمەد تاقانە	٤٠
٢ ـ دەنگی ئینسانی رەش ـ	لیکۆلینەوە ـ عبدالله‌عەباس	٤٨
٣ ـ شیعری کۆن‌و نوێ ـ	لیکۆلینەوە ـ ا٠بی ـ هەوری	٩٨
٤ ـ وێرانە خاك ـ	وەرگێراوە ـ محمود زامدار	٣٢
٥ ـ مەلای گەورە ـ	لیکۆلینەوە ـ ممتاز حەیدەری	٦٨
٦ ـ ناوی کوردی نوێ ـ	کۆمەڵایەتی ـ عوشیار قەفتان	٥٤
٧ ـ گەشتەکەم لەگومانەوە ـ	ئایینی ـ محمد ملا صالح	٧٢
٨ ـ یەك بوون ـ	فەلسەفە ـ عمر توفیق	٧٤
٩ ـ محمد اقبال	فەیلەسوف ـ لیکۆلینەوە ـ محمد ملاصالح	٧٦
١٠ـ مەهدی‌نامە ـ	ئایین ـ محمد علی قرەداغی	٧٠
١١ـ گەنمەشامی ـ	بۆمنالان ـ بەرێوەبەری کوردی	٨
١٢ـ شیرکۆی‌نەبەز ـ	بۆمنالان ـ بەرێوەبەری کوردی	٨
١٣ـ بۆنی‌هەڵاڵاندێ ـ	فولکلۆر ـ محمود زامدار	١٣٢

بڕوانە ل ـ١١ـ

محەمەد ئەمین هەورامانی

نە لادانە و نە ریایی‌یە راستی‌یەوەهەر وایی‌یە ! ئافرەتی ناوچەی هەورامان هەر لە کۆنی کۆنەوە لەگەڵ پیاودا هاوبەشی‌ی کردوە ، لە کێڵگەدا ، تووتن و کشت و کال کردن ، لە ناو باغ و باخاتدا توو و گوێزچینەوە و هەڵووژە و قەیسی وەراندن و میوە وشك کردن ، ئاوەکو دەگاتە دار برینەوە و ئالف‌و کۆکەن کەندن و دروێنەکردن و زەخیرە خستن و کاروان کردنیش !! لەم جۆرە ئیشانەدا ، ئافرەت بەبێ قەیدو شەرت ، لە سەرانسەری سەرباکی ناوچەکانی هەورامان دا بێ شەرمە کردن و خۆشاردنەوە هاوکاری پیاوی کردوە بۆ پەرژەوەندی‌ی ژیانی‌خۆی و ماڵ و منداڵی ٠٠٠ لێرەدا گومان لەوەدا نی‌یە کە هەروەك سروشتی ناوچەکە کاری کردوەنە سەر چۆنیەتی‌ژیانی دانیشتوانی ، هەروەها کاریگەری تریش لەم رووەوەزۆرن بەڵام لە بەر بێ ماوەیی لێرەدا پێمان ناکرێ باسیان بکەین ٠

ئەی بێسارانی نزیکەی چوار صەدو پەنجا ساڵێ لەمەوبەر تر بۆچی باسی (حیجابی) کردوە ؟! مەبەستی چی بووە ؟! مەبەستی کێ‌یە ؟!، ئەو حیجابە چۆن بووە ٠

ئەگەر ورد ببینەوە لە گەلەکەی ، ناوچەی هەورامان دەبینین پێك هاتوە لە (ئۆمی = رەعیەت) و (شێخزادەو) (بەگزادە) و (مەلازادە) واتا هەر بە پێی مەفهووەمی ئەوێی ، دانیشتوانی هەر دێێ کە تۆ بیگری بریتی‌یە یا لە خێزانە (بەگێك) یاخود لە خێزانە (شێخێك) لەگەڵ خێزانە مەلایەکدا ، ئیتر سەرپاکی‌تری دێکە (ئۆمین) « لە هەندێ جێگادا پێیان دەڵێن (مسکین = رەعیەت) ٠ »

لەوایە وشەی ئۆمی لە وشەی (أمی) عارەبی‌یەوە هاتوە بەڵام ئیستە بۆ واتایەکی‌تر بە کار دەهێنرێ ، هەر کە ئەوترێ (مسکێن) ـ بە پێی مەفهووەمی ئەوێی ، واتای کەمدەسەڵاتی و هەژاریمان بۆ دەر دەخات بەرامبەر بەبەگ و خێزانەکەی یاخود بەرامبەری بە خێزانی شێخ زادەکان ٠٠٠

لام وایە وشەی (ئۆمی) بۆیە وەختی خۆی بە کاریان هێنابێ بۆ بەرامبەر بە وشەی خوێندەوار یاخود (سەوادار) کە دژیەتی لە وابادا ٠ بەلام ئیستە ئەم وشەی (ئۆمی)یە لەو ناوچانەدا بەو کەسە دەڵێن کە نە لە خێزانی بەگە وە نە لە خێزانی شێخزادەو مەلازادەیە ٠٠٠ ئیستە بۆ وشەی (ئۆمی) کە واتای نەخوێندەوار بدات وشەی (بێ‌سەواد) بەکار دەهێنرێ ٠

وەختی واش هەیە خاوەن قاقەزی دیپلۆمە و دیپلۆمات دەکەوێ بە شوێن میرزایەکدا بۆ ئەوەی قەقەزەکەی بۆ بخوێنێتەوە ٠ بەڵام هەورامانی عیراق لەم رووەوە بەختەوەرە ٠

بەڵێ بەعزێ لەو دیپلۆماتانە بە هۆی بوونی جۆرە ئیشانەکە کە پێی دەڵێن (حوجرە) ـ لە لای مەلا و لە سەر رۆیشتنی رێ‌و شوێنی فەقیایەتی و حوجرە ، چەند بلیمەتێکی خوێندەواری رۆشنبیرو زانای هەڵ‌خستوە ، کە لە زۆر وەخت و سەردەمدا دەستیان بۆ ڕاکێشراوە ٠

هەر وەك وتمان زوربەی دیپلۆماتەکان کە فەقیرو هەژار و کەمدەسن ، ئومین ، چونکە هەر خەریکی هەوڵ‌و تەقالای ژیانی کولەمەرگی خۆیانن بە زۆ‌و بە پیاوەوە ، لە بەر بەوەی خۆ لادان لە پی‌و یاخود شەرمە کردن ، یا روو داپۆشین دوژمنی دەسەکاسە بووە ، یا ئەوەی هەر ئەهاتبێ بە خەیالیاندا تەنها شەرمەکردن و روو داپۆشین بووە ! لە بەر ئەوە ئەبێ ئەو روو داپۆشینە یاخود ئەو حیجابە کە بێسارانی باسی دەکات هەر پێشەی خێزانی شێخزادە و بەگزادە و مەلازادە بووبێ ٠٠

ئەوەش بەگی ناوچەی هەورامان بناسێ شتی وەهای پێوە نە دیون و دەشیان کردوە، زۆرتر روو پۆش کەوابوو ، بەستراوە بەوانی ترەوە ٠٠٠ قسە قسە دەهێنێتە پێشەوە : لە ساڵانی چل و پەنجادا ئەو خوێندەوارە مووچە خۆرانەی ناوچەی هەورامانە ، هەر کە ژنیان ئەهێنا یەکسەر عاباو بەچەیان ئەکرێ بۆ خێزانەکەیان یانێ بە خیالی خۆیان مەدەنی بوون !!!

بە پێی ئەو رایەی سەرەوە عاقڵتە سەر ئەو رایەی کە بێسارانی ئەبێ لەگەڵ ئافرەتێکی بووبێ کە شەرمەی لێ کردبێ ، ئەویش یا لە بەر ئەوە بوە کە لەو خێزانانە بووە شەرمەی کردوە ، یان بە ناز خۆی بە بێسارانی فرۆشتوەو لە عاستی‌دا رووی داپۆشی‌وە ، بە روو پۆشێ کە وەك شتێك یاخود وەك سەرپۆشەکەی وابوە کە زۆر باوە لە ناوچەی هەورامان‌دا ، بۆیە دەڵێ :

« شیرین شەرم نی‌یەن ، شیرین شەرم نی‌یەن شەرتەن پەی‌ی خاسان شیرین شەرم نی‌یەن » ٠

یارکەی بێسارانی ، یا خود ئەوەی ئەو ئەم گفت و گۆیەی لە گەڵ دەکا ناوی شیرین بووە ـ ئەمش لوێ ناوی شیرین نەبووبی ، بەڵام بە نافرەتی جوان و زەریف دەوترێ : شیرین ـ و پێی دەڵێ :

شیرین ، شەرم مەکە ، خۆت لە من لامەدە ، یاخود رووت لە من دا مەپۆشە ، چونکە شەرمەکردن بۆ (خاسان) شەرت نی‌یە ٠٠٠

هەر وەك دەزانین ، بێسارانی یاری‌ی بە وشە دەکات ، واتا وشەی وەها لەشیعرەکانیا بەکار دەهێنێت کە زیاتر لە واتایێ دەدات ، بۆ نموونە با تەماشای ئەم دێڕەی بکەین ٠٠

جەو بەیانەوە جەو بەیانەوە
حاڵێ بێم یاوان چەو بەیانەوە ٠

بێسارانی لێرەدا وشەی (بەیان)ی سێ‌جار بە کار هێناوە ، بۆ دانی دوو جۆر واتا ، کە یەکێکیان واتای (بەیانی) ئەدات ، و ئەوی تریان واتای (بەهێ) دەدات ٠ بەم پێیە واتای دێڕە شیعرەکە بەم جۆرەیە : (هەر لە بەیانی‌یەوە لە خۆشی ئەو جووتە (مەمکانە) کە وەك بەهێ وان حاڵێکم پێ هاتوە ٠٠٠ !!)

با بێینەوە سەر وشەی (خاسان) ٠ وشەی خاسان دوو جۆر واتای بۆ لێك ئەدرێتەوە : یەکەمیان واتای زەریف و جوان ئەدات ٠ دووەمیان واتای باش و پاك خاوێن ، یاخود خوو و رەوشت جوان ٠ ئینجا لێرەدا بێسارانی دەیەوێ بە یەك و شە دوو مەبەست دیاری بکات ٠ یەکەمیان ، هەر وەك وتمان (جوان و زەریف) و جوانیش بۆیە جوانە ، چونکە جوان دروستی کردوە ، پێویستە خەلك ببینێ و هەرکیز بۆ شاردنەوە نەکراوە ٠ دووەم ئەگەر خاس خاس‌بێ لە رووی خوو و رەوشتەوە بە رووی دەرخستن و شەرمە نەکردن خراپ نابێ ، وە بە عیج گلزجێك خۆ شاردنەوە بۆ خاس شەرت نی‌یە ٠ هەر بۆیش مەرج نەبوە ، بۆ ئەم فتوایەشی بەلگەی رەوا دەهێنێتەوە وە بە تایبەتی کە دەڵێ :

« پەی‌ی چێش مەواپان (حیجاب) خاس نی‌یەن جە ئافتاو خاستەر کی بێن کن دی‌یەن ٠ »

لێرەدا (خاس)ی یەکەم واتای (باش) دەدات ، وە (خاس)ی دووەم ـ واتە ئەوەی لە وشەی (خاستەر)دا ـ واتای جوانی و زەریفی ئەدات ٠٠ ئینجا واتای ئەم دێڕە بەم جۆرەیە : « بۆیە دەڵێن حیجاب باش نی‌یە چونکە لە رۆژ جوانتر چی هەیە ٠٠٠ !! » ٠ واتای ئەو دێڕەی لە گەڵ ئەم دێڕەی خوارەوەدا تەواو دەبێ کە وەختێ دەڵێ :

« نەگەر پەی خاسان حیجاب خاس مەبی ئافتاب و مەهتاب کەسێ نمەدی »

واتا ئەگەر حیجاب بۆ جوانان باش بوایە ئەو وەختە مانك‌و رۆژ نە ئەبینران ، چونکە لە بەر جوانیان خۆیان ئەشاردەوە ٠ لە پاشا دەڵێ :

« کەسێ وێنەی تۆ شەم بۆ جەمینش لازم پەروانان مەیان جە دیێنش »

(شەم) ، واتای ئەو جێگایە ئەدات کە هەناوی لێ ئەکەوێ ، (جەمین) واتای (ناوچەوان = تەوێل) دەدات ، (پەروانە) واتای (پەپوولە) ئەدات ، وشەی (مەیان) واتای (دێن) دەدات ، (دیێنش) واتای (دیدەنی) و (هاودینی) دەدات ، واتای سەرپاکی ئەم دێڕەیە بەم جۆرەیە :

جوانێکی وەك تۆ ، ئەگەر دەم و چاوی نزار بێ‌و داپۆشرێ و کەس نەیبینێ ، پێویستە بە پەپوولە دەکات کە بچێ بۆ دیدەنی لە هاو دینی خۆی‌و دەرویشی‌خۆی ٠٠٠ هەر وەها بێسارانی دەڵێت :

« ئێمەیچ پەروانەی شەم شناسانیم پەرو بال سفتەی دیی‌یەن خاسانیم »

« شەم شناسانیم » واتای نزار ناسین ، یاخود (شەم پەرست) دەدات ، بۆیە دەتوانین بڵێین کە ئەبێ ئەمە (یاری) بووبێ ، چونکە خۆی دەباتە قالبی پەپوولەی ئاگر

بڕوانە ل ـ١١ـ

دیوانەکەی « بێخود » و پارچە شیعرێکی دۆزراوەی

کەریم شارەزا

لەم دواییەدا خەریکی نووسینی لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی بووم‌و بەدوای سەرچاوەکانیدا دەگەڕام‌و کەوتبوومە سەرخوێندنەوەی دیوانی شاعیرە کلاسیکی‌یەکان‌و ، زۆرینەیانم سەراوبن کردن ، تا کەیشتمە دیوانەکەی بێخود (ئۆکردنەوەو رێکخستن‌و لەسەر نووسینی مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم) و دەستم کرد بە خوێندنەوەی هۆنراوەکانی تا کەیشتمە لاپەڕە (٢٤)و هاتمە سەر ئەو شیعرانەی کە سەرواکانیان تیپی (دال)ن ، کە سرنجمدا ، بینیم پارچە شیعرێکی شاعیر کە بەو سەروایە دانراوە لەناویاندا نی‌یە ٠

هۆنراوەکە لەسەر مەئمورێکی ئەوقافی کۆیەو کردەوە باشەکانی دانراوەو مێژووی دانانیشی دەکەڕێتەوە بۆ ساڵی « ١٣٥٤ی کۆچی » کە بەرامبەر بە ساڵی « ١٩٣٥ی زایینی » دەوەستێ ، لەو کاتەدا (سەید هادی) ناوێك مەئموورێ ئەوقافی کۆیە دەبێ « شەست‌و چوار دوکان‌و چایخانەیەك‌و چوار سەکۆ »ی لە تەئیشت مزگەوتی گەورە بە بەردو گەچ ، لەسەر کیسەی ئەوقاف دروست دەکات‌و لە مانگی رەمەزانی ١٣٥٤ی کۆچی‌دا تەواو دەبێ بەمە وا ریداتێکی زۆری بۆ ئەوقافی شاری کۆیە پەیدا کردووە ٠

لەو کاتەدا (بێخود)ی شاعیر میوانی (سەید هادی) ی زاوای دەبێ واتا : مێردی (شەمسەخانی موفتی) ی خوشکی ٠ ئەم کردەوە باشەی سەید هادی کاری کردۆتە سەر هۆش‌و هەستی‌و بەپارچە شیعرێکی (١١) دێڕی هەستی خۆی بەرامبەر دەربڕیوەو بەروازی دانانی هۆنراوەکەشی بە ووتەی (رمضان مبارك)(١) دەرخستوە ، کە بە لێکدانەوەی تیپەکانی ئەبجەد دەکاتە ساڵی ١٣٥٤ی کۆچی ٠

ئەو پارچە شیعرەی بێخود لەلای زۆر لە مەلاکانی کۆیە چنگ دەکەوێ چونکەلەسەر ئەوقافی کۆیەو مەئموورە خێرخواکەی دانراوەو لە لاپێکی دیکەشەوە ئەو شیعرانە لە گۆڤاری (رووناکی ژمارە ـ ١٠ ـی ساڵی ـ ١ ـی لاپەڕە ـ ١٢ ـ کە لە رۆژی شەممەی رێکەوتی ٢٥ ی نیسانی ١٩٣٦) دا دەرچووە ، بڵاوکراوەتەوە لەگەڵ بێشەکی‌یەکی کورت لەلایەن خاوەنی گۆڤارەکەوە ٠

لێرەدا بێشەکی‌و پارچە شیعرەکە چۆن لە (رووناکی)دا بڵاوکراونەتەوە هەر بەو جۆرە دەیان خەینە بەر چاوی خوێنەری بەڕێز ٠

(دوکان‌و بازاڕی ئەوقاف لە کۆیە)

(لەلایەن سەید هادی مەئموری ئەوقافی کۆیە شەست‌و چوار دوکان‌و چایخانەیەك‌و چوار سەکۆ لەسەر دەستوری تازە بە چوار صەدو حەفتاو پێنج دینار پێك دەستووری تازە بە چوار صەدو حەفتاو پێنج دینار پێك هێنراوە(٢) ٠ لە مانگی رەمەزانی ١٣٥٤ ی هیجری‌دا کۆتایی هاتووە ، شاعیری بەناویانگی کورد فەزیلەتی مەلا محەمودی (بێخود) شیعرە جوان‌و شیرینە خۆشەکانی خوارەوەی پێدا هەڵگوتووە کە دەڵێت :ـ

بحمد الله کە میعماری ئەزەل کۆیەی تەماشا کرد ، بەمعنی سەرمەدی خۆی دائیرەی ئەوقافی ئاوا کرد دەمێ بوو ئوشی عیللەت بوو بۆی ئەوقافی قەزای کۆیە، قەدەر کردی کە دوقتۆرێکی هێناو پێی موداوا کرد خودا وەك (بوعەلی سینا)کە(سید هادی)یی بۆ نارد بە قانوونی شیفا نالامو دەردی تەفرو تونا کرد لە پاش مزگەوتی گەورەو تەکیە دەستی کردە ئینشاات لە ناو شارا نزیك حەفتا دوکانی تازەی ئینشا کرد(٣) کە ئەم بازاڕە وەك قەسری بەهەشتی بۆ دروست کردن زەمانی حورو غیلمانی سەراپا پر لە طوبا کرد(٤) ئەگەر لوتفی بێ (مافوق) ئیتر شایانی تەرفیعە کە چونکو بۆ حکومەت وایداتی زۆری پەیدا کرد(٥) لە سایەی راتبی مافەوقە ئەم مەئموورە ئەوقافە ، لە کویستجاق کەوا فەوقی وەزیفەی خۆشی (ایفا) کرد چ مافەوقێ ؟ کە وەك رۆستەم لە مەیدانی دلێری‌دا بە تیغی جەوهەریی دێوی سپی زوڵمی یەکالا کرد وەلی نیعمەت ، مدیری عام (کبیسی) ، عیسەیی دەوران (رووف بگ) یەعنی ئەو زاتە کەوا ئەوقافی ئاوا کرد(٦) کە (قادر) ساڵی تەئریخی لە مامۆستای خیردد پرسی لە شێوەی فارسی لادا بە کوردی تازەی ئیملا کرد(٧) بەصەد تحسین جەوابی دایەوەو دەستەو دوعا فەردوی موفق هەر بژی (هادی) وەك ئەم بازاڕەی ئینشا کرد !

ساڵی ١٣٥٤ : مەلا محمود (بێخود)

ئەمە بوو پارچە شیعرە دۆزراوەکەی (بێخود)و لەسەر داوای مامۆستا (محەمەدی مەلا کەریم) کە لە پێشەکی دیوانەکەی (بێخود)دا بڵاوی کردۆتەوە دەبخەمە بەر چاوی خوێنەرە بەڕێزەکان ، بەڵکوو مامۆستای خزمەتگوزار لە دەرفەتێکی نزیکدا بتوانێ بیخاتە سەر چاپی دووەمی دیوانەکە ٠

پەراوێزەکان :

(١) ئەم پارچە شیعرەی (بێخود)م لە چەند مەلایێکی کۆیە بیستووە ، یەك لەوان مامۆستا (مەلا عەلی حاجی تۆفیق)ی ئیمامو خەتیبی پێشووی مزگەوتی گەورەی کۆیەیە ، هەر ئەویشە دەڵێ سەرناوی پارچە شیعرەکە (رمضان مبارك)ە ، کە ئەمەش لە گۆڤاری (رووناکی)دا نەنووسراوەو ، بە خەیاڵی ئەو کاتە ١٣٥٤ ی کۆچی ، کە ساڵی تەواو بوونی دوکانەکانە ٠

(٢) تکایە کەمێك سرنج بدەنە خەرجی‌و مەسرەفی خانووبەرە دروست کردنی ئەوساو بزانن چۆن (شەست‌و چوار دوکان‌و چایخانەیەك‌و چوار سەکۆ)ی لە بەردو گەچ دروستکراو تەنیا ٤٧٥ دیناریان تێچووە !! واتا : هەر دوکانەی نزیکەی (٧) دیناری تێچووە !! ئایا ئێستا دەبێ چەندی تێبچێ ؟!!

(٣) مزگەوتی گەورە : لە ساڵی ١٢٦٠ ی کۆچی حاجی بەکراغا دروستی کردوە ، تا سەر دەمی مەئموریەتی (سەید هادی) چ مەسرەفێکی وای لێ‌نەکراوە بۆ نوێ کردنەوەی بەڵام یەکەم کردەوەی (سەید هادی) خزمەت کردنی ئەو مزگەوتە بوو ٠

تەکیە : مەبەستی لە تەکیەکەی (شێخ غەفوری تاڵەبانی)یە ، ئەو شێخ غەفورە مامی شاعیری ناوداری کورد (شێخ رەزای تاڵەبانی) یە ، سەید هادی پارەیەکی باشی لە چاك کردنەوەی ئەم تەکیەیە خەرج کرد ٠

(٤) تا ئێستاش لە کۆیە بەم دوکانانەی ئەوقاف دەگوترێن « بازاڕی نوێ » ٠

(٥) ما فوق : مەبەستی لە مافوق سەرۆکی دائیرەیە واتا بەرێوەبەری گشتی ئەوقاف ٠

(٦) رووف الکبیسی : لەو کاتەی کە سەید هادی ئەو تەعمیراتەی لە ساڵی ١٩٣٥دا لە شاری کۆیە کرد ئەو بەرێوەبەری گشتی ئەوقاف بوو ٠

(٧) قادر : لام وایە (بێخود) ئەم هۆنراوەیەی بە ناوی « قادر »ی کوڕی (سەید هادی) کە (خوارزای خۆی بووە) داناوە ، چونکە بێخود زۆر جار وای کردووە ، هەروەك لە غەزەلەکەی (ئەگەر شاهم وەگەر شاهێن‌و بازم یا رسول الله) کە لە لاپەڕە (١٧٧)ی دیوانەکەیدا ٠ نووسراوە ، بە ناوی (شێخ مەحموودی حەفیدەوە) دای ناوە ، وە لە لاپێکی دیکەشەوە ئەو نسخەیەی کە لە لای مامۆستا مەلا عەلی‌یە ، نووسراوە « کە (بێخود) ساڵی تەئریخی لە مامۆستای خیردد پرسی » نەك (قادر) بەڵام من ویستم هەردوو احتیمال بخەمە بەر چاوی ئەدەب دۆستانی بەڕێزم ٠

Institut kurde de Paris

جه‌نگی سه‌رکوتکاری هاوی به‌بالوێزی کوریا کوتوه

سه‌ر له به‌یانی رۆژی جوارشه‌مه‌ی رابردو ، به‌ڕێز کاك طـــه محیی‌الدین جێگـــری سه‌رکۆمار له باره‌گاکه‌ی خۆی له ئه‌نجومـــه‌نی نیشتمانی پێشوازی (لی یونك ایك)ی بالوێزی کۆماری گه‌لی کۆریای دیموکراتی کردوه ٠

له جاو پێکه‌وتنه‌کـــه‌دا بالوێزی کوریا به‌ناوی سه‌رۆکی کۆریا ، کیم ایل سونگ ، ٥ وه‌فیلمێکی دیکومێنتی ده‌رباره‌ی سه‌ردانه‌که‌ی وه‌فدی عیراق به‌سه‌رۆکایه‌تی جێگری سه‌رکۆمار له کوریای کـــه‌لی دیموکراتی پێشکه‌شی کردوه ٠ جـــاو پێکه‌وتنـــه‌که نزیکه‌ی نیـــو سه‌عاتی خایاندوه ٠

گفتوگۆی نێوان عیراق وکه‌نه‌دا

به‌یانی رۆژی یه‌کشه‌مه‌ی رابردو کـــاك طـــه جه‌زراوی ئه‌ندامی ئه‌نجومه‌نی ســـه‌رکردایه‌تی شـــۆڕش‌و وه‌زیری پیشه‌سازی‌و کانه‌کان له‌باره‌گای ره‌سمی‌خۆی‌دا پێشوازی «ئه‌لین ماك ئه‌یکن » وه‌زیری کاروباری ده‌ره‌وه‌ی که‌نه‌دای کرد ٠

له‌و کۆبونه‌وه‌دا که بالیۆزی که‌نه‌دا له به‌غداش تێدا به‌شدار بـــو ، باســـی پێوه‌ندیه‌کانی پیشه‌سازی‌و بازرگانی هـــه‌ردو ولات کرا ٠

لایه‌نی که‌نه‌دا بێ‌خۆش بونی خۆی ده‌ربڕی بۆ به‌شداربون له جێ‌به‌جێ‌کـــردنی هێنـــدێك پرۆژه‌ی ئه‌خشه‌ی گه‌شه‌سه‌ندنی ولات‌دا ٠

هه‌روه‌ها هه‌ردولا لـــه‌ســـه‌ر ئه‌و ڕایه بون که بۆ پته‌وکردنی هاوکاری نێوان هـــه‌ردو ولات پێویسته کاربه‌ده‌ستانی هه‌ردو لا سه‌ر له‌ولاته‌که‌ی تر بده‌ن ٠

له‌لایه‌کی تره‌وه کاك حکمت العـــزاوی وه‌زیری بازرگـــانی ده‌ره‌وه نیوه‌رۆی هـــه‌مان رۆژ له‌باره‌گای ره‌ســـمی خـــۆی‌دا پێشوازی « ئه‌لین ماك ئه‌یکن » وه‌زیری کـــاروباری ده‌ره‌وه‌ی که‌نه‌دای کرد ٠

لـــه‌و چاوپێکه‌وتنه‌دا کـــه نیزیکه‌ی ســـه‌عاتێکی خـــایاند باسی پێوه‌ندیه‌کانی هـــاوکاری ئابوری‌و فه‌ننی نێوان عیـــراق‌و کـــه‌نه‌دا وریگای گه‌شه‌پێدانی ئال‌و گۆڕی بازرگانی نێـــوان هه‌ردو ولات کرا ٠

کـــاك صباح محمـــد علی به‌ڕێوه‌به‌ری گشتی پێوه‌ندیـــه‌کانی ئابوری ده‌ره‌وه‌و بالیۆزی که‌نه‌دا له به‌غدا ئامادەبون ٠

جوتیـــارانی ناحیـــه‌ی شـــوان

لـــه گه‌شه‌پێدانی کاروباری کشـــتوکالی به‌کۆمـــه‌ڵ‌و هه‌ره‌وه‌زی ده‌کۆڵنه‌وه

جوتیارانی ناحیه‌ی (شوان)و گونده‌کانی سه‌ر بـــه ناحیـــه له‌پاریزگای که‌رکوك‌دا لـــه به‌پرسیاره‌کانی له‌گه‌شه‌پێدانی کاروباری کشتوکالی به‌کۆمه‌ڵ‌و هه‌ره‌وه‌زی‌دا کۆڵینه‌وه٠ ئه‌ویش له‌ژێر ڕوناکی ئامۆژگاریه‌کانی کۆنگره‌ی کشتوکالی یه‌کـــه‌م‌دا که هه‌فته‌ی ڕابردو له‌و پاریزگایه دوایی به‌کاروباری خـــۆی هێنا ٠

لـــه کۆبونه‌وه‌یه‌کی به‌رینی جوتیاران‌دا که یه‌کێتی کۆمه‌ڵه‌ی جوتیارانی ناوچـــه‌که ڕێکی‌خستبووزیاتر له‌هه‌زار جوتیاری تێـــدا به‌شدار‌بو ، باســـی پێویستیه‌کانی جێ‌به‌جێ کردنی ئه‌و ئامۆژگاریانه‌یان کرد ٠

ئه‌و کۆبونه‌وه‌یه باسی چه‌ند مه‌سه‌له‌یه‌کی کرد که پێوه‌ندیان بـــه بـــه‌ره‌ژور بردنی ڕاده‌ی به‌رهه‌م به‌گوێره‌ی ئوســـلوبی تازه‌ی زانستی و به‌کارهێنانی شـــێوه‌ی کشتوکالی تازه‌وه هه‌بو ٠

هه‌والی پاریزگاکان

● له هه‌ولیر :

رۆژی یه‌کشـــه‌مه‌ی رابوردو سێ‌یه‌مین ده‌وره‌ی گه‌ڵاله گرتن ده‌ستی پێ کرد که کومپانیای کشتی په‌له‌وه‌ر له ناوچـــه‌ی ژورو ئه‌یکاتـــه‌وه هه‌روه‌هـــا لیژنه‌ی سه‌ر به به‌ڕێوه‌به‌رێتی کشتی پاراستنی بڕۆژه‌کان به هاریکاری ئه‌میندارێتی کشتی بـــه‌ڕێوه‌بردنی کشـــتوکال‌و چاره‌سه‌ر کردنی کشتوکال له‌م دواییه‌دا ده‌ستی کـــردوه بـــه دامه‌زراندنی پرۆژه‌ی په‌روه‌رده کردنی هه‌نگ له قه‌زای چۆمان.

● له دهوك :

به‌ڕێوه‌به‌رێتی شاره‌وانیـــه‌کانی پاریزگای دهـــوك لـــه‌م دواییه‌دا بڵاوی کرده‌وه کـــه قیرتاو کردنی چه‌ند شه‌قامێکی ناو شار ئه‌درێ به قونته‌رات که ٢٤٩ هه‌زار دیناری تێ ئه‌چێ ٠

کۆبونه‌وه‌کانی ئه‌نجومه‌نی یاسادانانی ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمی

ئه‌نجومه‌نی یاســـا دانانی ناوچه‌ی ئۆتۆنومی لـــه رۆژی ٨ـ ١٩ی ئـــه‌م مانگه‌دا دوو کۆبونه‌وه‌ی به‌ستوه ، مامۆستا حامد الجبوری وه‌زیری ده‌وله‌ت بۆئێکخستنی کاروباری نیوان ده‌زگاکانی ئۆتۆنومی وحکـــومی مه‌رکه‌زی له کۆبونـــه‌وه‌کانـــدا بندار بوه ٠ لـــه کۆبونه‌وه‌ی یه‌که‌مدا ڕاپۆرتی سه‌رۆکایه‌تی ئه‌نجومه‌نی ته‌نفیزی خوێندراوه‌ته که بڕێتی بوه لـــه ڕون کردنه‌وه‌ی ئیش‌و کاری هه‌ندێ لـــه ئه‌مینداری‌یه گشتی‌یه‌کان ساره‌ت بـــه‌و پرسیارانه‌ی جـــه‌ند ئه‌ندامێکی ئه‌نجومه‌نی یاسادانان لـــه کۆبونه‌وه‌یه‌کی پودا کردبویان ٠ به‌ڕێزان ئه‌مینـــداره گشـــتی‌یه‌کانی بـــه‌ڕێوه به‌رایـــه‌تی‌یه‌کانی ســـته‌وه‌و کـــاروباری کۆمه‌ڵایـــه‌تی‌و شاره‌وانیه‌کان وه‌رامی ئـــه‌و پرسیارانه‌یان ده‌تـــه‌وه کـــه ده‌ربـــاره‌ی ئیش‌وکاری دایه‌ره‌کانیان لیێان کراوه ٠

وه له‌لایـــه‌کی تره‌وه به‌ڕێز حامد الجبوری وه‌زیری ده‌وله‌ت له‌گـــه‌ڵ به‌ڕێزان ســـه‌رۆك‌و ئه‌ندامانی ئه‌نجومه‌نی ته‌نفیزی ناوچه‌ی ئۆتۆنومیدا رۆژی ١٧ی ئه‌م مانگه له هه‌ولێر کۆبونه‌وه‌یه‌کی به‌ستوه، له کۆبونه‌وه‌که‌دا باسی چۆنیـــه‌تی باری به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی‌یـــه‌کانی ئه‌نجومه‌نی ئیش‌و کاریانی کردوه ، به‌ڕێز وه‌زیری ده‌وله‌ت گوتی له‌باسی که‌و کارانه‌ی کرتوه کـــه ئـــه‌و به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی‌یانه لـــه ساڵی پاردا جێ‌به‌جێیان کردوه ٠

دوای ئـــه‌وه به‌ڕێز وه‌زیری ده‌وله‌ت له‌گه‌ڵ کاك ســـعاد ئـــه‌دیب جێ‌گـــری ســـه‌رۆکی ئه‌نجومه‌نی ته‌نفیزی‌و ئه‌میندارى گشتی‌ی‌بـــه‌ڕێوه به‌رایـــه‌تی کاروباری ناوخـــۆ کۆبۆتـــه‌وه له‌باره‌ی چۆنیـــه‌تی کاروباری ئه‌میـــنداری‌تی گشـــتی‌و پێویستیه‌کانی گفت‌وگـــویان کردوه ٠

هه‌روه‌ها به‌ڕێـــز حامـــد الجبوری له‌گه‌ڵ کاك موســـی [illegible] به‌ڕێوه‌به‌رایـــه‌تی پـــه‌روه‌رده‌و خوێنـــدنی بالا کۆبۆتـــه‌وه و ده‌ربـــاره‌ی باری پـــه‌روه‌رده له‌ناوچه‌کـــه‌دا گفت‌وگـــویان کردوه ٠ لـــه کۆبونه‌وه‌ی رۆژی ١٩ی مانگدا به‌ڕێز ئه‌میندارى گشـــتی‌ی به‌ڕێوه‌بـــه‌رایه‌تی ئیشغال‌وئیسکان ڕون کردنه‌وه‌یـــه‌کی ســـه‌بارەت به‌هه‌ندێ پرســـیاری ڕاپۆرته‌کـــه‌ی سه‌رۆکایـــه‌تی ئه‌نجـــومه‌نی ته‌نفیزی پیشکه‌ش کردوه ٠

وه به‌کورتی باسی هـــه‌ندێ لـــه‌و کارانه‌ی کـــرد کـــه ئه‌میندارێتی‌یه‌که‌ی جێ‌به‌جێی کردوه ٠

ئه‌وه‌ی شایه‌نی باســـه وا بریاره که کۆبونه‌وه‌ی داهاتوی ئه‌نجومه‌ن لـــه ١٤ی مانگـــی شوبات‌دا ده‌ست پێ‌بکات ٠

پزیشکه‌کانی سلیمانی پیش ده‌ستی ئه‌کـــه‌ن

هه‌والێك له سلیمانی‌یه‌وه وا ئه‌که‌یه‌نێت که هه‌موو پزیشکه‌کـــانی سلیمانی عیاده‌کانیـــان داخستوه وئێستا لـــه عیـــاده راوێژکـــاریه میللی‌یـــه‌کانی شـــاره‌که دا ئیش ده‌کـــه‌ن وه‌به‌شی زۆری ده‌رمانخانه‌کانی شاره‌که داخراون لـــه‌و عیـــاده میللی‌یانه‌دا ئیش‌ده‌کـــه‌ن وا چاوه‌ڕوان ئه‌کرێت ده‌رمانخانه‌کانی تریش دوای ماوه‌یـــه‌کی که‌م هه‌مان هه‌نگاوبنێن ، ئـــه‌م پێش ده‌ستی کردنـــه‌ش دوای ئه‌وه بوه که رۆژی ٢٠ی ئـــه‌م مانگه وه‌زاره‌تی ته‌ندروســـتی عیاده‌یـــه‌کی پزیشکی راوێژکاری‌و دوو عیـــاده‌ی میللی‌و کارگه‌یه‌کی دان دروست کردنی له سلیمانی‌دا کردۆته‌وه ٠

ئـــه‌وه‌ی شـــایانی باســـه پزیشکه‌کانی پاریزگای نیســـان رۆژی یه‌ك شه‌مه‌ی رابردو هه‌نگاونکی وایان ناوه ٠

پرۆژه‌ی مه‌ڕمـــه‌ڕ له هه‌ولێر

به‌م زوانه پرۆژه‌ی مه‌ڕمـــه‌ڕ سازیی هـــه‌ولیر ده‌کرێته‌وه ٠ ئیستاکه ده‌زگـــای گشـــتی‌ی ئاوه‌کان خـــه‌ریکی جێ‌به‌جێ‌کردنی هه‌ندی لایه‌نی ته‌کنیکی ئه‌وپرۆژه‌یه‌یه که له‌م دوای‌ده‌دا ده‌کینه‌کانی دامه‌زراوه ٠

پرۆژه‌که ئـــه‌توانێ (١٠٠) هه‌زار مه‌تری چـــوار گوشـــه له‌ڕمه‌ڕی چاککـــراو لـــه‌و ٣ هه‌زارو ٥٠٠ مـــه‌تر موکه‌عب مه‌ڕمه‌ڕه خاوه به‌رهـــه‌م بهێنێت که لـــه کانه مه‌ڕمه‌ڕه‌کانی هـــه‌ولیرو ســـلیمانی‌دا ده‌رده‌هێنرێت ٠

ئه‌م برۆژه‌یه‌ی ٤٥٠ هـــه‌زار دیناری تێ‌چوه ، به‌شێکه لـــه‌و برۆژانه‌ی وه‌زاره‌تی پیشه‌سازی ڕۆگه‌شه‌کردنی ناوچـــه‌ی ئۆتۆنومی جێ‌به‌جێان ده‌کات ٠

سه‌رۆك به‌کر سلاو باشماوه ٠٠

سه‌رکه‌وتنی کۆبونه‌وه‌کـــه‌ی خواست ده‌رباره‌ی ئـــه‌و کێشانه‌ی لێوه‌ی ئه‌کۆڵنه‌وه ٠

ئه‌وه‌ی شـــایانی باسه کاك یوسف سباعی سکرتێری گشتی ڕێکخراوه‌که به‌وتارێك کۆبونه‌وه‌کانی کرده‌وه تیایدا سلاوی لـــه بڕیاره‌که‌ی سه‌رکردایه‌تی حزب‌و شورشی عیراق کـــرد ده‌رباره‌ی میللی کردنی به‌شـــی بێگانه‌کان له‌کۆمپانیـــای نه‌وتی به‌سرادا ٠ وه‌وتی : ئـــه‌م هه‌نگاوه‌ی گه‌لی عیـــراقی والێ کرد که به‌ته‌واوه‌تی ده‌ســـتی به‌سه‌ر سامانی سروشـــتی‌و نه‌وتی خوێدا بڕوات ٠٠ دوای ئه‌مه کاك ســـباعی ڕاپۆرتی ڕیکراوه‌که‌ی خوێنده‌وه تیایدا دۆخی ئیستای ناوچه‌ی عه‌ره‌ب‌و هاوکاری کردنی هه‌لسه‌نگانـــد له‌گه‌ڵ بزوتنه‌وه ڕزگاریخوازه‌کانی جیهان‌داو هاته سه‌ر باسی کۆماری گه‌لی ئه‌نگۆلا به سه‌ر کردایه‌تی بزوتنه‌وه‌ی گـــه‌لی‌ی ڕزگاریخوازی ئه‌نگـــۆلاو پێویستی پشتگیری کردنی ٠

کاك سباعی داوای کرد کـــه ته‌قه‌للایه‌کی بێ ئه‌نـــدازه‌ی عه‌ره‌ب بدرێ بۆ وه‌ستاندنی ئه‌و خوێنه گه‌شه‌ی له‌لوبنـــان ئه‌ڕێژێ‌و شۆڕشی فه‌له‌ستین بپارێزێ‌و ڕێگای به‌سه‌ربه‌ستی کارکردنی بۆ زامن بکـــرێ له‌پێناو به‌گـــژا چوونی ڕێژیمی ئیستی دوژمن‌دا ٠

له قوتابخانه‌کان - پاشـــماوه ٠٠ -

جیاتی ئه‌وه‌ی هه‌ر خۆی بـــه قوتابیان ڕابگه‌یه‌نێ که له سه‌ر کتێبی قوتابخانه ئه‌وه‌نـــده قوتابیه‌که یان له خه‌لك ده‌پرسن دوایا ده‌گه‌ڕێت‌و لـــه ئه‌نجامدا بابه‌ته‌و ده‌رسه‌که‌ش په‌یـــدا ده‌خوێنێته‌وه ٠

ئه‌م کورته نوسینه ئاکارێکی ناوه‌ندی ڕه‌نگه پیشـــان بدات قوتابخانه‌ی ئامادەیی‌و ئامۆژگاو یه‌کی تری ده‌وێ تا لـــه ئاکارو نه‌کان بگه‌ین‌و ئه‌و ئۆڕانانه‌ش شورشی ١٧ی ته‌موز په‌یـــدا ده‌رس بیه‌ستێته‌وه ده‌توانێ به بابه‌تێك بنوسن ئه‌و کاته ئه‌گه‌ر زانیاری یه‌ی نه‌بو ، ناچـــار یان خۆی له کتێبخانه‌کان بـــه زانیاریه‌کی باش ده‌رباره‌ی ئه‌و ده‌کات‌و چه‌نـــد کتێبکی نوێش تیکرایی قوناغی ســـه‌ره‌تایی‌و به‌لام ده‌مێنێته‌وه سه‌ر کتێخانه‌ی زانکۆ که لێدوان‌و لێکۆڵینه‌وه‌ناوه‌ڕۆکی خوێنده‌نه‌وه‌و کتێبخا‌ده‌ست نیشان بکه‌ین که له دوای بووه ٠

ماوێتی

ئـــه‌م قوتـــابی‌یـــه - پاشـــماوه ٠٠ -

گۆڕانیشیان به‌ســـه‌را هێناوه ، به‌لام ئه‌گـــه‌ر گۆڕانی بێڕه‌کان زیاتریش خـــۆ ماندوو بکه‌ن‌و پشت گیریان بکرێت ، شتی نوێیان پێ‌یـــه‌و ده‌توانن خزمه‌تێکی زۆری گۆڕانی کوردی بکه‌ن ، به‌لام ناشـــتوانم ناوی ئه‌و گۆڕانی بێژانه بێنم چونکه هێشـــتان لـــه ده‌وری تاقی کردنه‌وه داین‌و ڕه‌نگه ئـــه‌وه‌ی ئیستا به‌سه‌ر که‌وتوی داده‌نێن بوه‌ستێ‌و هی وابێته پێشـــه‌وه که که‌سیش ناوی نـــه‌بیستبێ ٠٠٠ ئه‌مه‌یان مێژوو ڕۆژ گـــار دای ده‌نێت ٠

پێنجی ئه‌پارتمه‌ن له ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمی

ده‌زگای گشتی‌ی نیشته‌جێ‌کـــردنی ســـه‌ر بـــه‌وه‌زاره‌تی ئیشغال‌وئیسکان لـــه پاریزگای هـــه‌ولێر ئیستـــا خـــه‌ریکی جێ‌به‌جێ‌کردنی ٥ ئه‌پارتمـــه‌ن‌و دوو پرۆژه‌ی نیشته جێ‌کردنی ئـــه‌ندامانی ئه‌نجـــومه‌نی یاسادانان‌و ته‌نفیزی‌یه ٠ ئـــه‌و برۆژانه ٦ ملیون‌و ٦٠٠ هه‌زاردیناری بۆته‌رخان کراوه ٠

ئه‌پارتمه‌نه‌کان سێ نهومن ، هه‌ر نهۆمێك ٤٨ شوقه‌ی تیادا ده‌بێت‌و هـــه‌ر شوقه‌یه‌ك بڕێتی ده‌بێت له دوو هۆده‌و هۆلێك ٠

پرۆژه‌ی نیشـــته‌جێ‌کردنی هه‌ردوو ئه‌نجومه‌نی یاسادانان‌و ته‌نفیزی ٣ ملیون دیناری بـــۆ ته‌رخان‌کراوه ٠ وه له لایه‌کی‌تره‌وه ده‌زگـــای ئاوبـــراو له‌ناوچه‌ی ئۆتۆنومیدا خه‌ریکی جێ‌به‌جێ‌کـــردنی پرۆژه‌ی ٢٠ گوندی گه‌وره‌یه ئه‌م پرۆژه‌یـــه ٢٠ ملیون دینار تێ‌ده‌چێت ٠

هه‌وڵدان بۆگه‌شه‌پێدانی هاوینه‌هه‌واره‌کان

رۆژی دوو شه‌مه‌ی رابردو به سه‌رۆکایه‌تی مامۆستا طارق عه‌زیز وه‌زیری ڕاگه‌یاندن لـــه باره‌گـــای وه‌زاره‌ت بـــۆ لێکۆڵینـــه‌وه‌ی باری هاوینـــه‌هه‌واره‌کان‌و شوێنه گه‌شـــتو گوزاری‌یه‌کانی ناوچـــه‌ی ژوروو گه‌شه‌پیدانیان کۆبوونه‌وه‌یـــه‌ك کراوه ٠

له کۆبونه‌وه‌که‌دا کاك محمدجاسم الامین جێ‌گری وه‌زاره‌تی ڕاگه‌یاندن‌و ئه‌میندارى گشتی‌ی به‌ڕیوه‌به‌رایه‌تی شاره‌وانیه‌کان‌و هاوینـــه هه‌واره‌کان له‌گـــه‌ڵ به‌ڕیوه‌بـــه‌ری گشـــتی‌ی به‌رژه‌وه‌ندی هاوینه‌هه‌واره‌کان‌ـداو پاریزگاره‌کانی ناوچـــه‌ی ئۆتۆنومی ئامادەبون ٠

نوینه‌ری عیراق پاشماوه ٠٠

ده‌وله‌تان‌دا خوێندیه‌وه به‌بۆنه‌ی لێکۆڵینه‌وه‌ی کێشه‌ی ناوچـــه‌ی عه‌ره‌ب‌و فه‌له‌ستینه‌وه وتی :

له‌ساڵی ١٩٤٨ تائێســـتا قه‌واره‌ی زایۆنیسته‌کان ناجوا‌ـمێـــرانه ٢٠٠ به‌ڕیاری نه‌ته‌وه‌ـیه‌کگرتوه‌کان‌و به‌ڕیاری نێـــو ده‌وله‌تانیان پێ‌شێل کردووه که ده‌رباره‌ی کێشه‌ی فه‌له‌ســـتین‌و ناوچه‌ی عه‌ره‌ب بۆون ٠ هێـــچ ده‌وله‌تێکیش ئه‌وه‌نده‌ی قه‌واره‌ی زایۆنیسته‌کان له‌به‌رچاوی نه‌ته‌وه یه‌کگرتوه‌کان‌و به‌ڕیاری نه‌شـــکا‌ـنده ٠٠ کۆمه‌ڵه‌ی گشـــتی هه‌ڕه‌شه‌ی له زایۆنیســـته‌کان کرد که ئه‌گه‌ر بێتو قســـه‌کانی بشکێنن ئـــه‌وا هه‌نگاوی‌وا ئه‌هاوێژێ کـــه بڕیاره‌کانی جێ‌به‌جێ ببن ، که‌چی ئه‌مـــه ته‌نیا هه‌ر قـــه‌ی ڕووت بوو هیچیش دیاری نه‌دا ٠

بڕیاره‌که‌ی ئه‌نجـــومه‌نی ئاسایشی ژماره (٢٤٢) کـــه له‌ئه‌ئینی دووه‌می ســـاڵی ١٩٦٧دا به‌هیچ جوریك کێشه‌ی فه‌له‌ستین چاره‌ســـه‌ر ناکات وه عیراق هه‌میشه ڕایگه‌یاندوه که ئابێ‌و ناکۆنجی ئه‌م بڕیاره به‌بنچینـــه‌ی چاره‌سه‌ر کردنی کێشه‌ی فه‌له‌ســـتین دابنرێ ، چونکه به‌زه‌بری هێزچاره نووسیك ئه‌ســـه‌بێنێ‌و ناری فه‌له‌ستین ئه‌سڕێته‌وه‌و مافـــی نه‌ته‌وه‌یی گـــه‌لی عه‌ره‌بی فه‌له‌ستین هه‌تا هه‌تایه له‌نـــاو ئه‌بات ٠

نوێنه‌ری عیراق دیســـانه‌وه سه‌ناندی که پێویسته به‌خێرایی زایۆنیسته‌کان وه‌به‌ڕێ هیـــچ مه‌رجێك له‌خـــاکی زه‌وت کراوی عه‌ره‌ب‌دا بکشێنه‌وه ٠

بۆیه حکـــومه‌تی ئه‌مه‌ریکادان به‌مافی نه‌ته‌وه‌یی گـــه‌لی فه‌له‌ستینی‌دا نانێ چونکه ئه‌زانی پرویالانتـــه‌ی زایۆنیسته‌کان‌و ماف‌و ماف کاری‌یان له‌ســـه‌ر حیسابی مافی ڕه‌وای گـــه‌لی فه‌له‌ستین‌دا ئه‌بێ نایه‌ته دی ٠ زایۆنیسته‌کان ته‌نیـــا گـــه‌لی فه‌له‌ستینیان ده‌ربه‌ده‌ر نه‌کردوه له‌سه‌ر خاك‌و ولاتی خۆی به‌ڵکو جه‌ندین ڕێگا ئه‌گرنه به‌ر بـــۆ ڕاکێشانی تایه‌فه‌ی جوله‌کـــه‌کان‌و نیشته‌جێ‌کردنیان له‌خاکی [illegible] کراودا ٠٠ به‌لام زوربه‌ی جوله‌که‌کان نایانه‌وێ له‌خـــاکی زه‌وت کراودا جێگیر ببن‌و ڕۆژ نیه که کومه‌ڵێکی زۆر نـــه‌م فه‌واره‌یه به‌جێ نه‌هێڵن ٠

ئنجا کاك شـــیخلی وتی ئه‌نجامی ئـــه‌م کۆبونه‌وه‌یه‌و لێکۆڵینه‌وانه هیچ دلخوش که‌ر نین چونکه ئه‌ندامێکی ئه‌نجو‌ـمه‌نه‌که ئه‌مه‌ریکایه‌و به‌نـــاوی ده‌ست درێژی‌که‌رانه‌وه قســـه ئه‌کات‌و به‌ئاشکراش ڕایگه‌یاند که مافی فیتـــۆ به‌کار ئه‌هێنێ ئه‌گه‌ر هاتوو به‌ڕیاری کشانه‌وه‌ی ده‌ست درێژی کاره زایۆنیسته‌ـکان درا له‌هـــه‌موو خاکی زه‌وت کراودا ٠ یا خود هه‌ر بڕیارێکی تر بدرێ ده‌رباره‌ی دان‌نـــان به‌مافی ڕه‌وای گـــه‌لی فه‌له‌ستین‌دا ٠

جا لـــه‌م هه‌لویسته‌وه که‌ئه‌ی ئه‌وه‌ی خه‌باته‌مان بۆ ده‌رئه‌که‌وێ که گه‌لی فه‌له‌ستین به‌تایبه‌تی‌و گـــه‌لی عه‌ره‌ب به‌گشتی ئه‌یکه‌ن له‌پێنـــاو جێگیـــرکردنی داد په‌روه‌ری‌و ئاشتی له خاکه‌که‌یان‌دا ٠ ئنجا باسی ئه‌وه‌ی کرد که گـــه‌لی فه‌له‌ستین درێژه به‌خـــه‌باتی عادیلانه‌ی خۆی ئه‌دات به هه‌موو ڕێگایه‌کی ڕه‌وا له‌پێناو ئامانجه ڕه‌واکانی‌دا ٠

یاری «جه‌مال»ی بوانه‌وه‌ڕێ

دیسان سه‌رله‌نوێ شـــینی‌و ڕۆڕۆیـــه
شینی ئه‌م جاره‌ش جـــه‌مال بۆ تۆیـــه
ساڵ‌و نیوێکـــه وون بووی له‌ناومـــان
له‌بیرمان ناچێت ، غه‌مبـــار هه‌موومان
ئه‌مه چوار جه‌ژنه تۆ هیـــچ نیت دیـــار
بۆتو غه‌مبارن خـــزمی لادێ‌و شـــار
به‌برینن له شـــتو ئیشـــی هـــه‌ناوت
هیچ چاره‌ی نه‌بو ، لاشـــه‌ی بڕراوت
چه‌نـــد خه‌سته‌خانه بـــه‌داوو ده‌رمـــان
چه‌نده‌ها حه‌کیم ، هه‌وڵ‌و تیکۆشـــان
ڕه‌ددی بۆ نیـــه قـــه‌زای ڕه‌ببـــانی
بۆیـــه جۆڵت کرد دنیـــاکه‌ی فانی
کاکـــه جه‌مال و ادریســـی ســـاوا
دو بیلبیله بوون له‌گڵتنـــه‌ی جـــاوا
ئاخری کۆچتان کرد وه‌ك گوڵ هه‌ڵوه‌رین
ئێمه‌تان جێ‌هێشت جه‌رگـــتان بڕین

(باوکت شێخ هادی پشده‌ری)

ڕه‌وتی گه‌شه کـــردن

- ڕه‌سول -

خوێنه‌ری به‌ڕێز :

که‌رته ئابوریـــه‌کانی وڵات هه‌ریه‌که لـــه جێگای خـــۆی ئه‌یـــه‌وێ ده‌س پێشـــکه‌ری جێ‌به‌جێ کردنی ئه‌و نه‌خشه‌ی گه‌شه‌کردنانه بکات که شورش بۆی دیاری کردون ، ئه‌میش به پێی ئامۆژگاری سه‌رکردایه‌تی سیاسی و هه‌شته‌مین کونگره‌ی قوتری حـــزبی به‌عـــی سوشیالیستی عه‌ره‌ب که چه‌ند ڕۆژێك له‌مـــه‌وبه‌ر دوه‌میـــن بیره‌وه‌ری تێ په‌ڕی ٠٠

ڕاپورته‌کـــه‌ی کۆنگـــره به‌لکه‌یه‌کی سیاسی‌و به‌رنامه‌ـیه‌کی بایه‌خداری گه‌وره‌یه ، ئه‌و کرداره گه‌ورانـــه‌ی کونگره‌ی ناوبراو چاره‌سه‌ری کـــردوه هه‌روه‌کو له ڕاپورتی سیاسی‌دا ده‌ر ئه‌که‌وێ کورینی ڕوالـــه‌تی شورش‌و دانانی به‌ردی‌بنچینه‌ی دامه‌زراندنی سوشیالیستی‌یـــه له وڵاتا ٠٠ ئه‌مانه ئه‌همیه‌تیکی زۆر گه‌وره‌یان هه‌یه به لایـــه‌نی حزب‌و هیزه پیشکه‌وتنخوازه‌ـکان‌و گه‌له‌وه که ئه‌م ئامانجه گه‌وره‌یه به‌دی بێنن‌و زه‌مینه‌ـیـــه‌کی وا بڕه‌خسێنن کـــه سوشیالیستی لـــه‌ناو ده‌رونی مرۆڤدا جۆش بخوات ، شـــان به‌شانی ئه‌مانه‌ش کونگره‌کـــه ڕێگای ته‌واو کـــردن‌و پێك هیناتی ئامانجـــه‌کانی قوناغی ئیستای ده‌ست نیشان کرد که قوناغی شـــورشی نیشتمانی‌و دیموکراتیه ئه‌ویش به فراوان کـــردنی که‌رتی پیشه‌سازی‌و چاره‌سه‌ر کـــردنی کشتوکال‌و بڵاو کردنـــه‌وه‌ی پـــه‌یوه‌ندی هه‌ره‌وه‌ز کاری لـــه لادێکاناو کۆتایی هێنان بـــه گیروگرفتی مه‌سه‌له‌ی کـــورد هێنانـــه‌دی ئوتونومی و دامه‌زراندنی به‌ره‌ی نیشـــتمانی و ئه‌ته‌وایـــه‌تی پیشکه‌وتنخوازو تـــه‌واو کردنی سه‌ربه‌خۆیی ئابوری‌و به‌هێـــز کردنی چالاکی حزبی سه‌رکرده له ده‌زگاکانی ده‌وله‌تی‌دا و چه‌ند مه‌سه‌له‌یه‌کی تری پێویست که جه‌وهـــه‌ری بنچینـــه‌ی کۆمه‌ڵایه‌تین ٠

له بواری گه‌شه کـــردنا :ـ کونگره‌که له کاتێکدا به‌سترا که هێشتا وڵات نه‌چـــوبوه قوناغی گه‌شه‌کردنه‌وه ، له‌به‌ر ئه‌وه گرنگی‌یه‌کی زۆری هـــه‌بو چونکـــه مه‌سه‌له‌و گیروگرفتی گه‌شه کردنی چاره‌سه‌ر کـــرد بـــه‌و ماتایه‌که مه‌سه‌له‌یـــه‌کی بنه‌ڕه‌تی گرنگه و پێویسته بـــه ســـه‌ر پاشماوه‌کانی میراتی نابوری دواکه‌وتودا زال بێـــن ، ئه‌وه‌ی سه‌لماند که گه‌شه کردنی تـــه‌واو بـــه دانانی نه‌خشه‌ی زانستیانه‌و قـــه‌واره‌ی به‌ڕیوه‌ـبردن‌و یاساو ڕیکخراوه تازه‌کان جێ به‌جێ ئه‌بێ که له گـــه‌ڵ سروشـــتی گـــوڕانی تازه‌دا بگونجێ‌و شان به‌شانی ئاواته‌ـکانی شۆڕش بروات ، هه‌روه‌ها له‌م ڕووه‌وه شورش پشتی به ئامادە کردن‌و په‌روه‌رده کردنی کادری ته‌کنیکی به‌ست‌و چه‌ند ئامۆژگایه‌کی تایبه‌تی بۆ ئـــه‌م مه‌به‌سته کرده‌وه ٠٠ هه‌روه‌کو پرۆژه‌ی زانکۆی ته‌کنولوجی له به‌غدا به‌جێ هێنا که ٢٦ ملیون دیناری تێ چوه ٠٠ ڕاوێژکارو شاره‌زای ولاتـــه عه‌ره‌بیه‌کان‌و ولاتانی سوشیالیستی دوســـتی هێنـــا بۆ بێکه‌یاندنی کادری ته‌کنیکی‌و ڕه‌خساندنی‌کریکاری لێ هاتو ٠٠

*

جه‌ژاڕ نه‌وت پاشماوه ٠٠

نه‌وتی خاو به جـــه‌وت دۆلار به‌فرۆشرێ ! ئه‌وه‌بوو کـــاك شه‌عڵال له کۆنگره‌یـــه‌کی ڕۆژنامه‌نووسی‌دا ڕایگه‌یاند که ئه‌و نرخ‌و بڕیاره بۆ پاراستنی سه‌رچاوه‌ی وزه‌ی ئه‌وروپایه که ئاژانسی وزه‌ی‌ده‌وله‌تان داینا‌وه‌و مه‌به‌ستیشیان ته‌نیـــا زه‌بـــر وه‌شاندنه له ڕێکخراوی وڵاتانی خاوه‌ن نه‌وت (ئۆپیك) ٠

ئا٠د٠ع

Institut kurde de Paris

به بۆنه‌ی بیره‌وه‌ری راپه‌ڕینه‌که‌ی کانونه‌وه :

راپه‌ڕینی ١٩٤٨ هه‌لقه‌یه‌کی دیاره‌و نه‌بچراوه له زنجیره‌ی تیکۆشانی گه‌له‌که‌مان

– عه‌فور –

ئه‌و سه‌رکه‌وتن‌و زال بونه‌یه‌کجاری‌یه‌ی به‌ره‌ی خه‌باتکه‌ری نوردوگای گه‌لانی یه‌کگرتوی کۆلنه‌ده‌ر که له دوه‌مین جه‌نگی جیهانگیریدا به‌سه‌ردرنده‌ترین‌و چه‌په‌ل‌ترین به‌ره‌ی فاشیزم‌و چه‌ك‌و جبه‌خانه‌ی ئه‌هریمه‌نی خوای شه‌ڕو کاولکه‌ری شارستانیه‌تا زال بون‌هۆیه‌کی بنچینه‌یی‌و ده‌رگای‌چه‌رخ‌و سه‌رده‌مێکی تازه‌ی‌له‌به‌رده‌م میژوی تیکۆشانی پان‌و به‌رین‌و خه‌باتی رزگاریخوازی گه‌لانی دیل‌وژێرده‌سته‌و نیمچه ئازاد بوو.

کاتا ئاواله‌کرد • وه‌هه‌ر له‌هه‌مان کاتا ڕێره‌وێکی شۆرشگیرانه‌ی راست‌و ره‌وانی به‌لای قازانجی زوربه‌ی گه‌لانی جیهاندا هێنایه کۆڕی ژیانه‌وه •• پیشه‌نگێکی نوێی شورشگیرانه‌ی بۆ کاروانی ئارام نه‌گرتوی ئازادیخوازانی جیهان ده‌ست نیشان کرد •• زه‌نگی کاروانی سه‌رکه‌وتنی گه‌لانی به‌هه‌مو گۆشه‌ی ئه‌م جیهانه فراوانه گه‌یاند •• بومه‌له‌رزه‌یه‌کی له‌گیانی سته‌مکارانه‌ی هێزی داگیرکه‌راندا به‌ربا کرد ، زوربه‌ی مرۆڤی زه‌حمه‌تکێشی هه‌زار جاربه‌ناگری چه‌وساندنه‌وه‌سووتاوی به‌ناگا هێنا •• بارگه‌و پنه‌ی به به‌شی زۆری داگیرکه‌ران بێجایه‌وه ، شه‌وه‌زه‌نگی تاریکی چاووڕاوو به‌ندوباوی ئیمپریالیزمی راوه‌دوونا ، رۆژی سه‌ربه‌خۆیی‌و مافی چاره‌نوسی گه‌لان هه‌لهات، ملیۆنه‌ها جه‌ماوه‌ری چه‌وساوه‌ی ئه‌م جیهانه که‌وره‌یه راست بۆوه‌و رێگای راپه‌ڕینیان گرته‌به‌ر •• به‌رگی شۆڕشیان پۆشی ، که‌وتنه‌سه‌ر ڕێبازی شورشگیرانه‌ی هاوجه‌رخ ، چه‌کی تێکۆشانیان هه‌لگرت‌و به‌هه‌مو هێزو توانای خۆیان‌و یه‌کگرتوویانه‌وه که‌وتنه وێژه‌ی ئیمپریالیزم‌و کۆنه‌په‌رستان •• بۆ ئه‌وه‌ی ته‌وق‌و کۆتی به‌ندایه‌تی‌و ده‌سه‌ت به‌سه‌راگرتن‌و چه‌وساندنه‌وه له‌ناخی زۆرداریا وردوخاش بکه‌ن‌و کلیل‌و کلۆمی هه‌ژاری‌و برسێتی بشکێنن •• ماف‌و چاره‌نوسی زیانێکی نوێ‌دیاری بکه‌ن تاکو وڵات سه‌ربه‌ست‌و گه‌ل به‌ختیاربێ •

له‌ناوچه‌رگه‌ی خه‌باتی ناوکۆیی ئازادیخوازانه‌ی ئه‌م گه‌لانه‌شدا پشکۆی سوری کوره‌ی ئه‌م ئاگری سه‌رکه‌وتنه گه‌لی قاره‌مانی عیراقیشی گرته‌وه ، ئه‌م روداوه گه‌وره‌یه دڵ‌و ده‌رونی نیشتمان په‌روه‌رانی زاخاودایه‌وه‌و چاوومێشکی تێکۆڕای گه‌لی ئه‌وه‌نده‌ی تربه‌جاری کرده‌وه‌و ئه‌مانه هه‌مویان پوونه هه‌وێنی خه‌بات‌و مایه‌ی ده‌مه‌زه‌ردکردنه‌وه‌ی گیانی شورشگیری‌و به‌رزکردنه‌وه‌ی ئالای به‌رزی خه‌باتی شورشگیران •• گه‌لی عیراق وه‌کو گه‌لێکی تینووی ئازادی‌و چاوه‌روانی سه‌رکه‌وتن‌و ئاماده‌ی شورش بۆ به‌دڵ به هه‌مو سۆزێکه‌وه باوه‌شی بۆ ئه‌و سه‌رکه‌وتنه مه‌زنه پیرۆزه گرته‌وه ، بۆ ئه‌وه‌ی بزوتنه‌وه‌ی نیشتمانی به‌ڕوالەت‌و روخساریکی نوێ دابڕێژێ •• بۆ ئه‌وه‌ی به‌رامبه‌ر به‌هه‌مو کارخانه ئه‌سله‌حه سازیه‌کانی سه‌ربه ریژیمی ئیمپریالیزم‌و ده‌سته‌و دایه‌ره‌کانیان بوه‌ستێ‌و شاربه‌ده‌ریان بکات‌و عیراقێکی جێ‌نه‌زه‌رگه‌ی ئاواتی گه‌ل‌و دۆستی گه‌لانی ئازادیخوازی جیهان دابمه‌زرێنێ ••

گه‌لی عیراق به‌کوردو عه‌ره‌ب‌و که‌مایه‌تیه براکانه‌وه بۆسێ‌و دوولێ کردن چونه‌ناوکێشه‌ی خه‌باتی یه‌کگرتوی سه‌رومڕی‌یه‌وه وه له‌ناو جه‌رگه‌ی که‌ف‌وکولی جه‌ژنی سه‌رکه‌وتن‌و زال بونی نوردوگای گه‌لاندا پشتینی خه‌باتی درێژ خایه‌نی دژ به ئیمپریالیزمیان لێ‌قایم کرد ، له جاده‌وسه‌ر شه‌قامه‌کانی به‌غداو به‌نده‌ری به‌سره‌و ئه‌جه‌ف‌و سلیمانی‌و که‌رکوك‌و هه‌ولیر‌و زوربه‌ی ناوچه‌کانی وڵات که‌وتنه مه‌شق کردن ، ئاگری‌سوروبێسه‌ی قین‌و ئاره‌زایی روبه‌روی ئیمپریالیزم‌و دام‌و ده‌زگاکانی گێپه‌ی ئه‌سه‌ند •• له‌هه‌مو سوچ‌و په‌نایه‌کی ئه‌م نیشتمانه‌دا هه‌ر جه‌ماوه‌ربوو راست ئه‌بۆوه‌و مانی ئه‌گرت‌و بیزاری خۆی به‌رامبه‌ر به‌ڕیژیمی ده‌سه‌لاتداریتی ئه‌و کاته ده‌رئه‌بڕی •• یه‌خه‌ی نۆکه‌رو به‌کرێگیراوانیان ئه‌گرت‌و داوای مافی بێ‌شێل کراوی خۆیان ئه‌کرد ، قوتابی‌و کاسبکارو ڕۆشنبیران تێکڕا ده‌ستیان نابوه ناوده‌ستی یه‌کترو ئه‌یان گرماند :

بمرێ ئیمپریالیزم ، با بروخێ حوکمی بۆژه‌نی نوری سه‌عید ، گه‌ل داوای نان‌و جل‌وبه‌رگ ئه‌کات، با له‌شکری بێگانه له‌وڵات ده‌رچێ •

گڕو کلپه‌ی خه‌باتی یه‌کگرتووی شورشگیرانه سه‌رتاپا مێشك‌و دڵی ته‌واوی خه‌لکی خوێن گه‌رم‌و ئازادیخوازانی که‌نی بۆوه ، حواست‌و ویست‌و خۆزه‌که‌و ئاواتی گه‌ل له‌گه‌ڵ ئاسمانا شه‌ڕی ئه‌کرد ، قوتابیانی ئه‌وشاوه‌ی سه‌رکه‌رم‌و قامچی ناو خه‌باتی شورشگیرانه وئازه‌نه‌مامی داخی نیشتمان له پێناوی به‌ختیاری جه‌ماوه‌ردا ملیان له‌به‌ت ئه‌سرو •• په‌یتا په‌یتاو جار له‌دوای جار په‌یمان‌و به‌لێنیان بۆ گه‌لی عیراق تازه ئه‌کرده‌وه ، بۆ خه‌بات‌و قوربانی له پێناوی ولاتا •• بارو دۆخی کۆمه‌لیش به جۆرێك ئاگری شورشی تێ‌به‌ربوبوو ته‌خت‌و به‌ختی ئیمپریالیزمی خستبوه له‌رزه‌و مه‌ترسی‌یه‌وه ، روخاندنی ڕیژیمه‌که‌ی که‌یاندبوه گۆڕی مردن‌و ریسوایی •

ئه‌وه‌ی میژوو به قوتابیانی سپاردبوو به‌جێیان هێنا ، ئه‌وه‌ی نیشتمان داوای لێ‌ئه‌کردن جێ‌به‌جێیان کرد، ئه‌وه‌ی گه‌ل ئاره‌زوی ئه‌کرد هێنایانه‌دی •• چونه ناوریزی پێشه‌وه‌ی سه‌نگه‌ری خه‌باتی دژبه ئیمپریالیزم •• بێ‌به‌روا خۆیتی خۆیان به‌سه‌ر شه‌قامی شاره‌کانی عیراقا ئه‌ڕشت •• بونه قژچی قوربانی ئاواته‌پیرۆزه‌کانی گه‌ل ، به‌م چه‌شنه سه‌رگورشته‌یه‌کی خه‌باتی خوێناوی وبڕ له‌قاره‌مانه‌تیان له‌سه‌رانسه‌ری وڵاتانۆمارکرد ، بناغه‌یه‌کی پته‌وی ئازایه‌تی‌و جسه‌ت‌و چالاکی دارێژرا رۆڵه‌کانی گه‌ل جارێکی تر خۆیان به شیری چاونه‌ترسی دلسۆز به گه‌ل گوش‌کرد ، به‌رگی بێ‌به‌روایی‌و لێ‌بوردنیان پۆشی ، تۆوی برایه‌تی‌و یه‌کێتی‌و دۆستایه‌تیان له‌ناو ریزه‌کانی ته‌لا بێ‌وچان بلاوئه‌کرده‌وه ، خۆزگه‌و ئاواتی ئه‌مانه‌و چه‌ند خۆزگه‌یه‌کی تری ناردوه که بۆ بلاو کردنه‌وه ده‌ست نادەن •• ئیمه‌ش ئه‌لێین خۆزگه لێ پرسراوان سه‌رنجی ئه‌م ئاواتانه‌یان بدایه •

● **کاك جه‌مال خه‌مبار له سلیمانیه‌وه ، له نامه‌که‌یا ئه‌لێ:**

نامه‌خانه‌ی گشتی له‌سلیمانی شوێنی کتێب خوێنده‌وه‌که‌ی زۆر ته‌نگه‌به‌ره چونکه خه‌لکیکی زۆر بۆ خوێنده‌وه هاتو چۆی ئه‌که‌ن •• داوای کردوه که فراوانتر بکرێ ئیمه‌ش ئه‌وا پوخته‌ی نامه‌که‌ی ئه‌خه‌ینه به‌ر چاوی لێ پرسراوان‌و هیوادارین فه‌رامۆش نه‌کرێ •

● **بۆ خاوه‌نی (ئه‌بێ وابێت) :**

کاکی برای •• ناوه‌رۆکی نوسینه‌که‌تان بابه‌تی روژنامه نیه •

● **کاك آ – پشده‌ری :**

به‌ر له هه‌مو شتیك ئه‌بوا ئاوو نیشانی خۆت بنوسیبایه ، ئینجا ئه‌و جۆره داخوازیانه لای خۆتان چاره‌سه‌ر ئه‌کرێ •• ئه‌گه‌ر داوا له به‌ریوه‌به‌رایه‌تی به‌ڕوه‌رده بکه‌ی وه‌لامت ئه‌ده‌نه‌وه •

● **بۆ خاوه‌نی (یاری تۆپی مێز) :**

کاکی برا ئیمه‌ش حه‌ز ئه‌که‌ین وه‌رزش له وڵاته‌که‌مانا پیش بکه‌وێ به‌لام ئه‌بێ لاوان هانی ئه‌م هونه‌ره بده‌ن •• هه‌ر ده‌نگوباسیکی وه‌رزشمان پێ بگات ئه‌که‌ر شیاوی بلاوکردنه‌وه بێ بلاوی ئه‌که‌ینه‌وه •

● **کاك سلیمان نیسماعیل گه‌ردی له هه‌ولیره‌وه ئه‌لێ :**

گه‌ڕه‌کی سێتاقان ، کۆڵانه‌کانی قیرتاو ئه‌کراوه •

ئیمه‌ش له‌گه‌ل کاك گه‌ردی ئه‌لێین خۆزگا شاره‌وانی مشوری ئه‌م نیشه‌ی بخواردایه‌و نیازی ئیمه‌و کاك گه‌ردی به‌دی بهێنایه ••

● **کاك معروف عه‌بدوڵا زه‌نگنه :**

له دهوکه‌وه نامه‌یه‌کی بۆ ناردوین گله‌یی له ده‌رمانخانه‌کان‌و عیاده‌ی دکتوره‌کان ئه‌کات گوایه به ساردی‌یه‌وه ئه‌رکی خزمه‌تکوزاری به‌جێ ئه‌هێنن•• هیوادارین له‌مه‌ودوا ئه‌و ساردیه به دڵسۆزی بکۆڕنه‌وه ••

● **کاك خالید ئه‌حمه‌د قادر له ئامادەیی هه‌ڵکه‌وته‌وه نوسیویه :**

ئه‌و کۆڕه ئه‌ده‌بیه‌ی بۆ قوتابیه‌کانی قوتابخانه ئامادەییه‌کان ساز کرابو زۆر به پله هه‌لبژێردراوه‌کانیان بانگ کردو هه‌رچه‌ند هه‌ندێك که‌موکورتیشی تیا بوو به‌ڵام تا ئیسته ئه‌نجامه‌که‌ی بلاو نه‌بۆته‌وه ••

هاوکاری له‌گه‌ڵ به‌ڕێوه‌به‌ری ته‌مین ئه‌دوێ

بشتی جهان پیش که‌فتی گیروگرفت‌و سه‌رهاتی‌مشه‌بوین‌ژدزیاد سوتنێ ونقومبینێ‌و وه‌رگێڕانێ ••• هتد • زاناو مروفێت شه‌هره‌زا بیرل رێکه‌کێ کرکو مال‌و ژینا خه‌لکێ پارێزن ئه‌و بول چه‌ند ده‌وله‌تێت روژئافا شه‌ریکێت ته‌مینی له‌سه‌رژیانێ‌و مالی ئه‌کرن پاش هێدی هێدی ده‌وله‌تێت روژهه‌لاتێ ژی ئه‌کرن ئیك ژ ده‌وله‌تێت شه‌ریکه ئه‌کرین عیراقه •

له‌سه‌ر کارو ئه‌رکێت شه‌ریکا ته‌مینا نیشتمانی برا‌ده‌ر حازم احمد یوسفی به‌ر برسیارێ شه‌ریکێ له‌هوکێ کوت : به‌ری بیست‌و پێنج سالا شه‌ریکا ته‌مینا نیشتمانی له‌عراقێ یاهاتیه پێك هینان • له‌ویف یاسایا هژمارا ٥٦ یاسالا ١٩٥٠ یا پێك هاتی سه‌رمایێ وێ ملیون دینار بو روژا ١-٦-٩٥١ یابده‌ست کارێ خوکری • له‌دوبماهیا سالا ١٩٧٤ ژ ٢٦ ملیون دینار لنك خرفه‌بون • نارمانجێت کومبانیێ هوشیار بونا ته‌مینێ لناف نیشتمان به‌ره‌وره‌ا به‌لافکه‌ت • ئوده‌ست نیشانا پارستنا ته‌مینێ بو وان په‌یدا دکه‌ت • چاکترین ده‌سته به‌ره بو وان‌و خێزانێت وان • خه‌ده‌ماتێت خوبو نیشتمان به‌ره‌وره‌ا پێش کێش دکه‌ت ب‌هاریکاربا تایبێت خویێت به‌رفره هه ژ تاو مه‌کانیاو ده‌زگا بیت فه‌رێژی ل هه‌می جهێت وه‌لاتی • ئولسه‌ر چه‌شن ره‌نگێت ته‌مینێ برا‌ده‌ر حازمی گوت : شه‌ریکه ب هه‌می چه‌شێت ته‌مینی رادبیت ته‌مینا لسه‌ر ژیانی تێ نه‌بیت• ئوره‌نگێت ته‌مینێ ئه‌ڤێت خارنه •

أ – ته‌مین لسه‌ر نشتێت ژ ده‌رفه تینن ئوفر دکه‌نه ده‌رفه•

ب – ته‌مین لسه‌ر سوتنێ‌و ئه‌مراندێ •

جـ – ته‌مین لسه‌ر دزینێ •

د – ته‌مین‌لسه‌ر ترومبلیست ده‌ربه‌ستی‌و کشتی •

و – ته‌مین لسه‌ر به‌لیتێت ئافاکرنێ‌و دارشتنێ •

ع – ته‌مین لسه‌ر سه‌رها تیت که‌سی •

هـ – ته‌مین لسه‌ر خانیاو ئاف مالیێ •

م – ته‌مین لسه‌ر به‌ر [illegible] •

ن – [illegible] لسه‌ر کارگه‌ها دزی [illegible] •

ژ – [illegible] لسه‌ر دزی باراستنا [illegible] •

ص – ته‌مین لسه‌ر ده‌وانی ده‌مێ ئه‌گو هازنێ‌و [illegible] نیشانی •

ئوگوت ئه‌و مروفی نشێت خو ته‌مین دکه‌ت لنك مه‌نه‌ی ئه‌رکێت خارێ پێت لسه‌ر هه‌ین :-

١ – هه‌می زانین‌و روهنگرێت دینه هاریکار بو شه‌ریکێ گو ته‌قدیرا مه‌ترسین بکه‌ت تفێت بده‌نێ لبه‌رفێ چه‌ندێ یافه‌ره به‌رسفا هه‌می روهنگر نێت دنیستیمارا دخازا ته‌مینا بده‌ت •

٢ – بدرستی ترخا ئه‌وی نشتێ دفێت ته‌مینکه‌ت بێژیت

٣ – ئه‌و مالێ تێته ته‌مین کرن نفێت بارنزیت •

٤ – شه‌ریکێ ئاگا هدارکه‌ت ج کوهرین ب هێنه سه‌ر جهێ مالێ ته‌مین کری •

٥ – بازیت (أقساط) لسه‌ر نفێت بده‌ته شه‌ریکێ •

٦ – شه‌ریکێ ئاگا هدارکه‌ت ج سه‌رهاتیا لسه‌ر نشتێ ته‌مین کری بهێت هه‌که داخازا تعویض ژ شه‌ریکێ بکه‌ت •

٧ – هاریکاریا شه‌ریکێ‌بکه‌ن دکاریت دیار کرنداو تسویات‌و بزاردندا « تعویض » •

هه‌روه‌سا برا‌ده‌رێ ڕێڤه به‌ر کاك حازمی به‌حسن قازانجا ته‌مینێ کر ئوگوت : شه‌ریکه بشکدار بیت دمکم کرن‌و هاریکاریا بنکه‌ه‌ێ ئابوریا کراونه‌ته‌وه که له سه‌ر نه‌رێتی وێ پێش که‌فتن • هه‌لسه‌نگاندنا راپورتا رامیاری یاگونگریسێ هه‌شتێ بو ته‌مینێ رامان‌و به‌ر برسیاره‌کا مه‌زن ده‌ت دویماهکیێ برا‌ده‌ر حازمی ب روهن‌و دیار کر کاچاوا تشتا ته‌مین دکه‌ن گوتی : ته‌مین چاکترین ده‌سته‌به‌ره بو نیشتمان په‌روه‌ری ومالا وی وتشتێت‌وی • هه‌ر که‌سێ حه‌ز که‌ت تشتێت خو ته‌مین که‌ت دێ چیته تایه‌کێ شه‌ریکێ دێ چه‌ند اجراءات سفك بوکه‌ن داناما ته‌مینێ هه‌لبه‌ت ئه‌ف نامه دێ پاراستنێ بو په‌یداکه‌ت ب کره کاکێم •

سه‌رنج و هه‌ڵوێست

– عادل –

یاسا شورشگیره گرنگه که یاسای ژماره ٩٠ له باره‌ی ریکخستنی په‌یوه‌ندیه کشتوکالیه‌کانه‌وه له ناوچه‌ی کوردستان ئه‌وه‌ی سه‌لماند که که‌رته سوشیالیستی‌یه کشتوکالیه‌کان زۆر فراوان بوون •

له پیناوی به‌دی هێنانی ئه‌م ئامانجه ستراتیجیه‌دا ده‌زگا کشتوکالیه‌کان گه‌لێك ته‌قه‌للایان داوه‌و خۆیان ماندو کردوه له‌باره‌ی پیك هێنانی هه‌ره‌وه‌زکاری کشتوکالی‌یه‌وه به شیوه‌یه‌کی هاریکاری کردن له ئێوان برا فه‌لاحه‌کانا بۆ ئه‌وه‌ی بگه‌نه قۆناغێکی گه‌شه‌دارو هه‌ست به گرنگی جۆری ئیش کردنی هه‌ره‌وه‌ز کاری بکه‌ن‌و بۆیان ده‌ربکه‌وێ که ئیش کردنی هه‌ره‌وه‌ز کاری چۆن ئه‌بێته هۆی زور کردنی به‌رو بومی کشتوکال‌و به‌رز کردنه‌وه‌ی پله‌ی ژیانی فه‌لاحه‌کان •

له‌م ڕووه‌وه ده‌زگاکانی کشتوکال به‌پێی ئامۆژگاری سه‌رکرداییه‌تی سیاسی حزب‌و شورش گه‌لێك هه‌نگاوی بایه‌خداری ناوه ، وه‌کو کردنه‌وه‌و به یه‌ك کردنی کۆمه‌له دێ‌یه‌کی فه‌لاحه‌کان بو نیشته‌جێ بونیان ، وه ئیسته خه‌ریکی کردنه‌وه‌ی ٢٠ دێی به‌م جۆره‌ن له ناوچه‌ی ئوتونومی‌دا که ٢٠ ملیون دیناری تێ ئه‌چێ وهه‌مو هۆیه‌کی خزمه‌تکوزاری یان تیایه • ئه‌م هه‌نگاوانه ئامانجیکی بنچینه‌یی له ڕێپه‌وی گواستنه‌وه‌ی کومه‌ڵدا پێك هێنا به‌ره‌و قوناغی سوشیالیستی له لادێکانی کوردستاندا وه‌کو :

١ – ئه‌و لادێ کۆکراوه نازانه که هه‌زار خیزانی تیا ئه‌ژی ئه‌مانه له جیاتی دیهاته بچکوله‌کانن که یه‌کی په‌نجا مالیان تیا بو • بێ گومان ئه‌م کاره نمونه‌یه‌کی مرۆڤانه‌ی پیشکه‌وتوانه‌ی نوێ‌یه که له سنوری په‌یوه‌ندی خێڵه‌کیانه دەر ئه‌چێ و زه‌مینه‌یه‌کی باش له په‌یوه‌ندی چینایه‌تی‌و به‌رهه‌م هێنانێکی پیشکه‌وتوانه‌دا ئه‌ڕه‌خسێنێ •

٢ – ئه‌و دێ یانه‌ی کۆکراونه‌ته‌وه که له سه‌ر نه‌رێتی کۆمه‌ڵایه‌تی خێڵه‌کیانه بون ئیستا به شیوه‌یه‌کی تازه به‌رهه‌م ئه‌هێنن‌و به شیوه‌یه‌کی هه‌ره‌وه‌ز کاریانه پێویستیه‌کانی خۆیان جێ‌به‌جێ ئه‌که‌ن که له‌گه‌ڵ ئامانجی‌و رێبازی شورش‌دا ئه‌گونجێ و شێوه‌ی به‌رهه‌م هێنانی تاکه که‌سی به‌جێ دێڵی ••

٣ – هه‌روه‌ها ئاماده کردنی هه‌مو هۆیه‌کانی خزمه‌تگوزاری بۆ لادێکان وه‌کو ئاوو ئه‌له‌کتریك‌و مه‌لبه‌ندی په‌ره‌وه‌رده کردن‌و ته‌ندروستی‌و شوێنی به‌خێوکردنی ئاژه‌ڵ ئه‌مانه به‌دی نه‌ئه‌هاتن ئه‌گه‌ر فه‌لاحه‌کان له ئاوایی جکوله‌کانا بونایه‌و هه‌رکه‌سه بۆ خۆی به‌روبومی به‌رهه‌م هێنابایه •

ئه‌م ده‌سکه‌وته گرنگانه به پێی به‌رنامه‌و ئه‌خشه‌ی پێ که‌یاندنی کشتوکالی ئه‌م چه‌رخه‌یه له‌لادێکانی کوردستان وه بۆ گۆڕینی ده‌وتی ژیان‌و ڕۆشنبیری فه‌لاحه‌کانه که به کرده‌وه شان به‌شانی ڕۆڵه‌کانی تری گه‌ل بکه‌ونه کارکردنه‌وه له پیناوی عیراقیکی به‌ختیارو عیراقی کوردو عه‌ره‌ب‌و که‌مه‌نه‌ته‌وا یه‌تیه براکانی تر •

به‌م نزیکانه ئه‌وانه‌ی ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥ له زانکۆکان ده‌رچوون دائه‌مه‌زرێن

له سه‌ره‌تای مانگی داهاتودا ئه‌و قوتابیانه‌ی ساڵی ٧٤ – ٧٥ خوێندنی زانکۆکانی عیراقیان ته‌واو کردوه له ده‌زگا جۆربه‌جۆره‌کانی ده‌وله‌تدا دائه‌مه‌زرێن •

سه‌رچاوه‌یه‌کی شاره‌زا له دایه‌ره‌ی فێر کردن‌و گۆڕینی سه‌ر به ده‌زگای سه‌رژماری ناوه‌ندی وتویه ، تا کۆتایی ئه‌م مانگه استماره‌ی دامه‌زراندن بۆ ده‌رچوانی ساڵی باسکراو پڕ ئه‌کرێته‌وه وه به تایبه‌تی بۆ ئه‌وانه‌ی ئه‌سکه‌ری‌یان کردوه •• دیسان وتویه ده‌زگای سه‌ژمار ده‌وره‌ی گه‌ڵاله کردنیان بۆ ئه‌کاته‌وه بۆ ئه‌وه‌ی تا ڕاده‌یه‌ك فێری ئیش‌و کاری ئه‌و ده‌زگاو دایه‌رانه بن که تیایانا دائه‌مه‌زرێن ، وه ئه‌رکی ئه‌و ده‌وزانه‌ش له پێ‌ی بودجه‌ی ساڵی ١٩٧٦ ئه‌بێ •

وه ئه‌مانه به پێی بریاری ئه‌نجومه‌نی سه‌رکرداییه‌تی شۆڕش دائه‌مه‌زرێن که له روژی ٢٧ی مانگی ڕابوردوا بریاری له‌سه‌ر دراوه •

ئه‌ده‌ب

هاوکاری
نامه و خواستی خوێنه‌ران
لۆژنامه‌ی هاوکاری
سنوقی پۆسته
١٩٧٦

خوێنه‌ری به‌ڕێز :

هه‌ر نامه‌و نووسراوێك بگاته ئه‌م گوشه‌یه‌و ناو ناونیشانی ته‌واوی له‌گه‌ڵ نه‌بێ ، ببورن ، پشت‌گوی ئه‌خرێ •

● **بۆ خاوه‌نی (گوشه‌ی ته‌ندروستی) :**

کاکی برا نوسیوته ١٧٪ی خه‌ڵك توشی نه‌خۆشی سه‌رئیشه‌و پژمین‌و کۆخه بوون•• نه‌بوا ئه‌م سه‌رژماریه پزیشکێك بی کردایه هۆیه‌کانی چاره‌سه‌ر کردنیان بشێتی به‌ژانیاری پزیشکی نوێ ببه‌ستایه ••

● **بۆ خاوه‌نی (چه‌ندخۆزگه‌و بزیا) :**

برایه‌ك به‌م ناونیشانه ئه‌ڵێ: خۆزگه گیروگرفتی به‌یاسا هاتوچو کردنی هه‌ولیر چاره‌کرا، ئه‌و ده‌رمانه‌ی دکتور ئه‌ینوسێ له ده‌رمانخانه کاندا هه‌یایه ، شوفیره‌کان له‌سه‌ر خۆ بونایه ،

یەکیەتی قوتابیانی کوردستان ئامادەی ئەکات

هەواڵەکانی یەکیەتی

— ڕۆژی پێنج شەممەی ١-١-١٩٧٦ سەرۆک و ئەندامانی لێژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی مەڵبەندی لق لە « هەولێر » کۆبونەوە باسی باری ڕۆشنبیری و ئەرکی داهاتوویان کرد ٠

— ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٤-١-١٩٧٦ لێژنەی مەڵبەند کۆبونەوەی ئاسایی کردو گەلێ گیروگرفت باسکراو دەست نیشانی ئەرکی داهاتووش کرا ٠

— لێژنەی مەڵبەند (لە هەولێر) بەخشنامەیەکی بەناوی « ارجوحه القمر » بڵاوکردەوە ٠

— بەپێی ڕۆژی ٢٠-١٢-١٩٧٥ هەموو قوتابیان و لێژنەکانی یەکیەتی بەشداری ئەو ئامەنگەیان کرد کە لقی دهۆک بەبۆنەی یادی (٢٠)ی کانونی ١٩٦٢ سازی کرد ، لەم ڕۆژەدا کاتێ قوتابیان خۆپیشاندانێکی گەورەیان سازکردو کەرت و چینەکانی میللەت بەشداریان کرد ، لەم ئاهەنگەی لقی دهۆک وتاری یەکیتی خوێندرایەوە نوێنەری ڕێکخراوی حزبیش ئامادە ببوو، هەربەم بۆنەیەوە شیعرو وتار لە لایەن قوتابیانەوە پێشکەش کرا ، دواییش شانۆگەری و گۆرانی و هەڵپەڕکێ کرا ، وەهەر بەیادی دامەزراندنی سوپای عیراقی پارێزگای دهۆک ڕۆژێکی تریشی وەک ئەم ڕۆژی پیرۆزانە بەڕێکردەسەر لەبەیانی ڕۆژی (٦)ی کانوونی دووەمی ١٩٧٦ کاروانێیی سەربازی و جەماهیری بەناو شاردا بەڕێ کەوتن بۆیە یەکیتیش بەشداری یەکی جوامێرانەی لەم ڕۆژە پیرۆزە کردو چەند لافیتەیەکی بەرز کردەوەو بەشداری کاروانی جەماهیری کرد ٠

وە بەبۆنەی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری لە (٨)ی کانوونی دووەم ، گەلێ لەلێژنەکانی یەکیتی ئاهەنگیان سازکرد ٠

لەوانەش دواناوەندی کچان و قوتابخانەی مامۆستایان چەند ئاهەنگێکی قەشەنگیان گێڕا ، ئەم جمو جۆلانەی لقی دهۆک بە بەشداربوونیان لەم یادەمێژوویی یانەو تەخت کردنی کۆسپی پێشکەوتن و چالاکی-یەکانیان نیشانەی هەست پێکردنی پرسینەوەو دەوری مێژوویی سەرشانیان کە ئەمڕۆ نەک هەر لقێک بەڵکو هەموو لقەکانی یەکێتی بەناوانی پیرۆزی دەزانن ٠

بزوتنەوەی قوتابیان لە نیشتمانی عەرەبدا

— ٢ —

لە ژمارەی پێشودا وتمان هەندێ یەکێتی لەدایک بون و هەندێکی تریش پوکانەوە ، بەڵام ئاکاری ئەم یەکێتی یانە لەڕوی دروست بون و کەشە سەندنیان بە بساری دەوڵەتەکەیانەوە بەندبون وەک :

١ — هەندێ یەکێتی پێش ڕابەڕین و شۆڕشە جەماهیری-یەکان لەدایک بون وەک یەکێتی گشتی قوتابی یە موسوڵمانەکانی جەزایر ، کە لەگەڵ شۆڕشی جەزایردا لەدایک بو ، بەڵام دوایی ناویان نا « یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی جەزایر » وە « یەکێتی گشتی قوتابیان فەلەستین » کە لە سالی (١٩٥٩) دا لەگەڵ بارەسەندنی خەباتی چەکدارلە ئەی گەلی فەلەستین زیاتر بوژایەوەو کەوتە خۆ ٠ هەروەها لەدایک بونی « یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عراق » لە سالی (١٩٦١) وەک پێشرەوێکی بەجەرگی قوتابیانی عراق کەوتە جمو جۆلی ڕێکخستن و وریاکردنەوە قوتابیان شان-بەشانی هەمو ڕێکخراوە میللی-یەکانی تر بەسەرکردایەتی « حیزبی بەعس » ٠ وە لە « سۆدان »یش « کۆنگرەی قوتابیان » پەیدابو کە زوربەی قوتابی یە نیشتمان پەروەرەکانی زانکۆی « کۆردۆن »ی « خەرتوم » ی ئێستای لەگەڵ دابو ٠ بەڵام بەپێی باری سیاسی وڵات ئەم کۆمەڵە قوتابی یە بونە چەند تاقمێک هەریەکەی پشتگیری هێزێکی سیاسی دەکرد ، بۆیە چەند هەول درا لە کۆنگرەیەکی گشتیدا یەکیان خەنەوە بەڵام بێ سود بو ، چونکە هێزی چەپ گەڕو ڕاستگەر دەورێکی باڵایان دیتبوو لەمڵیکدابڕانەیان ٠٠ بەڵام هەرچۆنێک بو هێزی پێشکەوتوخواز پێش بڕگەی لە هێزی کۆنە پەرست کرتەوەو نەیهێشت یەکێتی یەک دابنێ خزمەتی لایەنی کۆنە پەرستان بکات ، یەکێتی گشتی قوتابیانی « کردفان » لە ڕۆژ ناوای « سۆدان » دامەزرا ، لێرە نەرەبە سۆشیالیست خوازەکان دەورێکی زۆریان بینی و ئاڵێستاش دەسەڵاتیان بەسەر ئەم یەکێتی یەدا ماوە ، لە دوای ڕاپەڕینەکەی قوتابیان لە کۆتایی ١٩٧٣دا ، لە سەرەتای ١٩٧٤ دا داخوازی قوتابیان هەر ئەوەبو ئەوانەی لە خوێندن دەرکراون بگەڕێنرێنەوەو بەندکراوەکانیش بەرەڵا بکرێن و بارێکی دیموکراسی وا بەرپا بکرێت تا هەڵبژاردنێکی ئاشکرا بکرێت ٠ بەڵام کاتێ قوتابیان خۆپیشاندانێکی فراوانیان بەرپا کرد میری بەهەمو هێزێکەوە بەری لێ گرتن و زانکۆی « خەرتوم »یشی داخست بەڵام قوتابی یە پێشکەوتو خوازەکان یەکیان گرتو بەناوی « بەرەی خەباتی قوتابیان » کەوتنە یەکخستنەوەی قوتابیانی سۆدان ٠

٢ — هەندێ یەکێتی تر دوای ڕوداوی سیاسی پەیدابون وەک « یەکێتی قوتابیانی کۆماری عەرەبی یەکگرتو » لە سەرەتای ساڵانی شەستەوە دواییش جموجوڵەکانی خۆی ڕاگرتو لە دوای (٥)ی حوزەیرانی ١٩٦٧ هاتەوە مەیدانی خەبات ، هەر لەو کاتەدا بو میسر گەلێ ڕاپەڕین و خۆپیشاندانی لێ پەیدابو ، لەوانەش قوتابیان کە دەیانویست سەرکردە سەربازی یەکان مەحکەمە بکرێن و گۆرانێکی بنەڕەتیش لەباری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری بەرپابێت و پشتگیری ڕاستەوخۆی خەباتی گەلی فەلەستین و هەمو مەسەلەیەکی خۆبەدەستەوە دانیش بەلادا بنین و نیازی « ڕۆجەرز » بیوکینرێنەوە ، بەڵام لەم خۆپیشاندانانە زۆر قوتابی گیران تا وای لێهات دیسان لە ١٩٧٣ دا خۆپیشاندانێکی تر بەرپابکرێت و داوای بەربونی قوتابی یە بەندکراوەکان بکەن ٠

جەلال ئەسعەد چەرمەگا

زانکۆی ئەمریکا لە لوبنان و

سەرنجێکی خۆمانە

عەبدولخالق صالح

بەهۆی سروشتی نەرریزیمەوە لە لوبناندابە هەر لە ساڵی ١٩٤٣ وە بیری ڕۆژئاوایی و شوێنکاری هێشتا لەسەر دامو دەزگا ڕوشنبیری و پەروەردەیی یەکانی ئەو وڵاتە ماوە ، پروگرامی خوێندنی قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندی-یەکان ، تاوەکو زانکۆی لوبنانیش هەر ڕەنسایی یە ٠٠ لە کاتێکدا ئەو پروگرامانە لەڕەنسا بە توێرەی پێداویستی-کانی شارستانێتی سەدەی بیستەم چەندەها گۆڕینی بەسەردا هاتوە ، بەڵام ئەو گۆڕانانە بەهیچ جۆرێک کاری نەکردۆتە سەر پەروەردەی لوبنانی ٠

لە لایەکی تریشەوە دەسەڵاتدارێتی لوبنان بەهیچ شێوەیەک ناتوانێ بەرێوەبردنی ئەم دامو دەزگا ڕوشنبیری و پەروەردەییانە کە خزمەتی ئیمپریالیزمو مەرامەکانیان ئەکەن بخاتە ئەستۆی خۆی وەکو زانکۆی ئەمەریکی و زانکوی قدس یوسف و کولیجی هالجزیان و ٠٠٠ ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەم زانکۆیانە هەست بە سەربەخۆییەکی تەواو یکەن و سەردانەوتن بۆ سیاسەتی لوبنان ٠

لە ڕوداوەکانی ساڵی ١٩٧٤ دا سەرۆکی زانکۆی ئەمەریکی وتی : زۆر لەوانە — واتا قوتابیانی زانکۆی ئەمەریکی — قەدریان لە هەندێ وەزیرانی ئەم وڵاتە زیاترەو تێگەیشتینیان هەیە ٠

لەپاش زیاد بونی چالاکی ئەمەریکا لەو ناوچەیەو بە تایبەتی لەپاش سەپاندنی دەسەڵاتی زایونیستەکان لە فەلەستین وەک مولکەیەکی ئیمپریالیزمی لەو ناوچەیەدا زیاتر بایەخی بە زانکوی ئەمەریکی لە لوبنان دا ٠

بوونی ئەوتێکی زۆر لەو ناوچانەو شوێنی جوگرافیایی و بازاڕی ئابوری فراوان هانی دا کە بە هەر شێوەیەک بێ شوێنی خۆی خۆش بکات ٠٠ ئینجا ئەم زانکۆیەشی خستە کارو بەستیەوە بە دەزگا جاسوسی-یەکانی خۆیەوەو کردنیە دوو مەلبەندی کاریگەر بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجە گلاوەکانی ٠

ڕاپەڕینەکانی قوتابیان کە لە دوای جەنگی حوزیرانی ١٩٦٧

بڕوانە ل —١١—

ئەم قوتابیە

فریاد بلال
ئامادەی کردووە

یەکێتی دوای ئەوەی لێژنەی لە هەموو شارەکانی ناوچەی کوردستان کردەوەو مەکتەبی سکرتاریەتیش کەوتەوە خۆی و خزمەت کردنی قوتابیان لێرەو لەوێ قوتابیان هانتە بەرەوەو لە لێژنەو بەشەکانی بەشداری یان کرد وەک لێژنەی ڕۆشنبیری و لێژنەی پیشەیی کە دەوری گرنگیان لە پلاو کردنەوەی هوشیاریدا هەبە ، دوای ئەمە یەکێتی تیپێکی مۆسیقاو چەند قوتابی یەکی وەک خۆشەویستی هەڵبژارد تا لە ئاهەنگەکانی یەکێتی جەو جۆڵ بنوێنن ، یەکێک لەو قوتابیانەی لە بەروح سووکی و گیانی خۆبوردنەوە لە لێژنەی پیشەیی بەشدار بوو کاک « بهرام جمیل » بوو ٠

« بهرام جمیل » لە ساڵی «١٩٤٢» لە گەڕەکی « تەیراوە » لە هەولێر لە دایک بووە ، خێزانەکەیان چونکە دەست کورت بون درەنگ ناردویانەتە قوتابخانە ، بەڵام لەبەر ئارەزووی خۆی و زیرەکی توانی قوناغەکانی خوێندنی بکەیەنێتە ئێستای کە لە پۆلی سێیەمی بەشی (بایلۆژی)یە لە کۆلیجی پەروەردە ٠ گۆرانیش بەلای ئەوەوە ڕاز دەربڕین و ئاراستە کردنە ، سەرەڕای ئەوەش کاک «بهرام» زیاتر وەک وێنەگێشێک ناسراوە

● **کاک « بهرام » لە کەیەوە حەز بەوێنە کێشان دەکەی ؟**

— دیاری کردنی مێژوو کات بەلای منەوە شتێکی ئاسان نی یە چونکە ئارەزوو ویستی کەسێک بە ناو هێنانی دەست نیشان ناکات ، بەڵام وەک سەرەتای کار کردن لە قوتابخانەی ئاوەندی دەستم پێ کردووەو لەگەڵ مامۆستاو قوتابیانی « مەرسەم » کارم کردووەو تابلۆم کێشاوەو لە جمو جۆڵەکانی قوتابخانە بەشدار بووم ، لە دوای ئەوەش جاروبار بەپێی باری کۆمەڵایەتی وەخت لە پیشانگا هونەریەکان لەگەڵ هەندێ برادەری تر بە چەند تابلۆیەک بەشدار بووم ٠

● **هونەر بەلای تۆوە**

— هەموو ڕاهێنان و کارێکی هونەری ئەدەبی بەری بیری مرۆڤەو ئەم مرۆڤەش یەکێکە لەو کۆمەڵەی لێ ی دەژی ، بەڵام ئەو هونەرمەندە چۆن کارەکان پیشان دەداتەوەو دەریان دەبڕێ ئەمەیان بەندە بەبیرو باوەڕو ئایدیۆلۆژی ئەو کەسە ٠ کەچی دەبێ ئەوە لەولایە دابنێین کە هونەریش وەک چەکی دەستی مرۆڤو هۆیەکی کاریگەر بەشداری کۆڕان و بەرەوپێشەوە چوونی کۆمەڵ دەکەن و دەشبێ بە هاندەر چونکە واقیعی ئەتەوە-یەک پیشان دەدات ، باری ئەو ئەتەوەیەش چۆن بێ هونەرمەندە دەیخاتەوە ڕوو بەڵام وەک وێنەیەکی فۆتۆگرافی نابەڵکو گیانی سەردەم وجوڵاوی دەخاتە بەر ٠

● **بێ ئەوە سەرگۆرانی و ئاوازی کوردی ٠٠**

ئەمڕۆ هونەرمەندە زیرەکە-کانی کوردستان لە ڕێی تیپە هونەری یەکان و هەوڵدانی تاکە-کەسی زۆر لەم ئاوازانەیان زیندوکردۆتەوەو زۆرتر لە بەندیخانەکانی فاشیزمدا تەمەنی بەسەربردو « ماریاکان » لە « کۆلۆمبیا » سەرکردایەتی خۆپیشاندانێکی گەورەی قوتابیانی کرد دژی نیمپریالیزمی ئەمریکا ٠

— نابای زبلازکی — سەرۆکی قوتابیانی ئەرەگوای لە حوزەیرانی ١٩٧٤ گیراوە

بڕوانە ل —٦—

ئاوێنێک لە کتێبخانەی قوتابخانەکان

کامەران

لە ژمارەی پیشوودا پرسیارێکمان بەجێ هێشت و وتمان تا ئێستا چی بۆ کتێبخانەکان کراوە ؟

ئەگەر بمانەوێ وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە ئاین هەوڵدانی تاکە کەسیش لە بیر بکەین ٠٠ چونکە مامۆستاو ڕۆشنبیری وا هەبون وەک مامۆستا زێومر جگە لەوەی هەوڵی داوە قوتابیان زیاتر فێر بن سرودو گورانیشی بۆ قوتابیان داناوە یان بابەتەکانی خوێندنی بۆ کردونەتە شیعر ، ئەمەیان بەجێی خۆی بەڵام تێکڕا چی کراوە ؟ هەر لەگەڵ کردنەوەی قوتابخانە وە ئەبێ کتێب و ئامێلکە وسەرچاوەی تر ئەبوبێت بەڵام بەپێی بارو سەردەمی خۆی کتێبەکان چی بون ٠٠ مەسەلەی بەروەردەچێن بوە ، مەسەلەی کتێبخانە ئەک هەر لە قوتابخانەی گوندەکان بگرە لە شارەکانیش ئەوەندە بڕەوی پێ نەدراوە ، ڕەنگە کەم جاریش بە بیری ئەمەی بەرێوەبەران دا هاتبێت ژورێکی بچکولەو چەند کورسیەک بۆ کتێبخانە تەرخان بکەن و لە جیاتی ئەوەی دەرسی وەرزش و نیگار بە قورۆقەپی بروات قوتابیان ببەنە ئەو قوتابخانەیەو هەریەکە کتێبێک سەیر بکاو بیخوێنێتەوە ، دیارە ئەو منداڵەی لە ئۆناغی سەرەتا-یەیدایە زیاتر حەز بە وێنەو بابەتی منداڵان و سرودی ئاسان دەکاتو ئەمەر لەو قۆناغە کتێبخانە بێت ڕەنگە گەورەش بر زیاتر حەز بە خوێندنەوە بکاتو پاشەڕۆژێکی ڕوناکی ئەبێ ، جگە لەوەی کە سەرباری دەرسەکانی خۆی زانیاریەکی فراوانی گشتی وەر ئەگرێ ، هەمو قوتابیەکیش حەز بە خوێندنەوەی سەرچاوەی بێجگە لە کتێبەکانی خۆی ئەکات ، چونکە ئەگەر بەرنامەی خوێندن چەند مامۆستایەک دایان نابێ و بابەتەکانیان هەڵبژاردبێ لێرە قوتابیەکە خۆی بەرهەم هەڵدەبژێرێ و بە ئارەزووی خۆی شتێک ئەخوێنێتەوە ، بەڵام ڕەنگە زۆر کەس بڵێن قوتابی بە تەواوی نای پەرژێتە سەر کتێبی قوتابخانەی ، جا چۆن دەتوانێ سەرچاوە بخوێنێتەوە ؟ ئەوانەی ئەم بیروراو لێکدانەوەیان هەیە لە ئاقی کردنەوەی ڕۆژانی خوێندن سەرکەوتو نین ، چونکە مامۆستایەک کە بابەتێک بە قوتابیەکانی ئەدات بیخوێننەوە دوایی تاقی یەکان بکاتەوە یان ئەوەی ئەیزانی پێی بڵێتەوە یان سزای بدات ئەوەحەلە قوتابیەکە هەر بۆ ئەوە ئەخوێنێ دلی مامۆستای ڕازی بکاتو خۆشی توشی سزادان ئەبێ ٠٠ بۆیە بۆ ماوەیەکی کورت هیچی لەبیر نامێنێو وەک ئەوەیە کە هیچی ئەخوێندبێتەوە ٠

ئێمە لیرەدا بە تەنیا باسی قۆناغی سەرەتایی ناکەین بگرە ناوەندیش دەگرێتەوە چونکە قوتابیان هێشتا وایان لێ ئەهاتوە خۆیان بە دوای سەر-چاوەدا بکەڕێن بەڵکو ئەبێ فێر بکرێن ، بۆ نمونە لە قوتابخانەی گوندێکدا ئەگەر کتێبخانەیەکی بچکولە هەبێو هەندێ باس و بابەتی جوتیارانەی تێدا بێو لە مرازو نیازی خەڵکی گوندی بکۆڵنەوەو کورە جوتیارێک یان هەر هەژارێک بە پەرۆشەوە دەیخوێنێتەوەو دوریش نیە ئەگەر بۆی بلوێ لە ماڵەوەش بۆ دایکو بابی بخوێنێتەوە ، لە قۆناغی ناوەندیش هەمان هەستی منداڵی دەمێنێو قوتابی تەنیا بیر لە لەبەرکردن و ڕازی کردنی مامۆستا دەکاتەوە چونکە پسپۆرێکی وا نەبوە دیراسە-یەکی نەفسی قوتابیان بکاتو ئەم پێویستی یانە بەر دەست بکات ٠

ئێمە هێشتا لە قۆناغی پێش شۆڕشی ١٧ی تەموز دەدوێین ٠٠ ڕەنگە زۆر کەس لە کەمان نەبن کە باسی کتێبخانە ئەکەین بۆ قۆناغی سەرەتایی بەڵام بۆ ناوەندی و زانکۆکان چی کراوە ؟

پێشان قوتابیان تەنیا خۆیان بە خوێندن خەریک دەکرد ، قوتابخانەش هەر فێری خوێندنەوەو نوسینی ئەکردن و بەرنامەی خوێندنیش ئەوەندەچێ سەرنجی لێ برسراوان نەبوە ، بۆیە ئەمڕۆکە بمانەوێ باسی قوتابیانی پێش شۆڕشی ١١ی تەموزو دوایی بکەین دەبێ ئاگاداری ئەو جیاوازی یە ئەوەیە بین کە لە دوای ١٧ی تەموزەوە پەیدا بوو ٠٠ دەزگای پەروەردەو هەمو دەزگایەکی تریش لەگەڵ گۆڕانی باری ناو خۆی وڵات دەگۆڕێ ، گۆڕانە-کەش لەگەڵ ڕێڕەوی دەسەڵات ئاشکرا ئەبێتەوە ، زۆر ناکە-ڕێنەوە دواوە بەڵکو لە ساڵەکانی شەست دا دەبینین سیاسەتی دارکاری کردنو دەمکوت کردنەوەی قوتابیان شتێکی ئاشکرا بوو ، ئەمەش بەو بیانووەی لێدان قوتابی دەهێنێتەوە ڕێی ڕاستو وا دەکات قوتابی زیاتر بخوێنێ و خۆ مانەو بکات بەڵام وەک لێکۆڵینەوەی زانستیانەی نەفسی و پەروەردەیی ئاشکرای کرد ئەم دارکاری کردنە بێ سودەو دەبێ شێوازێکی تر بدۆزرێتەوە ئاکو قوتابیان بە خوێندن ڕابین ئەوە بو دەزگا پەروەردەییەکانی دوای شورشی ١٧ی تەموزی ئەتەوەیی بیشکەوتنخواز بە جارێ لێدانی قەدەغە کردو بە شێوازێکی نوێی هاوچەرخانە مامۆستایانی بێگەیاند بۆ پەروەردەی منداڵان، بەو پێیەی منداڵانی ئەمڕۆ سەرکردەو مامۆستای دوارۆژن ٠٠ کتێبخانەی قوتابخانەکانیش یان هەر فێر کردن بە گشتی وەک ڕابوونی سیاسی دەست نیشانی کردوە هێشتا دورە لەو مرازەی حزب دەیەوێ ، لەگەڵ ئەوەشدا وە ئەبێ هەر هیچ نەکرابێ بەڵکو گەلێک دەست پێشخەری و کاری جوامێرانەش کراوە ، وەک پەروەردە کردنی منداڵان و خوێندن بە خۆڕایی و زیندو کردنەوەی سامانی نەتەوایەتی کە ئەمانە سەرەتای ڕاهێنانی قوتابیانە بە خوێندن تا وایان لێ دێ هەست بکەن قوتابخانە تەنیا جێگای ئەلف و بێ فێر کردن نیە بەڵکو ئەرکێکی نەتەوەیی گەورەشی لەسەر شانە بۆ پێگەیاندنی قوتابیان و تێگەیاند نیان لەباری میللەت خۆربەوە ٠ گەڕان بە دوای سەرچاوەش جۆری دەرس و ماموستاو هۆشی قوتابی خۆی دیاری دەکەن ٠٠ چونکە ئەگەر مامۆستایەک لە

بڕوانە ل —٦—

« کجان » و بزوتنەوەی قوتابیان لە ئەمەریکای لاتین دا

صدر الدین رجب

لە وڵاتانی جیهانی سێیەمو ئەو وڵاتانەش کە ئیمپریالیزم دەیانچەوسێنێتەوە دەوری ئافرەتان پەرەی سەندەوەو وەک هەر مرۆڤێکی تر کەوتونەتەخۆو بەرەنگاری هێزی ئیمپریالیزم بون ، ڕێکخستنی ئافرەتان لە ئەمریکای لاتینی بەتایبەتی لە زانکۆکانیدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ فراوانتر دەبێو داوای مافی ڕەوای خۆیان دەکەن ، بەڵام کۆمەڵگای سەرمایەداری چونکە کۆمەڵگایەکی ڕزیوو بێ باوەڕە هەر دەیەوێ کوڕو کچ لەقژ درێژ کردنو کەم هوشیاری بەولاوە هیچی تر فێر نەبن ، بۆیە دەسەڵاتداران چاکتر بڕەو بەڕوکەشی مرۆڤ دەدەن ، تاکو لاوان لە کۆڕی خەباتو خۆناسین دور بخەنەوە ، ئەم هەوڵو تەقەلایەش کە بۆ دورخستنەوەو قەدەغە کردنی هەڵسو کەوتی ڕەسەنیان دەدرێتو ڕێگەیان لێ دەگرن بچنە کۆلیجە بەسودەکان وەک « پزیشکی ، ئەندازیاری ، ئەکنەلۆژیا » جگە لەمەش دەبێ کچان پارەیەکی زۆر بدەن تا لێ بکەڕێن بخوێنن بۆ بەیداکردنی پارەش کچان ناچار ئەبن ڕوبکەنە کارو خۆماندوکردن ٠

وا وتمان قەیناکا کیژێک کە مێردی نەکردوە دەتوانی تا سنورێک بێتە مەیدانی وەدست هێنانی پارەوە بۆ کڕینی خوێندن بەڵام ئایا ژنێک کە مێردی هەبێو خاوەنی چەند منداڵ بێو لە باخچەی منداڵان بێ بەش بێو ڕێگای ناو « تمریض » یان ئەبێ ئەبێ چی بکات ؟ ئەمە بێجگە لەو باری چەوساندنەوەو کەمی کار-گوزاری یەی کە هەیە و ئەنگ و چەڵەمەکانی ئەمریکای لاتینیش بونەتە سەرباری ٠

ئەم هۆیانە هەمو تێکڕا کارێکیان کردوە ئافرەت وەک هەمو مرۆڤێکی ڕۆشنبیر هەست بکات و بەگیانی هوشیاری یەوە بێتە کۆڕی خەباتەوە ٠

ئەمڕۆ بزوتنەوەی قوتابیان لە ئەمریکای لاتین کەوتۆتە خۆی و کچانیش بۆ مافی ڕەوایان شان بەشانی هەمو چینەکانی تر قوربانی دەدەن ٠

لە ئەمریکای لاتین بزوتنەوەی کجانیش وەک هی کوڕان لە قوربانی دان بێ بەش نیە ئەوەبو کچە تێکۆشەری « شیلی » ئەریکارامیز » بە گوللەی بۆلیسەکانی « سانتیاگۆ » کوژراو « بابالی زابلازاکی » لە « ئەرەگوای » لە خۆپیشاندانەکەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٧٤ بەندکراو لەژیر قامچی خوین ژاندا مرد ، دیسانەوە « لوبیا لیبون » لە (٢٠) ساڵ بەرەو-ژورتر لە بەندیخانەکانی فاشیزمدا تەمەنی بەسەربردو « ماریاکان » لە « کۆلۆمبیا » سەرکردایەتی خۆپیشاندانێکی گەورەی قوتابیانی کرد دژی نیمپریالیزمی ئەمریکا ٠

Institut kurde de Paris

چەندسەرنجێك دەربارەی کتێبی

کیف تتعلم التدریب علی المحادثة باللغتین العربیة والکردیة

نووسینی :
رەئووفی ئەحمەد ئالانی

پێشەکی پیرۆزبایی لە کاك (صابر کرد عازەبانی) دەکەم لەرووی دانانی کتێبەکەیەوە.. هیوادارم لە ئەنجامدا سەرکەوتوو بێت .

لەبەرئەوەی ئەم کتێبە پەیوەندی بە زمانەوەیە لەرووی دەستوورو دەربڕینو رستەسازیو وەرگێرانەوە .. وەچەندان زاراوەی هەمەچەشنە خۆی تیدا قوت دەکاتەوە - هەنگای ووردو شارەزاییەکی هونەرمەندانەی کەرەکە لە مەیدانی زمانەوانیدا .

وەك سەرنجدایە کاك صابر زۆرپەلەی کردووەو بە پەرۆشەوە کتێبەکەی خستە بازارەوە ، جا وەك ووتمان لێرەدا مەسەلەکە زمانەو ئەویش میراتی نەتەوەکەیەتی ، کەواتە بەش بە حالی خۆم بۆم هەیە لەسەر بەشە میراتی خۆم بێمە زمان . بەمەش هەولو کۆششی کاك صابر ناچروسێتەوە .

- سەر بەرگەکەی :

رووی یەکەمی (کیف تتعلم التدریب علی المحادثة باللغتین ... »

ئەگەر بینووسیبایە کیف تتعلم ... یان کیف تتدرب ... الخ ، بەس بوو .

- **نووسیویە (طریقة ممتکرة لتعلیم اللغة الکردیة) کتێبەکە خۆی (ابتکار) نیەو لەم بابەتە کتێبانە زۆرنو بەهەمان شێوە ، وەك (چۆن فێری زمانی کوردی .. ئینگلیزی ... عەرەبی .. هیندی ... هتد) دەبێت .**

- **لەلایەکی تریشەوە مەبەست فێربوونەو فێرکردن نیە ، ئەبوایە بنووسرایە (لتعلم اللغة الکردیة) .**

- رووی دووەمی بەرگەکەی: (چۆن فێری زمانی عەرەبی دەبی) لێرەدا کتێبەکەی بە چوار لانە پیشاندا : ١- بۆ فێر کردن ٢ - بۆ فێر بوون ، ٣-بۆ فێرکردنی عەرەبی ، ٤-وە بۆ فیر بوونی کوردیش . دیارە ئەم فراوان کاریە بۆ ئەوەیە لە هەموولایەکەوە بقۆزرێتەوە ، هەرچەند فێربوونی هەرکامیان ئەوی تریش دەگەیەنێت بەلام شێوەی داڕشتنو جەدوەلکاری بەشێوەی سەرەکی لایەنێك ئەگەرێت .. رێك خستنەکەی کاك صابر (بە پێش خستنی عەرەبییەکە ئەم لایەنەیان بە پێز دەکات .

ئەلفو بێی کتێبەکە :

الکردیة العربیة

« ئا = آ » هذا الحرف في الکردیه یقابل الهمزه في العربیة ...

گوایە (ئا) یەکەم پیتی زمانی کوردیە ، بەلام نە هەمزەی عەرەبییەو نە ئەلفی کوردیە ، بەلکو بڕگەیەکی دەنگیە ، واتە « ء + بزوێنی (١) وەك - (ب)ی دەنگ + بزوێنی (١) = با ، جا ئەگەر (با ، تا ...) بە یەك پیت بدرێن قەڵەم ئەوا کارەکەی راستە ؟!

لە لاپەڕە نۆدا دیسان (ئا)ی داناوە بە حرفٌ علە = بزوێن ، جارێ حرف علەی عەرەبی بزوێنی کوردی ناگرێتەوە جگە لەوەیش بڕگەیەو بزوێن نیە .

« ڕ = ر » المشددة فی العربیة ئەوجۆرە گیریەی لە (ر)ی عەرەبیدایە لە کوردیدا کەبا نیە .

« ل = لام المشددة في العربیة » بەوانبەر هەموو لامێکی (مشدد) نیە وەك (بل) بەلام بەرانبەر لامی (مفخم)ە ، وەك لامی (الله) .

لاپەڕە (٩) علامة الجمع -یان- یضاف الی اسم ینتهی باحدی حروف العلة :

- ئا ، ۆ ، ی ، - جارێ ئەمانە بێجگە لە (ئا) بزوێنن ، وە نووسیویە :

« پەردە - پەردەیان » کورد وا ناڵێ بەلکو ئەڵێی :

پەردە - ٥ - پەرد + ان = پەردان ، وەك (پەنجەرە - پەنجەران .

العربیة	الکردیة
این	لە کوێ
اولئك	ئەوان
مع ، با	- راستی یەکەی (کوێ)یەو (لە) ئامرازی پەیوەندیە . - راناوی کوێیە بۆکەسی سێیەم = (هم) بۆ ئیشارە (ئەوانە) . - بەرانبەری « لەگەڵ »ە .

« الضمائر المتصلة راناوەکانی لکاوی » . راستی یەکەی(راناوە لکاوەکان) ە .

لاپەڕە (١٥) فعل الملك فی الترکیب (عند) - لێدانەوەیەکی عەڵەو ناسازە .
خۆی ناوەلکدارەو کەچی بە فعلی داناوە .
نوسیویە «سافر» محمد عندمغیب الشمس = محمد بەسەردان چوو لە کاتی رۆژ ئاوادا » - رۆژئاوا ، بەرانبەر بە (رۆژ هەڵات)ە (مغرب ، ومشرق) دەگرنەوە ، کەواتە (مغیب) رۆژ ئاوابوونە .

لاپەڕە (١٩) - شوق - ئارەزووی کرد » - ئەگەر (ماضی) بێ - شوق - نانووسرێ ، ئەگەر (مصدر)بێ - ئارەزووی کرد - ناووترێ ؟!

لە لاپەڕە -١٧- دەوە -٦-لاپەڕەی بۆ ئەم شێوە جەدوەلەتەرخان کردووە .

الماضی	الماضی	المضارع	الامر
صدق	راستی وت	راست دەڵی	راست بڵێ
کلف	رووی لێنا	رووڵێ دەنی	روو لێ بنێ
خلع ، نزع	لەبەری کردەوە	لەبەردەکاتەوە	لە بەربکەوە هتد .

لەوانەیە لێدانەوەی (خلع)هەڵەی چاپ بێت ، لەمبارەیەوە ماوەی درێژە پێدانم نیە ، جگەلەوەش لەزوربەی(فعل)ە کانا بە کوردی(راناو) قوت بۆتەوەو لە لایەکی ترەوە قووت دراوە ، یان لەزوربەی (فعل)ە داخوازی-یەکاندا پێشگری (ب) لابراوە ، لەرووی فێربوون و فێرکردنەوە- ئەگەر عەرەبی بێ ، بە(صیغە)ی ماضی یەکە (مضارع، امر)ی بۆدەبین نابێ . ئەگەر کوردیش بێت دیسان عەرەبەکەسەری لێ دەشێویت .

لاپەڕە -٢٣- « الفصل الرابع في المفردات - في الانسان وجمیع مایتصل به ..
درجات الحیاة : پاشان «علی القارىء ان یحفظها جیدا» .
بەپێی واتای سەرباسەکە هەموو جیهان، دەگرێتەوە لە نووکی پەنجەوە تاناخی دەریاو سروشتو دڵو مارو مێروورەنگو بۆو پیشەسازی ...هتد .

ئەم باسەیان تەنها (٢٦) بیست وشەش لاپەڕەی چوارستوونیە (١١٥٠) هەزار وسەدو پەنجا دانە ووشەی سەلتو قوت دەگرێتەخۆی !!

مەسەلەی لە بەرکەردنەکەشیان بەرەو رووی خۆی دەکەمەوە .
دیارە لەبەرگردنیان بەبێ تێچێنی هیچ دەمەتەقێ یەك رستەیەك کارێکی گرانە ، لەسەرانسەری جەدوەلەکانا نووسیویە : «العربی -الکردی» لێرەدا مەبەست - انسانی عرب و مرۆڤی کورد نیە ، بەڵکو :
(الکلمة العربیة والکلمة الکردیة) یەکەواتە راستی یەکەی« العربیة - الکردیة »یە .
ئەوا بۆ نموونەش چەندووشەو زاراوەیەك تاوتووەکەین :

ئەو واتەنی :

العربی	الکردی	بەپێی تاوتوو
العشیرة	خانەدان	هۆز ، تیرە
الرضیع	هاو شیرە	هاوشیر ، شیرە خۆر
المعارف	ناسیاوان	(جمع)ی (معرفة)یەو ، زانست زانیاریە لەوانەیە (معاریف) بێو (جمع)ی (معروف)بێ ئەوسا راستە .
الصغیر	بەچکە	مەرج نیە ، بچووکیش دەگرێتەوە
اللوزتان	مەڵاژوو	(ئالوو) راستە
العمودالفقری	کاریتەی پشت	(مووراغە) ، کاریتە = دەستەکی دارەڕایە
الذی	لیك	لیك چەسپاوە
مثی	ناو پیاو	(تۆماو) مەرجیش نیە هەر بۆ پیاوبێت . چونکە بۆ نێرینەی بێجگەی ئادەمیش دەبێت
القماش	بارە	ناوێکی فرەواتانە بۆ قوماش و بێجگەی ئەویش دەبێت *
الغداء	قاوەی	تورکیە
المهنة	هونا	هونەر (بۆ (فن) دانراوە
الساعاتی	سەعەتچی	سەعاتساز
الطباخ	ئاشپەز	چیشت لێنەر
الصانع	پیشەگەر	پیشە ساز
الصحفی	رۆژنامەچی	رۆژنامە گەر
مدرس	وانەبێژ	فێرکار ، یان مامۆستاکەی لەمەرخۆمان !
المسافر	کاروانچی گەشتکەر	کاروانی ، گەشتیار
القنبلة	نارنجك	« القنبلة الیدویة » نارنجۆك
الحکة	خوراندن	خورو ، چونکە سیفەی لازمە
مسکن	ئارامدەر	ئەگەر (اسم مکان) بێت بە ولێدانەوە هەڵەیە ؟
شیخ	مەلا	لەوانەیە ، یەك کەس هەردوکیان بێ، یان یەکێکیان بێ .
الهام،وحی	خوربی دڵ	(سرووش) بەکار هێنراوە
دنیا	گیتی	(دنیا) جیهان * (عالم) گێتی !!
حطب	پووش،داری سووتەمەنی	بۆ (پووش) لەجێی خۆیانی یە
المعلم	فێرکەر	(فێرکار) باشترە
المعلمة	ئاتووز	بۆچی ئەویش فێرکار ، یان مامۆستا نەبێت!!
المدرس	مامۆستا	لە لایەکی ترا نووسیبوی (وانە بێژ)

ئاژاوەی زمان لەم کارەساتانەوەسەر هەڵ ئەدات ، خواش بەرداری نیە بۆ یەك مەبەست ئەم هەمکەناوە ڕیزبکەین ، ئەو واتەنی : (مامۆستا ،فێرکەر ، وانە بێژ ئاتووز ...»

الدراسة ، القراءة	خوێندن	بۆ (قراءة) خوێندنەوە) چەسپاوە
الشعر	...هەڵبەستە	ئاتیستا (هەڵبەست) باوبوو !
املاء	نژوە	نازانم لەچی یەوە هاتووە ، ووشەی پەسند (رێنووس)ە *
مستخدم	حزمەتکوزار	کارگوزار ، بۆ هەمان مەبەست ، کوردانەترە
مستشفی المجانین	شێتخانە	هەڵەیە ، بۆ (دار المجانین) دەشێت .
معرض	تەماشاخانە	(بیشانگە) رۆیشتووەو هەڵەش نیە

مدیر الشرطة العامة : بەرێوەبەریەتی پۆلیسی گشتی .

ئەم دەستە رستەیە لەدووسەرەوە جێی سەرنجە .
أ - مدیر = بەرێوەبەر ، نەك بەریوە بەریەتی .
ب - (عامة)ش ئەگەر ناوەڵناوی (الشرطة) نەبێ دیسان هەڵەیە .
خۆ ئەگەر ناوابێ : (مدیریة الشرطة العامة) کورد ئەڵی :(بەریوەبەریەتی گشتی پۆلیس) .

العربی	الکردی	تێبینی
امة،الشعب	گەل	گەل - بۆ (شعب) ئەتەوە - بۆ (أمة)
التربیة	زانیاری ، پەروەردە	هەرگیز زانیاری بەباڵای (تربیة) نابرێ !
جوازالسفر	گوزەنامە	راستی یەکەی (گوزەرنامە)یە بەداخەوەلە (٤) لاوە هەربە (گوزە) نووسیویە .

(الحوار)

کاك صابر چەندلاپەڕەیەکی تەرخان کردوە بۆ گوفتوگۆودەمەتەقێ هەربەو شێوە کۆتایی بە کتێبەکەی دەهێنێت ، بە پێویستی نازانم بەرستەباری سرنجمی بۆ رووبکەمەوە سەرەنجام ئەم چەندخاڵانە دەخەمەروو ، پاشان بەلگە بەچەند نموونەیەك ئەهێنمەوە :

١ - لەزۆر شوێنا لەباتی رستەیەك ، لەمیانی گوفتوگۆدافرەیەکی خستووتەکار ، وەك ئەم نموونەیە : « وفي الطریق یلتقی بشرطی ، ویقول لەباحضرة الشرطی » .
سرقوا لی سیارتی،من فضلك این مخفر الشرطة ؟.
لەوەڵاما ئەڵێ : « ویقول لەالشرطی أقرب مرکزها ، هنااذا تکرمت الشارع الثانی الی الیسار من هذا الطریق » .

٢ - شێوازی دەقکاری بەسەر عەرەبییە کەش و کوردیەکەشا زاڵە بۆ عەرەبییەکەی وەك ئەودووفرەیە ئەمەیش نموونەی کوردی یەکەی :
« لەریگا بە پۆلیس دەگا ،وەیێی دەڵێ کاکەی پۆلیس ئوتۆمۆبێلە کەمیان لێ دزیوم بێ زەحمەت پاسکەی پۆلیس لە کوێ وەیە ؟ » .

٣ - کەمتابێژێ هەڵەی رێزمانی هەیە ، بۆ نموونەی عەرەبییەکەی :
« هەل لدیکم خبز من قطع الطویلة ویکون ناضجا جدا ؟ ئایانانی گەورەتان هەیە وەباش برژابێ ؟ »
دیارە (قطع) موصوفەونکرەیە ، (الطویلة)ش معرفەیەیان (العربی ، الکردی) بۆ کلمة .

٤ - املای - لەزمانی کوردیدا (ی) مراوی بێخالە ،بەلام لەعەرەبیدا کە بێخال بوو بە ئەلفی مقصورة دەخوێنرێتەوە ، لەم بارەیەوەزۆربەی (ی) بە بێ خال نووسراون وەك مشتری شرطی اسمی عربی کردی ... هتد

٥ - لە رووی داڕشتنەوە :

چاودێری ئەوەی نەکردووەکە بەدەگمەن ئەبێ فرمان(فعل) .
لە رستەی کوردیدادەکەوێتە دواوە ، بەلگەش چاوبێدا خشاندنێکی کتێبەکەیە با ئەم راستی یەش بخەینەروو ،لەکۆتایی کتێبەکە یاو لەژێرسەر باسی (الخطأ والصواب)دا چەند رستەیەکی هێناونەتەوەسەر قالبە کوردی یەکەیان ،وەك :

هەڵە	راست
راوەستام لەلای دەرگای قوتابخانە	لە لای دەرگای قوتابخانەکە راوەستام
ئازاد دەچێ بۆ فرن	ئازاد بۆ فرن دەچێت
سوپاست دەکەم کاکە من تێرم	کاکە من تێرم سوپاست دەکەم ... هتد

ئاشکرایە ئەم جۆرە هەڵانەبە هەڵەی چاپ دانانرێن .
لەکۆتاییشا هەر ئەوەنەدەفریا کەوتووە ، لەژێر ئەوسەرباسەدا بڕێکیان لێ بەسەر یکاتەوە !!

٦-بەکار هێنانی ئامرازەکان بەتایبەتی ئامرازی پەیوەندی کەمیان لەجێ خویانا بەکار هێنراون ، یان بەسترا ونەوەبەدەقی عەرەبییەکەوە ، وەك ئەم دوو نموونە یە .

أ - لاشکر علی الواجب = سوپاس نیە یە بۆ ئەرکی سەرشان
ب - الطقس یکون باردا جدا فیه = « کەش زۆر سارد دەبێت تێدا »

لەکۆتاییدا هیوام وایە هیچمان نەکەوینە پەرۆشوهەڵپە ، بەتایبەتی لەمەیدانی (زمانا) کە هەر ووشەیەکی بەردە گۆشەی ساختمانی نەتەوەکەیەتی هەر ووشەیەکی ناساز بکریت پەتایە کە بۆخۆیو هەتا هەتا یە تووشی دەردی بێ دەرمانمان دەکات .

مام تۆفیق

تەها بابان نوسیوێتی

لە ناوچەیەکی شاخاوی بڕ هەڵەدێرو کوچك و کەڵەکی وەك ئەو شوێنەی دێی(هاوار)(١)ی تیایە گومانی تیا نیە کە دانیشتوانی زۆرتر دوچاری شکانو لەجێچون نابن .. جا ئەگەر لە شوێنێکی ناوادا زیاتر وا بە ئاسانی بۆمان دەر ئەکەوێ کە بونی پیاوێکی وەك (مام توفیق) چەند کرنکە لە چارەنوسی خەڵکەکانیدا .. چونکە ناوبراو کەوا ئیستا دەربارەی ئەدوێنێ بەناوبانگترین شکست گرەوەی ئەو ناوچەیەیە ..

زۆر لێ هاتوبیو شارەزایی سەیری ئەو پیاوەیان بۆ گیرامەوە لە کارەکەیدا کە لە کۆتایی هاوینی ساڵی ١٩٧٣ دا رێم کەوتە دێکەیان .. ئەوە وای لێ کردم کە داوای بیینێ بکەم بە ئومیدی ئەوەی کە هەوێنی نووسینێکم پێ ببەخشێ وە وا دیار بو بەهەڵەدا ئەچوبم چونکە ئەم نوسینەی ئیستا ئەیخوێنیتەوە بەرهەمی ئەو چاو بڕکەوتنەیە.

●

مام توفیق پیرەمێردێکی کەتەی داروباز ئەستورە ، کە پیاو سەیری ئەکات داری پیری کلوری دێتە یادو گومان لەوەشدا نیە کە بە گەنجی توانایەکی بێ وزەی بووە ، هەروەها وەك هەمو هاو مەزەبەکانیشی سمێڵێکی بابری سپی هەیە و ئەوەندەش ناتوانا بوە کە بڕوات ئەبێ کاڵۆك بەدەستەوە بگرێ ، بەلام پیری هەرگیز لە وریاییو تێروانینی تیژی کەم نەکردۆتەوە .

- مام توفیق چۆن ئەم شارەزاییە چاکەت لە شکست کرتنەوەدا بەدەست هێناوە ؟

- یەکەم مامۆستام شکست کرەوەیەك بو - بەرەحمەت بێ - پیر بوبو وەك ئیستای من توانای ئیشکردنی نەمابو ، ئەو نیشانی ئەدام کە چۆن شکاویەکە ئەنرمەوەو منیش هەرچونی بوتبایە وام ئەکرتەوە .. بەلام چاکترین شارەزاییم کە بە دەست هێنا ئەو کاتە بوو کە ئینگلیزەکان دوریان خستینەوە بۆ ئەو دیو.

- لەبەر چی ؟

- چونکە بەشداری شورشەکانی شێخ مەحمودمان کردبو .. کە شکاین ئینگلیزەکان نیمە یان دا بە دەرەبەکێکی ئەو دیو کە ئەویش بەسوخرە رۆژ تا ئیوارە نیشی پێ ئەکردینو ئیتر من لەو ماوەیەدا شارەزاییەکی زۆرم بە دەست هێنا .

- بۆ ئەو نیشمە پ پەوەندی پ کرتنەوە وە هەبوە ؟

- یەکسەر نەخیر ! چونکە نیشمەکەمان بریتی بو لە ناشتنی ئەمامو خۆشکردنی زەویەك کە لە پێشدا کرێستان بو .. رۆژ ئەبو دەیان پەیکەری ئیسقان دەر ئەکەویت ، مێش لەکاتی پشوداندا ئەم هێنا سەرنجی ئیسقانەکانم ئەدا بۆ ئەوەی بزانم هەریەکەیان چۆنە، چۆن یەکیان گرتوە ؟ ئەگەر شکان یان لە جێ چوونچیان لێ دێ ؟ چۆن ئەخرانەوە جێی خۆیان ، بەوە شارەزاییەکی وام پەیدا کرد کە هەست بە جۆری شکاندن بکەم لە یەکەمین سەیرکردندا ، (لەوێدا مام توفیق بە پێکەنینەوە درێژەی بە قسەکانی داو) وتی : لە سالی ١٩٣٠ دا بانگیان کردم بۆ سلیمانی بۆ ئەوەی لە خەستەخانە شکستە بکرمەوە ، کە چومە ئەوێ یەکێك لە دکتۆرەکان وتی : مام توفیق لە دەمێکەوە ئەم پەنجەیەم - پەنجەکەی نیشان دام - لە جێ چووەو ناچێتەوە جێی خۆی منیش وتم ئاکوا ؟ کە دەستم گەیشتە پەنجەی یەکسەر رام تەکانو بردمەوە جێی خۆی دکتورەکە هاواری کردو دەستی کێشایەوە .... زۆر سەری سوڕما کە سەیری کرد چۆتەوە جێی خۆی ، ئەو زۆر بێ ترسی دەستی هێنایە پێشەوە چونکە وای ئەزانی من تێی ورد ئەبمەوە ئەیزانی من بە یەکەم سەیر کردنی پەنجەی لە هەمو شتێك گەیشتبووم !!

- گرنکترین شکاوی کە کرتبێتەوە چی بووە ؟

- زۆر شکاوی خرابم کرتۆتەوە ، بەلام ئەوەی دام هێناو پێشینانم نەیان کردبو کرتنەوەی بڕ بڕەی پشتە .. بڕبڕە پشت کرتنەوە کارێکی زۆر ترسناك و وردە ، بچوکترین تێك چوونی لەوانەیە ببێتە هۆی ئیفلیجی ، جارێکی کورێکی دێی خۆمان پشتی لە جێ چوو بو ، ماوەیەك لە خەستەخانە تیماریان کردبو ، کە هاتەوە بە حاڵو بە دارشەق ئەرۆیشت پێم وت : چۆنی ؟ وتی : لە خەستەخانە پێیان وتووم کە بە ئەواوی چاك بومەتەوەو ئیتر هیچی ترم ناوێت . پێم وت کە ئەگەر بە ئەواوی چاك ببوبایەتەوە وەك ئەوان ئەڵێن ! ئەبوا پێویستت بەم دارشەقانە نەبوایە ، ئادەی ئەختێك بەسەر دەمدا پال ناکەویت تا فەحسێکی بڕبڕە پشتت بکەم ؟ کە یەکە یەکە دەستم لە کەلوەکانی دا سەیرم کرد یەکێکیان دەرچووە .. دوای ئەوەی بۆم بردەوە جێی خۆی ئیتر پێویستی بە دارشەق نەما .

- تۆ فەرموت کە بانگیان کردیت بۆ خەستەخانەی سلیمانی بۆ شکستە کرتنەوە نایا زۆر لەوێ ماینەوە ؟

بروانە ل - ١١

- مام تۆفیق -

Institut Kurde de Paris

زنجیرە گوتارو لێکۆڵینەوە
لەسەر کردنەوەی هونەری کورد

سەعید یوسف

لە بیرە سنگ دەکاتەوە

پاییزی سالی ١٩٧٠ بوو ٠٠ رۆژم نایێتەوە بیر ، بەڵام بڕیار بوو لە سەعات (٥)ی ئەوپاش نیوەڕۆیە ، بەرنامەی - پەیامی هونەر - تۆمار بکەم ! ئەوە سەری دووەم جاریشە کە - ئەو - دێت بۆ عێراق و ئەمجار وا خەریکە بێت بە - میوان - ی بەرنامەکە کە هەرلەبەر ئەوە بە خۆیی و - تەنبوور - ە کەیەوە لە ستۆدیوێ تەلەفزیۆنی بەغدا ئامادە بووە ٠

- کمال رؤف محمد -

« کامێرەیێك کار ناکات ٠٠ بابەتەکانی بەرنامەکەش زۆرە ، سەعات شەش کەمتریش تەلەفزیۆنی بەغدا دەکەوێتە کار ٠٠٠ چار نییەو دەبێت تۆمار کردنی بەرنامەکە هەلبوەشێتەوە » ، ڕاستییەکەی ئەوە یەکەم جاریش نەبوو کە - ناهومێد - بم ، بەڵام ناهومێدییەکەی ئەمجارە ، زۆر ناخۆشە ٠

ڕاپەڕی بەرنامەکە - مخرج : سمیر الصائغ - کە نرخی کۆششمی ، هەروەها هونەری دەزانیی ، گوتی :

- خۆت تێك مەدە ٠ کارێکی وا دەکەم ، جارێ بەچودا گۆرانییێکی میوانەکەت تۆمار بکەین و ڕۆژێکی تریش - ئەو گۆرانییە - تێهەلکێشی بەرنامەیێکی نوێت بکە !

بەیەلەپەل دیکۆرێ بۆ باری گۆرانییەکەی میوانەکە ئامادە کرا ، بێ دەنگیی ستۆدیۆی گرتەوەو - میوانەکە - لەبەر چاوی کامێرا دەستی کرد بە هەڵڕشتنی سۆزی ئاوازی تەنبوورە کەیی و دووایش گۆرانییێکی گوت بەناوی « لێ لێ ڕەوشەنێ » ٠

لەگەڵ تەوابوونی ئەو ئاهەنگە تەنهایەدا ، - ڕاپەڕی - بەرنامەکە قسەی لەگەڵ ڕووری - فێدیۆ تیپ - دا کرد :

- چۆنە ؟

گوتیان :

- مامناوەندییە ، ئەوە هەیە لە حولێکدا کارەبا کوژایەوەو بە وێنەکەیشەوە دیارە ٠

ڕاپەڕی بەرنامەکە لێی پرسیم :

- دەلێیت چی ؟

گوتم :

- تۆ دەزانیت !

گوتی :

- هەرباشە !

قسەیی لەگەڵ فێدیۆ تیپدا کردەوەو گوتی :

- لەسە ڕابۆرتی - شریتەکە - بنووسن « تەنها لە بەرنامەی پەیامی هونەردا بڵاو دەکرێتەوە ! »

لە دووایشدا ڕابۆرتەکەیان هێناو هەمان ڕاپەڕ ئیمزای کرد ٠ بەڵام بۆچی ئەو ئاماژەییەی لەسەر ئەو ڕابۆرتە نووسیی ؟ ڕاستییەکەی هەر - هەمان شریت - چەند بابەتێکی تری بە کوردیی لەسەر بوو ، دەبوو شریتەکەش بناردایە بۆ تەلەفزیۆنی کەرکووك و ئەوجا بهاتایەوە ٠٠ میوانەکە ڕۆییشتەوە ، چەند ڕۆژ پاش ئەو ، تەنانەت بەراسپاردەش - شریتەکە - هەرگیز نەهاتەوە ٠ لەو دەمەشەوە هەتا ئێستا تەلەفزیۆنی کەرکووك - بەشی بەرنامەیی کوردیی - ئەو گۆرانیەو پارچە مۆسیقاکەی ئەو - میوانە - بەناوی « سەعید یوسفەوە » بڵاو دەکاتەوە « هەزار بار شوکر » بەڵام سەعید یوسف کێیە ؟

دووا بە دووای ١١ی ئازاری ١٩٧٠ ، ئەو بەدڵێکی خوشەوە خۆیی و تەنبوورە بەسۆزەکەی هات بۆ بەغداو لەئوتێل - خیام - دا بۆ یەکەم جار یەکترمان ناسیی ٠ هەتا ئەو ساتەش من ، چە جا گوێگرەکانی ڕادیۆی کوردی بەغدا بە - ٢ - گۆرانیی ناسیبووماں کە لە دەمەو ئاوابوونی سالی ١٩٦٧ ، لەسەر « قەوان » ئەو دوو گۆرانییەی بۆ - ڕادیۆ - نارد ٠ گۆرانیی یەکەم :

لێ لێ ڕەوشەنێ ٠ گۆرانیی دووەم : وەرە وەرە ! لەسەر قەرەوێلەیەکی زوورێکی ئوتێلی ئاو بڕاو دا دانیشتبوو ، هەرچەندە بە - کرمانجی - ی قسەی لەگەڵ دەکردم ، بەڵام ئەواو لە یەکتریی دەگەییشتین و سەبارەت بناوانی خۆی ئەم چیرۆکەی دا بە دەستەوە :

باوکم هونەرمەندێکی میللیی بوو ، وەکو خۆم لەپاش ملە کۆڵیمەوە ، باوکی زوڕنا ژەن بووە ، هەمیشە دەیویست کە منی - سەعید - چاو ببڕمە خوێندن و لەسەر ئەو ڕێگایە ژیانێکی خۆش و بە ئارام دەستگیر بێ ٠ خستمیە قوتابخانەو هەتا پۆلی چوارەمی سەرەتایی خۆم پێ دابیین کرا ٠ بەڵام لەو تەمەنەدا ، هەر ڕۆژێکی ڕێکەوت بوو بە بایسی گۆڕینی ڕەوتی ژیانم ٠ ڕۆژێ لە قوتابخانە دەگەڕامەوە بۆ ماڵو لە پڕ دەنگی - سازێ - لە ماڵە دراوسێکەوە هاتە گوێمەوە ٠ خۆم کرد بە ماڵەکەدا کە پیاوەکەیان - شۆفێر - بوو ، تەماشام کرد لەسەر ژێیەکانی ئەو سازە

بەلەپێتکەی یاریی دەکات ٠ پرسییم : ئەمەچی پێ دەلێن ؟ گوتیان ٠٠ تەنبوور ٠

ئاوازەکانی ئەو سازە خرۆشاندمی ٠ کە چوومەوە ماڵی خۆمان وڕکم لە باوکو دایکم گرتو دەگریام « تەنبوورەم بۆ بکڕن ٠ باوکم تووڕە بوو ، دەیگوت لە قوتابخانە دەتەکیینتەوە ، بەڵام نازانم دایکم لەبەر سۆزی دایکیتی بوو کە تاقە کوڕی بووم ، یا لەبەر چی بوو کە زۆری لە باوکم کردو هەرچۆنێ بوو - تەنبوور - یان بۆ کڕیم ٠

لە کاك سەعیدم پرسیی :

- ئەی کێ فێری کردیت؟

گوتی :

- کەس ٠ بەڵام خۆم ئەواو خووم دابووە بەکار هێنانی و دەچووشم تەماشای دەستو بەنجەیی - تەنبوور دارەکانم - دەکرد ٠ لای ئێمە کەم خێزان هەیە تەمبوور شك نەبەن ، ئێستاش هەروایە !

پرسییم :

- ئەی قوتابخانەکەت چی لێ بەسەرهات ؟

لەپاش بێدەنگیێکی کورت وەڵامی دامەوە گوتی :

- باوکم راستی کرد ٠ نەمتوانیی قوتابخانەی - متوسطە - ش تەواو بکەم ! راستت دەوێ زوو دەستم لە خوێندن بەردا ٠ ئەوە هەیە هەتا - لەوێ - بووم هەر ئاهەنگی بکێڕدرایە بەتایبەتیی هی قوتابخانەکان ، بانگ دەکرام و گۆرانیم دەگوت و تەنبوورم لێ دەدا !

گوتم :

- ئەی چۆن بوویت بەم گۆڕینەدەیی ئێستا ؟

گوتی :

- لە سالی ١٩٦٧ دا رووم کردە « لوبنان » ٠ لەوێ بە بەستەی « جیپان » کە هۆنراوو ئاوازی خۆمە ، دووا بە دووای ئەوە ، بەستەی « وەرە وەرە » ئینجا « لێ لێ ڕەوشەنێ » تەواو بەخەلکییان ناسییم ٠

پرسییم :

- باشە بەو کەم خوێندەوارییەی خۆتەوە ، چۆن هۆنراوو ئاواز دا دەنێیت ؟

گوتی :

- هۆنراوو ئاوازی گۆرانیی من ، بۆ ئەوەی بزانییت ، ئەوە نیین فەلسەفەی تێدابێ ٠ خۆی وشەی بەسۆزو کورت و دل ڕفێنە !

گوتم :

- فۆلکلۆرییە ؟

خێرا بە وردیی وەڵامی دامەوە :

- بەتەواوەتیی فۆلکلۆر ناگرێتەوە ، بەڵام ڕستەی ڕەوانەو هەموو کەسێ بەدەمیدا دێت ٠ لەمەڕچیش ؟ ئەفینو دڵداریی !

پرسییم :

- ئەی ئاوازەکانت ؟

گوتی :

- ئا ، بۆ ئاوازەکان ؟ تۆ ئەگەر گوێ لەو چەند گۆرانییەشم بگریت ، هەست دەکەیت کە بەیوەندییێکی توندی بەگیانی ئاوازی فۆلکلۆرییەوە هەیە ! لای من ، گۆرانیی کوردیی ئێستا ، دەبێت بۆ ژیانی ئەمڕۆ دەست بدات ، بەڵام لەهەرەنگو بۆی ڕابوردوویشی پێبەر نەبێت ٠

گوتم :

- لە لوبنانداهەو لە لای کوردی ئەوی ئاسراویت ؟

گوتی :

لەلوبنان لەسەر ڕادۆیی ئەوێ گۆرانییم بە عەرەبیی گوتووە و لە فابریقەی قەوانی « النرعنی » هەروەها « موریکۆ » هەتا ئێستا - ١٦ - گۆرانییم بە کوردیی و عەرەبیی تۆمار کردووە ٠ وەکو تەمبوور ژەنێکیش لە زۆر ئاهەنگی گەورەدا تەنانەت لە ئاهەنگی گۆڕینەدە ئاسراوەکانی عەرەبدا بەشدار بووم ٠

پرسییم :

- ئۆتە دەخوێندیتەوە !

گوتی :

- بەلێ « خۆم لە کاك عیسا بەروارەو کاك محەممەد عارف جەزراویم بیستووە ، کە - سەعید - لە تەنبوور لێداندا بەسەلیقەیەو زیرەکە » ٠ بەڵام هەر بۆ ناسیینی بەهرەی ئەو - گۆڕە لاوە - هەر لەو دانیشتنەدا وام کرد چەند ئاوازێکم بۆ بکێڕێتەوە ٠

پێش ئەوەی ئەو دانیشتنەی لەگەڵ بڕێنمەوە ، لێم پرسیی :

- زۆر چشتم لەمەڕ تۆ زانی ، بەڵام ئەوە نازانم کەی هاتووتە دنیا ، لەکوێ ، ڕەبەنێت ، چۆن دەژیت ، لەکوێ ؟ خێرا بەدەم بێکەنینەوە گوتی :

- لە ڕۆژی ١٠ نیسان ١٩٤٧ دا هاتوومەتە دنیاوە ٠

ژنم هەیەو کوڕێکی ساواش ٠ ژیانیشم لەسەر گۆرانییو ئاهەنگ گێڕانە ، بەزۆرییش لە بەیروتدا ٠

لاپەڕە - ١٠ -

- هونەرمەندان لەدەرەوەی سنور -

ڤیتۆریو دیسیکا

فاضل عبدالله قصاب

ئەگەر خەلکیی « فیتۆریو دیسیکا » وەك سینەما سازێك ناسین ، بەلایەنی کەمەوە دزانن کە ساڵانی پەنجاو ساڵانی شەست لە چەند ڕاریکی ڕەنگاو ڕەنگی وەك : سەوان ، بێکارەو زۆری تر دا شوێنی (دۆن جوان)ی تێبووەوە ٠ زۆر کەسی هێنایە بکەنین و زۆرەهاشی کردە گریان ، بەڵام دیسیکا لەوە زیاتر چاکەی بەسەر خەلکیی و دنیای سینەماوە هەیە ، چونکە بەیەکێك لە بەشدارە مەزنەکانی سینەمای (ریالیزمی نوێ) و بەرە پێدانی دەژمێردرێت ، بۆیە ئەنها وەك ئەکتەرێك ، بەلکو وەك فیلم سازێکی سەرکەوتوو شوێنی پێی خۆی کردۆتەوە ٠

دیسیکا ، حەوتی حوزەیرانی ١٩٠١ لە (سورا) ی نزیك (فرۆزنونێ) ی ئیتالیا هاتۆتە دنیاوە ٠ یەکەم جاری دەرکەوتنی لەسەر پەردەی سینەما ساڵی ١٩١٨ بوو لەفلیمی (دادپەروەری کلیمانسۆ) دا ، لەو فلیمە دا دیسیکای شۆخ لەگەڵ (فرانچسکا برتینی) دەرکەوت ، کە یەکێك بوو لە گەورە ئەکتەرە ناودارەکانی سینەمای ئیتالیا ٠ بەڵام دەست پێ کردنی ڕاستەقینەی دیسیکاو هونەرە ناو دنیای هونەری یەوە ساڵی ١٩٢٣ بوو ، واتە ئەو - کاتەی بووە ئەندامی تیپی شانۆی (تاتیانا پافلوفا) ٠ لەوساو پێش ئەوەی سەرکەوتنی سینەمابێت ، لەچەند تابلۆیەکی شانۆیی قەشەنگدا بەهرەی خۆی پیشانی خەلکیی داو لە میانی ساڵی ١٩٢٧ - ١٩٢٨ دا بۆ یەکجاری توانای خۆی سەلماند ، بەوەی لەچەند شانۆگەریەکی (پیراندیللو) دا بەشداری کردو بووە هۆی سەرکەوتنی سەراپای ئاهەنگەکانی ٠ دوا بەدوای ئەوە تیپێکی سەربەخۆی پێك هێنا ، (سرجۆتۆفانۆ) بەشداری تیادا دەکرد لەگەڵ خاتو (جودیتا ڕیسۆنە) کە ساڵی ١٩٣٧ دوای چەند ساڵ هاوڕێیەتیو خۆشەویستی کردیە هاوسەری

هونەرمەند ڤیتۆریو دیسیکا

خۆی ٠

ئەو تیپە تا سەرەتای جەنگی دووەم بەردەوام لەکاردا بوو ، ڕەواجی بەرهەمەکانیو سەرکەوتنیان هێندەی تر دیسیکای بەتایبەتی بەهۆی ئەوبە ڕەهمانەوە بەجەماهیر ناشناکرد ، بەتایبەتی بەهۆی ئەو بەرهەمانەوە کە دیسیکا وەك گۆرانی بێژێك تیایاندا ٠ دەردەکەوت ٠ لەم ڕێکەیەوە توانی زووتر خۆی بکەیەنێتە پەردەی سینەماو پێداویستەکانی ئەکتەرێك پیشان بدات کەلای خەلکیی دلگیرو خۆشەویست بێت ٠

دیسیکا لەناو پیاوانی سینەمادا وەك ئەکتەرێکی کۆمیدی مۆدرن دەناسراو کاتێ بووە هاوڕێ (کلارمێرینی) دەرهێنەر ، بەرەبەرە وای لێهات نازناوی (رینیە کێلەر) ی ئیتالیای بەسەردا ببڕن ٠ ئەو دڕانە تا جەنگی دووەم بێکەوە کاریان دەکردو لەتاوەندی ساڵی ١٩٣٩ دا فلیمی (موغازە - ئەورەکان) یان بەرهەم هێنا ٠

ساڵی داهاتوو ، واتە لەکاتی جەنگ دا ، دیسیکا یەکەمین فلیمی خۆی بەناوی (ڕەزی ئەرخەوانی) پێشکەش کرد ، سیناریۆی ئەو فلیمەی لە شانۆگەریەکی (ئیلوار)ە وەرگرتبوو ، خۆیشی دەوری سەرەکی فلیمەکەی دەنواند ٠ هەمان ساڵ فلیمێکی نوێی بەناری (دیلنای ڕەوشت سەر) بەرهەم هێنا ٠ ساڵی ١٩٤١ پێش لە کۆمپانیای (ئانا مانیانی) فلیمێکی تری دەرکرد ٠

ئەو شتەی دیسیکای دەبزواندو هێزی دەخستە بەر ، ئەو فلیمانە بوون کە ڕاستەوخۆ دەبوونە جێی ڕەزامەندی بینەرەکانیو هێندەی تر بروایان دەدایە چاوەڕوانی سەرکەوتنی نوێ بێت ، لەبەر ئەوە هەر لە سەرەتاوە دەیزانی ئاینەدەی چۆن دەبێ و ڕۆژگار تاکوێ لەگەڵ ئەودایەو بڕ دەکا ٠

ڕۆژ بەڕۆژ دیسیکای هونەرمەند ، بەپێی تاقی کردنەوەکانی ، شارەزاو لێهاتوو تر ڕوو بە ڕووی سینەماو خەلکیی دەبووەوە ٠ دوای ماوەیەك سەرنجێکی فلیمەکانی داو شێوەو ناوەڕۆکیانی هەلسەنگاند ، ئینجا ساڵی ١٩٤٣ هات و فلیمی (منداڵان سەیرمان دەکەن) ی دەرکرد ٠ ساڵی ١٩٤٤ فلیمی (دەروازەی ئاسمان)ی هێنانە بەرهەم ، کە سەرەتای پتەوبوون و خۆگرتنی شێوەو ناوەڕۆکی هونەرەکەی دیسیکایە ٠ ئەم فلیمە کە بە سەرهاتی چەند میوانێك پیشان دەدات دەچنە سەردانی (مادونا دی اوریتو) ، بۆ خەلاتی سینەمای کاسۆلیك هەلبژێردراو لەکاری هەمان فلیمدا هاوکاری ئێوان دیسیکاو (زاواینینی) دەستی پێ کرد ، تا ڕادەیەك بە ناشکرا کارتێ کردنی ئەو نووسەرەی پێوە دەبینرا ٠

تالەو کاناتەدا فاشیزمەکانی ئیتالیا ڕوخان ، شەماڵێکی فێنك دڵو دەروونی سەرابای ئەو وڵاتەی حەواندەوەو دیسیکاش لەبەر خاتری سینەماکەی بەیەکجاری وازی لە تیپەشانۆییەکەی هێنا ٠ دەبوایە وێڵو عەودالی سینەما - یەك بێت هەموو ژانو ئەشکەنجەی بیست ساڵ لەوەو بەری ئیتالیا لەبیر بەرێتەوە ، بەتایبەتی مەینەتیو کارەساتی پێنج ساڵی جەنگی دووەم ، کە قەوارەیەکی فراوان برسێتیو وێرانیو دواکەوتنی جێهێشتبوو ٠

سینەمازانی ئیتالیا ، کە دەیان ویست سینەمایەك بنیات بنێن زامەکانیان سارێژبکات ، تەنیا ئەوەیان بەس بوو بکەونە ناو کۆڵانو شەقامەکانەوەو نیگای دەورو بەریان بکەن ٠ شوێنەوارو کەلاوەی دانیشکاکان ئەوپەڕی ڕوو ڕەشیو سەرکزی فاشیزمو نازیزمەکانی دەگەیاند ٠

دیسیکا ، بەشی خۆی ، بە فلیمی (شۆستە) پەردەی لەڕووی ناهەمواری جەنگ لا دا ، ئەو فلیمەی ساڵی ١٩٤٦ دەرکردو تیایدا کارەساتی ئەو منداڵانەی دەرخست کە ئاگری جەنگ هەتیوو کەساسی کردن ٠

ساڵی ١٩٤٨ (پاسکیل دز)ی دەرکرد ، ئەو فلیمەش ناڵەباری و ژیانی تاڵو پڕ ئەشکەنجەی ئەنجامی بێ کارەیی لە ئیتالیادا پیشان دەدات ٠

ئەو دووفلیمە کە دیسیکا بە هاوکاری زاواینینی هێناباوونیە بەرهەم ، بێ شك دوو بەڵگەی بڕ کەواهو ڕاستی بوون سەبارەت داواکاری ئیتالیایی یەکان بەرامبەر ژیانی ڕۆژانەیان ٠ ئەو دوو فلیمە دوان لەجاکترینی کۆمەڵە فلیمێك بوون کە توانیان لە سەردەمی زێڕینی سینەمای ئیتالیادا شوێنی خۆیان بکەنەوە ٠

ئەو فلیمانە لەڕووی فۆرمەوە زۆر سادەو ساکار بوون ، بەڵام شتێکی زۆریان دەبەخشی یە خەلکیی ٠ دیسیکا دەیویست

بروانە ل ١١

- دیسیکاو سۆفیا لۆرین -
لە فلیمی «نانو خۆشەویستی و ٠٠ »دا

پێناسین بە مۆسیقازان :

چایکۆفسکی

کەس لەوبڕوایەدا نەبوو - بیتەر چایکۆفسکی - شەرمنو گۆشەگیر ڕۆژێ لەڕۆژان بێ بە مۆسیقازانێکی وا مەزنو ناوبانگی سەرانسەری دنیا بگرێتەوە بەتایبەتی دوای ئەوەی کەسوکاری بریاریاندا کە ئەویش وەك باوکی بێ بە کاربەدەستێك لە ئەمیراتۆریەتی قەیسەریدا بۆیە کۆلیجی یاساناسی لەدانیشگای (سانت پیتروسبورگ) تەواو کردو ماوەی سێ ساڵان لەوەزارەتی دادپەروەری دەست بەکاربوو ٠

بەڵام چایکۆفسکی هەستی دەکرد دەستێکی نهێنی پیرۆز پەلی بۆ جیهانێکی تر ڕادەکێشی کەزۆر جیاوازە لەو دنیایەی باوکیو خزمەکانی سنوریان بۆ کێشابوو ! بۆیە لەکاتی بێ ئیشیدا خۆی بەفێربوونی مۆسیقاوە خەریك دەکرد ، لەتەك ئیشی میریدا لە نامۆژگای مۆسیقای - سانت پتروسبورگ - دا خویندنی درێژە پێدا دوای ئەوە چوو بۆ مۆسکۆو کرا بە مامۆستا لە نامۆژگای مۆسیقای مۆسکۆداو بوو بە ڕەخنەگرێکی بەتوانا لەم هونەرە ناسکەدا ، هەر لەو ڕۆژگارانەدا بوو دەستی کرد بە نوسینی سیمفۆنیەو ئاوازی گۆرانیو مۆسیقای جوانو ئاوداری (ڕۆمێو جولیتی) نوسی :

لەساڵی ١٨٧٧ دا بەهۆی نامرادیو نەگەیشتن بە خۆشەویستەکەی تووشی نەخۆشی مێشك هاتوە بۆیە بەرەو سویسرا چوە بۆ فەرامۆشیو دڵنەوازی لەگەڵ ئەوەشدا وازی لەدانانی مۆسیقا نەهێناوە ، دوای ئەوەی کە باش بوەو هاتۆتەوە سەرخۆ کەوتە بەرهەمی نایابی بەدەستەوە داوە ٠

دەڵێن بێوەزنێکی دەولەمەند کەناوی (فون میك) بوە زۆر یارمەتی داوەو دەستی ترتوە بۆ ئەوەی بەتەواوی خوو بدانە دانانیمۆسیقاو دەست بەرداری کاری میری بێ ، بەڕاستی هاندانی ئەم ئافرەتە لێوەشاوەیە دەورێکی باشی گێڕاوە لەژیانی هونەری چایکۆفسکی دا دەڵێن هۆی ئەم هەموو یارمەتیو ڕێزلێنانەش تەنها ئەوە بووە کە ئەم بێوەژنە زۆر خۆشی بە مۆسیقاکانی بیتەر هاتوە !!

چایکۆفسکی ساڵی ١٨٤٠ لە « فوتکنسك » لەوڵاتی ڕوسیا لەدایك بوە زۆر هێمنو کەم دوو وکزشەگیر بووەو حەزی بەتەنهایی کردوەو ئەم ڕەوشتانەی بە تەواوی لەمۆسیقاکانی دا ڕەنگیان داوەتەوەو زۆری منداڵ خۆشویستوەو خەلاتی باشی گرتوە ئەویش چەند پارچە مۆسیقایەکە سرووشەکانی لەهەڵبژ هەلبەزو تریقانەوەی منداڵانی خزمو هاوسێکانی وەرگرتووە ٠

چایکۆفسکی بەپێشڕەوەی مۆسیقارەکانی ڕوسیا دەناسرێو کەلێ ئاوازی لەسەماو باڵێو کۆتشەرتۆی داناوە بێجگە لەشەش سیمفۆنیە کە شیانی دواییان لەکەل باڵێی - بحیرة البجع - (کۆمی قورنیگان) لەسەرانسەری دنیادا ناسراون ٠ **- نازاد دلزار -**

Institut Kurde de Paris

مام تۆفیق - پاشماوە ٠٠ -

- نەخێر هەرچەندە پێیان
تم کە مانگی سی دینارت
ەدەینێ کە ئەو کاتە ئەو پارەیە
سامانێك بوو کاتێ ی پێ
ەکرا ، بەڵام قبوڵم نەکرد
بونکە ناوچەکەی خۆمان زۆر
پێویستی بەمن هەبو لەبەر
وە گەڕامەوە بۆ ئێرە ٠

- باشە ئەی لێرە ئەو کاتە
انگی چەقەت دەست
ەکەوت ؟

- دەسکەوت ؟ (بە
ئیکەنینێکەوە ئەوەی وت) من
ەتا ئیستا هەرچی شکستە-
ەکم گرتبێتەوە هەمویم لە
ئی خوادا کردوەو تا ئیستا
لستیکم وەر نەگرتوە !

سەیر نیە خەلقینە یەکێك
ەبێت لەم وڵاتەی ئێمەدا واز
ە دەسکەوت بێنێو بۆ ئەوەی
ە خۆڕایی لەژێی خواو
ڕۆڤدا یارمەتی هاو وڵاتیەکانی
دات لە تەنگانەدا ٠٠٠ ئایا
یاونکی وا بەر لەوەی مال
اوایمان لێ بکات ئەوە ناهێنێ
لە ئەم چەند دێڕەی لەسەر
ووسرێت بۆ ئەوەی سوپاس و
ستایش و ڕێزمانی بێ بکەیەنێت

ئەهریمەنی شەڕ (پاشماوە ٠٠)

بسە پێنێت بەسەرگەلانا ٠

سەمەرەنیە پاش رزگاربونی
ەم هەموولاتانەی سەرزەوی
لە کانگاکانی ئەم وڵاتانە
ەنالتونی رەش و زەردو هەمە
جۆرەیەوە ، خوێنی شادەماری
سیستەمی سەرمایەداری بون ،
ەلەئەنجامی کەم خوێنیا
ڕێژیمی سەرمایەداری توشی
ەندەها نەخۆشی کوشندە
وەو رزگاربونی نیە ، لەگەل
ەخۆشی وزەو کە بونەوەی
رخی دولارو ئەستوربونی دراو
وزنیە لەلایەکەوە کوتەکیک
اراستەی تەوقە سەری
یمبریالیزم و خاوەن کومپانیا
یحتیکاریەکان نەکرێ ، وەك
کومەتی شورشی عیراق
ەسەرکردایەتی حزبی بەعسی
سوشیالیستی عەرەب بریاری
خۆمالی کردنی دوابەشی نەوتی
یحتیکاریەکانیدا ، وەلەدوای
ەمەش لە فەنزویلاوە
گونەکیکی جەرگبڕی بیاکێشرا
ەوەش خۆمالی کردنی هەمو
کومپانیاکانی نەوت بوو ٠٠
کەلەچنگ ئیحتیکارات رزگار
کران بەڵام لەگەل ئەوەشدا کە
ئیمبریالیزمی جیهانی لەپەلە
قاژێی سەرە مەرگایە ٠٠ تادوا
هەناسەی لە پیلان نانەوەو
دەست درێژی ناکەوێ ، بە
هەرشێوەیەك کەبۆی بلوێت ،
وەك دێمان چۆن لە ڕێگای
بەکرێ گیراوانەوە پیلانی
وەرگەڕاندنی دژی حکومەتی
نیشتمانی شیلی سەرخست
تا ئیستاش نزیکەی ١٦ هەزار
سەربازی ئەمەریکایی لەکوریای
خوارو بە هەمو کەرەسەیەکی
جەنگیەوە مۆلی خواردوە ، بۆ
پاراستنی حکومەتی کۆنەپەرستی
بەکرێ گیراوو بەرهەلستی
کردنی خواستی گەلی کوریای
خوارو کەئەیەوێ کوریا
یێتەوەبە حکومەتێکی
یەکپارچەو دەستی بێگانەی
لێ بکێشرێتەوە ، ئیمبریالیزمی
ئەمەریکا لە پاش کۆتایی جەنگی
دوەمەوە خۆی بە سەرکردەی
جەردەی سەرمایەداری جیهانی
داناوە ، بۆیە ئەبینین لە
هەرشوینیکی جیهانا جولانە
وەیەکی نیشتمانی و ئازادیخوازان
هەبێت ، وەکو شملی شەر
ڕێی بێ ئەکرێ بەرەنگاری
خواستو ئارەزووی ئەو گەلە
ئەوەستێ تا بەخەباتی سەختو
خوێناوی ڕێی بێ جۆڵ ئەکەن و
بەتاوانی بەرزیان شادئەبن ،
نمونەی تیکوشانی قارەمانانەی
گەلی فیتنامو لائوس و کەمبودیا
بەلگەیەکی ڕونە لە پێش
چاومان ،کەدو ئەوەندەی دومین
شەڕی جیهانی بومباو تەقەمەنی
بەسەر گەلی فیتنامی کۆل نەدەرا
تەقاندو ، بەدەیەها چەکی
زەهراوی هەمە جۆرەی بە
سەریانا تاقی کردەوە ، زەوی
فیتنامی کردبە کێڵگەی بومباو
ساروخی کاو لکەر ، هەتا
ئەوەیو لە ئەنجاما وە لە بەردەم
کۆلنەدان و پالەوانێتی ئەو گەلە
نەبەزەدا چۆکی زەلیلی و سەر
شۆری دادا ،دوابەدوای ئەوەش
هێرشی گەلی کەمبردیاو لائووس
وەکو لافاو بەکرێ گیراوانی
ئیمبریالیزمی رامالی و وڵاتی لێ
پاك کردنەوە ، وەسەبارەت
بەئەنگولاش هێزەکانی
ئیمبریالیزم هەمو کەرەسەی
ڕاگەیاندنی خۆیان خستەکار
بۆ هاوار کردن لە ئیستگەکانی
رادیۆو تەلەفزیۆن و لەسەرپەڕەی
هەمو ڕۆژنامە بەکرێ گیراوە-
کانی دەولەتە سەرمایەدارەکان
کە فریای ئەنگولا بکەون و
لە دەس دەرنەچێ ، چونکە
دودەستە بەکرێ گیراوەکەی
سەر بە ئیمبریالیزمی ئەمەریکا
کە بەپارەو پسپۆری ئەمەریکاو
سەربازەکانی حکومەتی خواروی
ئەفریقای ڕەگەزپەرست شەڕ
ئەکەن دژی سەربەخۆیی
راستەقینەی ئەنگولا ، ئەوا
گلولەیان کەوتۆ تەلێزی ، گەلی
ئەنگولا حکومەتی بەرەی
یەکگرتوی بەنارەزوو خواستی
خۆیان هێناوەتە سەرکار
بەیارمەتی گەلانی ئازادیخواز ٠

چاو خشاندنێك بەو
وڵاتانەدا کەسەربە خۆییان
هێناوەتە دەست لە پاش
دوەمین شەڕی جیهانەوە
بەتایبەتی زۆربە ئاشکرا
ئەوەپیشان ئەدات کە
ئیمبریالیزمی کۆنوتازە هیچ
کات وە لەهیچ شوێنێکدا کۆتری
ناشتی نەگرتوە بەدەستەوە ، بۆ
ئەوەی ئاشتی و ئاسایش
بهێنێتەدی بۆ گەلان ، بەڵکو
هیچ کەلێکی ناشتی خوازی
سەرزەوی نابینێ کەجێ کەلبەی
درندانەی ئیمبریالیزم و چنگی
خوێناوی پێوە دیار نەبێت ٠ ئیتر
ئەهریمەنی شەڕ چۆن ئەبێ
بەکۆتری ناشتی ؟ کە بە
هەنگاوی وردو بە
چارەسەر کردنی مەسەلەی
ئەلەستین بچێ ٠

لە بەروناکی ئەم کۆمەلە
روداوانەدا ، دەرئەکەوێ ئەو
کاربە دەستانەش کە چاری
خوبە دەستەوەدان بۆ مەسەلەی
فەلەستین ئەکەن بەرێباز ، ئەنیا
ئەوەنەبێ کە خۆیان بەدەن
بەدەس زایونیستی دوژمنەوە ،
گەلی عەرەبی تیکوشەر بەکشتی
وگەلی فەلەستین بەتایبەتی
هەتا سەندنەوەی مافی رەوای
خۆیان بەتەواوی بلێسەی
خەباتیان بەرزترو گیانی
قوربانی دانیان بە تەوژم تر
ئەبێ ، هەرئەم تاقەرێگایەشە
کەل بەنامانجی تەواوی
ئەگەیەنێت ٠

(١) دێی هاوار کەوتۆتە
ڕۆژهەلاتی شاری هەلەبجەوە
لەپاریزگای سلیمانی ئەودیو
زنجیرە شاخی (شنەڕۆ) ٠

بۆ چلەی ماتەمی مامی کوچ کردوم کریم حاجی عەزیز

ئەی شنەبای ٠٠٠ تەڕوفێنکی ٠٠٠ بەری بەیان ٠٠٠
ئەی بولبولی ٠٠ دەنگ ناسکی ٠٠٠

ناو باغو ، ڕەزی ، ٠٠٠ کوردستان ٠٠!
ئەی ئاوازی ٠٠٠ گشت ئۆزانی یەکی ، تەنیاییم !٠
هەرچەندە بای خەزان توانی ٠٠٠
پەڕو بالت ٠٠٠ بوەرێنتی ٠٠٠
هەر چەند تووانی ٠٠٠ لا پەڕەی تەمەنی جوانیت
بدرێنێ ٠٠!!
بەڵام قەتو قەت گیانەکەم ٠٠٠
هەر چەندەی هەول ئەدەم ٠٠٠
لەبەرچاوم ٠٠٠ قەت ون نابێ ٠٠٠
هەرچەند جارەی ٠٠٠
ناوت لە دەریای خەیاڵما ٠٠٠ دەخولێتەوە

- مسعود جوهر پەرێشان -

دیسیکا ٠٠ (پاشماوە٠٠)

لەوێنەیەکی ساکاردا ئاوەڕۆ- دەکرد ، کومیدیای تاڵو پڕ
کێکی قوول ڕوون بکاتەوە ، بلار ٠ ڕوویان دەکردە ئەوانەی
هەروەهاش پەنای دەبردە بەر هەژاریان دەچەوساندەوە ،
ڕوویان دەکردە فلیمسازە
سەرمایە دارەکانو بێیان
دەوتن : « ئێوە گێ نادەنە
هەژاریو دەوڵەمەندی » ٠ ئەو
فلیمە ساڵی ١٩٥١ لەفستیڤاڵی
(کان) دا خەڵاتێکی زێڕینی پێ
بەخشرا ٠ لەوفستیڤاڵە دا ،
یەکێك لەگەورە پیاوانی سینەما
ڕوتبووی : « لەدوای چاپلن و
سانگ کیلر ، دیسیکا هەمان
شوێنی ئەو پێشەوایانە
دەگرێتەوە » ٠

ساڵی ١٩٥١ دیسیکاو
زاواتینی فلیمێکیان بەرهەم
هێنا چارەسەری عەندێك
مەسەلەو ناکۆکی کۆمەڵایەتی
دەکرد ، لەو جۆرە ڕیبازو-
بۆچوونە دەچوو کە (جیکۆف)
لەچیرۆك و شانۆگەریەکانیدا
گرتبوویە بەر ٠

دوای ئەو کارە مەزنانە ،
دیسیکا هەمیشە ڕووی زمانی
پلارو ڕەخنەی لە بۆرژوازیای
ئیتالیا دەکرد ٠ تاکۆ چی کرد
خولیای بەختیاری و یەکسانی و
ئاسایشی بوو ٠

دیسیکا دنیای جێهیشت ،
بەڵام لای ئێمەو ئەوەکانی
داهاتوو لە ناو فلیمە سوود
بەخشەکانیدا دەژی ٠ ئێمەو
ئەوان لە بەرامبەری ئەو
خزمەتو خۆماندوو کردنەیدا ،
هەمیشە یادی دەکەین ٠

یستاو ئەوساو - پاشماوە -

١٤- زەمبیل فرۆش - فولکلۆر- مرادخان بایزیدی ٣٢
١٥- گریچێتی چیرۆکی - شانۆ - لطیف عارف ٢٤
١٦- گرێ نهێنی یەکان - شعر - ع٠ ح٠ ب ٨٨
١٧- کولی وەریو - شعر - لطیف شیخ محمود ٨١
١٨- شۆڕشی ١٧ تەموز - سیاسی - وزارەتی ڕاگەیاندن ٢٥٢
١٩- کوردستان لەشەڕی یەکەم ئەمیرووە- د٠ کەمال مەزهەر ٢٠٠
٢٠- لیستەی چوارەمی زاراوەکانی کور زمان کور ١٢٠
٢١ - قەلای دەمدم - ڕۆمان- دەرگیر شوکر مستەفا ٣٦٦
٢٢ - لەخەوما - چیرۆك - جەمیل سائیب ٧٨
٢٣- خونچەی سەهۆل - شعر- ئازاددلزار ١١٦
٢٤- تحفەی مظفریە - ئەدەب- وەرگیر هیمن ٤١٣
٢٥- شیرین و خوسرەو - شعر- خانای قبادی ٨٧٤
٢٦- خێزانی بەختیار - کۆمەلایەتی- عبدالعزیز پارەزانی ٧٢

یەك کتێب لە ٩٤٥ بووبە دوو لە ٩٤٦ کەیشتە چوار
لەچل و حەتو ١١ کتێبمان چاپکراو بڵاوکراوەتەوە ٠

لیستاش لەساڵی ١٩٧٤دا (٣٣) کتێب و لەساڵی ١٩٧٥دا
(٢٦) ، بەڵام ئومیدەوارین لەساڵانی داهاتودا دوچەندانی
ئەمساڵ کتێبمان بڵاوبێتەوە ٠

زانکۆی ئەمەریکا - پاشماوە -

بەربا بوو ، ئەوەی دەرخست قوتابیانە وەر بگرن کە
کە ئەمەریکا دەستێکی ناپاك لەساویلکەو دەتوانن بەگوێرەی
ناو قوتابیاندا دەکێشرێ و نامانجەکانی خۆیان
دەیەوێ لە نامانجەبیانخلەتێنن ٠٠
ئەتەوایەتیەکانیان دور بخاتەوە،
بەتایبەتی مانگرتن و خۆ لێرەوە دەوری جەماوەر دەر
پیشاندانەکانی ساڵی ١٩٧٤ کە ئەکەوێ بۆئەوەی بکەونە خۆ بۆ
روی دا ، تیئەیشتنی قوتابیان بەربەستی مەبەستەکانی
دەردەخاو سیاسەتە بوچەلەکەی کردنەوەی ئەو زانکۆیە کە ئەنیا
ئەمەریکا ریسوا دەکا ٠٠ بۆیە بنکەیەکی تری جاسوسیەو
دەستی کرد بە دەر کردنی سودی ئەمەریکا ئەپارێزێو تا
قوتابیان بە کۆمەل کۆمەل بەهەول بەدن بۆ داخستن و میللی
بیانوی ئەوەی کە خووکردنی ئەم زانکۆیەو وەرگرتنی
ڕەوشتیان لە گەل سیاسەتی قوتابیان بەبێ جیاوازی کە
ئەم زانکۆیە ئاونجێ (١٠٣) بتوانن هەمو جۆرە زانیاریو
قوتابی دەرکردو هەڕەشەی زانستی یەك وەر بگرن ، لەژێر
دەرکردنی لە (١٥٠) قوتابی ترئالای سیاسەتێکی نیشتمانیو
کرد وەهەروەها سیاسەتێکی نەتەوایەتی راستو بنیات نانی
توند تری بۆ وەر گرتنی روشنبیری یەکی کونجاو لەگەل
قوتابیان داناو تەنیا ئەو ڕێڕەوی نوێی کۆمەڵدا ٠

بۆزانین

بەکرێدانی یانەی شەوانەلە هاوینە هەواری صلاح الدین

ئەمینداریتی گشتی بەرێوەبردنی شارەوانیو هاوینە
هەوارەکان ئەو کەسانە بانگ ئەکات کە شارەزاییان لە
بەرێوەبردنی یانەی گەشتوگوزاری هەیەو ئەیانەوێ
بەکرێی بگرن بەشداری مزایدەی بەکرێدانی یانەی
شەوانەی هاوینە هەواری صلاح الدین بکەن لە پاریزگای
هەولیر وەبۆ ماوەی ١-١-١٩٧٦ تا ٣١-١٢-١٩٧٦ ٠

مەرجەکان لە ئەمینداریتی گشتی بەرێوەبردنی شارەوانیو
هاوینە هەوارەکان دەستەئەکەوێ ، عەتاناتەکان پیشکەش
بە ئەمینداریتی گشتی بەرێوەبردنی شارەوانیو هاوینە
هەوارەکان ئەکرێ لە ئاوزەرفێکی مۆرکراوا ، وە ئەبێ
عەتاناتەکان تەئمینا تێکی سەرەتایی ١٥٠ دیناری ئەقدیان
کتابی زامن کردنی بانقێك بەشێوەی کەفالەتی مەسرەفی
لەگەلدابێ ،چەکی ئیمزا ئەکراوەرناگیری ٠ تاکو سەعات
١٢ی نیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەمە ٢٥-١-١٩٧٦ عەتاتات وەرئەگیری
هەرچی لەکاتو شوێنی دیاریکراوا پیشکەش ئەکرێ
یان وەصلی تەئمیناتەکە وەیان کتابی زامن کردنو بڕوانامەی
شارەزایی لەگەلدا نەبێ وەرناگیرێ ٠

کرێیانەکە بەسێ جارئەدرێ لە ماوەی شەش مانگی
یەکەمدا ، کرێی ئەم بۆزانیەش لەسەر ئەوکەسەیە
بەکرێی ئەگرێ ٠ ئەم ئەمینداریتی یە ملزم نیە
بە وەرگرتنی بەرزترین نرخ یا هەر نرخێکی تر ٠

ئەمینداری گشتی
بەرێوەبردنی شارەوانیو هاوینە
هەوارەکان

ڕاپەڕینی ١٩٤٨ (پاشماوە ٠٠)

هەرسینگی نیشتمان پەروەران
بو ، بو بوبەسەنگەری گوللەی
نوکەرەکانی ئیمپریالیزم ،
گوللەی شەشیری دەستی تاقمە
خیانەتکارەکەی نوری سەعیدو
جەبر گیانی ڕولە نیشتمان
پەروەرەکانی ئەسمی ٠٠
سەرتاپای عیراق تێکەڵاوی
کێشەی دژ ئیمپریالیزم بوو ٠٠
هەرچی هەیەونیە سوربون
لەسەروتنی (یا مردن یان
سرینەوەی پەیمانی پورتسموث)
٠٠ لەژێر دروشمی خەباتی
ناوکۆیی کوردو عەرەبا
پیلانەکانی ئیمپریالیزم وردو
خاش ئەکرێ ٠٠ لاوان
بەعیشقی ئازادیەوە بەرەو
مردن ئەچون ، تیکرای
جەماوەری گەل بەهەموچینو
تاقمەکانیەوە ئالای خۆئیشاندان
وبێزاری دەربڕینیان بەرز-
کردبۆوە ، داوای رو خاندنی
حکومەتی صالح جەبرو
سرینەوەی پەیمانی
پورتسموثیان ئەکرد ،
گوللەباران و شەهید کردن
چاوی گەلی نەترسان ، ڕۆژ بە
ڕۆژ گیانی بەرگە گرتنو وەری
گەل بەهێزتر ئەبو ، هەڵشاخان
بەرووی دامو دەزگای
ئیمبریالیزمدا زیاتر کلپەی
ئەسەند ، گەل توانی ئارەزوی
خۆی جێبەجێ بکات ٠٠
وەزارەتە کەی صالح جەبرروخا،
ئیمریالیزم پاشکەزبۆوەو
نەخشەی پیلانێکی نوێی دانابۆ
ئەوەی بەجۆرێکی تربتوانێ ڕێ
لەکاروانی خەباتی گەل بگرێ ،
بەم جەشنە گەل سەرکەوتنی
بەدی هێناو بە جەژنی روخاندنی
پەیمانی پورتسموث شادبوو ٠

ڕاپەڕینی ١٩٤٨ هەلقەیەکی
دیارو نەبچراوە لە زنجیرەی
درێژی خەباتی سەختی ئارام
نەگرتووی گەلەکەمان داو
هەتاهەتایە ڕولەکانی ئەم گەلە
بەشانازیەوە سەرگورشتەی
شورشگیری ئەم ڕاپەڕینە
ئەگێرنەوەو هەرگیزاو هەرگیز
فەراموشی ناکەنو ئەیکەنە
سەرمەشقی کاروکردەوەو
پیشەیان ٠٠ ئەمڕۆش ئەوەی
عیراقی شورش پالەوانێتی
بێوێنەو ئازایەتی بێ هاوتای
قوتابیانو کرێکارانی ئەورۆژەی
لەبیر ناچێتەوە ، هەمیشە
قارەمانێتی بێپەروایی
ئازادیخواهانی ئەو زەمانە
ئەگاتە تێشووی ڕێگای خەباتی
ئەمڕۆ ودژبەئیمپریالیزم
وزایونیزمو کۆنەپەرستان ٠

ڕاپەڕینی ١٩٤٨ یەکێکە
لەوڕاپەڕینە خوێناوی یانەی
گەلەکەمان و پێویستە بەزەڕ-
کەفتی ئالتون تۆماری بکات ٠٠
چونکە وێنەیەکی بێ گەردی
یەکیتی نێوان کوردو عەرەبو
کەلو سوپا بوو ، ئەم ڕاپەڕینە
لەناخی یەکێتی نیشتمانیەوە
هەلقولابو ، بۆیە هەوێنی
سەرکەوتن بوو بەسەر دەستەی
نۆکەرانی ئیمبریالیزمو کۆنە-
پەرستانی ئەو سەردەمەدا ٠

ئیتربا هەربزی یادی ڕاپەڕینە میژوییەکەی ١٩٤٨

ئەمری بۆ شەهیدەکانی ئەم ڕاپەڕینەو ڕێگای ئازادی نیشتمان ٠٠

بێسارانی وڕووبۆشی (پاشماوە)

پەرستەوە ، ڕووناکی بازەوە ، ڕۆژدا بەراورد دەکات ، وە
پەلو باڵی خۆی دەسووتێنێ لە خۆی لە گەل پەیوولە کاندا ،
بەر خاتری دیدەنی خۆشە ئەویش هی ئەمەیە کە ئافرەت
ویستەکەی ٠ مادام جوانە و پاکە (جوانی)
بێسارانی جوانی و خامی خوای جوانی دروستی کردوە
ئافرەت لە کەل پاکی و جوانی لە بەر ئەوە زۆر (مقدسە) ،

بۆزانین

لە بەرێوەبەرینی گشتی بڕۆژەکانی ئاودێری (ری) وجۆگاکان سەر بەوەزارەتی (ری) جێگای ئەم فەرمانبەرانەی لای
خوارەوە شاغرە ، ئەوانەی ئەیانەوێ دابمەزرێن و مەرجەداواکراوەکانیان هەیە وەکو لەخوارەوە دیاری کراوەو خزمەتی
ئەسکەری یان کردوەیان لێی خۆش بووبن سەرلە دیوانی ئەمەوەزارەتە بدەن (بەریوەبەریتی زاتیە) بۆ ئەوەی استمارەی
داخوازی خزمەتی مەدەنی پڕبکەنەوە لەگەل وەسیقەی مەکتەب و دەفتەری نفوسی ساڵی ١٩٥٧ یان هەویەی ئەحوالی
مەدەنی و بڕوانامەی مەحکومەبونو دەفتەری خزمەتی ئەسکەری وێنەیەکی بەرهەناوی و بڕوانامەی جنسیەی
عیراقی پیشکەش بکەن ٠

ژمارەی وەزیفە شاغرەکان	ناونیشانی وەزیفەکە	مانگانەکەی	مەرجە داواکراوەکان
١	خبیر	١٠٠-١٢٥	لە کولیجی کشتوکال یان بەرامبەری دەرچوبێ ممارسەی ئەوەندە هەبێ شایستەی ئەم مانگانەیە بێ ٠
١	مهندس کشتووکال	٧٠ - ٩٥	لە کولیجی کشتوکال یان بەرامبەری دەرچوبێ ممارسەی ئەوەندە هەبێ شایستەی ئەم مانگانەیە بێ ٠
١	جیولوجی	٧٠ - ٩٥	بڕوانامەی بکالوریوس یان بەرامبەری هەبێ لە زانستی زەوی دا ئەوەندەی ممارسە هەبێ شایستەی ئەم مانگانەیە بێ ٠
٥	م٠ مهندس	٥٠ - ٦٥	لە کولیجی ئەندازیاری یان بەرامبەری دەرچوبێ ممارسەی ئەوەندە هەبێ شایستەی ئەم مانگانەیە بێ ٠
١	مترجم	٥٠ - ٦٥	لە کولیجی ئادەب یان بەرامبەری دەرچوبێ - بەشی زمانی ئینگلیزی ، ئەوەندەی ممارسەهەبێ شایستەی ئەم مانگانەیە بێ ٠
٤٢	م٠ مهندس	٣٦ - ٤٥	لە کولیجی ئەندازیاری یان ئەندازیاری یان بەرامبەری دەرچوبێ ٠
٥٦	م٠ مهندس	٢٨ - ٣٥	لە کولیجی ئەندازیاری یان بەرامبەری دەرچوبێ :
١٧	مساح	٢٨ - ٣٥	١ - لە پەیمانگای تەکنولوجیا یان بەرامبەری دەرچوبێ لەبەشی مساحە ٠ ٢ - ئەوەندە ممارسەی هەبێ شایستەی ئەو مانگانەیە بێ ٠ ٣ - ئەندامی ئەقابەی مساحەدان یان ئەندازیاری سەرەتایی (تطبیقی) بێ ٠
١٢	رسام	٢٨ - ٣٥	١ - لە پەیمانگای تەکنولوجیا یان بەرامبەری دەرچوبێ لەبەشی وێنەی ئەندازیاری - ٢ - ئەوەندەی ممارسە هەبێ شایستەی ئەو مانگانەیەبێ ٠
١٥	م٠ محاسب	٢٨ - ٣٥	١ - بڕوانامەی بکالوریوس یان بەرامبەری هەبێ لە محاسبەدا ٠ ٢ - یان لە دەرچوانی پەیمانگای بەرێوەبردن بێ - بەشی محاسبەو نامادەیی بازرگانی -وە ئەوەندەی ممارسە هەبێ شایستەی ئەم مانگانەیە بێ ٠ ٣ - لە ئەقابەی محاسبەکان و مدققەکان بێ ٠
١	مصلح	١٥ - ١٧	لە قوتابخانەی ئاوەندی دەرچوبێ و شارەزای چاك کردنەوەی مەکینەو ئوتومبیل بێ ٠

و٠ وەزیری (ری)

هاشم المرسومی

Institut Kurde de Paris

هونەرمەند محەمەد عارف و

محەمەد عارفی هونەرمەند :

● لە ساڵی ١٩٣٧دا لە شاری رەواندوز لەدایك بوە ٠

● ١٩٥٦دا لە خوێندنگای هونەرە جوانەکان دەرچوە ٠

● ١٩٦٧ شەهادەی ماجستێری لە ئەکادیمیەی هونەرە جوانەکانی مۆسکو وەرگرتوە ٠

● ئەندامی کۆمەڵەی هونەرمەندە تەشکیلیەکانی عیراق و ئەقابەی هونەرمەندانە ٠

● ئەندامی کۆمەڵەی هونەرمەندە تەشکیلیەکانی جیهانە ٠

نیشتمان و خۆشەویستی و ڕەنگ

ئێوارەی ڕۆژی هەینی ،١٦ی کانوونی دووەم ، هونەرمەندی ناسراو مامۆستامحەمەد عارف ، لە هۆلی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی پیشانگای هونەری دووەمی ڕازاندەوە ٠٠٠

لە سەعات پێنجی ئێوارەدا ، پیشانگاکە لەلایەن مامۆستا مەکەرەم تالەبانی سەرۆکی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری یەوە کرایەوەو مامۆستا عبدالستارطاهر شریف وەزیری شارەوانی و جێگری سەروکی کۆمەڵەش ئامادە بوو٠ هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە هونەردۆستانو پەیامنێرەکانی ڕۆژنامەکانی ناوخۆو نیراوەدبلوماسیەکان هاتبون ٠

هونەرمەند محەمەدعارف لەم پێشانگایەیدا ئەم تابلۆیانەی نیشاندا :

(ئاشتی لە کوردستاندا ، گەڕانەوەی سوار ، خێزانێکی کورد ، سێ تابلۆی « ئاوازی هاوبەش » ، سێ تابلۆی ماڵئاوایی ، ئافرەتو ئەسپ ،چاوەڕوانی شەو ، ڕۆژئاوا ڕۆژ هەڵاتی لەدوایە ، لە ناو ئازاری کەلەکەمانەوە شورشی تەموز بەربابو ، یەکیتی نیشتمانی ، چریە ، شیرین ، پێ گەیشتن، دوو تابلوی سالانی سەخت ، سێ تابلۆی ئازاری غەریبی ٠) ٠

پێشانگاکەی هونەرمەند محەمەد عارف کە بەناوی « تامەزروی نیشتمان »ەوە بو ، لە تابلۆکانیا خۆشەویستی فوری بەرامبەر نیشتمانو کوردی و ڕۆژ بە ڕەنگە هەمە جۆرە هونەریەکانی بە پاکی ئەنواند ٠ کە بەتوانایی و لێهاتوی ئەم هونەرمەندە بەسەلیقەیەی لە بەکارهێنانی ڕەنگدا بۆ دەربڕینی هەستی ئاخی بەپاکی و ڕاستی نیشانئەدا ٠

گۆشەی منداڵان ٥٥

سامانو جادووگەر

١ ـ سامانو ئاوازی خوشکی لە باخچەیەکدا ئەگەڕانو تولە بچکولەکەشیان لەگەڵدا بو ، جادوگەرێکیان لێ پەیدابو ، بێی وتن من ئیستا وانەکەم ئەم گولانە باڵ بگرن !

٢ ـ جادوگەر چرپە چرپێکی کرد ، گولەکان بون بە پەپولە ، ئاواز هاواری کرد ـ جادوگەر!

٣ ـ جادوگەرەکە ، بە دلخوشیەوە دانیشتو پەپولەکان بەدەوریا ئەسوڕانەوە ، لەپڕ فریشتەیەك هات !

٤ ـ فریشتەکە ، چوەلای سامانو ئاوازوو پێونن وەرن لەگەڵماو بێنێك لەگەڵ خۆتان بێنن ٠

ـ ماویەتی ـ

چیروکی منالانە :

سەرگوزشتەی (ژیشك)

بەیانیەك بەر لەوەی گزنگ ئاسۆ رونانك بکاتەوە، ژیشکێك بەرەو کونەکەی ئەگەڕایەوە ٠٠ لەناکاو دەنگێك گوێی زرنگانەوە ، لە جێی خۆیدا سڵەمیەوە ، بەرەو دەنگەکە ڕۆیشت ، تەماشای کرد کلاو کووڕەیەك لەناو هێلانەکەیدا ئەگەری ٠٠ ناسیەوە کە هاوڕێی خۆیەتی ، لێی نزیك بۆوە ٠٠

ـ هاوڕێ ئازیزم ئەم کاتەت باش ، ئەوە بۆ ئەگریت ؟

ـ سوپاست ئەکەم ژیشکی خوشەویست ، گریان هەر بۆ من باشە !

ـ پێم بڵێ بەلکو یارمەتت بدەم و لەو ئازارە ڕزگارت کەم ٠

ـ باوەڕ ناکەم کەس هەبێ بتوانێ من ڕزگار بکاتو خویشم توانام پێی ناشکێ ٠

ـ گوایە شت هەیە لە دەست بیرکردنەوەو چارەسەری هێمنانە دەرباز بێ ! یارمەتیو یەکێتیو بیرکردنەوەی ورد گەلیك شت چارەسەر ئەکات ٠٠ وا مەزانە هەموو لەشم دڕکەو کەس منی خۆش ناوێ بەڵام من دڵم نەرمەو هەمو کەسێکم خۆش ئەوێو حەز ئەکەم یارمەتی هەمو کەسێك بدەم بە تایبەتی لە قەوماوان ٠٠٠

ـ چیت لێ بشارمەوە، چەند ڕۆژێکە هەر هێلکە ئەکەمو هیچم بۆ نامێنێ ٠

ـ باشە ، نازانی کێ ئەیبات ؟

ـ بەڵی ئەزانم ، مارێك فێر بوە هەمو ڕوژ دێت و ئەفیشکێنێ منیش لەترسا ڕانەکەم تاکو دیمەوە هیلکەکەم ئەخوات ٠

ـ با ئەمجارە بێت من تۆڵەی تۆو هەزارانی وەك تویی لێ ئەکەمەوە ٠

ـ منیش سوپاست ئەکەم

●

لەبن خڕنوکەیەکی نزیك هیلانەکەدا ژیشك خۆی شاردەوە ، کە مارەکە هات کلاو کووڕەکە ڕای کردە دەرەوە ، مارە خۆی کێشایە هێلانەکەو هیلکەکەی خوارد ، ئاگای لە خۆی نەبوو لە دواوە پیرە ژیشك چڕەی لێ هەڵساند ، بە دانە تیژەکانی کلکی گرتو گەزێی ، مارە پەلاماری دا دەست بوەشێنێ سەری چەقیە دڕکەکانی پشتی، مارەکە هەرچەند هەوڵی دا نەیتوانی خۆی ڕزگار بکا ، بەدەم ماندوو بونی شەڕەوە گیانی دەرچو ، کلاو کووڕەکە هاتەوە ئەمەی دی زۆر شادمان بوو ٠٠ ژیشك پێی وت، ٠٠ ئیتر مەترسەو بێ ئەم هیلکەکانت بکە ٠٠ هەڕاکات توشی ئاڵخوشی بوی چانگم کە ٠

ژیشكو کلاو کووڕە لە ئەم لاو لای یەکیان ماچ کردو بە دڵخۆشیەوە لێك جوێ بونەوەو مارەش لە ئەنجامی کرداری نامروڤانەی سزای خۆی وەر گرت ٠

ـ ئیبراهیم قادر محەمەد ـ

***

بۆنەو نەخامەکانی کوردستان

ـ مەحمود زامدار ـ

ئایا دەزانن زمانی ئێوەش هیچی لە زمانانی سەرروی ئەم زەمینە کەمتر نیە ، لەداکو باباتان بیرسن جابزانن ئەوان لەم بارەیەوە وەڵامیان چی ئەبێ ؟

لەکوردستاندا چەندجۆرە یاریەك هەیە کە بەزمان ئەکرێ ، ئەو کەسەی زمانێکی پاراوو پشوودرێژی هەیە لەم یاریانەدا سەرئە کەوی ٠٠ جائەو نمونەیەی بەرچاوی ئەخەین یاریەکی خۆمانەیە شیرینی یاریەکەش لەوەدایە کە نەونەمامانی کوردستان خۆیانی پێوە خەریك بکەن خۆئەگەر نەیانزانیو نەیانتوانی بەجێی بگەیەنن بادانو بابیان فێریان بکەن ، ئەوەش نابێ فەرامۆش بکەن ، ئەگەر گەورە (١٠) جار ئەم وشانە دوبارە بکاتەوە ئەبێ بچوك (٢) جار پتر ئەبێ ٠ چونکە هەرشتە بەخۆیو خوێش بەمانا :

● نشلە ساوار ، سێ جار شلە ساوار ٠

● چومە چەمی چەقان ، چەقەل چەلتوکی ئەتەقان ٠

● مەڕی لەڕ لە لاڕێ ئەلەوەڕی

● دایکی دایکم ، شەکە سەررەش

● کەوی قەلەوی ، لاقەی قەی کەلەوی

● چوینە چەم ، سەرروی چەمان ، ئەشکم چەمان ، چەم لە چەم جاری ئەبێ بۆ چەمچەمان ، چەمەکە ئەیووت : کەمتر لە چەمان ٠

● شەش سەدو شەستو شەش شووتی سەوزە

● شیری شەکی سپیم خوارد

پەکتەری ئاسین

١ ـ ناو : شنۆ مستەفا حمە مراد
تەمەن : ٦ ساڵ
ئارەزوو : فلیمی کارتۆن

٢ ـ ناو : چرۆ مستەفا حمە مراد
تەمەن : ٨ ساڵ
ئارەزوو : خویندنەوە

٣ ـ ناو : فەرەیدون جلال رشید
ئارەزوو : خویندنەوە

٤ ـ نیازی فوئاد
تەمە : (١٠) ساڵ
ئارەزوو : فلیمی کارتۆن

کۆمەڵی هونەرو ویژەی کوردی لە هەولێر :

● لە چالاکیەکانی ئەم کۆمەڵە لەشاری هەولێردا ، سێ چیروکیان ئامادە کردوە بۆ تەلەفزیونی کەرکوك کە ئەمانەن (هونەرو ژیان نوسینی مەهدی نومید ، ڕەجاڵ لە نوسینی کەمال سەعدی ، کامیان شێتە لە نوسینی محمد صدیق) ٠

● بریار وایە لە ١٥ی مانگی داهاتودا کۆمەڵ یەکەم پیشانگای ئەندامی کۆمەڵ (کەمال سەعدی) بکاتەوە ، لەم پیشانگایەدا (٥٠) تابلۆی هونەرمەندی ناوبراو پیشان ئەدرێن ٠

چاپکراوی نوێ :

شیعری شاعیری هاوچەرخی کورد عبدالله گۆران

لەچاپکراوەکانی بەرێوەبەریتی کشتی ڕۆشنبیری کوردی سەربە وەزارەتی ڕاگەیاندن ، کتێبی « شیعری شاعیری هاوچەرخی کورد عبدالله گوران » بڵاوکرایەوە ، ئەم کتێبە دوکتور حسین علی شانوف نووسیویەتیو مامۆستا شوکر مستەفا لە ئازەریەوە کردوویەتی بەعەرەبیو بریتیە لە سێ بەشو هەر بەشەش چەند باسێکەو بە پیشەکیەکەیەوە بریتیە لە١٩٦ لاپەڕەی گەورە ٠

میژوی چاپ لە عیراقدا

چاپخانەکانی کەرتی تایبەتی ١٨٣٠ ـ ١٩٧٥

لە نوسینی کاك « شەهاب عەحمەد حەمید » کتێبك بە عەرەبی لەم هەفتەیەدا بڵاو کراوەوە بە ناونیشانی «تاریخ الطباعه فی العراق ـ مطابع القطاع الخاص ١٨٣٠ ـ ١٩٧٥» کە لیستی هەموو ئەو چاپخانانەی تیادایە کە کۆنەوە لەعیراقدا دانراون ٠ ئەوسەر چەند دانەیەکی لەم چاپکراوەی پێشکەش بە دەزگای هاوکاری چاپو بڵاو کردنەوەی کوردی کردوە ٠ سوپاسی ئەکەین ٠

ڕەگەزپەرستن ، هەتا لەگەڵ ڕەنگی ئۆتۆمبیلدا !

ڕیژیمە نا مرۆڤایەتیە ڕەگەز پەرستەکەی خواروی ئەفەریقا ئەوەندە لەبیروباوەری ڕەگەز پەرستانەیا نوقم بوە ، هەتا ڕەنگی سپیو ڕەشی ئۆتۆمبیلی لێبوە بە گیروگرفت !!

ژنێك ، ناوی « مارگریت جریفیت »ەو سپی بوەو لەم دواییەدا مردوە ، وەسیەتی کردوە ئۆتومبیلەکەشی لەگەڵ خۆیدا بنێژن ! تا ئیرەش قەیناکا !

بەڵام سەیر ئەوەیە ، گور هەڵکەنێکی سپی یاخیبوە لەوەی گور بۆ ئۆتۆمبیلەکە لە گورستانی سپیەکاندا هەڵکەنێ چونکە ئۆتۆمبیلەکە ڕەنگی «ڕەشە!!» ٠ ناچار ئۆتۆمبیلەکە بە سپی ڕەنگ کراوەو ئەوسا توانراوە وەسیەتی مردوەکە بەجێبێنن ٠٠٠

ئەم نمونەیە ، ئەو پەری بوگەنیو دواکەوتویبیروباوەری ڕەگەز پەرستانە نانوێنێ ؟!

ئاوڕێك لە ڕابوردوو/ ئاڵام ئامادەی کردووە

ڕۆژنامەی (ژیان)ی ژمارە (٣٦٧) ساڵی ١٩٣٣ بە بۆنەی ژن هێنانی خوالێخۆشبوو فائق بێ کەسی شاعیرەوە ئەمەی بڵاو کردبوەوە :

کەسی دا بە بێ کەس کەسی بیکەسان

شاعیرێکی بێ کەسمان بوو کە سەرەتای تازە دەرکەوتبوو هیوای لێ دەوەشایەوە، جارجار گوڵی جوانیی پێ دەگەشایەوە (لا مناقشه فی المثال) وەك ژاڵە ئەو گوڵە ئاڵە دارەکەی تاڵە ٠ ئێستا ئەو شاعیرە نەورەسیدەیە خۆی دۆزراند ، کە مەندی ژن ئەویشی جەراند ،خۆی لەشاعیری تۆزراند ، بەڵام شاییەکەیشی شاعیرانە بوو ،زۆر دەمێك بوو گرمە گرمی دەهۆڵو زورنای وامان نەبیستبوو ، هەڵبەرکێی و بەجۆشمان نەدیبوو ٠

لە هەموی خۆشتر بە خەیاڵێکی شیرینەوە شاعیریان کرد بوە بروێز لەدەمی وصالا لە جێی شیرین بەناوکشمیشی شیرین بەسمێڵ قەیتەرانێکیژن ئایین جوبوە پەردەی زفافەوە ئینجا نازانین چیقەوماوە ، خوا بکا گوزەرانی ئاینەدە بەخۆش گوزەرانی ڕابوێرێو ئەم کەسداریە بە بێ کەس بەبێتە مایەی سەعادەت ٠

«هاوکاری» سوپاستان ئەکا

● دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی «هاوکاری» بەکەرەمی سوپاسو ڕێزی خۆی بەو لایەنەڕۆشنبیرو براو خوشکە خوێنەرانە ئەکەیەنێ کە بەبۆنەی پیرەوەری شەش ساڵەی دەرچونی بەوەو داگیرساندنی مۆمی حەوت ساڵەی تەمەنیەوە پیرۆزییان لێ کردوە٠

● ئێمە بەڵێن بۆ خوێنەران نوێ ئەکەینەوە کە بردەوام ئەبین لە بەدیهێنانی ئەرکی سەرشانماندا بۆ ئەوەی ـ هاوکاری ـ هەمیشە« هەروەك وابوە » لەمستەوانی پیویستی ڕەزامەندی خوێنەراندابێو هەنگاوی فراوان لەجیهانی ڕۆژنامەگەری کوردیدا بنێ بۆ خزمەتی ڕۆشنبیری هەمو لایەنەکانی تری ژیانی گەلەکەمان ٠

ـ هاوکاری ـ

ماچی خودایی

هێمن

١٢ـ١ـ٧٦

وەرە ! یارم وەرە ئەی تازە یارم
وەرە ! ئەستێرەکەی شەوکاری تارم
وەرە ! ئەی شاپەڕی بازی خەیالم
وەرە ! ئەی چلچرای ڕووناکی مالم
وەرە ! خاسەکەوی ڕامو کەوی من
وەرە ! ئیلهامەکەی نیوەشەوی من
وەرە ! پیرۆزەکەی بەرزە فڕی من
وەرە ! لوخزنی سینەی پڕ گڕی من
وەرە ! ئاونگی سەر پەلکی گوڵی سوور
وەرە ! ئاورینگی گەرمو مەشخەڵی نوور
وەرە ! ئەی نەونەمامن باخی ژینم
وەرە ! ئەی شاگوڵی مێرگی ئەوینم
وەرە ! ئەی ڕێژنە بارانی بەهاری
وەرە ! شێعری تەڕی ، پڕ وردەکاری
وەرە ! مانگە شەوی هاوینی جوانی
وەرە ! کاروانکوژەی کاتی بەیانی
وەرە ! ئەی ڕادەری ئازارو ئالام
وەرە ! ئەی ڕاستی خۆشتر لە ئەحلام
وەرە ! ئەی بوت هەتاکوو بتپەرستم
وەرە ! مەمکۆڵەکەت بگرم لە مستم
وەرە ! ئەی خەج وەرە ئەی خاتوو ژینم
وەرە ! تێر بەژنو باڵاکەت ببینم
وەرە ! با دامرێ ئاواتو تاسەم
وەرە ! با بسکەکەت لادا هەناسەم
وەرە ! با هەڵمژم ئەو لێرە گەرمە
وەرە ! با بیکوشم ئەو ڕانە نەرمە
وەرە ! جوانێ وەرە نازت بکێشم
وەرە ! وەك دەسکەگوڵ دات ئێم لەپێشم
وەرە ! با بەس بکەم ئەو باوە باوە
وەرە ! با بژێن بکەم ئەو کەزیە خاوە
وەرە ! با دەس لە باڵاکەت وەرێنم
وەرە ! گوڵمەم لە کوڵمەی تۆ خشێنم
وەرە ! گیانم فیدای چاوی ڕەشی تۆ
وەرە ! با هەست بکەم گەرمی لەشی تۆ
وەرە ! سوور بە ، لەسەر وادە و بەڵێنی
وەرە ! کورد بە ، مەکە بەیمان شکێنی
وەرە ! زیندوو کەوە نیحساسو بیرم
وەرە ! بێت وانەبێ بێهێزو پیرم
وەرە ! ماچم دەیە ماچی خودایی
کە بێزارم لە ماچی سینەمایی

Institut kurde de Paris